زانكۆی بینگۆل
ئینستیتیۆتی زمانە زیندووەكان
بەشی زمان و ئەدەبی كوردی

# شێوازی زمانی و ڕۆڵی لە گەشەی کۆمەڵایەتیدا

تێزی دكتۆرا

ئامادەكار

محسن حسين مصطفى

بە سەرپەرشتی

د. بدرالين باسئوگوی

٢٠٢٤ بینگول

**BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ**

**YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ**

**KÜRT DİLİ VE EDEBİYATI ANABİLİM DALI**

# DİL STİLİ VE SOSYAL GELİŞİMDEKİ ROLÜ

**DOKTORA TEZİ**


**Hazırlayan**

**MOHSIN HUSSEIN MUSTAFA**

**TEZ DANIŞMANI**

**Doç. Dr. Bedrettin BASUĞUY**


**Bingöl-2024**

# ناوەرۆک

**ناوەرۆک**


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| **پێشەکی** | **١-٣** |
| **بەشی یەکەم:   شێواز و بنەماکانی** | **٥- ٥٦** |
| ١-١-وشەی شێواز | **٥** |
| ١-٢-چەمکی شێواز | **٦** |
| ١-٣-پێناسەی شێواز | **٨** |
| ١-٤- شێوازی زمانی | **١٤** |
| ١-٥- ڕۆڵی قسەکەر و گوێگر لە شێوازدا | **١٨** |
| ١-٦- سەرهەڵدانی شێواز | **٢١** |
| ١-٧- شێواز وەک زانستێکی سەربەخۆ | **٢٢** |
| ١-٨- بنەماکانی شێواز | **٢٦** |
| ١-٩- ستراتیژییەتی شێواز | **٢٨** |
| ١-١٠- ئەرکی شێواز | **٣٧** |
| ١-١١- بوارەکانی بەکارهێنانی شێواز | **٤٤** |
| ١-١٢- شێواز و کەسایەتی | **٥٢** |
| ١-١٣- شێواز و تەمەن | **٥٤** |
| ١-١٤- شێواز و ڕەگەز | **٥٥** |
| **بەشی دووەم:   ڕێباز و تایبەتییەکانی شێواز** | **٥٨-١١٠** |
| ٢-١- ڕێبازەکانی شێواز | **٥٨** |
| ٢-٢- جۆرەکانی شێواز | **٧٠** |
| ٢-٣- شێواز و پەیوەندی بە زانستەکانی تر | **٧٦** |

| | |
|---|---|
| ٢-٤- شێواز و فلتەرکردن | **٨٣** |
| ٢-٥-- پێوانە و هەڵسەنگاندنی شێواز | **٨٨** |
| ٢-٦- شێوازی کاریگەر | **٩٢** |
| ٢-٧- فاکتەرەکانی شێوازی کاریگەر | **٩٤** |
| ٢-٨- ستراتیژییەتی شێوازی گەیاندنی کاریگەر | **٩٧** |
| ٢-٩- هەنگاوەکانی شێوازی کاریگەر | **١٠١** |
| ١٠- ستراتیژییەتی ڕازیکردن و شێواز | **١٠٢** |
| ٢-١١- شێواز و داهێنان | **١٠٣** |
| ٢-١٢- شێواز و ڕوومەندی | **١٠٥** |
| **بەشی سێیەم: شێواز لە ئاستەکانی زماندا:** | **١١٢- ١٦٨** |
| ٣-١- سەرەتا | **١١٢** |
| ٣-٢- شێواز لە ئاستی دەنگسازیدا | **١١٣** |
| ٣-٢-١- ئاوازە | **١١٣** |
| ٣-٢-٢- وەستان | **١١٦** |
| ٣-٢-٣- هێز | **١١٩** |
| ٣-٣- شێواز لە ئاستی وشەسازیدا | **١٢٦** |
| ٣-٣-١- هەڵبژادنی وشەی کاریگەر | **١٢٦** |
| ٣-٣-٢- سازدانی وشە | **١٣١** |
| ٣-٤- شێواز لە ئاستی ڕستەسازیدا | **١٣٢** |
| ٣-٤-١- دابەشکردنی زانیاری | **١٣٣** |
| ٣-٤-٢- هەڵبژاردنی وشەی گونجاو | **١٣٤** |

| | |
|---|---|
| ٣-٤-٣- ڕیزکردنی کەرستەکان | ١٣٤ |
| ٣-٤-٤- هەڵبژاردنی جۆری ڕستەکان | ١٣٥ |
| ٣-٥- شێواز لە ئاستی سیمانتیکدا | ١٣٦ |
| ٣-٥-١- دوورکەوتنەوە لە وشە فرەواتا و هاوبێژەکان | ١٣٧ |
| ٣-٥-٢- دوورکەوتنەوە لە وشەی تابۆ | ١٣٧ |
| ٣-٥-٣- بەکارهێنانی یۆفیمیزم | ١٣٨ |
| ٣-٦- شێواز لە ئاستی پراگماتیکدا | ١٤٣ |
| ٣-٦-١- شێواز و پراگماتیک | ١٤٣ |
| ٣-٦-٢- کردە قسەییەکان | ١٤٥ |
| ٣-٦-٣- دەرکەوتەکان | ١٤٧ |
| ٣-٦-٤- نیشانکارەکان | ١٥٠ |
| ٣-٦-٥- گریمانە پێشەکییەکان | ١٥١ |
| ٣-٦-٦- ڕۆنانی ئاخاوتن | ١٥٣ |
| ٣-٦-٧- شێوازی کاریگەر لە زمانی جەستە | ١٦٠ |
| **بەشی چوارەم: شێوازی زمانی و کارلێکی کۆمەڵایەتی** | **١٦٩-٢٠٨** |
| ٤-١- سەرەتا | ١٧٠ |
| ٤-٢- پێناسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١٧١ |
| ٤-٣- گرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١٧٢ |
| ٤-٤- تایبەتمەندییەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١٧٣ |
| ٤-٥- ئامانجی کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١٧٤ |
| ٤-٦- مەرجەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١٧٥ |
| ٤-٧- تیۆرەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١٧٦ |
| . ٤-٨- قۆناغەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١٧٨ |
| ٤-٩- ئاستەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١٨١ |
| ٤-١٠- بەکارهێنانەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١٨٣ |
| ٤-١١- ئەنجامەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١٨٤ |
| ٤-١٢- شێوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١٨٥ |

| | |
|---|---|
| ٤-١٣- پرۆسەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی | **١٨٥** |
| ٤-١٤- ئەنجامی ڕاپرسی دەربارەی شێوازی پەیوەندیکردن | **١٨٧** |
| ئەنجام | **٢١٠** |
| سەرچاوەکان | **٢١٤** |

# BİLİMSEL ETİK BİLDİRİMİ

Doktora tezi olarak hazırladığım Şêwazî Zimanî û Rolî Le Geşey Komelayetî da adlı çalışmanın öneri aşamasından sonuçlanmasına kadar geçen süreçte bilimsel etiğe ve akademik kurallara özenle uyduğumu, tez içindeki tüm bilgileri bilimsel ahlak ve gelenek çerçevesinde elde ettiğimi, tez yazım kurallarına uygun olarak hazırladığım bu çalışmamda doğrudan veya dolaylı olarak yaptığım her alıntıya kaynak gösterdiğimi ve yararlandığım eserlerin kaynakçada gösterilenlerden oluştuğunu beyan ederim.

11/7/2024

MOHSIN HUSSEIN MUSTAFA MUSTAFA

**BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ**

**YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ MÜDÜRLÜĞÜNE**

***Mohsin Hussein MUSTAFA*** tarafından hazırlanan **Şêwazî Zimanî û Rolî le Geşeyî Komelayetî da** başlıklı bu çalışma, *24.06.2024* tarihinde yapılan tez savunma sınavı sonucunda *[oybirliği]* ile başarılı bulunarak jürimiz tarafından *Kürt Dili ve Edebiyatı* Anabilim Dalı'nda Doktora tezi olarak kabul edilmiştir.

**<u>TEZ JÜRİSİ ÜYELERİ (Unvanı, Adı ve Soyadı)</u>**

| | | |
|---|---|---|
| **Başkan** | : Prof. Dr. M. Zahir ERTEKİN | İmza: ………………….. |
| **Danışman** | : Doç. Dr. Bedrettin BASUĞUY | İmza: ………………….. |
| **Üye** | : Doç. Dr. Zafer AÇAR | İmza: ………………….. |
| **Üye** | : Dr. Öğr. Üyesi İkram FİLİZ | İmza: ………………….. |
| **Üye** | : Dr. Öğr. Üyesi Hemin OMAR AHMAD | İmza: ………………….. |

**ONAY**

Bu Tez, Bingöl Üniversitesi Yaşayan Diller Enstitüsü Yönetim Kurulunun ...../..../ 20…..tarih ve ………..sayılı oturumunda belirlenen jüri tarafından kabul edilmiştir.

Dr. Öğr. Üyesi Abdullah BEDEVA

Enstitü Müdürü

# پوختە

شــێوازی زمانی و ڕۆڵی لە گەشــەی کۆمەڵایەتیدا، ناونیشــانی ئەو توێژینەوەیە کە هەوڵی داوە لە ڕێی شێوازی زمانییەوە لە ڕێگاکانی دەربڕین بکۆڵێتەوە، لەو سۆنگەیەوە شێواز کە وەک ڕێبازێکی ڕەخنەیی لە سـەدەی نۆزدەم دەرکەوت و لە سـەدەی بیسـتەمیش بە شـێوەیەکی وردتر چەسـپا، لە ئەنجامی بەرەوپێشـــچوونی لێکۆڵینەوە زمانییەکان بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی بیروڕاکانی سـۆسـێر، زۆر جار لە ژیانی ڕۆژانەدا، مرۆڤ لە هەندێ دەربڕین ڕازییە و لە هەندێکیان ناڕازییە، ئەگەر چی ڕەنگە هەمان واتاش بدات، بەڵام زۆر جار بە گران لە سـەر کەسـی ئاخێوەر دەکەوێت، مرۆڤ بۆ گەیاندنی پەیام و بیرۆکەکەی پەنا بۆ زۆر ڕێگا دەبات ئەو ڕێگایەی کورت و کاریگەر و ڕازیکەرە ئەوە پێی دەگوترێت شـێواز، چونکە لە خۆوە نەهاتووە، بەڵکو شـارەزایی و لێهاتوویی دەوێت.

ئەم توێژینەوەیە، بە میتۆدی وەسفی شیکاریی و بە ڕێگەی ڕاپرسییەوە، کە لەسەر شێوە ئاخاوتنی ناوەندی پارێزگای هەولێر ئەنجامدراوە، تێیدا لە چوارچێوەی چواربەشدا، وردەکارییەکانی شێوازی زمانی لە زاری ئاخێوەرانی شارەکە باس کراوە و دەرکەوت کە شێوازی زمانی خەڵکی شارەکە لە ڕووی دەنگسـازییەوە لە ئاوازی نەرم و لە ئاسـتی وشـەسـازیش هەڵبژاردنی وشـە و دەربڕینی بارگاویکراوی ئەرێنییانە و لە ئاسـتی ڕسـتەسـازیشـدا مامەڵەکردن لەگەڵ چینەکان لە ئاسـتێکی ئاسۆیی مامناوەندیدایە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو.



**وشەی کلیلی:** شێواز، شێوازی زمانی، زمانەوانی کۆمەڵایەتی، ئاخاوتنی هەولێر.

# Özet

Bu tez, üslup ve üslubun toplumsal gelişimdeki rolünü ele almakta ve üslup aracılığıyla farklı ifade yöntemlerini incelemektedir. Bu açıdan bakıldığında Üslup, 19. yüzyılda eleştirel bir yöntem olarak ortaya çıkmış ve 20. yüzyılda dilbilimsel incelemelerin gelişmesi ve özellikle Saussure'ün fikirlerinden sonra yaygın bir yöntem haline gelmiştir. Günlük yaşamda, bir kişi aynı anlamı verse de bazı ifadelerden memnun olabilir ya da olmayabilir, ancak bu durum çoğu zaman konuşmacı için sorun teşkil edebilmektedir. İnsanlar, mesajlarını iletmek için birçok yöntem kullanma eğilimindedir, ancak etkili ve tatmin edici yol, kendiliğinden ortaya çıkmadığı, uzmanlık ve beceri gerektirdiği için yöntem olarak adlandırılır.

Bu araştırma, betimleyici analitik yöntemi kullanarak ve Erbil ağzıyla yapılan bir anket aracılığıyla, şehir konuşucularının ağızlarını dört bölüm halinde ortaya koymaktadır. Şehirdeki konuşmacıların üslubu, fonetik ve kelime kullanımının yanı sıra olumlu kelime ve ifadelerin seçimi ile ilgili olarak ve sözdizimsel düzeyde, sosyal kurallara önemli ölçüde uyularak orta derecede yatay olarak sınıflandırılmıştır.

**Anahtar Kelimeler**: üslup, dilbilimsel üslup, toplumdilbilim, Erbil Şivesi.

# Abstract

This Dissertation deals with Language style and its role in social development and it investigates different methods of expression through linguistic style. From this angle, Style as a critical method in 19th century appeared and afterwards it became a widespread method in 20th century after the development of linguistic investigations and specifically after Saussure's ideas. In everyday life, a person could be satisfied or dissatisfied in some expressions though they might give the same meaning, but this situation is often problematic to the speaker. Humans, for conveying their messages, tend to use many ways, but the effective and satisfying way is called method, since it does not come spontaneously, but it needs expertise and skills .

This research, by using the descriptive analytical method and through a survey, that was conducted with the dialect of Erbil, demonstrates the dialect of the city speakers within four chapters. The language style of the speakers of the city as far as concerned phonetics and using the vocabulary as well as the choice of positive words and expressions, and at the syntactic level, is classified as moderately horizontal, with considerable observance of social rules .

**Keywords**: style, linguistic style, sociolinguistics, The Speech of Erbil

# پێشەکی

## پێشەکی:

**ناوونیشانی باسەکە:**

شـــێوازی زمانی و ڕۆڵی لە گەشـــەی کۆمەڵایەتیدا، ناونیشـــانی ئەو توێژینەوەیەیە، کە هەوڵێکە بۆ دەرخســـتنی ڕێگاکانی دەربڕین و کاریگەریی لەســـەر گەشـــەی کۆمەڵایەتی پاڵپشـــت بە بۆچوونە شێوازییەکان و پراکتیککردنی لەسەر ئاخێوەرانی سەنتەری شاری هەولێر.

**سنووری باسەکە:**

باسەکە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا و باس لە شێوازی زمانی هەڵبژاردنی ئەو وشە و ڕستە و تۆنی دەنگ و زمانی جەستە دەکات کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ جوانی و کاریگەری دەربڕین و لێکنزیکبوونەوەی تاکەکان و گەشـــەی کۆمەڵایەتی، هەموو ئەمانەش لە ســـنووری شـــێوازناســـیدا جێی بۆ کراوەتەوە، لەگەڵ پراکتیککردنی لە ســـــنووری ئاخێوەرانی کوردیی ناوەند بەگشـــــتی و ئاخێوەرانی ناوەندی پارێزگای هەولێر بەتایبەتی.

**گرنگی باسەکە:**

ئەم باسە یارمەتیدەر دەبێت لەوەی چۆن دەتوانرێ شێوازیکی کاریگەری زمانی دروست بکرێ بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و نزیکبوونەوەی تاکەکان.

**گریمان و کێشەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵی داوە وەڵامی هەندێ پرسیار بداتەوە، کە بریتین لە:

- کاریگەری شێواز لەسەر قسەکەر و گوێگر چییە؟
- ڕۆڵی شێواز لەناو کۆمەڵگا و دەروونی تاک چییە؟
- بۆچی دەربڕینەکانمان زۆرجار پێویستی بە دارشتنەوەی شێواز دەبێت؟
- بنەماکانی شێوازی کاریگەر لە ئاخاوتنی زمانی کوردیدا چین؟

-شێوازی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی ناوەندی شاری هەولێر چۆنە و چ ڕۆڵێکی لە گەشەی کۆمەڵایەتیی نێو کۆمەڵگەدا هەیە؟

ئەمانە و چەند پرسیاری تر لە چوارچێوەی ئەم تێزەدا وەڵامییان دەدرێتەوە.

**ڕێبازی باسەکە:**

باسەکە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفیی شرۆڤەکاریی بە پاڵپشتیی بۆچوونەکانی شێوازگەریی لە چوارچێوەی زمانناسیی کۆمەڵایەتیی ئەنجامدراوە و تێیدا بەشێوەیەکی ڕاپرسی لە ناوەندیی شاری هەولێر ڕادەی زانینی ڕێژەی ئاخێوەران و پابەندبوونییان بە یاسا کۆمەڵایەتییەکان و زانینی ڕێژەی کارلێککردنی تاکەکان لە کاتی قسەکردن و مامەڵە کۆمەڵایەتییەکاندا خراوەتەڕوو.

**پێشینەی توێژینەوە:**

بێگومان پێش ئەم توێژینەوە، چەند هەوڵێک سەبارەت بە شێوازی زمانی و ڕۆڵی لە گەشەی کۆمەڵایەتیدا لەنێو مەیدانی توێژینەوەی زانستیدا هەن، کە لێرەدا گرنگترینیان دەخەینەڕوو:

-تا ئێستا لەبارەی شێواز بەگشتی و شێوازی ئەدەبی و ڕەوانبێژیی، توێژینەوەگەلێک نووسراون، بەڵام ئێمە زیاتر لە چوارچێوەی شێوازی زمانی لە ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکەوە تیشکی دەخەینە سەر، بۆیە هەموو توێژینەوەکانی شێواز، کەم تا زۆر سەرچاوەی گرنگن بەتایبەتی لە ڕووی تیۆرییەوە بۆ ئەم باسەی ئێمە.

-شێواز و پراگماتیک(٢٠١٢)، عەبدولواحید موشیر دزەیی، ئەم بەرهەمە پەیوەندیی نێوان شێواز و پراگماتیک بە ڕوونی باس دەکات و یەکێکە لە بەرهەمە پێشەنگەکان کە لەسەر ئاخێوەرانی زمانی کوردی پراکتیک کردووە.

-رازیکردنی خێرا لە چوار هەنگاودا(٢٠١٣)، عەبدولواحید موشیر دزەیی، ئەم بەرهەمەیش پەیوەندییەکی پتەوی بە بابەتی تێزەکەمان هەیە و لە ڕوانگەی چوار خاڵەوە ڕازیکردنی بەرامبەر وەک کاردانەوەی ئاخێوەر دەستنیشان دەکات.

ئەمانە و چەند بەرهەمێکی تر، کە کەم تا زۆر پەیوەندییان بە تێزەکەی ئێمەوە هەیە و ئەوەی تێزەکەی ئێمە لە بەرهەمەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە تەنیا شـــێوازی زمانی وەرگیراوە و بۆ پراکتیککردنیش تەنیا ئاخێوەرانی سەنتەری پارێزگای هەولێر وەرگیراوە.

**میکانیزمی ئەنکێت و ڕاپرسی:**

ئەم ڕاپرسییە بە شێوەی ئۆنلاین لە ڕێگەی بەرنامەی(google forms) ئەنجامدراوە، هەروەها لە پلاتفۆرمەکانی ســـۆشـــیال میدیا بڵاوکراوەتەوە لەناو گرۆپەکانی مامۆســـتایان و قۆتابییان و فەرمانبەرانی ناوەندی شاری هاولێر، لەم راپرسییەدا(٢٠٠) کەس کە لە سەنتەری شاری هەولێر ژیان دەکەن بەشداربووە، ئەوانەی بەشدارییان کردووە(٣١%) مێ و(٦٩%) نێرن، هەروەها(٤١%) تەمەنییان لە نێوان( ١٨-٢٨) و(٣٩.٥%) لە نێوان(٢٨-٣٨) و(١٩.٥%) لە نێوان(٣٨-٤٨) دایە، ئاستی خوێندنی بەشـــداربووان(٢٨%) دەرچووی بنەرەتی و(٣٨.٥%) دەرچووی ئامادەیی و(٣٣.٥%) دەرچووی زانکۆبوون، لەم ڕاپرســـییەدا هەوڵدراوە ئەنجامی ڕاپرســـی بە شـــێوەیەکی پراکتیکی لە شێوازی ئاخاوتن و پەیڕەوکردنی یاساکانی ئاخاوتن بخرێتەڕوو، ئەنجامەکانیش دەبنە ڕەنگدانەوەی ڕادەی پەیڕەوکردنی یاســـاکان لەو شـــارەدا، ڕاپرســـییەکە(٢٠) پرســـیار لەخۆدەگرێت دەربارەی شـــێوازی قســـەکردن و گوزارشـــتکردن بە زمان بە هەردوو لقەکەیەوە، زمانی قســـەکردن و زمانی جەستە.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

باســـەکە لە چواربەش پێکهاتووە: بەشـــی یەکەم تایبەتە بە: شـــێواز و بنەماکانی و بەشـــی دووەم تایبەتە بە: ڕێباز و تایبەتییەکانی شێواز و بەشی سێیەم تایبەتە بە: شێواز لە ئاستەکانی زماندا و بەشی چوارەمیش تایبەتە بە: شێوازی زمانی و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی، لە کۆتاییشدا ئەنجام و کورتەی باسەکە خراوەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

# شێواز و بنەماکانی

## بەشی یەکەم:  شێواز و بنەماکانی

### ١- شێواز و بنەماکانی

### ١-١- وشەی شێواز:

وشـەی(شـێواز) لە زمانەوانیدا واتە ڕێکخسـتن و ڕێگاکانی دەربڕینی بیر، مرۆڤ بۆ گەیاندنی پەیام و بیرۆکەکەی خۆی پەنا بۆ زۆر ڕێگا دەبات، ئەو ڕێگایەی کە کورت و کاریگەر و ڕازیکەرە ئەوە پێی دەگوترێت شـێواز. وشـەی(Style) کە بەرامبەرە بە وشـەی شـێواز لە زمانی کوردیدا، وەک زاراوە لە زمانی ئینگلیزیدا سـاڵی(١٨٤٦) بەکارهێنراوە، لە سـاڵی(١٨٧٢) هاتۆتە ناو زمانی فەرەنسی(صلاح فضل: ٨٣:١٩٩٢) ئەم زاراوەیە لە بنەرەتدا لە وشەی(Stylus) ی لاتینی وەرگیراوە، کە واتای هەڵکۆڵەر دەگەیەنێت (بیرجیرۆ: ٩:١٩٥٧)، (Stylus) بەو ئامێرە نووکتیژە مەعدەنییە دەگوترا، کە لە نووسین لەسەر تابلۆ مۆمییەکان نووسینی پێدەکرا و ئامێرێک بوو کە مۆمییان پێ ئەژمار دەکرد و بەم ئامێرە لە سـەریان دەنووسـی(Sebeak Thomas Ed: 1986: 102) پاشـان واتاکەی گۆڕانی بەسـەردا هات تا سـەدەی حەڤدەهەم واتاکەی لە چوارچێوەی هونەرە جوانەکان بۆ چارەسـەری بابەتێکی دیاریکراو بەکارهات، شـێواز Stylistic زانسـتێکی نوێیە لە ئەنجامی گەشـەی هەرسـێ زانسـتی(ڕەخنە و ڕەوانبێژی و زمان) هاتۆتە ئاراوە(إبراهيم عبدالله عبدالجواد: ٢١:١٩٩٤) بە تایبەتیش لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان(أحمد درويش: ٦١:١٩٨٤) شـێواز بابەتێکی زمانەوانییە و پەیوندی بەتینی بە ئەدەبەوە هەیە(يوسف أبو العدوس: ١٤٢٧هـ٣٧).

واتە دەتوانین بڵێین شـێواز بە پێی کەسـایەتی قسـەکەر یا نووسـەر دەگۆڕێت و بابەتی شـێواز تاکەکان لە یەک جیادەکاتەوە، قسـەکەر یا نووسـەر کاتێک دەربڕینێک دەردەبڕێت گوزارشـت لە ڕاستی بیروڕاکەی بکات ئەوا بە شـێوازێکی ئەدەبی لە بیرکردنەوە و دەربڕین و وێناکردن کۆتایی دێت و جیادەکاتەوە لە کەسانی تر.

## ١-٢- چەمکی شێواز:

لە ڕووی چەمکەوە بە پێی زانستەکان دیتن و تێروانینی جیاجیا بۆ شێواز هەیە:

- **دەروونناســــی پێی وایە ڕەفتارە**، ڕەفتاری زمانی بە پردی پەیوەندی نێوان زانســــتی زمان و دەروونزانی دادەنرێت، زمان ڕەفتارە، واتە بۆماوە نییە و لە باوک و باپیرانمان بۆمان نامێنێتەوە و لە گەڵمان لەدایک نابێت، بەڵکو ڕەفتارە و بەهۆی فێربوونەوە فێری دەبین(عبدالواحد دزەیی، زمانەوانیی گشتی: ٣٦:٢٠٢١)

ڕەفتـار کۆمەڵێک هەڵســـوکەوت و گوزارشـــتی زمـانییە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ هەوڵدەدات خۆی بگونجێنێت لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و جێگەی خۆی خۆشـــبکات لەناو کۆمەڵگادا، لە شـــێواز وشـەی بارگاوی و ئەفسوناوی بەکاردێنێت بۆ ڕاکێشـانی دڵ و دەروون و بزاوتنی نەست، وشـە و دەستەواژەکانیش ناتوانن ئەم ئامانجە بپێکن ئەگەر بە گۆنجاوی بەکاری نەهێنین.

-**ڕەوانبێژی پێی وایە قســەکەرە**، ژیانی مرۆڤ و ڕەوشـتی ئاوێتەی تۆرێکی هەسـتییە بەرامبەر بە خودی خۆی و کەسانی تر و شت و شوێن و یان بیرێک کە گوێی لێ بووە یان خوێندوویەتی هەر بۆیەش، وزەی ئەرێنی و نەرێنی وەردەگرێت، شـــاعیرەکـان شـــعیر و بەرهەمی ئەدەبی وەک بەرگرییەکی دەروونی بەکاردێنن بۆ فرێدانی وزەی نەرێنی هاوسەنگی دەروونی. بەم پێیە بەرهەمی ئەدەبی کاردانەوەی پاڵنەرێکە و خۆڕســـک نییە(عبدالواحد موشـــیر دزەیی، خوێندنەوەی دەروونی دەق: ١٥٣:٢٠٢١).

قســـەکردن کاریگەری نابێت لەســـەر ویژدان ئەگەر لە ویژدانێکی ڕاســـتەوە هەڵنەقوڵابێت، چونکە هەستی ڕەسەن سۆزە شاراوەکان دەبزوێنێت و هەڵچوونە چەسپاوەکان دەجولێنێت، بۆ نموونە بۆ هۆنینەوەی سـرووددێکی نیشـتیمانی پێویسـت بە کۆکردنەوەی وشـە و دەسـتەواژەی بریقەدار نییە، بەڵکو پێویستی بە هەڵبژاردنی وشە و ڕۆنانی گونجاوە، کە وابکات خۆی نیشتیمانی خۆشدەوێت و

ئامادەیە لە پێناویدا خۆی بەخت بکات، کەواتە دەبێت بە وشە و دەستەواژەکانی خۆی بخزێنێتە ناو دڵ و دەروونی خوێنەر و گوێگر(عبدالواحد موشیر دزەیی، خوێندنەوەی دەروونی دەق: ٢٠٢١:١٤٦).

**-زمانەوانیی پێی وایە زمانە،** لەبەر ئەوەی خودی زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیاوازە و هەریەکەیان بۆ بارێک دەبێ چونکە هەموو بەکارهێنانە زمانییەکانە لە لایەن قســـەکەرانی زمان بۆ گەیاندنی مەبەستی جیاواز، لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاخاوتند بەکاردێت، بۆیەش دەبێتە شێواز، چونکە بیری قسـەکەر بارگاوی دەبێت بە هەسـت و بۆچوونی تاک و هەر بۆیەیش شـێوازی قسـەکردنی جیاواز دێتە ئاراوە(محمد مەعروف: ١٩٩٠:٥).

**- فیلۆلۆجی پێی وایە شـــتێکی شـــاراوەیە لە زمان،** فیلۆلۆجی وەک پردێکە لە نێوان زمان و دەقی ئەدەبی(شـپیتزەر) لە ژێر رۆشـنایی فیلۆلۆجی بنچینەی شـێوازی نموونەیی دامەزراند، سـوودی لە زمـانەوانیی وەرگرت بۆ **لێکۆڵینەوە** لە دەقی ئەدەبی(عبـدالســـلام نجم الـدین: ٢٠٠٨:٦٦) فیلۆلۆجی لێکۆڵینەوەکانی لە زمان بۆ گەیشـتنە بە داب و نەریت و کەلتوور و ئەدەب و مێژوویەتی لە ڕێگەی زمان و دەقە زمانییەکان، فیلۆلۆجی تێگەیشـــتنە لە زمان و ڕێباز و نهێنییەکانی، بۆ ئەم مەبەســـتە لێکۆڵینەوە لە مەســـەلە زمانییەکان لە ئاســـتەکانی دەنگ و ڕێزمان و واتا و گەشـــە و گۆڕانەکانی دەکات(عبدالواحد موشیر دزەیی، زمانەوانیی گشتی: ٢٠٢١: ٢٧).

**-نووســـەری ئەدەب پێی وایە تاکە،** زمانی ئەدەب لە ڕووی هەســـت و ســـۆزەوە دەوڵەمەندە و ویژدانی مرۆڤ دەئاخێوی و وشـــە و ڕســـتەی بارگاویکراو بە هەســـت وســـۆز هەڵدەبژێرێ بە مەبەستی کاریگەری کردنە سەر بەرامبەر و دروستکردنی وەڵامێکی ویژدانی لای خوێنەر. ئەمەش نایەتەدی ئەگەر پەیامەکە جێگای گرنگی خوێنەر نەبێت و پڕ نەبێت لە هەندێ خۆشـی و ناخۆشـی. زمانی ئەدەب زمانی وروژاندنی هەســـتە(ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٩٨: ١٨٧) ولایەنی خودی مرۆڤی تیا ڕەنگ دەداتەوە(مصـطفی مندور: ١٩٧٤: ١٨٣) زمانێکی ئەندێشـــەیی وخوازەییە لە ســـەرووی زمانی ئاســـاییەوەیە، ئەگەرچی زۆربەی ئەو وشـــە و زاراوانەی شـــاعیر بەکاریان دێنێ واژە و زاراوەی

ئاسـایین، بەڵام کە شـاعیر بە شـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش و ئاوازەدار گیان بەبەر وشـەکان دەکات جولە و واتای نوێیان پێ دەبەخشێ.

**-فەیلەسـوفان پێیان وایە قسـەکەری شـاراوەیە،** چونکە زانیاری شـاراوەمان دەربارەی قسـەکەر و **گوێگر** دەداتێ، وەک: پلە وپایەی کۆمەڵایەتی و شــوێنی جوگرافی و پلەی خوێندەواری و ئیش و کاری و جۆری زارەکە و پلەی پێش کەوتوویی زارەکە وەک ئەوەی زاری بازاڕییە یان فەرمییە یان ئەدەبییە. . . هتد. لەگەڵ جۆری زمانەکە واتە زمانی شیعرە یا پەخشانە یا زانستە. . . هتد(ساندریس فیلی: ٢٠٠٣: ٢٦).

## ١-٣-پێناسەی شێواز

نوسەرە کورد و عەرەب و ڕۆژئاواییەکان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ شێوازکردووە:

### ١-٣-١- پێناسەی شێواز لای نوسەرە ڕۆژئاواییەکان:

ڕۆژئاواییەکان پێناسـەی جۆراوجۆری شـێوازیان کردووە، بۆ نموونە لە یەکێ لە بیبلۆگرافییەکان دەربارەی لێکۆڵینەوە شێوازییەکان لە بواری زمانە ڕۆمانییەکان ١٥٠٠ ناونیشـانی هەیە(شکری عیاد: ١٩٨٥: ٨٤) توێژەرە ڕۆژئاواییەکان زیاتر لە(٣٠) پێناسـەی جیاوازیان بۆ شێواز کردووە(صلاح فضل: ١٩٨٥: ٧٣). هەرچەندە زوربەی ئەم توێژەرانە خۆیان لە پێناسەکەی بە دوور دەگرن و بۆ خوێنەری لێدەگەڕێن خۆی بەدەستی بێنێت(ابراهیم عبدالله عبدالجواد: ١٩٩٤: ٣٨)

شــێواز لای ڕۆژئاواییەکان لە وشــەی Style ی لاتینی داتاشــراوە کە بۆ نووســین بەکاریان دەهێنا(یوسـف أبو العدس: ١٤٢٧: ٣٥) لە ئینسـیکلۆپیدیای Encyclopoedia Universalis فەرەنسـی دا هاتووە دەتواندرێت دوو واتا و دوو ئەرک دەستنیشان بکەین:

-ئاماژەکردن بۆ سیستەمی هۆیەکان و یاساکانی کە پەیرەو دەکرێن یان دادەهێنرێن و لە یەکێ لە دانەرەکان بەکاردێت.

-تایبەتمەندییەکانی دیار دەکات.

له ئینسیکلۆپیدیاکەدا هاتووە ئەگەر ئێمە گرنگیماندا بە سیستەم و زاڵمانکرد بەسەر بەرهەم، ئەوا ئێمە پێناسەیەکی گشتگیر بە شێواز دەدەین و بەکاریدێنین بۆ کاری پۆلێنکردن و دەیکەینە یەکێک لە ئامرازەکانی گشتاندن و ئەگەر بە پێچەوانەش گرنگیمان بە سیستەم و نوێکردنەوە و خوێندنەوە دا، ئەوا شێواز بەرەو تاکگەرایی دەبەین و ئەرێکی تاکی دەدەینە پاڵ ئەمەش وامان لێدەکات وا بیربکەینەوە، کە سیمایەکی جیاکار و سیستەمە(منذرعیاشی: ٢٠٠٢: ٣١).

پێناسەی شێواز لای ڕۆژئاواییەکان جۆراوجۆرە گرنگترینیان بریتین لە:

- کۆنت بیفۆن: شێوازی خودی مرۆڤە و لاناچێت و ناگوازرێتەوە و ناگۆڕدرێت(صلاح فضل: ١٩٨٥: ٩٦) بە واتایەکیتر تایبەتمەندی تاکەکانە لە دەربڕین.

- موریە: شێواز هەڵوێستێکی بوونە و شێوەیەکە لە شێوەکان(صلاح فضل: ١٩٨٥: ٩٧) لەم پێناسەیەدا شێواز بە هەڵوێست و بوونی تاکەوە بەندە هەر تاکێک شێوازێکی هەیە.

- ستاندال: شێواز خستنەسەری هەموو ئەو وردەکاریانەیە بۆ سەر بیرێکی دیاریکراو، کە دەستبەرداری کاریگەری بێت لەسەر بیر(صلاح فضل: ١٩٨٥: ٩٦).

-بیرجیرۆ: ڕێگاکانی دەربڕینە لە بیر لە ڕێگای زمان(بیرجیرو: ١٩٩٤: ٩)و پێکهاتەیەکی هونەری زمانە وەک پێکهاتە ڕەنگییەکان، تاکو واتایەکی تایبەت بدات کە پێشتر نەبووبێت(نورالدین السد: ١١: ١٤٢٦-١٢).

- ڕیفاتیر: هەموو نووسراوێکی خودی دەگرێتەوە کە بە مەبەستی ئەدەبی نووسرابێت، واتە شێوازی دانەر، بە واتایەکی تر شێوازێکی کاری ئەدەبی دیاریکراوە کە بتوانین پێی بڵێین شیعر یان دەق(صلاح فضل: ١٩٨٥: ١١٠).

- لۆپێر: ڕەهەندێکی لۆجیکی دەداتە شێواز و پێی وایە ڕێگایەکی ڕەهایە بۆ تێڕوانینی شتەکان واتە شێواز جۆری دیتنە(عبدالقادر عبدالجلیل: ١٤٢٢: ١٣٣).

– ســـتيندا: ئەو بەرگەیە کە دەکریتە بەر کاریک و جوانی پیدەبەخشـــێت، واتە تەنها ئەو کارانە بە جوان دادەنریت کە شێوازە ئەوانیتر بە پێچەوانەوە شێواز نین.

- ئیڤیلاندەر: شێواز بریتییە لە پێشکەشکردنی باسێک لە ئاسایی نەچێت جۆری بابەتەکە و مەبەست و کەسێتی نووسـەرەکە بچەسـپێنێ، بەڕای پەسـندکەرانی ئەم جۆرە پێناسـانەی کە دەڵێن: شـێواز بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگـایەکی تـایبەتی لە نێوان چەنـد ڕێگـایەکی دەربڕین، کە هەموویـان بۆ گەیاندنی هەمان مەبەســت بەکاردێن، کێشـــەی ئەوە دێتە کایەوە بۆچی نووســـەر لە نێوان چەند وشـــەیەکی هـاوواتـا یـان نزیـک لە یەکتری یەکێکیـانی هەڵبژاردووە و ئەوانیتری فەرامۆش کردووە(محمد معروف فتاح: ٢٠١٠: ٨٧).

– تۆدۆرۆف: شێواز بریتییە لە کۆرپەی ڕەوانبێژی و میراتگری ڕاستەوخۆیەتی.

– برۆست: ئەو شوێن پەنجەیەیە کە دارشتنی گوتار لەخۆیان دەگریت وەک پەنجەمۆری ناسینەوەی تاک.

– لیچ: ڕێبازێکی تایبەتە بە بەکارهێنانی زمان لە سنورێکی دیاریکراوی تاک بۆ مەبەستێکی دیار (Leech: 1983: 10 ).

– ئەمرسۆن: شێواز دەنگی هزری نوسەرە(شعبان چالی: ٢٠٠٨: ٢٣).

– شـۆپنهاوەر: شـۆپنهاوەر پێی وایە: ناسـینەوەی زەینی خاوەن قەڵەمە، بە واتایەکیتر ناسـنامەی نووسەرە(شعبان چالی: ٢٠٠٨: ٢٣).

بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت شێواز هەڵبژاردن و بەکارهێنانی زمانە بە شێوەیەک لە شێوەکان کە گونجاو بێت لەگەڵ باری ئاخاوتن و ڕەنگدانەوەی بیر و هەستی تاکە کەسە و هەندێجاریش لادانە لەو جۆرە باوەی نوســـین و ئاخاوتن هەروەک شـــاعیران بەکاریدەهێنن، بەمەش شـــێواز دەبێتە بەرهەمێکی زمانی دورســـت و گونجاوی قســـەکەر کە بیروبۆچوون و تایبەتمەندی ئاخێوەری تێدا ڕەنگدەداتەوە.

## ١-٣-٢- پێناسەی شێواز لای نوسەرە عەرەبەکان:

– ئەحمەد شـــــایـب: پێنـاســـــەی جۆراوجۆری بۆ شـــێوازکردووە، کە لە ســـێ تەوەرەدا دەخولێتەوە(هونەری ئاخاوتن، شێوەی نووسین، وێنەی وشەیی) کە واتای پێدەردەبڕین(یوسف أبو العدوس: ١٤٢٧: ٢٦) تێبینی دەکرێت ئەم پێناسەیە هونەر و ڕێگا و وێنە کۆدەکاتەوە، ئەم بنەمایانەش هاوبەش و ئاوێتەی ســـێ بنەمای تر دەبێت کە بریتین، ســـەرچاوەی ئەدەب و وەرگر و خودی ئەدەبە(ابراهیم عبدالجواد: ١٩٩٤: ٤٠) بەم پێیە شێواز هونەری ئاخاوتنە جا چ چیرۆک بێت یان گفتوگۆ یان لێکچواندن و خوازە بێت بە شـــێوەیەکی نووســـراو یان ڕاپۆرتی. . . هتد. هەروەها ڕێگاکانی نووسین یا دارشتنە یان هەڵبژاردنی وشەیە بۆ دەربڕینی مەبەست و کاریگەری دروستکردن(ابراهیم عبدالجواد: ١٩٩٤: ٤٠) دەشـــتوانین بڵێین: وێنەیەکی وشـــەییە بۆ دەربڕینی بیروڕا و ئەندێشـــە یان دەربڕینێکی ڕێکە بۆ گەیاندنی واتا(عبدالقادر عبد الجليل: ١٤٢٢: ١١١).

– عەبدولســـەلام مەســـەدی: پێناســـەی شـێوازی کردووە لە ســێ تەوەرەوە دا، ئاخێوەر: خاوەنی ئەدەب، وەرگر: خوێنەری ئەدەب، گوتار: دەقی ئەدەبی، پێناســـــەکانی کاریگەری ڕۆژئاواییەکانی لەســـــەرە لە ڕوانگەی زمانەوانیی ئەدەبەوە دایڕشـــتوون(ابراهيم محمود خليل: ٢٠٠٧: ٢٢). پێی وایە زانســـتێکی ئەبســـتراکتە هەوڵدەدات لەرێگای ڕێبازێکی ئەقڵانی درک. بە بابەتی بوونی لە بواری مرۆڤایەتی بکات و مۆرپەنجەی ڕەوشـتی زمانی شـێوەی جیاوازی سـتوونی وەربگرێت(عبدالسـلام المسدی: ١٩٧٧: ٣٣).

– صـــلاح فضـــل: شـــێواز بە میراتگری ڕەوانبێژیی دادەنێت(صـــلاح فضـــل: ١٩٩٨: ١٤) بەشـــێکە لە زمانەوانیی(نورالدين السد: ١٤٢٦: ١٤).

– فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییە هاوچەرخەکان: شـــێواز هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لە ڕێگای وشـــە و پێکهاتەکانی تر(سعيد علوش: ١٩٨٥: ١١٤).

- ڕجاء عید: شێواز بریتییە لە هەڵبژاردن لە نێو دەربڕینێکی هاوشان لە لایەن نووسەرەوە.

-دەرئەنجامی تایبەتمەندی خودی بەدوای یەکداهاتووە.

-لادانە لە شێوەی باو.

-کۆمەڵێک تایبەتمەندی تەواوکەری یەکترییە کە پێویستە لە دەقدا هەبێت(رجاء عید: البحث الاسلوبی معاصره وتراث: ١٩٩٣: ١٤)

- مونزر عەیاشی: شێواز زانستێکە لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات لە چوارچێوەی گوتاردا، وەیا زانستێکە لێکۆڵینەوە لە گوتاردا دەکات بە دابەشکردنی لەسەر بنەمای ناسنامەی ڕەگەزەکان، هەربۆیەش ئەم زانستە چەند ئاستێک لە خۆوە دەگرێت لە ڕووی گرنگی و ئامانج(صلاح فضل: ٢٠٠٢: ٤٧٤).

کەواتە دەتوانین بڵێین:

شێواز تایبەتمەندییەکی هاوبەشە لە نێوان کۆمەڵێک دیاریدە لە زمان و لە ماوەیەکی دیاریکراو و ڕەگەزێکی ئەدەبی، بەمەش دەبێتە دەقێکی هونەری یان ک ارێکی تەشکیلی بە نوێنەرایەتی زمان.

- شێواز تایبەتمەندییەکی جیاواز و تاکە گوزارشت لە بار و دۆخی خود دەکات بە واتایەکی تر دەقێکە شێوازی تایبەتی نووسەرێک دەردەخات(صلاح فضل: ٢٠٠٢: ٤٧٤).

- نعمان بوقرە: شێواز بریتییە لەو ڕێگا دەربڕینەی، کە تایبەتن بە نووسەرێک یان گوتاربێژێک یان گروپێکی ئەدەبی. . . هتد(نعمان بوقرە: ٢٠٠٩: ٨٤).

### ١-٣-٣-پێناسەی شێواز لای نوسەرە کوردەکان:

- حەمە نوری عومەر کاکی: بریتییە لە ڕێگایەکی تایبەت کە نووسەریان شاعیر بەهۆیەوە لە دارشتنێکی تایبەت بەخۆی و زمانەکەیەوە، بیرەکانی پێ دەردەبڕێت(حەمە نوری عومەر کاکی: ١٩٨٩: ٢٦).

- محەمەد مەعروف فەتاح: ئەو کۆمەڵە تەکنیکەیە کە ئاخاوتنی کۆمەڵە کەسێک لە ئاخاوتنی کۆمەڵە کەسێکیتر جیادەکاتەوە(محمد مەعروف فتاح: ٢٠١٠: ٨٨). وە پێی وایە زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەت دەبێت(محمد مەعروف فتاح: ١٩٩٥: ٥).

- ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: شێواز بەکارهێنانی زمانە بۆ چەندین بۆنە بەکاردێن، هەریەک لەم بۆنانەش کاردەکەنە سەر زمانەکە لە ڕووی هەڵبژاردنی وشە و جۆری ڕۆنانەوە(ساجدە عەبدوڵلا فەرهادی: ١٩٩٨: ٢٣).

- شعبان چالی: شێواز هەڵبژاردن و بژارکردنی کەرستەی زمانی دیاریکراوە، وەک دەربڕینێک و هەڵوێستێکی دیاریکراو، ئەم هەڵبژاردنەش لە نێوان ئەو ئەم کەرستەو نیشانانەدا دەبێت کە جێگرەوەی یەکترن، پرۆسەی هەڵبژاردنیش لە نێوان وشە هاوواتکان ئەنجام دەدرێت، کە جێگرەوەی یەکترن(شعبان چاڵی: ٢٠٠٢: ١٨).

- هێمن عبدالحمید شەمس: توانای هەڵبژاردن وچۆنییەتی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییە دیاریکراوەکانە، بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو، دەربڕینێکی تایبەت و جیاوازە و پێویستی بە شارەزیی و وریایی هەیە لە دەربڕیندا(هێمن عەبدولحەمید شمس: ٢٠٠٦: ٣٣).

- عبدالواحد مشیر دزەیی: شێواز هەڵبژاردن و دانانی دەربڕینە، هەروەها شێواز ڕێکخستن و ڕێگاکانی دەربڕینی بیر و جولاندنەوەیەتی لەناو دەقدا تا بە ڕا. زاوەترین شێوە بەرهەمی داهێنراو دروست بکات. شێواز بە پێی کەسایەتی نووسەر و بابەتی قسە دەگۆڕێت و شێواز تاکەکان لە یەک جیادەکاتەوە، نووسەر کاتێک دەربڕینێک دەردەبڕێت گوزارشت لە ڕاستی بیروڕاکەی بکات ئەوا بە شێوازێکی ئەدەبی لە بیرکردنەوە و دەربڕین و وێناکردن کۆتایی دێت و جیای دەکاتەوە لە کەسانی تر(عبدالواحد موشیر دزەیی: ٢٠١٢: ١٤).

- ژوان عەبدولسەلام: شێوازگەری ئەو زانستەیە لێکۆڵینەوە لە دانە زمانییەکانی نێودەقی کە نوسەر و ئەدیبەکان لە داڕشتنی دەقەکانیان دەیگرنەبەر دەکات، ، واتە دەرخەری جوانییەکان و دیاریدە

لادراوەکـانی نێودەقی ئەدەبی شـــێوازی دەربڕینی هەر نوســـەرێـک لەگەڵ نوســـەرێکی تر بەدەردەخات(ژوان عەبدولسەلام: ٢٠١٨: ٦٢).

واتە ئەگەر شێواز وەک هەڵبژاردن سەیربکەین لەسەر بنچینەی فەرهەنگی و سینتاکسی و ڕێزمانی واتایی هەر وەک زووربەی شـــێوازگەرە نوێییەکان وای بۆ دەچن بەم پێیە هەموو هەڵبژاردنەکانی زمان شـــێوازن و هەریەکەیان ئەرکێک یان زیاتری هەیە بە پێی دەوروبەر و دەق دەگۆڕدرێت، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونە پێمان وایە شێواز لە تێکچرژانی کاریگەرییە شێوازیەکان لە ژمارەیەک لە ئاستەکانی زمان دێتە ئاراوە، بەم پێیە دەتوانین پێناسـەی شێواز بەشـێوەیەکی فراوان و ئاسـان بکەین و بڵێین: شـــێواز کۆمەڵێک ئەرکی شـــێوازی زمانییە هەڵبژێردراوە لە کۆگای ڕێزمانی و فەرهەنگی و دەنگی و شـێوەیی زمان بە گشـتی، بە پێی باری دەرۆنی قســەکەر و بەرژەوەندی و دوور و نزیکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەر شـێوازێک بۆ دۆخێک دەگۆنجێ، لەســـەر ئەم بنەمایانە قســـەکەر شـــێوازێک هەڵدەبژێرێ بۆ دەربرینی هەســـتەکانی، یەکێک لە گرنگترین ڕێگاکانی پەیوەندیکردن شێوازە، کە یەکێکە لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی هەموومان، جگە لەوەی کە یەکێکە لە گرنگترین توخمەکانی پەیوەندیکردن، شـــێواز ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لەو بیرۆکەیەی کە ئێمە لەســـەر کەســێکی تر جێدەهێڵین، بە واتایەکی دیکە، ئەو شـێوازەی کە ئێمە بەکاری دەهێنین، ئێمە قسە، یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکان کە ئێمە پێناسە دەکات.

### ١-٤- شێوازی زمانی:

زمـان پەیوەنـدییەکی بەتینی بە کۆمەڵەوە هەیە، لە کۆمەڵگـادا تـاک و دەوروبەر کـارلێکـدەکەن و هەریەکەیان کاریگەری لەســـەر ئەوی تر هەیە، هەموو تاکێک دەکەوێتە بەر یاسـا کۆمەڵایەتییەکان بەرادەیەک ســـەربەســـت نییە لە تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆی، زمان پێویســـتییەکی کۆمەڵە بۆ لە یەکتر گەیشتن وگۆڕینەوەی بیروراو گواستنەوەی کەلتوور. . . هتد، زۆر لە زمانەوانەکان جەختییان لەسەر ئەم ڕاستییە کردووە و بۆیەش زمان بە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی دادەنێن، چونکە هۆیەکە بۆ

بەیەک گەیاندنی نێوان کەسەکان(حاتم صالح الضامن: ١٩٨٩: ٣٦) زمان بێ کۆمەڵگا ناتوانێ گەشە بکا بۆ نموونە: ئەگەر منداڵێکی زۆلووس لە چین دابنێین و منداڵێکی چینیش لە ئەفریقیا لای زۆلووسەکان دابنێین، دەبینین منداڵە زۆلووسەکە بە زمانی چینی قسە دەکا و منداڵە چینییەکەش بە زۆلووسی قسە دەکا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زمان میراتێکی بەدەنی نییە(ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦: ٢٨) بەڵکو زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە بە هۆی زمانەوە دەتوانین لەناو کۆمەڵگادا بژین و ئەرکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکەین، جگە لەمەش زمان ناسنامەی کۆمەڵایەتی و پلەوپایەی ئاخێوەران دەخاتەروو ورەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییە کە قسەکەران تێیدا دەژین، بەڵگەشمان ئەو وشەو زاراوانەیە کە بێ بەستنەوەیان بە باری کۆمەڵایەتی خەڵک لێکنادرێنەوە، بۆ نموونە چەندین وشەی وەک: (مسکێن و ڕەنجدەر و مەیتەر. . . هتد) پێرەوێکی کۆمەڵایەتی پێکدێنن و لە دەرەوەی ئەو پێرەوە واتایان لێکنادرێتەوە(محمد معروف فتاح: ١٩٨٥: ٢٢٣) جا کەس بۆ ڕازیکردنی داواکانی دەرەوە و کۆمەڵ و بەرژەوەندی خۆی بەم شێوەیە مامەڵە دەکات: (دووردەکەوێتەوە ئەگەر کارتێکەرە دەرەکییەکان ترسناک بوون، خۆی دەگونجێنێت ئەگەر شیاو بێت، دەستکاری دەکات ئەگەر بەزیان بەسەرخۆی دا بشکێتەوە)(محمد احمد نابلسی: ١٩٨٨: ٤٧). زمان دوو ئەرکی کۆمەڵایەتی دەبینێت(ئەرکی دەربڕین، ئەرکی گەیاندن) ئەم دوو ئەرکە یەکتری تەواودەکەن واتە کۆمەڵ تەواوکەری تاکەو تاکیش تەواوکەری کۆمەڵە، ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان خۆی لە سێ تەوەرە دەبینێتەوە:

١-جێگیرکردن: زمان زانیاری و تاقیکرنەوەکانی تاک و نەتەوەکان جێگیردەکات، بۆ نموونە: لە ڕێگای زمانەوە جێگیرکراوە کە سەرکردە سەلاحەددینی ئەیوبی کوردە.

٢-گواستنەوە: گواستنەوەی زانیاری یەکەمە بۆ نەوەکانی داهاتوو و کەسانی تر.

٣-کۆکردنەوە و پاراستن: ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری زمانە لەیەک کاتدا، چونکە زانیارییەکان لە ڕێگای زمانی نووسینەوە پارێزراون(عدنان السبیعی: ٢٠٠٠: ١٥).

مرۆڤ له ژیانی ڕۆژانەیدا به چەند شێوازێک قسەدەکات هەوڵدەدات بەرژەوەندی خۆی بپارێزێ و هاریکاری ئاخاوتنی نێوان خۆی و بەرامبەرەکەی نەپچرێنێ، بەرزونزمی ئەم شێوازەش بۆ ڕاپەراندنی کارەکان و خۆگونجاندنە لەناو ڕێزەکانی کۆمەڵ، شێواز لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕەگەزانە دەکات که کاریگەریان لەسەر زمان هەیە(گراهام هاف: ١٩٨٥: ٢٢). بۆیەش کۆزمانەوانەکان پێیان وایە: (زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە هەریەکەیان بۆ دەوروبەرێکی تایبەتی دەستدەدات)(محمد معروف فتاح: ١٩٩٠: ٥) بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت قسەکەر شوێنی خۆی لەناو کۆمەڵگا بزانێت و سنوور نەبەزێنێت و به پێی ویستی کۆمەڵگا هەڵس و کەوت بکات تا شوێنی لەناو کۆمەڵگا ببێتەوە بۆنەپچرانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

ئەو شێوازە زانیاریمان دەربارەی قسەکەر و گوێگر دەداتێ، وەک: پله وپایەی کۆمەڵایەتی و شوێنی جوگرافی و پلەی خوێندەواری و ئیش و کاری و جۆری زارەکە و پلەی پێشکەوتوویی زارەکە وەک ئەوەی زاری بازاڕییە یان فەرمییە یان ئەدەبییە. . . هتد. لەگەڵ جۆری زمانەکە واتە زمانی شیعرە یا پەخشانە یا زانستە. . . هتد(احمد مختار عمر: ١٩٨٢: ٣٨). هەندێ جار واتاکە له وشەکان و گۆکردن بەدی دەکرێت. بۆ نموونە وشەیەکی وەک(خاتوو) که بۆ چینی بەرزی ئافرەت بەکاردێت یان وشەیەکی وەک(بەعە) دەزانرێت، که قسەکەر منداڵە.

کەواتە هەموو ئەو واتایانە دەگرێتەوە، که زانیاریمان دەربارەی قسەکەر دەداتێ له پلەی خوێندەواری و ئیش و کاری و. . . هتد. وەک:

-کراسەکەم به دوو پارەی سۆر کڕی.

یان:

-کراسەکەم به دووجاربیست و ده دینار کڕی.

ئەم ڕستەیە شێوازی نەخوێندەواری و جۆری زارەکە و پلەی پێشکەوتوویی زمانەکە دەردەخات، که بازارییە. ئەم جۆرە واتایە پەیوەندی بەتینی به واتای کاریگەرییەوە هەیە و له زۆربەردا تێکەڵ

بەیەک دەبن، چونکە زۆر جار شێوازی قسەکانمان بە پێی پلەی ڕێزگرتن هەست دەردەبڕێت(محمد معروف فتاح: ١٩٩٠: ١٦٠) وەک:

تکایە بێدەنگ بە (ڕێزدارە)

ئەوەندە مەڵێ (بێڕێزە)

دەمت داخە (زۆر بێڕێزە)

شێواز بەکارهێنانی زمانە لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا، لەلایەن کەسێکی دیاریکراوەوە، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو(Leech: 1983: 10) چونکە قسەکردن ڕەفتارێکی زمانییە وبەشێوازی جیاجیا ئەنجام دەدرێت و بە گوێرەی گۆڕانی هۆکارە جۆربەجۆرەکانی وەک: تەمەن، ڕەگەز، پلەوپایە، نزیکایەتی و ناسراوی، ئاستی ڕۆشنبیری، هەروەها هۆکارە دەرونی وکۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت، شێوازی ئاخاوتنی تاک بە گۆڕانی بابەت و بەشدارانی ئاخاوتن دەگۆڕێت.

شێواز لێکۆڵینەوەیە بە شێوەیەکی زانستی لە نواندنە زمانییە جۆراوجۆرەکانی وەک بنیاتگەری و سیمۆلۆجی و هارمۆنیکا، شێواز شان بەشانی سیمانتیک و پراگماتیک بە لقێکی زمانەوانیی نوێ دادەنرێت، گرنگی دەدات بە وەسفی شێواز و بنیاتی واتا و مەبەست، بەم پێیە لە ڕەوانبێژی کۆن جیادەبێتەوە، چونکە تایبەتمەندییەکی پێوانەیی و فێرکردنی هەبووە و زیاتر گرنگی بە نووسین و داهێنان و ڕوونکردنەوە. . . هتد دەدا.

لێکۆڵینەوە لە شێواز شۆڕدەبێتەوە بۆ ئاستەکانی تری وەک دەنگ و وشەسازی و ڕستەسازی و سیمانتیک و پراگماتیک، شێواز ئەرکی گەڕانە بەدوای تایبەتمەندییەکانی شێوازی ئەدەبی و نائەدەبی لەگەڵ دیاریکردنی تایبەتمەندییە دیارەکانی و تایبەتمەندییە تاکەکان و دەرهێنانی بنەما هونەری و جوانکارییەکان و کاریگەری هۆشەکی و ویژدانی هەر یەکەیان لەسەر گوێگر و خوێنەر، بەم پێیە شێواز گرنگی بە ڕەگەزە ئەدەبییەکان و داڕشتنی دەق دەدات و جەخت لەسەر شێوازە زمانییە تایبەتەکانی داهێنەر دەکات، سەرەڕای ئەمانەش لێکۆڵینەوە لە جۆرەکانی شێوازی

بەکارهاتوو لای نووســـەر دەکات و گرنگی بە زمانی ئەدەبی و دەبڕینەکانی دەدات(بیرجیرو: ١٩٥٧: ١٧).

شـــێواز کە هەڵبژاردنێکی زمـانییە لە نێو کۆمەڵێـک جێگرەوە، ئەم هەڵبژاردنەش ڕەنگـدانەوەی خاوەنەکەیەتی و ئاماژە بۆ کەسـایەتی و تایبەتمەندییەکانی دەکات(صـلاح فضـل: ٢٠٠٢: ٨٩) بابەتی شـێواز بەگشـتی شـێوازە و سـەرای ئەمانەش بابەتی تر دەداتە بەرتیشـکی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ و شـیکردنەوە لەوانەش بابەتی نووسـین و دارشـتن و گۆکردن و لادان و نیشـانەکردن و گرتنەوە و دوانەیی ڕاپۆرت و ڕەنگدانەوە و گونجان و ڕێکەوتن و لێکۆڵینەوە لە ئەرکی شیعری و دیاریکردنی وێنەی ڕەوانبێژی و تیۆری کردەی قسەیی و گرنگیدان بە وشە و واتا. . . هتد.

## ١-٥- ڕۆڵی قسەکەر و گوێگر لە شێوازدا:

ئەو کەسەی کە هۆشیار دەکرێتەوە جا لە ڕێگای شەپۆلەکانی هەواوە بێت یان لە ڕێگای نووسینەوە بێت بە هۆی دەمارەکانی هەســت بۆ مێشــک دەچێت، مێشــک ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆســەی ئاخاوتن، بەشـــی(برۆکا) بەرپرســـیارە لە بەکارهێنانی زمان و بەشـــی(فێرنیکا)ش کە بە(برۆکا) نووساوە بەرپرسیارە لە تێگەیشتنی زمانی نووسین و قسەکردن(جمعە سید یوسف: ١٩٩٠: ١٦٧).

مێشـک پاش تێگەیشـتن و لێکدانەوەی دەیەوێت هەڵوێسـتی خۆی دەرببڕێ، بۆیە ڕوو لە فەرهەنگی مێشـــکی دەکات و پێویســـتیەکانی هەڵدەبژێرێت لە وشـــەو ڕســـتە بەپێی یاســـا مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیەکان(عبدالسلام المسدی: ١٩٨٣: ٧٠) ئینجا لە ڕێگای کۆئەندامی دەمارەوە کە لە ژمارەیەکی زۆر خـانەی دەمـاری پێکدێت کە پێیـان دەگوترێت(نیۆرۆن Neoron) لە پـاڵ ژمـارەیەکی زۆر لە دەمارەکان کە مێشک و ماسولکە بزوێنەرەکانی ئاخاوتن بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لەگەڵ دەمارەکانی بزوێنەری ئەندامی ئـاخـاوتن و لەنـاو خـانە دەمـارەکـان. کـارلێک کردنەکی کیمیـاوی ڕوودەدات و ڕەوتێکی کارەبایی دروســـت دەبێت و دەمارەکانی جولانەوە بۆ ماســـولکە دەنگییەکانی ئاخاوتن دەیگوازێتەوە و ئاخاوتن ڕوودەدات یان بە نووسین دەریدەبڕێ(عبدالرحمن ایوب: ١٩٨٩: ٢٥).

هەر کاتێ وشەو ڕستە بکەوێتە دەستی(قسەکەر) ئەوا تێکەڵی هەست و سۆزی دەبێت، ژیان و ڕەوشتی مرۆڤ ئاوێتەی تۆڕێکی هەستیە بەرامبەر بە خودی خۆیی کەسان و شتی دەوروبەر(م لویس: ١٩٥٩: ١١٣) چونکە زمان ڕەنگ دانەوەی تەواوی ڕاستەوخۆی بیر نییە، وشەو ڕستە ئامێری بیرن و لە ژێر دەستی(نێنەر) دان چۆنی بەکاربێنی ئەو جۆرە واتایە دەدات، بۆ نموونە(کەسێک کە دەچێتە بەرخوێندن و دەخوێنێت) ئەم کەسە بەسێ شێوەی جیاواز ناوی لێدەنرێت و دەردەبڕێت: (قوتابی، خوێندکار، فێرخواز) هەر ڕەوتێکی سیاسی ناوێکی لێناوە، چونکە هەر یەکێک بە جۆرێک لێی تێ دەگاو پاساوی خۆی هەیەو واش تێ دەگا ئەو ڕاستە. بۆیە ناتوانین بڵێین ئەو وشانە بێ هەست بەکارهاتوون، بەڵام ئەو وشانە لە واتای هۆشەکی دا(یەکسانن) چونکە بەرامبەریەک شت دەوەستن تەنها لە واتای کاریگەریدا جیاوازن(نوال محمد عطیه: ١٩٧٧: ٤٠).

وشە سێ ئەرکی هەیە لە زمان دا:

-بە گوێرەی(نێنەر) دەبێتە(هەست دەربڕین) کە ڕەنگدانەوەی خودیەتی.

-بە گوێرەی ئەو(تەن و ڕووداو و شت) انەی کە بەرامبەری دەوەستێت دەبێت هێما.

-بە گوێرەی(وەرگر) دەبێتە(وروژاندن) چونکە کاریگەری لەسەر دەکات.

جا ئەگەر واتا لە ڕوانگەی تاکەکەسەوە سەیری بکەین دەبینین بریتییە لە لێک دانەوەیەکی تاکی و خودی گۆڕاو و هەر کەسێک بە جۆرێک بەکاری دێنێت، کەواتە هەروەک زمانەوانیی ئیتاڵی(کرۆتشە) ئاماژەی بۆ کردووە دەبێت لە لێکدانەوەی واتا کەسایەتی و هەست و سۆزی(نێنەر) بە هەند وەربگیرێت(عبدالقادر هنی: ١٩٩٧: ٢١٨).

بە باوەڕی(هۆگۆشۆخارت) زمان بەرهەمی دەروونی تاکە کەسێکە(میلکا افیتش: ١٩٩٦: ٩٥) ئەم پێناسەیە ئاماژە بۆ ڕۆڵی گرنگی کۆمەڵگا ناکات بەڵام تاڕادەیەکی زۆر لەبارە چونکە زۆر لە زمانەوان و قوتابخانە زمانەوانییەکانی وەک: (قوتابخانەی زمانەوانیی فەرەنسی) و (نموونەی

جوانی لە زمانەوانیی) و (زمانەوانیی نویێ) و (زمانەوانیی دەروونی) و (قوتابخانەی جلوســـمی) جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە دەکەن.

وەک: (شتاینتاڵ) لەو باوەڕەدایە کە زمانی تاکەکەس ڕەنگدانەوەی بیری تاکەکەسەو زمانی کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی هەستی کۆمەڵە و واتای وشە سنووردار نییە، چونکە مرۆڤ دەیبەستێتەوە بەباری دەروونی خۆی و تاقیکردنەوەکانی، وشە ناگاتە واتای ڕاستی تاکو گۆنەکریێ لە لایەن کەسێکەوە.

- مارتی(١٨٤٧-١٩١٤) لەو باوەڕەدایە کە واتای دانە زمانییەکان باری دەروونی(نێنەر)دەردەخەن.

- هرمان پۆل(١٨٤٦-١٩٢١) دەڵێت تاکە ڕاستی لە زمان دا پشتی پیێ ببەستریێ زمانی تاکە کەسە کە بەکار هێنانێکی ڕاستەوخۆی قسەکردنە.

- مۆریس گرامونت(١٨٩٥) جیاوازی نێوان کۆنســـتانتەکانی لە زمانی هیندۆئەورووپی بۆ باری دەروونی تاکە کەس گێڕاوە.

- فندریس خاوەنی(زمانەوانیی کاریگەری) لەو باوەڕە دایە کە هەموو کردەیەکی گوتن هەڵگری کاریگەرییەکی دەروونییە.

- فۆســـلێر دەڵێت: مرۆڤ خۆی گوتەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت و بەکاری دێنێت چونکە لەهەر ساتێکدا خۆی لە بارێکی دەروونی جیاوازدا دەبینێتەوە.

- بالی(١٨٦٥-١٩٤٧) دەڵێت: هەر کردەیەکی گوتن هەڵگری ســـیمایەکی کەســـی و کاریگەریە(میلکا افیتش: ١٩٩٦: ١٣١-٣٤٣).

ئاخێوەر وەیا نووســـەر تێروانین و هەڵچوونەکەی دەکاتە مەســـەلە و باس، چونکە پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان زمان و پێکهاتەی دەروونی داهێنەر هەیە، یەکیێ لە ئامانجەکانی(قســـەکەر) لە بەکارهێنانی شـــێواز، هەســـت دەربڕینە، کە(نێنەر) دەربارەی خۆی بەرامبەر بەکەس و ڕووداو دەوروبەر دەدوێت.

## ١-٦- سەرهەڵدانی شێواز:

ئەرستۆ لە پەرتووکەکەی(گوتار)دا جیاوازی نێوان شێوازی جوان و ناشیرینی کردووە و شێوازی دابەشکردووە بۆ لکاو و خولی(صلاح فضل: ١٩٩٨: ١٠٥) کە بە گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی یۆنانییەکان دادەنرێت، لەم پەرتووکەدا مەسەلەی گوتن بۆ سێ بەش دابەشکراوە:

-سەرچاوەکانی هێما.

-شێواز.

-ڕێکخستنی گوتن.

هەروەک دەبینین شـــێواز دووەم گرنگییەتی لە گوتار، چونکە بنەمایەکی ڕازیکردنە و پێی وایە ڕوونی گرنگترین ســـیمای جوانییە(شــوقی علی الزهره: ١٩٩٨: ١٥) زمانەوانە ئەوروپییەکان لە چاخی ناوەڕاســـت لە دابەشـــکردنەکانییاندا هەندێ چەمکییان وەرگرتووە(نورالدين الســـد: ١٤٢٦: ١٣١) و شێوازییان دابەشکردووە بۆ:

أ- سادە:

ساکارە لە بەکارهێنان و پشت بە زمانی ئاسایی دەبەستێت.

ب- ناوەند:

پشت بە گفتووگۆ دەبەستێت و زمان دەنەخشێنێت لە ڕێگای دەربڕینە ڕەوانبێژییە جوانەکان.

ج- وروژێنەر:

بیری قوڵ و ئەفســوونی وێنەکێشــان و ناســکی هەســتی تێدایە، هەوڵدەدات گوێگر بجووڵێنێ و هەســـتی بوروژێنێت پێکاتەیەکی وردی هەیە و بە هەموو هونەرەکانی گوتن دەق دەنەخشـــێنێت. هاتنەکایەی شـــێواز وەک زانســـتێکی ســـەربەخۆ لە ئەنجامی هەســـتکردن بە گرنگی پەرەپێدانی لێکۆڵینەوە ڕەخنەیەکان و ڕەوانبێژییەکان و زمانەوانییەکان بوو، کە پێش دەرکەوتنی ڕاســتەقینەی شـێواز لە ئارادابوون. لە ســاڵی ١٨٧٥(فون درجابلنتس) زاراوەی شـێوازی بەکارهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە شێواز بۆ لادانە زمانییەکان و ڕەوانبێژییەکان لە نووسینی ئەدەبی(فیلی ساندریس: ٢٠٠٣: ٩٧).

سـەرەتای شـێواز لە کۆندا لای زمانەوانیی سـویسـری دی سـۆسـێر سـەری هەڵدا(المسدی: ٢٠٠٦: ٢٤٤) و بواری بۆ شـارل بالی قوتابیی خۆی ڕەخسـاند، کە شـێواز بکات بە بەشـێک لە قوتابخانە زمانەوانییەکان و ببێتە ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زمان و ئەدەب(یوسف أبو العدوس: ١٤٢٧: ٣٨).

شـارل بالی(١٨٦٥ – ١٩٤٧) بانگەشـەی ئەوەی کرد، کە زانسـتی شـێواز یاسـاکۆتاییەکانی لە سـاڵی ١٩٠٢ دامەزرا و پەرتوکێکی دەرکرد لە ژێرناوی شـێوازگەری فەرەنسـی(Française stylistique) و(سـەرتاپایی لە شـێواز ١٩٠٥) کە بە بناغەی شـێوازگەری زانسـتی دادەنرێت، بەم پێیە شـێواز لە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەم دەرکەوت، بەڵام واتاکەی سـنووردار نەبوو تا سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم. لەگەڵ دەرکەوتنی لێکۆڵینەوە زمانەوانییە نوێییەکان لەسـەر ئەوە ڕێککەوتن شـێواز بکەنە زانسـتێکی سـەربەخۆ لە خزمەت شـیکردنەوەی ئەدەبی و شـیکردنەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بە پێی قوتابخانەکان(یوسف أبو العدوس: ١٤٢٧: ٣٩).

شـێواز لەگەڵ دەرکەوتنی قوتابخانەی(ج. ماروزوی) فەرەنسـی، خەریکبوو پشـتی تێبکرێت، بەڵام ساڵی ١٩٦٠ کۆنگرەیەک لە زانکۆی ئەندیانای ئەمریکا بەسترا دەربارەی شێواز و ڕۆمان جاکۆپسن وتارێکی دەربارەی زمانەوانیی و دارشـتن پێشـکەشـکرد، ئەمەش وایکرد شـێواز ببێتە خاڵی بەیەکگەیەنەری زمان و ئەدەب، شـێواز ناسـەکان سـاڵی ١٩٦٥ زیاتر دڵنیابوون کاتێک تودۆرۆف کارەکانی فۆرمالیسـتە ڕووسـییەکانی وەرگێڕا بۆ فەرەنسـی زانسـتی شـێواز زیاتر خۆی سـەپاند، تا ساڵی ١٩٦٩(ستیڤن ئۆلمان) جێگیربوونی شێوازگەری ڕاگەیاند وەک زانستێکی زمانی ڕەخنەی(سعد أبو الرضا: ١٤٢٨: ٧).

### ١-٧- شێواز وەک زانستێکی سەربەخۆ:

جولیان گریماس A. J. Greimas و جوزیف کورتیس J. Courtés وا وەسـفی شـێواز دەکەن کە بوارێکی لێکۆڵینەوەیە و دەچێتە چارچێوەی ڕەوانبێژی و نەیتوانیووە وەک زانسـتێکی سـەربەخۆ خۆی ڕێکبخات(T. Todorov et O. Ducrot: 1972: 101). هەریەک لە تزفیتان تودوروف T. Todorov و

أوســـوالد دوكر Oswald Ducrot پێیان وایە میراتگری ڕەوانبێژییە(A. J. Greimas et J. :1979: 366 Courtes) لە بەرامبەر ئەمانەدا ڕیفاتیر Michael Riffaterre پێیوایە کە ڕەوانبێژی دێرین تەگەرەیە بۆ شـــێوازگەری(Riffaterre. Essais :1971 :27). ئەم کێشـــەیە لە ئەنجامی ئەوە هـاتووە کـاتێـک شـــێوازگەری لە دەقێکی ئەدەبیدا لادانەکان دیاریدەکات بەراوردی دەکات بە ڕەوانبێژی پێوانەیی، بەم پێیە ڕەوانبێژی ئامادەبوونی خۆی لە شێوازگەری نیشانداوە وەک ڕێبازێکی ڕەخنەیی.

جۆن دێوی Jean Dubois شـــێوازگەری بە لقێک لە زمانەوانیی وەســـفی دەکات، میشـــال ئەریفی Michel arriv جەخت لەســـەر ئەم بۆچوونەی دێوی دەکاتەوە دەڵێت: شـێوازگەری وەسـفی دەقی ئەدەبی دەکات بە پێی ئەو ڕێبازەی کە لە زمانەوانیی وەریگرتووە(عبدالســـلام المســـدی: ٢٠٠٦: ٤٨) ئەمەش جێگیربوونی ڕۆڵی زمانەوانیی دەگەیەنێت لە چەمکی شێواز، ئەمە وای لە ڕومان یاکبسون Roman Jacobson کرد، لە یەکێ لە گوتـارەکـانی ســـــاڵی ١٩٦٠ لە زانکۆی ئەنـدیـانـا Indiana بە ناونیشـانی(زمان و شـیعریەت) دان بە پەیوەندی نێوان ئەدەب و زمانەوانیی بنێت(عبدالسـلام المسـدی: ٢٠٠٦: ٤٦) دوای ئەمیش جون لویس کابانیس Jean–Louis Cabanes کە زۆر بە توندی بەرگری لە پەیوەندی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و زمانەوانیی کرد و ئاماژەی بەوەکرد کە سۆسێر و فۆرمالیستە ڕوسییەکان کاریگەری زۆریان هەبووە لەسـەر ڕەخنە(جون لويس كابانيس: ٢٠٠٢: ١٠١). شێوازگەری پەیوەندییەکی بەهێزی بە قوتابخانە ڕەخنەییەکانەوە هەیە لەوانەش شـیعرییەت کە بە دارشـتن ناو دەبرێت، جۆن دێوی پێی وایە بەشـــێکە لە زمانەوانیی و لێی جیانابێتەوە(جون لويس كابانيس: ٢٠٠٢: ١٠٤). بەڵام جون کوهین Jean Cohen وای پێ باشـە شـیعر بچێتە دەرەوەی ئەدەب شـانبەشـانی ئەو هونەرانەی کە هەســـت دەوروژێنن وەک مۆســـیقا و نیگار و ئەو کەلوپەلانەی کە لە ســـروشـــت دان(كۆهين: ١٩٨٦: ٩). شـــــعرییەت کاریگەری کاری ئەدەبییە و مۆرکەکەی هەر دەمێنێتەوە بۆ ئەم مەبەســـتە تودوروف دەڵێت: کاری ئەدەبی تەنها بابەتی شـــیعریەت نییە، بەڵکو ئەوەی دەریشـــی دەبرێت تایبەتمەندی جۆری ئەم جۆرە گوتارە ئەدەبییەیە(تزفيتان ودوروف: ١٩٨٧: ٢٧).

وەرگر کانگەی شـــیعرییەتە، چەمکی شـــیعرییەت لە تۆڕێکی پەیوەندی دەق وەردەگیرێت بۆیە دەتوانین بڵێین: تایبەتمەندییەکی پەیوەندییە کە لە پێکهاتە ســـەرەتاییەکانەوە گەشـــە دەکات، هەریەکەکییان دەکەوێتە دەوروبەرێکەوە بێ ئەوەی شیعری بن، بەڵام لە دەوروبەر ئەم پەیوەندییە دروســـت دەبێت لەگەڵ جولانەوەی لەگەڵ پێکهاتەکانی تر کە ســـیمایەکی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێتە بکەری خولقێنەری شـیعرییەت(کمال أبو دیب: ١٩٨٧: ١٤) لێرەوە نووســـەر و شـاعیر پەنا بۆ فەرهەنگی خۆیان دەبەن بە یارمەتی ڕێزمان گیان بەبەر زمانی شـــیعری دا دەکەن، بەم پێیە شـــیعرییەت بەند دەبێت بە فەرهەنگ و ڕێزمان، چونکە ڕێزمان بەشـــداری دارشـــتنی فەرهەنگی نووسەر دەکات و لە قسەی ئاسایی جیای دەکاتەوە(خلیل الموسی: ١٩٩١: ١٠٠) و نزیک دەبینەوە لە لادان، کە زمانی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ زمانی ئەدەب، چونکە لادان ڕێگای شاعیرە بۆ گۆڕینی زمانی بەکارهاتوو بۆ زمانی شیعر(محمد عبد المطلب: ١٩٩٥: ٣١) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی یاکۆپسن کە گرنگی بە شـــیعرییەت دا تاکو پەیام ببێتە ئامانج، چونکە کاری هونەری واتایە(محمد عبدالطلب: ١٩٩٥: ٣١) شـــیعرییەت بە پێچەوانەی کردە جۆرییەکان هەوڵنادات بۆ ناونانی واتا، بەڵکو بۆ زانینی یاساگشتییەکان و لە دایکبوونی هەموو زانستێک هەوڵدەدات و ڕێکی دەخات، بە پێچەوانەی زانستی دەروونناســـی و کۆمەڵناســـی، کە لەناو ئەدەبدا بە دوای ئەم یاســـایانەدا دەگەڕێن(تزفیتان تودوروف: ١٩٨٧: ٢٣).

شێواز گرنگی دەدات بە ڕۆڵی خوێنەر میکائیل ڕیفاتیر پێی وایە هەر دەقێک کاردانەوە لای خوێنەر دروســـتبکـات ئەوە دەبێتە بـابەتی شـــێواز(M. Riffaterre: 1971: 182). هەروەهـا فرانســـوا ڕاســـتییرFrançois Rastier پێی وایە خوێنەر کۆڵەگەی تیۆری خوێندنەوەیە ئەمەش داننانە بە گرنگی خوێنەر کاتێک بەرهەمێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە و بانگێشـــەیەکیشـــە بۆ هاوبەشـــی پێکردنی لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی (François Rastier: 1972: 35) لێرەشدا مەسەلەی کاریگەری

و کاریگەری لەســـــەر لە دەقی ئەدەبی دێتە ئاراوە لە ڕێگای تیۆری گەیاندن، هەر بۆیەش ڕامان سلدان ڕۆڵی پەیامی و خوێنەری بەرز دەنرخێنی بۆ کردنەوەی کۆد(رامان سلدان: ١٩٩٨: ١٨١).

چومســـــکی Noam Chomsky لە ڕێگای تیۆرەکەی ڕێزمـانی بەرهەمهێنـان و گوێزانەوە ئامێری شــیکردنەوەی شــێوازی پێشــکەشــکرد، کە لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان داهێنان لای نووســەر و داهێنـانی بیری لای وەرگر دەکات(جون لاینز: ١٩٩٥: ٣٤). داهێنـان لای وەرگر بەردەوام دەبێت بە داهێنان لای نووســەر و شــاعیر. هەر بۆیەش پێویســتە وەرگر زانیاری و ڕۆشــنبیری پێویســتی پێبدرێت دەربارەی ئەو بوارەی کە دەیەوێت بیخوێنێتەوە. بە واتایەکی تر دیاریدەی بنچینەیی هەن لە ڕۆنانی زمان و واتا پێویســتیان بە ڕونکردنەوە هەیە لە ڕێگای بەســتنەوەی شــیعر و زمان و فەلســەفە و ئاین(مصــطفی ناصــف: ١٩٨١: ١٦٧) لێرەشـــەوە جەخت لەســـەر خوێندنەوەی بەئاگایی دەکرێت بۆ پێکهێنـانی تێروانینێکی نوێ، کە لای خوێنەر دوای هەر خوێندنەوەیەک دەدۆزرێتەوە، لەگەڵ زۆری خوێندنەوە خوێنەر وزەیەکی زۆری شـــیکردنەوە بەدەســـت دێنێت، کە پێشـــتر لای نەبووە هەروەک لیونارد بلومفیڵد Leonard Bloomfield دەڵێت: بۆ ئەوەی بتوانین واتای دانەیەکی زمانی دیاربکەین بە وردی و زانســـتی پێویســـتە زانیاری زانســـتی تەواومان دەربارەی جیهانی قسەکەر هەبێت(سالم شاكر: ١٩٩٢: ٢٧).

شـــێواز گرنگی بە دەوروبەری زمـانی دەدات، تـاکو واتـای تەواو وەربگرێت، چونکە دەوروبەر مەبەســتی وشـــەی بەکارهاتوومان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بۆ وروژاندنە یان بابەتییە، وەک زوربەی وشـــەکانی وەک: ئازادی و ســـەربەســـتی و یەکســـانی. . . هتد(احمد حســانی: ١٩٩٤: ١٥٦). هەروەک بڵۆمفیلد دەڵێت: واتـا ئەو دەوروبەرەیە کە کـاردانەوە و ڕەوشـــتی و زمـانییەکـانی قســـەکەر ڕووندەکاتەوە(احمد حســـــانی: ١٩٩٤: ٣١) ئەم بۆچوونە زیاتر لای أندری مارتینی Martinet Andr چەسپاوە کە دەڵێت: دوور لە دەوروبەر وشە واتای نییە(احمد حسانی: ١٩٩٤: ٣١) بول جون ئەنتوان مییی Paul Jules Antoine Meillet ڕووییەکی ئـامـاری دا بە دەوروبەر کـاتێک جەختیکردەوە، کە

وشـــه به تێکرای واتای بەکارهێنانەکانی لێکدەدرێتەوە ئەمەش گەورەترین بانگێشـــەی لودویگ فیتگنشتاین Ludwig Wittgenstein بوو کە دەیگوت واتا بریتییە لە بەکارهێنان(مصطفی ناصف: ١٩٨١: ١٦٧) بەمەش شێواز دەبێتە بەکارهێنان، چونکە زمان کۆمەڵێک بارگەی دوورە پەرێزن شێواز دەبێتە هۆی کارلێکردنییان(عبدالسـلام المسـدی: ١٩٨٣: ٤٤) وشـــە بە تەنها دوورە پەرێزە ناتوانێت واتاکەی خۆی بـدات بەمەش واتـا فەرهەنگییەکەی کراوە دەبێـت بۆ هەر لێکـدانەوەیەک، بەڵام لە کـاتی بەکارهێنانی لە ڕستە و دەق هەندێ واتای ون دەکات نزیک دەبێتەوە لە واتای مەبەست.

### ١-٨- بنەماکانی شێواز:

### ١-٨-١- هەڵبژاردن:

شـــێواز ئەو بەرگە ڕازاوەیە کە بە بیردا دەکرێت(محمد معروف فتاح: ٢٠١٠: ٨٧) بۆ ئەم ڕازانەوەش دەبێت هەڵبژاردن بۆ ئەو جلوبەرگە بکرێت کە بریتین لە وشـــە و زاراوە و ڕســـتە و چۆنییەتی دارشـتنیان، سـەرەتای هەڵبژاردن لەناو ئەو کۆمەڵە وشـەی ڕێکخراوانە دەکرێت کە بە شـێوەیەکی سـتوونی نووسـەر لە گەنجینەی فەرهەنگی یەکێک لە دەربڕینە هاوشـانەکاندا هەڵدەبژێرێت، چونکە داهێنەر بۆی هەیە وشەیەک بە وشەیەکی تر بگۆڕێتەوە.

هەڵبژاردن گرنگترین بنەمای زانستی شێوازە، چونکە شیکردنەوەی شێوازی لای داهێنەر بەندە بەم بنەمایەوە، داهێنەر کە وشەیەک لە ناو وشە هاوواتاکان هەڵدەبژێرت ئەم هەڵبژادنەش بێی دەوترێت گۆڕینەوە بە وشەیەک کە گونجاوە لەگەڵ دەوروبەر و بار(عبدالسلام المسدی: ٢٠٠٦: ١٣٤).

زمانی دەقی ئەدەبی زمانێکی تایبەتە و نووسـەر یان شـاعیر وشـەکانی لە نێو فەرهەنگێکی گەورەی زمان هەڵدەبژێرێت، تاکو بتوانێت پەیامێک ئامادەبکات کاریگەری خۆی هەبێت، کەواتە دەقی ئەدەبی زمـانێکی هەڵبژێردراوە بە وردی و بە ئـاگـایی، هەروەک چۆمســـکی دەڵێت ڕســـتە لە ڕێگـای زنجیرەیەک هەڵبژاردنی وشە پێکدێت لە ناو ڕستەدا، چۆمسکی خاوەنی تیۆری ڕێزمانیگوێزانەوەیە

که ڕێگا دەدات بە بەرهەمهێنانی ڕستە تا نووسەر و شاعیر هەڵیکی هەڵبژاردنی وشەکان و گۆرینەوەی شێوازەکان وەرگرن بۆ بەکاهێنانی زمان(جون لاینز: ١٩٩٥: ١٧).

هەڵبژاردن سێ جۆرە:

- هەڵبژاردنی دەنگ: وەک ئاوازە و هێز و وەستان و میلۆدی.

- هەڵبژاردنی وشە: بەپێی کێڵگەکان دەبێت وەک کێڵگەکانی: ڕەنگ و ئەندامانی جەستە، ڕووەک، سیفات، ئاژەڵ، ژیان و مردن، فەلەکناسی، نامۆیی، کات و شوێن،

- هەڵبژاردنی ڕستە:

ڕستەکانی داخوازی، پرسیار و بانگکردن و. . . . هتد.

**١-٨-٢- لادان:**

بنەمایەکی گرنگی تری شێوازە کە دەرچوونە لە یاسا باوەکانی بەکارهێنانی زمان. ئینکفست وا پێناسەی لادان دەکات دەڵێت: مەبەستمان لە زاراوەی لادان جیاوازی نێوان دەق و یاسای ڕێزمانی گشتی زمانە بەمەش لادان دەبێتە نارێزمانی و نائاسایی(برنرد شبلنرن: ١٩٧٨: ٧٩). فۆرمالیستەکان و ڕەخنەگرەکان پێیان وایە ئەدەب لادانە لە یاسای زمان، کە زوربەی شێوازگەرە نوێییەکان لێی نارازیبوون لەوانەش ساندل Sandel کە هەمان بیرۆکەی بیزلی Paisely ١٩٦٩ هەیە کە دەڵێت: ئەستەمە ڕازیبین بەوەی کە شێواز ڕێگای نائاسایی بەکارهێنانە(Paisloy. W: 1969: 11). لادان دوو جۆرە: لادانی ڕۆنانی و لادانی گۆڕینەوە، وەک: پێشخستن و دواخستن و لابردن و تێلنیشان. . . . هتد.

**١-٨-٣- دارشتن:**

بیر بە تەنها ناتوانێت گوزارشت لە واتا بکات، دەبێت زمانێک هەبێت و لە ڕێگای کەرستەکانییەوە ئەو بیرە بە شێوازێکی گونجاو دەربرێت، ئەمەش بە زۆری بە خوازە دەکرێت، خوازەش بەرگی بیرە شێوازیش چنین و دوورینی ئەو جل و بەرگەیە، شێواز پێویستی بە وشەی بەهێز و سۆزاوی

هەیە و دەبێت لە شـــوێنی خۆی دابنرێت، دەبێت وشـــەکان لە بەرزی و نزمی لەگەڵ وشـــەکانی دەوروبەری خۆیدا بگونجێت، شـــێواز لەژێر کاریگەری کەســـێتی و دەوروبەر و ڕۆشـــنبیری و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، لکاندنی وشـــەکان بەیەکترەوە و ڕێزکردنیان هەندێکجار بە شـــێوەیەکی ڕێزمانییە و هەندێ جاریتر پێویستە دەستکاری بکرێت، هەر نووسەرێک ڕێگایەکی تایبەتی هەیە بۆ بەکارهێنانی وشـــە و ڕۆنانی ڕســـتە، پێویســـتە نووســـەر ئەرکێکی زۆر ببینێت بۆ چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان(طه وادی: ١٩٨٩: ٢٥)، کەواتە شێواز ڕێگا و هونەری گوتنە لە ڕێگای:

- وشە: درێژی و واتا و جۆری دەگرێتەوە.

- ڕستە: ڕۆنان و بەستنەوە و درێژی و جۆر و ترپەی دەگرێتەوە.

شـاعیران مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ وشـە دەکەن و بەشـێوەیەکی ئاسـایی بەکاری ناهێنن، بەڵکو بە جۆرێک بەکاری دێنن، کە جۆرە ئەفســـونێک ببەخشـــن. شـــاعیر جۆرە ئازادییەکی هەیە هەروەک دەڵێن: ئەوەی بۆشاعیر ڕێپێدراوە بۆ کەسێکی تر ڕێپێنەدراوە.

### ١-٩- ستراتیژییەتی شێواز:

شێواز بەندە بە چەند ستراتیژییەتێکەوە، ئەوانیش بریتیین لە:

### ١-٩-١- ستراتیژییەتی دینامیکی دەروونی:

ئاخاوتن لەگەڵ دەروون و ویژدان و ئەقلی بەرامبەر دەکرێت، چ بە زمان بێت، یان بە وێنە ڕەفتاری زمانی تاکـــەکـــان جیاوازییەکـــی زۆری هەیە بەرامبەر بە شت و چەمکـــەکـــان، کـــاردانەوەی تاک سەبارەت بەو واتایەی، کـــە دەیبینێت گونجاوە لەگەڵ ئەو واتایەی، کـــە دەیبینێت بۆ ئەو چەمکـــ و شتە، هەر لەمەشە جیاوازی لە ڕەفتاری دەربڕین لای تاکـەکان بەدیدەکرێت، چونکـە هەموو تاکێک گریمانەی ئەوە دەکـات، کـە ئەوەی دەیبینێت ڕاستی شت و بابەت و ڕووداوەکـانە(عبدالواحد موشیر دزەیی: ٢٠١٣: ٤٣).

لە ڕاستیدا ئەم واتایانە ڕەنگدانەوەی خودی ڕاستی شتەکــە نییە، ئەوەی تاکــ دەیبینێت شتێکــە و واقیعی دەرەوەش شتێکــی ترە و زۆر جیاوازە لەوەی درکــی پێکــراوە، هەربۆیەش دەربڕینەکــانە جیاوازن لەگەڵ واقیع و وەکـ ئەو پەیکــەرە وایە، کــە کــەسایەتییەکـ دەنوێنێت، بیگومان پەیکــەرەکــە جیاوازییەکــی زۆری هەیە لەگەڵ خودی کــەسەکــە، ڕاستە ئاماژەیە بۆ کــەسەکــە، بەڵام لە هەموو ڕوویەکـ و وردەکــارییەکــەوە تەواو هاوشان و وەکــیەک نین. لە ژیانی ڕۆژانەشماندا زۆر دەربڕین هەن گوزارشت لە ڕاستی واتاکەی ناکات وەک: کچێکی جوانە.

گوزارشت لە جوانی کچێکی دیاریکــراو ناکــات، بەڵکــو گوزارشت لە بارودۆخی ئەو کــەسەکــە دەکات، کە هەستی پێدەکات و تەنها دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەکـ بۆ کەسێکی تر.

ئۆگدن و ڕیچاردس(Ogden & Richards) دەڵێت: ئەو دەربڕینەی، کــە کــەسێکــ بەکــاریدەهێنێت هەڵگری واتایەکــی تاکــەکــەسی دیاریکــراوە و جیاوازی واتایی هەیە لەگەڵ کــەسێکــی تر، چونکــە ڕەنگدانی بارودۆخی خودی خۆیەتی نەکـ کــەسێکــی تر. واتای دەروونی. ئەو واتایە دەگرێتەوە کــە خودی قسەکــەر پێیداوە، واتە واتایەکــی دەروونی خودییە و پەیوەستە بە ئاخێوەر وەکــ پیاو: + ئازایەتی + ڕاستگۆیی +. . . هتد، کــە واتایەکــی گشتی نییە و بەکــارهێنانی باوی لەناو کــۆمەڵگادا نییە، ئەم واتایە بەزەقی لە قسەی ئاسایی تاکــەکــان و نووسینی نووسەرەکــان و شیعری شاعیران. . . هتد. هەستی پێدەکرێت(نوال محمد عطیە: ١٩٧٥: ٧٦).

واتای دەروونی دوو بنەمای گرنگی تێدایە، کە بریتین لە بنەمای ســـۆز و بنەمای بەها کە(ماوەر) Mowrer بە بنەمای وێنەی بەهـا دایدەنێت کە پێکهاتووە لە چەند هەســـتێکی مەرجدار، واتـای ئاماژە (Denotative)ی بە وێنەی ڕاســتی دانا، پێی وایە وشــە واتای گشــتی و تایبەتی هەیە جا بۆ ئەوەی تێگەیشــتن بێتە ئاراوە جیاوازی واتایی وشــەکان فەرامۆش دەکەن و جەخت لەســـەر واتا هاوبەشەکان دەکەن سەرکەوتنی پرۆسەی تێگەیشتن.

وشـــەکان لە ڕووی واتای دەروونیدا جیاوازن بە واتای هەندی شـــت و کەس و ڕووداو. . . هتد. دڵخۆش و ئـاســـوودەین و بە هەنـدێکی تر نـارەحەت و دڵتەنـگ دەبین، ئەم واتـایـانەش هەموو بەســتراونەتەوە بە ئەزموونی کەســی تاک، واتای دەروونی جێگای بایەخی زمانەوانیی دەروونییە، بۆ ئەم مەبەسـتە توێژەران بە پێوانێکی فیزیکی کاردانەوەی ئەم واتایانەیان پێواوە، بێگومان لەکاتی بیستنی وشەیەکی هەڵچووناوی بەرز(Hig arousal words) و بێزکەرەوەی وەک(دەستدرێژی) زیاتر جەســـتەی عەرەق دەکات و پێســـتی کەمتر بەرگری هەیە بۆ تەزووی کارەبا( Galvanic Skin Resistance) بەڵام کاتێک گوێبستی هەندێ وشەی تاڕادەیەک بێلایەن بوو وەک وشەی(سپی، دەریا) لەواتای هەندێ وشـە هەسـتی بە ئاسـوودەیی کرد، ئەوا عەرەق کەمدەکات و پێسـتی زیاتر بەرگری تەزووی کارەبا دەکات، لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە ڕێژەیەکی بەرچاو لە تەنگژەی ماسـولکەیی یارمەتیدەرە بۆ خێرایی لەبەرکردن(جلال شمس الدین: ٢٠٠٣: ١٠٢).

**١-٩-٢- ستراتیژیی کەلتووری و کۆمەڵایەتی:**

نێنەر ئاخـاوتن لەگەڵ وەرگر دەکات بە پێی داب و نەریت و کەلتووری وەرگر، زمـان بەرهەمی کەلتووری میللەتە و هۆیەکە بۆ گواسـتنەوەی شـارسـتانییەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بەم پێیە گۆڕان لە شـــــارســـتـانییەت گۆڕان لە زمـان دێنێتە ئـاراوە. تیۆرە ڕەفتـارییەکـان و ئەنپرۆپۆلۆجییەکـان جەخـت لەوە دەکەنەوە ئەوانەی زمـانێکی هـاوبەش قســـەدەکەن ئەوا کەلتووریشـیان هاوبەشـە، هەروەها لە ڕووی مێژوو و ئابووری و سـیاسـییەوە هاوبەشـن. ئەمەش وادەکات لە زۆر داب و نەریت و بۆنە و ڕەفتـار و هەڵســـوکەوت هـاوبەش بن. کەلتووری هەر نەتەوەیەک بە باش و خراپ لە زمانی نەتەوەکەدا ڕەنگدەداتەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئەو نەتەوە جیاوازانەی وەک: نیوزلەندا و بەریتانیا و ئێرلەندا و ئوسترالیا و ئەمریکا. . . هتد، کە بە یەک زمان قســـە دەکەن ئەویش زمانی ئینگلیزییە ئەوا لە ڕووی کەلتوورییەوە هاوبەش بن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە ڕووی مێژوو و لایەنی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافیدا جیاوازن.

ئەو پەیوەندییەی نێوان زمان و کەلتوور لەسەر بنەمایەکی دینامیکی کارلێکردن دامەزراوە و پشت بە کارتێکەر و کارتێکراو دەبەستێت. بەمەش کاریگەری دەکاتە سەر واتا. ئەگەر بێتو سەیری زمانی کوردی پارچەکانی کوردستان بکەین، ئەم جیاوازییەمان بۆ دەردەکەوێت(عبدالواحد موشیر دزەیی، زمانەوانیی گشتی: ٢٠٢١: ١٢٦).

## ١—٩-٣- ستراتیژیی بنیاتی واتا:

هەوڵدەدرێت واتا و چەمکی نوێی لە بەرامبەر برۆیندرێت ئەم جۆرەی واتا دەچێتە خانەی واتای بارکراو، کە بە پێی کەس و کات و کۆمەڵگا دەگۆڕێت و تێکەڵی هەست و سۆز و بۆچوونی قسەکەرە(عبدالواحد موشیر دزەیی، واتاسازی وشە و ڕستە: ٢٠١٤: ٢١). و(سنوورێکی دیاری کراو و داخراوی نییە، بەڵکو جەمسەرەکانی کراوەیە و هەمیشە لە زۆر بوندایە وەک چۆن زانیاری و بیر و باوەڕ بەرامبەر دنیا جەمسەرەکانی کراوەتەوە(محمد مەعروف فتاح: ١٩٩٠: ١٥٩) هەر لەبەر ئەمەشە پەیوەندی بە فەرهەنگەوە نییە و تەنها ئەوەیە کۆمەڵ بڕیاری لە سەر داوە و واتای تری لێ بار کردووە، بۆ نموونە لە واتای هۆشەکی(پیاو) سەرباری سێ سیماکە(+ مرۆڤ + نێر – هەراش) واتای تر نابەخشێت، کەچی لە ناوەسفیدا(پیاو) جگە لەم سێ سیمایە واتای ڕاستگۆیی و هەڵۆسکەوتی شیاو و خاوەن هەڵوێست. . . هتد. لێ بارکراوە، هەربۆیەش، کە دەڵێن: (فلان پیاو نییە) مەبەست ئەوەیە ئەم ئەدگارانەی سەرەوەی تیا نییە، ئەمەش دەشێ بە پێی جۆری کۆمەڵگا و کەسەکان بگۆڕێت و ئەم واتایە نەبەخشێت. کەواتە واتای بارکراو جۆرەکانی واتای(ڕاگەیاندن، شێوازی، ڕەنگدانەوە و کاریگەری هاوڕێیەتی) ئەگرێتەوە، کە یەک ڕەفتاریان هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەتوانێت ژمارەیەکی بێ سنوور واتا بدات بە پێی ئەو بارەی تێیدا دەبێت، بەم پێیە هەموو ئەو واتایانە دەگرێتەوە، کە زیادە دەخرێتە سەر واتا هۆشەکیەکە ئەمەش لە گۆڕاندایە بەپێی کات و کۆمەڵگا و سەردەم، ئەم جۆرە واتایە لە فەرهەنگدا تۆمار ناکرێ، چونکە بگۆرە و کۆتایی نییە و

ســــیمای جیاکەرەوەی نییە. ئەم جۆرە واتایە چەند تایبەتیەکی هەیە: هەندێ جار تێکەڵ دەبێت لەگەڵ واتا هۆشـەکیەکە، لە گۆڕانی بەردەوام دایە، چونکە پێش دەکەوێت، کۆتاییەکی کراوەی هەیە، پلەی پێوانەیی هەیە کەمتر زیاتر(سالم سليمان الخماش: ١٤٢٨: ٥٧). واتایی بارکراو دوو جۆرە:

### ١-٩-٣-١- واتایی بارکراوی کۆمەڵایەتی:

بەشـێکی زۆری جەماوەری(قســەکەر) بەشـدارن لە ڕەنگدانەوەی واتای کاریگەریەکانی ئەم جۆرە واتایە کە پەیوەستە بە تاقیکردنەوەی(قسـەکەر) ان و تاڕادەیەکیش ڕێکەوتنی کۆمەڵی لەسـەرە و لە سنووری کۆمەڵگا یان نەتەوە کاردەکات(جوزيف شريم: ١٩٨٢: ٧٢) بۆ نموونە شومی ژمارە(سێزدە) یان(کوندەبەبوو).

### ١-٩-٣-٢- واتایی بارکراوی خودی:

مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی دا بەردەوام ڕووبەڕووی زۆر وشــــە و دەســــتەواژە دەبێت، کە هەندێ جار پێی خۆشـە و هەندێ جاریش پێی ناخۆشـە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕەنگدانەوەی، کە وشـەکە هەیەتی لەبەر هۆی کەســی(مگدوگل) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ژیانی مرۆڤ و ڕەوشــتی ئاوێتەی تۆرێکی هەستیە بەرامبەر بە خودی خۆی و کەسانی ترو شت و شوێن و یان بیرێک کە گوێی لێ بووە یان خوێندوویەتی هەر بۆیەش لێکدانەوە و دەربڕینی جیاواز دروســــت دەبێت(م. م. لويس: ١٩٥٩: ١١٣).

واتایی بارکراوی خودی ناکەوێتە بە(راسـتی و ناڕاسـتی) چونکە بۆچوونێکی کەسـییە و مەرج نییە ڕێکەوتنی کەسـانێکی تری لەســەر بێ بۆ نموونە: چاوان لە ئاوان جوانترە، لەوانەیە لای کەسـێکی تر(ئـاوان) جوانتربێت، کەواتە واتـای کـاریگەری خودی، واتـایەکە پەیوەســــتە بە بـاری دەروونی کەسی(قسەکەر) ئەم جۆرە واتایە گرنگییەکی زۆری لە بواری لێکۆڵینەوە دەروونییەکان هەیە کاتێک وەک(وروژێنەر)ێک بەکاردەهێنرێت بۆزانین هەست و هەڵوێستی(گوێگر) یان بۆ دیارخستنی تاوان.

### ١-٩-٤- ستراتیژیی ڕازیکردن:

ستراتیژییەتی ڕازیکردن پشت بە سەرنج ڕاکێشان دەبەستێت، سەرنج ڕاکێشانیش چەند جۆرێکە:

### ١-٩-٤-١- سەرنجراکێشانی سۆزداری:

بۆ شەرعیەتدان بە قسەکانی خۆی نووسەر یان قسەکەر شێوازی سۆزداری بەکاردێنێت، تا بیری وەرگر بێهێز بکات ئەقڵ و هۆش و هەست و سۆزی کۆنترۆڵ بکات لە ڕێگای وشە و ڕستە. ئەم سەرنجڕاکێشانە پشت بە ڕەوانبێژی دەبەستێت ڕەوانبێژییە کە هەست و سۆز دەدوێنێت. ئامانج لەم جۆرەی کاریگەری دەروونی ڕاکێشانی سۆزی وەرگرە بۆ ئەم مەبەستە پێداویستییە دەروونییەکان و کۆمەڵایەتییەکان دەوروژێنێت بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی قسەکەر(عبدالواحد موشیر دزەیی، ڕازیکردنی خێرا: ٢٠١٣: ٤٥) وەیا نووسەر و خاوەن گوتار لە ڕێگای چەند تەکنیکێکەوە گرنگترینیان تەکنیکی هونەرەکانی ڕەوانبێژییە وەک: خوازە و خواستن و لێکچواندن و درکە و پرسیاری ڕەوانبێژی و. . . هتد. هەموو ئەوانە بیرو بۆچوونی قسەکەر بەرجەستە دەکەن و تەزووی هەستی خوێنەر و گوێری پێ دەوروژێنن. سەرەڕای هونەرەکانی ڕەوانبێژی دیسان وشە بیقەدار و بارگاوی و ڕازاوەکان کاریگەری خۆی هەیە وەک: وشەکانی ئازدی و یەکسانی و مافی مرۆڤ و خوێنی شەهیدان و باوکی هەژاران و. . . هتد کاریگەری سۆزاداریان هەیە لەسەر وەرگر دیسانەوە هەندێ وشەی وەک بانگێشەی دەکات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات قسەکەر باوەڕی بە بۆچوونەکە نییە. تەکنیکێکیتری بزواندنی هەست و وروژاندنی خوێنەر خۆگونجاندنە لەگەڵ خوێنەر، چونکە مرۆڤ قەوارەیەکی دەروونییە و هەوڵدەدات هەردەم لە هەوڵی خۆگونجاندنە لەگەڵ هەڵویست و بیروڕا کە لەگەڵ کەسایەتی و پێکهاتەی دەروونی دەگونجێت، یەکێ لە تایبەتییەکانی دەروونی مرۆڤ حەز بە نزیکبوونەوە لەو کەسانە دەکات، کە لە ڕووی ڕەنگ و ڕەگەز و ئارەزوو و کەسایەتی. . . هتد. لەوەوە نزیکن یان لێکدەچن. بەو هەستەی کە لە لێکچوون مرۆڤ هەست بە ئاسوودەی دەکات. وریایی زۆری ناوێت و بە شێوەیەکی بێویست توانای شیکردنەوە و لێکدانەوەی

لۆجیکی لەکار دەخەین، قســەکەر ئەم تایبەتمەندییە بۆ مەرامی خۆی بەکاردێنێت، بۆ ئەم مەبەســتە چەندین هەنگاوی ناوە تا گەیشــتۆتە زانیاری وەک: شــوێنی لە دایکبوونی و ئارەزووەکانی، . . . هتد. دواتر قســە لەســەر ئەم تەوەرانە دەکات و وا لە بەرامبەر دەگەیەنێت خەڵکی یەک شــوێنن و هەمـان ئـارەزوویـان هەیە و لەیەک نزیکن بەمەش بەرامبەرەکەی بڕوای پێدەکات و لە ڕووی هۆشەوە خاودەبێتەوە و ڕێگا خۆشدەبێت بۆ ڕازیکردن و فریودانی.

ئامانج لەم جۆرەی ڕاکێشــــان ڕاکێشــــانی ســــۆزی وەرگرە و پێداویســــتییە دەروونییەکان و کۆمەڵایەتییەکان دەوروژێنێت بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی قسـەکەر وەیا نووسـەر و خاوەن گوتار لە ڕێگای چەند تەکنیکێکەوە(عبداواحد موشیر دزەیی، ڕازیکردنی خێرا: ٢٠١٣: ٤٤).

- بەکارهێنانی دروشم و سیمبول:

دروشـم و ڕەمز تایبەتمەندی ئەوەی تیایە کە پرۆســەی بیرکردنەوە سـادە بکەن و بڕیاری کۆتایی پێ وەربگرن و ئامانجی قسەکەر بەدەستبێنن لە ڕێگای چەند دەربڕینێکی کورت بە هەمان شێوەش ســوود وەرگرتن لە گوتنی هەندێ ســیمبولی ســیاســی و ئاینی و کۆمەڵایەتی بۆ بەلارێدابردنی وەرگر، چونکە سیمبولەکان جەماوەری خۆیان هەیە جێگای متمانەن.

+ بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی:

خوازە و خاوســتن و لێکچواندن و درکە و پرســیاری ڕەوانبێژی و. . . هتد. هەموو ئەوانە بیرو بۆچوونی قسەکەر بەرجەستە دەکەن و تەزووی هەستی خوێنەر و گوێری پێ دەوروژێنن.

+بەکارهێنانی وشەی بارگاوی و بریقەدار:

وشــەکانی ئازدی و یەکســانی و مافی مرۆڤ و خوێنی شــەهیدان و باوکی هەژاران و. . . هتد کاریگەری سۆزاداریان هەیە لەسەر وەرگر دیسانەوە هەندێ وشەی وەک بانگێشەی دەکات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات قسەکەر باوەڕی بە بۆچوونەکە نییە.

+ پشت بەستن بە سەرچاوە و کتابی پیرۆز:

هێنانەوەی قسەی ناودار و ئایەتی قورئانی و فەرموودەی پێغەمبەر و. . . . هتد.

+جەختکردن بە دووبارەکردنەوە:

دووبارەکردنەوەی وشەیەک زۆر وەک: برایەتی، تەبایی، . . . . هتد.

+بەکارهێنانی هەست و سۆزی زۆرینە:

زێدەڕۆییکردن بەوەی کە زۆرینەی خەڵک لەگەڵیدان.

+زەقکردنەوەی لایەنی لێکچوون لەگەڵ بەرامبەر:

مرۆڤ قەوارەیەکی دەروونییە و هەوڵدەدات هەردەم لە هەوڵی خۆگونجاندنە لەگەڵ هەڵوێسـت و بیروڕا کە لەگەڵ کەسـایەتی و پێکهاتەی دەروونی دەگونجێت یەکێ لە تایبەتییەکانی دەروونی مۆرڤ حەز بە نزیکبوونەوە لەو کەسـانە دەکات کە لە ڕووی ڕەنگ و ڕەگەز و ئارەزوو و کەسـایەتی. . . هتد لەوەوە نزیکن یان لێکدەچن. بەو هەسـتەی کە لە لێکچوون مرۆڤ هەسـت بە ئاسوودەی دەکات. وریایی زۆری ناوێت و بە شێوەیەکی بێویست توانای شیکردنەوە و لێکدانەوەی لۆجیکی لەکار دەخەین، قسـەکەر ئەم تایبەتمەندییە بۆ مەرامی خۆی بەکاردێنێت، بۆ ئەم مەبەسـتە چەندین هەنگاوی ناوە تا گەیشـتۆتە زانیاری وەک: شـوێنی لە دایکبوونی و ئارەزووەکانی، . . . هتد. دواتر قسـە لەسـەر ئەم تەورانە دەکات و وا لە بەرامبەر دەگەیەنێت خەڵکی یەک شـوێنن و هەمان ئارەزوویان هەیە و لەیەک نزیکن بەمەش بەرامبەرەکەی بڕوای پێدەکات و لە ڕووی هۆشـەوە خاودەبێتەوە و ڕێگا خۆشـدەبێت بۆ ڕازیکردن و فریودانی دروشـم: کورتکردنەوەی بیرۆکە دەگرێتەوە وەک: جیهان بچووک دەکەینەوە.

+ پێشکەشکردنی نیشانە: بەکارهێنانی نیشانەی(قەدەغە) بۆ جگەرە نەکێشان.

+ شـێوازی زمان: کە تیایدا هونەکانی ڕەوانبێژی وەک: خوازە و خواسـتن و لێکچواندن. . . . هتد. بەکاردەهێنێت و بەکارهێنانی وشەی بارگاوی و ڕەنگکراو. . . . هتد.

+ ئاماژەکردن بۆ ســـــەرچاوە: وەک پێدانی ســــەرچاوەی هەواڵ، کە زیاتر هەواڵ و پەیام دەخاتە خانەی ڕاستییەوە(عبدالواحد موشیر دزەیی، ڕازیکردنی خێرا: ٢٠١٣: ٤٤).

**١-٩-٤-٢- سەرنج ڕاکێشانی ئەقڵی:**

ئەقڵ قســـەدەکات، کاریگەری ڕاکێشـــان بە پێی دواندنی ئەقڵەکان و جۆری بیرکردنەوەکان دەبێت وەک ئەقڵی ســـەرەتایی و ســـۆزداری و لۆجیکی. ســـتراتیجییەتەکانی بریتین لە دژایەتی نەکردنی وەرگر و زیادەڕۆیی نەکردن و ســـوکایەتی پێنەکردن و وروژاندنی ناراســـتەوخۆی پێداویســـتی وەرگر، لەم جۆرەدا پەیام ئاڕاستەی بیروهۆشی دەکرێت بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە بەڵگە و ســـەلماندن و بڕیاری لۆجیکی لەگەڵ بەدرۆخســـتنەوەی بیروڕا دژەکان و خســـتنەرووی کەموکوڕییەکانی نیشـانە، لەم دواندنەی ئەقڵدا پێویسـتیمان بە زمانی ژمارە و سـەرژمێری و ڕێژە دەبێت، کە زۆر کاریگەرییان لەســـەر قســـەکەر هەیە و ســـەرەڕای ئەمانەش ئاماژە بۆ ڕووداوی واقیعی دیاربکرێت بۆ شەرعیەت دان بە قسەکانی قسەکر بە ڕادەیەک هەست و سۆز و ئەرگۆمێنت و هەڕەشە بەکاردێنێت تا بیری وەگر بێهێز بکات ئەقڵ و هۆش و هەست و سۆزی کۆنترۆڵ بکات لە ڕێگای وشە و ڕستە. ئەم سەرنجڕاکێشانە ئەقڵ دەدوێنێت(عبدالواحد موشیر دزەیی، ڕازیکردنی خێرا: ٢٠١٣: ٤٢) کاریگەری ڕاکێشـــان بە پێی دواندنی ئەقڵەکان و جۆری بیرکردنەوەکان دەبێت وەک ئەقڵی سـەرەتایی و سـۆزداری و لۆجیکی. ستراتیجییەتەکانی بریتین لە دژایەتی نەکردنی وەرگر و زیادەڕۆیی نەکردن و سوکایەتی پێنەکردن و وروژاندنی ناراستەوخۆی پێداویستی وەرگر پشت بە دواندنی ئەقڵی وەرگر دەبەستێت و بەڵگە و نیشـانەی لۆجیکی دەخاتەڕوو بۆ بێهێزکردنی بیروڕای بەرامبەر دوای هەڵســـەنگاندن و لێکدانەوەی بار و دۆخەکانی بۆ ئەم جۆرە دواندنەش چەند تەکنیکێک بەکار دێنێت وەک:

-هێنانەوەی زانیاری و بەڵگەی دورست.

-پێشکەشکردنی ژمارە و ئامار.

-گەیشتن بە ئەنجام لە ڕێگای پێشەکییەکان.

- بێهێزکردنی بیروڕای بەرامبەر.

**١-٩-٤-٣- سەرنج ڕاکێشان بە ترساندن:**

ئەو کارتێکردنانەیە کە لە ڕێگای هێز و پاڵەپەســـتۆوە ئەنجام دەدرێت بۆ ڕێککاری وەرگرتن و ڕێکخستن وەک: هێزی یاسا لە نیشانەکانی هاتوچۆ و هێزی ڕەفتار یا هەڵسەکەوتی کۆمەڵایەتی. . . هتد. ئەم کارتێکردنەوە کاریگەری و خێرا ئەنجامی باشی دەبێت ئەگەر خاوەن دەسەڵاتیش ئامادە نەبێت(عبدالواحد موشیر دزەیی، ڕازیکردنی خێرا: ٢٠١٣: ٤٢) کە لە ڕێگای ترسـاندنی وەرگرەوە دەکرێت و ئاکامی خراپ، ئەگەر بێت و بە پەیامەکەی نێنەر ڕازی نەبن و هەندێ جار بە پێچەوانەوە ئاماژە بۆ کاریگەرییە خراپەکە دەکرێت. ئەو کارتێکردنانەیە کە لە ڕێگای هێز و پاڵەپەســـتۆوە ئەنجام دەدرێت و وەرگر بە جۆرەها بەڵگە و دیکۆمێنتی ســاختە و ناســاختە دەترسـێنرێت بۆ بێهێزکردنی بەرامبەر و کەوتنە ژێرکۆنترۆڵی قســـەکەر، ئەم جۆرەی ڕاکێشـــانە ســـەرکەوتوو نابێت ئەگەر وروژێنەرێکی هەســت و ســۆزی بەهێزی لەگەڵ نەبێت و دواتر دەبێت پەیام دڵڕاوکێی وەرگر کەم بکاتەوە لە ڕێگای دڵنیایی پێدان کە دەتوانێت وەرگر دووربێت لە کێشە و گرفت.

**١-١٠- ئەرکی شێواز:**

زانایانی زمان ئەرکی سەرەکی زمان کە شێواز بەشێکە لێی، بە هەست دەربڕین و پەیوەندیکردن و لەیەکترگەیشتن دادەنێن، ئەرکەکانی شێواز بریتین لە:

**١-١٠-١- ئەرکی سودمەندیی:**

هالیدای(Halliday) پێیوایە یەکێک لە ئەرکەکانی زمان ســوودمەندییە، کە بەکاریدێنێت بۆ گەیشــتن بە ئامانج، کە ناونراوە ئەرکی(من دەمەوێ)(جمعە سید یوسف: ١٩٩٠: ٢٢) ڕازیکردنیش دەچێتە خانەی ئەم ئەرکەی زمان، چونکە زمان تەنها هۆیەک نییە بۆ پەیوەندیکردن، بەڵکو هۆیەکیشە بۆ کاریگەری و گۆڕینی ڕەفتاری مرۆڤ(اوســتن ڕانی: ١٩٨٦: ٣٣) و ڕازیکردن و هەڵخەڵەتاندن. . . هتد(395 :1948

Adrian&other)زمان بە بیروڕای ســـۆســـێر ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و تاکی هەیە و هیچیان بێی ئەویتر کارناکات(Saussuer: 1968: 24) ئەم دوو ڕەهەندەش لە کردەی ڕازیکردن ڕەنگدەداتە بۆ ڕازیکردنی تاک و کۆمەڵ. رازیکردن هۆکارێکە بۆ گەیشــتن بە ئامانج و شــارەزاییەکی گەیاندنە و یەکێکە لە بنەماکانی ســەرکەوتن هەر لە خێزانەوە بگرە تا ژیانی پیشــەیی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ڕامیاری کەســـایەتی مرۆڤ لە زمانەکەی ڕەنگدەداتەوە هەربۆیەش زمان دەبێتە ناســـنامە و دیارخەری تاک بۆ زۆر مەبەستی جیاجیاش سوودی لێوەردەگرێت.

ئەوەی ئێمە مەبەســـتمانە شـــێوازی ڕازیکردنە لە ڕێگای کاریگەری ڕازیکەر(Persuasion)کە شـــارەزاییەکە لە ڕێگای فێربوون و ڕاهێنان و پیادەکردن وەردەگیرێت و پێش هەموو شـــتێکیش دەبێت لە خۆمان بپرســین ئایا لە ناخەوە پێویســتیمان پێیەتی یان نا؟ بۆ ئەوەی کەس پێمان بڵێت دەبێت بزاوتنەکە لە ناخمانەوە هەڵقوڵاوبێت.

شێوازی ڕازیکردن کردەیەکی زارەکییە بە ئامانجی گۆڕینی ئاراستە و ئارەزوو ڕەوشتی کەسانی تر(ابراهیم بن صالح: ١٤٢٦: ٢٤٧) وەیا شـارەزاییەکی گەیاندنی پەیوەسـتە بە توانای تاک لە گفتوگۆ، تاکو بەرامبەرەکەی ڕازیبکات، واتە بەکارهێنانی وشە و نیشانەیە بۆ کاریگەری کردنە سەر ویست و ئارەزوو و ئاراســتە، کردەیەکی هۆشــەکی و شــێوەییە یەک لە لایەنەکان هەوڵدەدات کاریگەری ڕەفتاری بکاتە ســەر ئەویتر(ابراهیم بن صـالح: ١٤٢٦: ٢٤٨) کەواتە ڕازیکردن ئامانجێکە بۆ گۆڕین و ڕازیکردنی بەرامبەر جا ڕەوشت بێت یان ئاراستە یان بیروباوەڕ و لە هەمان کاتیشدا پەیوەستە بە گفتوگۆ و شارەزاییەکیشە لە گەیاندن.

پەیوەندیکردنی ڕازیکردن کاریگەرییە بۆ گۆڕینی ڕەوشـــت و ئاراســـتە و. . . . هتد، بە پێی ئامانج(صـالح محمد جادو: ٢٠١٠: ١٠٣) ڕازیکردن کردەیەکی پەیوەندی ئاسـایی نییە، بەڵکو کردەیەکی ئامانجدارە و بۆ مەبەستێک ئەنجامدەدرێت، بنەماکانی کردەی پەیوەندی ئاسایی بریتین: (قسـەکەر، گوێگر، بابەت) کە هەمان بنەمای سەرەکی ڕازیکردنن، بەڵام ڕازیکردن پێویستی بە چەند بنەمایەکی

تره، بنەماکانی ڕەوانبێژی ڕازیکردن لای ئەرستۆ بریتیین لە(هۆیەکانی ڕازیکردن یان بەڵگە، شێواز و پێکهاتەی زمانی، ڕێکخستنی بەشەکانی قسەکردن) و دواتریش بنەمای(خوێندنەوە) زیادکرا کە(جولانەوە و دەنگ) دەگرێتەوە(محمد العمری: ٢٠٠٢: ٢٢) هەندێکی تر پێیان وایە پەیامی ڕازیکردن دەوەستێتە سەر(ڕەگەزی جوانی، شێوازی دەربڕین، بەڵگەی زمانی، وشەی ڕوون و بەهێز)(احمد سر الختم: ٢٠٠٨: ٣).

### ١-١٠-٢- ئەرکی ڕێکخستن دەربڕین:

قسەکردنەکان دەبێت ڕێکخراو و کاریگەربن و دەبێت زۆر خۆمان لە زاراوە بەکارهێنان بەدوور بگرین، چونکە سەر بە زانستێکی تایبەتە و هەموو کەس تێیناگات و وشەکان دەبێت هەڵبژێردراوبن لە نێو وشە هاوواتاکان و نابێت هەڵچوونەکانمان تیادا ڕەنگبداتەوە، هەروەک لاینز پێیوایە، گرتنەوە سۆزدارییەکانی وشە پەیوەستە بە بەکارهێنان(LYONS: 1977: 449) و دەبێت خۆمان لە هەندێ دەستەواژەی بریندارکەر و وروژێنەر بپارێزین و بە وردی مامەڵە لەگەڵ دەربڕینەکانمان بکەین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانا و چالاکی تاکە کەسی لە داهێنان، دیسان درێژی وشە و ئاسانی وشەکان، کە بەکارهێنانی وشەی کورت و یەکبڕگەییەکان درێژی ڕستە(LYONS: 1977: 450 ) ، واتە دوورکەوتنەوە لە ڕستەی ئالۆز و لێکدراو کاریگەری خۆی هەیە بەکارهێنانی نیشانە کۆمەڵایەتییە کەسایییەکان کاریگەری خۆی هەیە.

### ١-١٠-٣- ئەرکی کارلێککردن و ئاوێتەبوون:

بە ئەرکی(من و تۆ) ناسراوە لەم ئەرکەیدا زمان بۆ ئاوێتەبوون و کارلێککردن لەناو کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێت، بەو پێیەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێت دوورەپەرێزبێت، بەکارهێنانی زمان لە بۆنەکان و ڕێزگرتن دەچێتە ئەم خانەوە(عبدالواحد موشیر دزەیی، زمانەوانیی گشتی: ٢٠٢١: ١٠٧) بۆ ئەوەی زەمینەیەکی گونجاو و لەبار دروست بکەین لە نێوان خۆمان و بەرامبەرەکەمان و پەیامی خۆشەویستی خۆمان بگەیەنین. دەبێت شێوازمان نەرمبێت، ئەم

شـێوازەش هونەرێکە لای هەموو کەس دەسـت ناکەوێت پێویسـتی بە کەسـێکی داهێنەر و خاوەن توانا هەیە، بێگومان کەرەسەی شێوازەش زمانە، ئەم زمانەش زمانی گوتراو و جەستە دەگرێتەوە، بەڵام شـــارەزایشـــی دەوێت لە گەیاندندا بە تایبەتیش ووردی لە دەربڕیندا کە دەبێت ڕاســـت و دروسـت و ڕێکخراو و سـواو نەبێت، پێش دەربڕین پێویسـتە بیربکەینەوە بزانین چی دەڵێین؟ بۆ ئەوەی خۆشەویستی و نزیکبوونەوە دروست بکات.

بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەمان ڕازیبکەین دەبێت لە بارێکی دەروونی و هۆشـــەکی باشـــدابین، تاکو بیرەکانمان ڕێکبخەین و بە شـێوازێکی ڕوون و سـادە لۆجیکی دەربڕین، کات و شـوێن کاریگەری زۆری هەیە لە ســـەرکەوتنی کردەی ڕازیکردن، چونکە مرۆڤ هەموو کاتێک لە بارێکی دەروونی باشدا نییە وەک:  شوێنی نائاسوودە و دەنگەدەنگ و ژاوەژاو و قەڵباڵغ، یان ئەگەر کەسی بەرامبەر خەریک و پەیوەســـت بوو بەکارێکی تر، یان ئەگەر زانیمان بەرامبەرەکەمان دەیەوێت بە خێرایی قســـەکە تەواو بکات، یان ئەگەر لەکار هاتبووەوە ماندوو بوو، . . . هتد. ئەوا ئەم کاتانە گونجاونین بۆ گەیاندنی پەیام، چونکە پەیامەکە بە دروســـتی ناگاتە وەرگر یان بە گران تێیدەگات یان وەرگر جوان وتەکان وەرناگرێت و بیری بەشتی ترەوە سەرقاڵە. بۆیە نابێت لەم کاتانەدا پەیامی ڕازیکردن بگەیەنین.

دیســان دەبێت ڕەچاوی دەوروبەری گوتنەکان بکرێت لە دەربڕینی وشــەکان و بزانن ئەم وشــەیە لەگەڵ دەوروبەرەکە دەگونجێت یـان نـا(لیلی شـــحرور: ٢٠٠٩: ٣٧) بۆ نموونە وشـــەیەکی وەک: (وەرکەوتن)  لە کەلتووری کوردی کوردستانی ئێران و ناوچەی سوسنایەتی هاورێتی و بەیەکەوە هاتنی لەگەڵ مرۆڤ هەیە، بەڵام لە کوردستانی عێراق هاورێیەتی و بەیەکەوە هاتنی لەگەڵ سەگ دا هەیە.

پێویستە لەسـەر قسـەکەر شـێوازەکەی لەگەڵ تەمەن و ئاسـتی زانسـتی و ڕۆشـنبیری و ئەندازەی دەروونی گونجاو بێت،  زانیاری ئەوەش وەربگرێت بەرامبەرەکەی چی دەوێت و ناشـــبێت هەرگیز

بیر لەوە بکاتەوە، کە بەرامبەرەکەی وەڵام یان بیانووی نییە، بەڵکو ئەبێت ڕەچاوی بەرگری بکات، بەڵام بەرێژەیەکی زۆر نا، دەشبێت پرسیار لەخۆمان بکەین: پەیامەکەمان چ کاریگەرییەکی دەبێت؟ جا باشــتر وایە، کە مرۆڤ خۆی لە شــوێن کەســی بەرامبەر دابنێت تا هەســت بە بەرەنگاری و ڕازینەبوونەکان بکات، بۆ ئەوەی پەیامەکەی زیاتر کاریگەربێت.

**١-١٠-٤- ئەرکی کەسی:**

لە ڕێگەی ئەم ئەرکەوە تاک دەتوانێت گوزارشـــت لە هەســـت و ئاڕاســـتە و بۆچوونەکانی بۆ جێگیرکردنی ناسنامە و قەوارە تایبەتییەکەی خۆی و گواستنەوەی بیر و بۆچوونی بکات. یەکێ لە ئامانجەکانی(نێنەر) لەبەکارهێانی واتای کاریگەری، هەســـت دەربڕینە، کە(نێنەر) دەربارەی خۆی دەدوێت بەرامبەر بەکەس و ڕووداو دەوروبەر جا بەشێوەیەکی ڕاست بێت یان خۆی وابنوێنێ کە خاوەنی ئەم هەستەیە، کە بەزۆری لەسەر وتاری ڕۆژنامەکان بەدیار دەکەوێت.

هەست دوو جۆرە(سعید توفیق: ١٩٩٢: ٤١٦):

**١-١٠-٤-١- هەستی ڕەسەن:**

کە ڕەنگدانەوەی ڕوون و ڕاستەوخۆی هەڵچوونێکە لە دڵا و ویژدانی(نێنەر) هەڵدەقوڵێ بە مەبەستی هەست دەربڕین.

**١-١٠-٤-٢- هەستی خوازراو:**

ئەم جۆرە هەســـتە(نێنەر) خۆی وا دەنوێنێ کە خاوەنی ئەم هەســـتەی واتە خۆی بەشـــدارییەکی ڕاستەقینەی تیا ناکات بەڵکو تەنها بۆ مەبەستی هەست ورووژاندنە. هەریەک لەم دوو هەستەش بەکار دێت بۆ ســەر لە نوێ بنیات نانەوەی مرۆڤ کە ســەرەتاکەی بەکاریگەری کردنە ســەربیرو هۆشــی دەســت پێ دەکات(اسکندرالدیک و مصطفی اسعد: ١٩٧٣: ٧٦) لەهەســت دەربڕین دا جەخت دەکرێتە ســـەر هەســـتی ڕەســـەن کە لە ویژدانەوە هەڵدە قولێ و ویســـت و خودیەتی(نێنەر) دەچەسپێنێ(محمد کاظم البکاء: ١٩٨٨: ٨٨) ئەگەر بابەتیانە و واقعیانە هەست دەربڕێ.

### ١-١٠-٥- ئەركی ئەندێشەیی:

گۆرانی و شیعر و ئەدەب دەگرێتەوە، کە بە زمان گوزارشتیان لێدەکرێت ئامادەکردنی وێنەیەکە کە پێشتر درکی پێنەکردووە و بەر هەستەکانی نەکەوتووە وەک دورستکردنی وێنەیەک مرۆڤ بێت و سەری شێری پێوەبێت یان ئەندێشەکردنی مانگایەک قسە بکات. . . هتد. جا وردی ئەندێشەکردن و قەبارەی پەیوەستە بە وردێتی لە وەسف و وێناکردن.

ئەندێشەکردن دوو جۆرە:

### ١-١٠-٥-١- ئەندێشەی تایبەت:

پەیوەســـتە بە بیرهێنانەوە و دووبارەبوونەوە و وێناکردن، ئامادەکردنی وێنەیەکە لە مێشـــک کە پێشتر بەر هەستەکانی نەکەوتوون، واتە وێنەی نوێن و داهێنراون و پێکهاتەیەکی نوێیە لە پێکهاتەی تر.

### ١-١٠-٥-٢- ئەندێشەی گشتی:

ئەم جۆرە ئەندێشــەیە ئەندێشــەی داهێنانی پێدەڵێن، ئامادەکردنی وێنەیەکە کە بە شـێوەیەکی ڕەها بەرهەستەکانی نەکەوتوون.

ئەندێشە ناچێتە ژێر رکێفی ویست و مەبەستێکی دیاریکراوی نییە، پەیوەست نییە نە بە ڕابردوو نە بە داهاتوو، لە دۆخی ئێستا دایە، ئەمە پێی دەگوترێت خەوی بێداری یان(دالغەی) پێدەڵێن، دەتوانین بڵێین پاڵنەر و ئامانجە، بۆ نموونە یەکێک لە تەنیایی خۆی ڕازی نەبێت و بیر لە ژنهێنان بکاتەوە لە دڵی خۆی(عبدالواحد مۆشیر دزەیی، خوێندنەوەی دەروونی دەق: ٢٠٢١: ٩١).

خەونی بێداری هۆکار و ئامانجی لە پێشتەوەیە وەک خەونی ئاسانی لە خەوندا ئەو پێداویستییانە تێردەبن کە لە واقیعدا ڕوونـادەن، هەر بۆیەش خەوی بێـداری ئـامـانج و هیوایە دەتوانین بڵێین ئەندێشـــەیەکی ئایدیاییە، کەواتە هەردوو ئەندێشـــەکردن ئایدیالی و خەونی بێداری هەر دووکیان

ئەندێشــەی ڕەهان تەنها جیاوازیان لەوەدایە ئەندێشــەی ئایدیانی پەیوەســتە بە پســپۆری و بواری شـارەزایی وەک خەوبینینی دکتۆرێک بە کردنەوەی نەخۆشـخانەیەکی تایبەت یان بوونی بە ڕاگری گۆلیژی پزیشـکی، کە ئەگەری جێبەجێبوونی هەیە، خەوی بێداری هەر خەونی ئەم دکتۆرەیە، بەڵام بوونییەتی بە گوتاربێژێکی سیاسی یان ئاینی کە ئەگەر جێبەجێبوونی کەمە.

ئەندێشـەی هونەری، دەکەوێتە ژێرگاریگەری مەزاج و زەوق و هەسـت و سـۆزی هونەرمەند، وەک ئەندێشـەکردنی وێنەگرێک بە گرتنی وێنەیەک یان ئەندێشـەکردنی شـاعیرێکە بۆ هۆنینەوەی شـیعر، بۆ ئەم مەبەسـتە خەڵک لە نێوان زانست و هونەردا دەیبینێتەوە، بەڵام کەسانی هونەرمەند لە نێوان سـۆز و وێژدان دەیبینێتەوە و وێناکەی بە پێی مەزاجی کەسـی خۆی وێنا دەکات(عبدالواحد مشـیر دزەیی، خوێندنەوەی دەروونی دەق: ٢٠٢١: ٩٣).

## ١-١٠-٦- ئەرکی کاریگەری:

(جۆن لاینز) کاریگەری لەسێ ئاست دا لێکدەداتەوە(سیمانتیک، پراگماتیک، شێواز)(جون لاینز: ١٩٨٧: ٣٥) کاریگەری، لەسـەر بنچینەی هەسـت وسـۆز بنیات دەنرێت(Hartm & Stork: N-D: 34) هەسـت و هەڵوێسـتی کەس دەردەخات. بەرامبەر بە کەس وشـت ورورداو وشـە و. . . هتد دەگۆڕێت(محمد علی الخولی: ١٩٩١: ٨) زۆر جـاریش بەپێی تـاقیکردنەوەو دەوروبەر گۆڕانی بەســـەردادێت(محمد علی أبوحمده: ١٩٨١: ١٧٧). بۆ نموونە وشـەی(لیبرال) بەپێی فەرهەنگی(ئۆکسفۆرد) مرۆڤێکە ئارەزووی لە ڕیفۆرمی دیموکراتیە و مافی لابردنی هەیە، بەڵام لە ئەفریقیای باشـــوورو ئەمریکا مرۆڤێکە هانی ئەو هێزانە دەدات کە کۆمەڵگا بەرەو ڕوخان دەبات، واتا ڕامیاریەکی ئاژاوەگێڕ و مەترســـیدارە، لەوانەشە لای کەسێکی باڵی چەپی بەریتانی هیچ کاریگەریەکی نەبێ(محمود السعران: ١٩٦٢: ٣٢٠).

واتای کاریگەری ڕێژەیی لە هەموو وشـەیەکدا وەک یەک نییە(Leach: 1924 :53) وشـە هەیە واتای کاریگەری تیایدا زاڵترە بەسـەر واتا هۆشـەکییەکە، وشـە هەیە هەردوو واتای هۆشـەکی و کاریگەری تا ڕادەیەک یەکسـان دەوەسـتن، هەندێ وشـەش هەیە واتاکەی کاریگەریەکی کەمی هەیە، بۆ نموونە

واتای کاریگەری لە وشـــەی(فاشـــت) زیاترە لە واتا هۆشـــەکیەکە و لە وشـــەی(ئەمریکا) واتای کاریگەری و هۆشـــەکی تاڕادەیەک بەرامبەرن، بەڵام لە وشـــەی(دار) واتای هۆشـــەکییەکە زاڵترە بەســـەر واتا کاریگەریەکە. واتای کاریگەری بوارێکی فراوانە ئەگەر وەک(فندریس) بە دەمارگیری بۆی بچین ئەوا هەموو وشـــە و ڕســـتەیەک هەڵگری واتایەکی کاریگەرییە(جورج فندریس: ١٩٥٠: ٣٥) بۆ نموونە ڕستەیەکی وەک: ڕۆشنا لە دکتۆرا وەرگیرا.

هەرچەندە ڕســـتەیەکی هەواڵ گەیاندنە، بەڵام دەتوانرێ بگوترێ واتای کاریگەری هەیە، چونکە ئەگەر کاریگەری لەسەر(نێنەر) نەبوایە ئەوا نەدەگۆترا.

کاریگەری بە سێ شێوە دێتە بەرچاو(شكری محمد عیاد: ١٩٨٨: ١٣٢):

١-هەڵوێستی(نێنەر) دەربارەی ئەوشتەی لێی دەدوێ.

٢-هەڵوێستی(نێنەر) بەرامبەر(وەرگر).

٣- ئەو کاریگەریەی کە(نێنەر) دەیەوێت دروستی بکات لە(وەرگر).

وشـــەو و ڕســـتەکان لە زماندا کاریگەرییەکی بەهێزیان هەیە و بۆ مەبەســـتی جیاجیا بەکار دەهێندرێن، وەک ئەوەی لاوێک بەدوای چەند وشـەیەکدا دەگەڕێ تاکو دڵی یارەکەی پێخۆش بکات، یا هەڵی بخەڵەتێنێ و مەلایەک خەڵکی پێ بورووژێنێ بۆ ڕووکردن لە چاکەو و دوورکەوتنەوە لە خراپە، سیاسەتمەدارێک بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر و کارکردن لە ڕەوشت و بیرییان بۆ بەدیهێنانی مەرامەکان کە مرۆڤی سـادەش هەسـتی پێ دەکات(عبدالواحد مشـیر دزەیی، کاریگەری دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا: ٢٠٠٩: ٥٦).

### ١-١١- بوارەکانی بەکارهێنانی شێواز:

بوارەکانی بەکارهێنانی شێواز جۆراوجۆرن گرنگترینییان بریتین لە:

### ١-١١-١- پەیوەندی کۆمەڵایەتی:

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بێ کۆمەڵ ناتوانێت بە پێویستییەکانی خۆی بگات و دوور لە کۆمەڵ ناتوانێت دوور لەم کۆمەڵە ژیان بگوزەرێنێت، ئەم جۆرە پەیوەندییە گرنگە بۆ تاک تا جێگای خۆی لەناو کۆمەڵدا خۆشـــبکات، گرنگترین ئەو بوارە کۆمەڵایەتییانەی پێویســـتی بە ڕازیکردنە بریتین لە پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، زاڵبوون بەسەر گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، وریاکردنەوەی کۆمەڵگا، ئاماژەکردن بە ڕۆڵیان، بڵاوکردنەوەی ڕەفتاری نوێ و جوان و ســـڕینەوەی ڕەفتاری نابەجێ. . . . هتد.

زمـان پەیوەنـدییەکی بەتینی بە کۆمەڵەوە هەیە لە کۆمەڵگـادا تـاک و دەوروبەر کـارلێکـدەکەن و هەریەکەیان کاریگەری لەســـەر ئەوی تر هەیە، هەموو تاکێک دەکەوێتە بەر یاســا کۆمەڵایەتییەکان Socialrules بە رادەیەک ســەربەســت نییە لە تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆی، زمان پێویســتییەکی کۆمەڵە بۆ لە یەکتر گەیشـــتن وگۆرینەوەی بیروراو و گواســـتنەوەی کەلتوور. . . هتد، زۆر لە زمانەوانەکان جەختی لەســـەر ئەم ڕاســـتییە کردووە و بۆیەش زمان بە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی دادەنێن، چونکە هۆیەکە بۆ بەیەک گەیاندنی نێوان کەسەکان(حاتم صالح الضامن: ١٩٨٩: ٣٦).

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە بە هۆی زمانەوە دەتوانین لەناو کۆمەڵدا بژین و ئەرکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکەین، جگە لەمەش زمان ناســـنامەی کۆمەڵایەتی و پلەو و پایەی ئاخێوەران دەخاتەروو و ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییە کە قســـەکەران تێیدا دەژین. بەڵگەشـــمان ئەو وشـەو زاراوانەیە کە بێ بەستنەوەیان بە باری کۆمەڵایەتی خەڵک لێکنادرێنەوە، بۆ نموونە چەندین وشـەی وەک: (مسکێن و ڕەنجدەر و مەیتەر. . . هتد) پێرەوێکی کۆمەڵایەتی پێکدێنن و لە دەرەوەی ئەو پێرەوە واتایان لێکنادرێتەوە(محمد مەعروف فتاح: ١٩٨٥: ٢٢٣). جا کەس بۆ ڕازیکردنی داواکانی دەرەوە و کۆمەڵ و بەرژەوەندی خۆی بەم شـــێوەیە مـامەڵە دەکـات: (دووردەکەوێتەوە ئەگەر کارتێکەرە دەرەکییەکان ترســناک بوون، خۆی دەگونجێنێت ئەگەر شــیاو بێت، دەســتکاری دەکات ئەگەر بەزیان بەسەرخۆی دا بشکێتەوە(محمد احمد نابلسي: ١٩٨٨: ٤٧). مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە

چەند شـــێوازێک قســـەدەکات هەوڵدەدات بەرژەوەندی خۆی بپارێزێ و هاریکاری ئاخاوتنی نێوان خۆی و بەرامبەرەکەی نەپچرێنێ، بەرزونزمی ئەم شـــێوازەش بۆ ڕاپەڕانـدنی کـارەکـان و خۆگونجاندنە لەناو ڕێزەکانی کۆمەڵ، بۆ ئەم مەبەســـتەش دەبێت قســـەکەر شـــوێنی خۆی لەناو کۆمەڵگا بزانێت و سنوور نەبەزێنێت و بە پێی ویستی کۆمەڵگا هەڵسوکەوت بکات تا شوێنی لەناو کۆمەڵگا ببێتەوە بۆ نەپچرانی پەیوەندی کۆمەلایەتی.

شێوازی کۆمەلایەتی لە زماندا لە دوو ئاستدا دەبێت:

أ-ئاستی وشەسازی:

ئەم ئاستە هەڵبژاردنی وشـە دەگرێتەوە بۆ دەربڕینێکی تایبەت و کاریگەری زیاتر لەسـەر بەرامبەر بە پێی پێویســت هەروەک لە هەڵبژاردنی وشـــەی(کوێر و نابینا) کە هاوواتان لە واتای هۆشـــەکی، بەلام لە واتای دەروونی جیاوازن هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەبێت، بۆنموونە ئەگەر ڕقمان لە کەســـێک بێتەوە وشـــەی(کوێر)ی بۆ بەکاردێنینین بە پێچەوانەشـــەوە ئەگەر ڕێزی لێبگرین ئەوا وشەی(نابینا)ی بۆ هەڵدەبژێرین(ئارا ئەلی احمد: ٢٠٠٨:٣١).

ب-ئاستی ڕستەسازی:

هەڵبژاردنی وشــە و پاش و پێشــکردنی لەناو ڕســتە دا دەگرێتەوە(ئارا ئەلی احمد: ٢٠٠٨: ٣٢) بە پێی ئەو نەخشــەیەی کە قســەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت بۆ گوێگر بۆ نموونە، ئەم دوو ڕســتەیە یەک واتا دەگەیەنێت، بەلام لە ڕســـــتەی یەکەم ڕەچاوی باری دەروونی گوێگر نەکراوە کەچی لە ڕســـــتەی دووەمدا ڕەچاوی ویست و باری دەروونی کراوە و بە شێوازێکی جوانتر دەربڕاوە:

١-خزمەکانت هەموویان پێش تۆ دەمرن.

٢-تەمەنی تۆ لە خزمەکانت درێژتر دەبێت(محمد تقی زهتابی و حسین علی محفوظ: ١٩٨٧: ٢٠٠).

مرۆڤ بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی و جێخۆشـــکردنی لە ناوکۆمەڵ بە چەند شـــێوازێک قســـەدەکات لەوانەش:

أ–شێوازی ئاسایی:

له نێوان هاوەڵ وخزم و کەسوکار بەکاردێت که پەیوەندی باش له نێوانیاندا هەیە بۆ نەپچرانی ئەم پەیوەندیە ئاسـ‍ـ‍ـ‍ـۆییەی نێوانیان ئاخێوەران زیاتر ئەم شـ‍ـ‍ـ‍ـێوازە بەکاردێنن کە زمانی هێز تیایدا بە دەگمەن بەکاردەهێنرێت تەنها لە باری هەڵچوون و تووڕەبوون و دڵڕەنجان نەبێت.

ب– شێوازی ڕەسمی:

له نێوان ئەو کەسـ‍ـ‍ـانە بەکار دەهێندرێت کە ناسـ‍ـ‍ـیاوییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتردا نییە(یوئیل یوسـ‍ـف عزیز و هیتر: ١٩٨٤: ١٠٠). لێرەشـ‍ـ‍ـ‍ـدا بە پێی پێوەری کۆمەڵگاو یاسـ‍ـ‍ـ‍ـا هەڵس وکەوت دەکرێت و زۆرجاریش شێوازی هێز تیایدا بە زەقی بەکاردێت. دابەشکردنی ئێمە بۆ شێواز جیایە، چونکە ئێمە بە پێی هێز و دەسـ‍ـ‍ـەڵات شـ‍ـێواز دابەشـ‍ـدەکەین بۆ دوو جۆر(بەهێز و بێهێز(عبدالواحد موشـ‍ـیر دزەیی، کاریگەری هێز: ٢٠٠٦: ٢٤). لەوانەشـ‍ـە پرسـ‍ـیار بکرێت ئایا شـ‍ـێوازی ئاسـ‍ـایی واتە Normal نییە بەڵێ هەیە کە شـ‍ـێوازی ئاسـ‍ـایی ڕۆژانەی گوتنی مرۆڤە بە پێی پێوەری کۆمەڵایەتی و دوور و نزیکی و تەمەن و ڕەگەز و پلەوپایە دەگۆڕێت، کە پەیوەندییەکی ئاسـ‍ـ‍ـ‍ـۆییە زیاتر. زۆرجار زمانی هێزبەکار دەهێنرێ و زۆر جاریش بێهێز بە پێی دەورەبەر، بۆیە ئەم جۆرە شێوازەش دابەش دەبێت بۆ:

– بەهێز powerfull:

زیاتر ئەم جۆرە شـ‍ـێوازە لە گوتنی کەسـ‍ـانی سـ‍ـیاسـ‍ـی و دەسـ‍ـەڵاتدار و پیاوانی پلە بەرز. . . هتد، دەبینرێت و جۆرە ئاوازیەکی نزمی هەیە لە دەربڕیندا(تونیا ڕیمان: ٢٠٠٩: ٢٢٠). هەندێ جار لە ڕێگای هێما نازمانییەکانەوە دەناسرێنەوە وەک ئەستێرەی سەرشان و خەت و تەخت و پارە(محمد مەعروف فتاح: ١٩٨٥: ٤٣). هەندێ جاریش چەک و ئۆتۆمۆبێلی تایبەت. . . هتد، یان شـ‍ـێوەی دەسـ‍ـت لەکاتی گوتن کە شـ‍ـ‍ـ‍ـێوەکەی بۆ خوارەوەیە، چونکە بۆ سـ‍ـ‍ـ‍ـەرەوە بێدەسـ‍ـ‍ـ‍ـەڵاتی دەدات سـ‍ـ‍ـ‍ـواڵکەرەکان بەکاریدێنن(لیلی شحرور: ٢٠٠٩: ١٨٥) دەست لەدواوە گرتن لەکاتی وەستان دیسان نیشانەی هێز و دەسـەڵاتە(تونیا ڕیمان: ٢٠٠٩: ٢١٦) جگە لەمەش ماوەی نێوان قسـەکەر و گوێگر دوورییەکی بەرچاو

لە نێوانیاندا هەیە(هدسن: ١٩٧٨: ٢٢٨) لە شێوازی هێزدا ڕێز نامێنێ، چونکە دەسەڵات بەکار دێت نەک پێوەری کۆمەڵایەتی، ئەگەر گوتنەکە ڕێزیشی تێدابێت ئەوا هەر شێوازی هێزە، چونکە بە زمانی هێزەوە دەربڕاوە بۆنموونە ئەگەر فەرمانبەرێکی پەرتوکخانە بە ئامادەبووان بڵێ: تکایە بێدەنگ بن.

ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی داخوازییە و تکای تیایدا بەکارهاتووە و بە ڕێزەوە دەربڕاوە، بەڵام ڕێزەکە ئەکتیڤ نابێ، چونکە هێز و دەسەڵات بەکارهاتووە، گوێگر وا هەست دەکات ئەمە دوا ڕاگەیاندنە ئیتر ئەگەر بێدەنگ نەبن ئەوا دەردەکرێنە دەرەوە، بۆیە دەکرێ ئەم جۆرە هێزە بە هێزی ڕێزدار ناوببەین و زۆرجاریش پەیوەندی نێوان دووکەسی نزیک لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم هێزە تێکدەچێت، کە نیشانەی دەسەڵات و بەهێزی و بەری پلەوپایەی. قسەکەرە و کە گوتنەکانی زیاتر فەرماندان و دەستکاریکردنی کاروبار و هەرەشە یە و ئاوازەی دەربڕینەکەش توندە، ئەم جۆرە پەیوەندییە پەیوەندییەکی ستوونیە لە نێوان قسەکەر و گوێگر.

بەم پێیە دەتوانین ئەم گوتنە هێزدارەش دابەش بکەینە سەر دوو جۆر:

– هێزی توند: ئەم هێزە پەیوەستە بە پەیوەندی ستوونی نێوان ئاخێوەران واتە لە کەسی بەرزەوە بۆ کەسی نزم بە واتایەکی تر لە نێوان کەسی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتە کە بە ڕاستەوخۆی دەردەبڕدرێت.

– هێزی ڕێزدار: ئەم هێزە جۆرە ڕێزێکی تێدایە و بە شێوەی داوا پێشکەش دەکرێت یا بە ناڕاستەوخۆیی دەردەبڕدرێت، ڕەچاوی تەمەن و بارودۆخ دەکرێت.

ب– بێهێز powerless :

ئەم جۆرە شێوازە زمانی کەسانی بێدەسەڵات و هەژار و لێقەوماوە وەک مناڵ و ئافرەت و دەرۆزەکەر. . . هتد، کەسانی شێوازێکی نا ئاساییە لە بارێکدا دەبێت کە مرۆڤ تووشی هەڵەیەک یان پێویستییەک دەبێت و بۆ بەرژەوەندی خوی کەسانی نزیک بەکاری دێنێ تا ببێتە جێگای

ڕەزامەندی کەســـــی ســـــەرووی خۆی، کە هەندێ جار لەڕێزەوەیە Respect وەک لە بەکارهێنانی هەندێ دەســـتەواژەی وەک: ڕێزدار، خاتوون، جەناب، هێژا. . . و هەندێ جاریش لە بێدەســـەڵاتییە. جا بە پێی ئەم دوو هێزە کۆمەڵ دەبێتە دوو چین چینی بەهێز و دەسـەڵات کە بەرپرسـە حکومی و ســـــەرۆک هۆزو پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، و چینی بێهێزیش کەســــانی ئاســـــایی و بێدەســـەڵات و کەمدەرامەتەکان دەگرێتەوە. ئەم شـێوازە لەکەسـی بێدەسـەڵاتەوەیە بۆ کەسـی بە دەسەڵات واتە پەیوەندییەکی ستوونیە.

بەکارهێنانی ئەم دوو شێوازە دیاردەیەکی زەق و بەرچاوە و ئەوەی دەسەڵاتمان بەسەردا بشکێت بەهێز قسـەی لەگەڵدەکەین و ئەوەی هاوشانی خۆمانیشبێت شێوازەکانمان ئاسای دەبێت و ئەوەی باڵا دەســتیش بێت بە شــێوازی بێهێز قســەی لەگەڵدا دەکەین بۆ بەرژەوەندی خۆمان و کەســانی نزیک، جا شـێوازی هێز و بێهێز ی قسـەکەر لە بەرزو نزمی دادەبێت بە پێی ڕێزبەندی و چینەکانی کۆمەڵ دوورو نزیکی نێوان ئاخێوەران(عبدالواحد موشیر دزەیی، کاریگەری هێز: ٢٠٠٦: ٢٩).

**١-١١-٢- پەیوەندی سیاسی:**

(جۆن ماری) پێی وایە گرنگترین شـــێوەی گەیاندنە، ئەگەر ئەم جۆرە گەیاندنە نەبێت کۆمەڵگا تووشــی هەڵوەشــاندنەوە دەبێت، ڕازیکردن لەم گەیاندنەدا بۆ هەڵمەتی ڕاگەیاندن و بەدەســتهێنانی زانیاری بۆ پاڵێوراو و ئامادەکردنی بەرنامەی سـیاســی و خســتنەرووی زانیاری و بەڵگە. . . هتد. هەر لە ســـــەردەمی ئەفلاتوونەوە و ئەرســـــتۆوە گرنگی بە گوتار دراوە لە ڕێگای ڕوونبێژی و بزواندنی هەست. گوتاری ئاینی و سیاسی یەکێکە لەو بوارانەی کە ڕازیکردنی لا گرنگە. سەرەڕای ئەمانە ڕازیکردن بۆ زۆر بواری جیاجیای تریش بەکار دەهێنرێت وەک: ڕاگەیاندن و پروپاگەندە و شەڕی دەروونی و شوشتنەوەی مێشک و پەروەردەی خێزانی و قوتابخانەیی و کارلێکردنی نێوان تاکەکان. . . . هتد.

زمان ڕۆڵێ بەرچاوی هەیە لە گەشــەی کۆمەڵایەتی، هەروەها بەشـداری دەکات لە ڕەوایی پێدان بە سـیسـتەمی سـیاسـی، سـیاسـەت بەوە ناسـراوە، کە یاریکردنە بە وشـە، چونکە وشـە زۆر بە وردی بەکاردێنن لە چالاکییە قسەییەکاندا، زمانی سیاسەت لە چوارچێوەی ئەو زانیارییەی کە دەگوازێتەوە و ئەو ژینگەیەی کە گەیاندنی تیادا دێتە ئاراوە دەبێتە ئامرازێکی سـیاسـەت، زمان لە سـیاسـەتدا، ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج و دەسەڵات وەرگرتن و ڕازیکردن. . . هتد.

زمانەوانیی سیاسی یەکێکە لە لقەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، کە جێگای تێبینی و بایەخێکی زۆرە لەم چەرخەدا، ئەم زانسـتە گرنگی دەدات بە لایەنەکانی گوتاری سـیاسـی و شـارەزابوون لەسـەر تایبەتمەندییەکانی ئەم زمانە و وەسـتان لەسـەر بنەماکان و ئەو تایبەتمەندییانەی کە پشـتیوانی گوتاری سـیاسـی دەکەن و گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە شـێوازی هاندان و وروژاندن. . . هتد. هەروەها زمانەوانیی سیاسی باس لە هۆیەکانی کاریگەریکردنە سەر گوێگر دەکات لە ڕێگای زمان وەک: دووبارەبوونەوە، بەکارهێنانی هونەری هاندان، چۆن دروشـم دروسـت دەکرێت و چۆن بیرۆکەکان دەشـێونرێت لەگەڵ خسـتنەرووی تایبەتمەندی شـێوازی تایبەت و کۆمەڵگا بە هەموو چین و توێژەکانییەوە لە یەک کۆمەڵگا(عبدالواحد دزەیی و شێرزاد صبری: ٢٠١٣: ٤٥).

زمانی سـیاسـەت زمانی لایەنێکی دەسـەڵاتدارە لە ڕووی سـیاسـی و پارتی و حکومەتەوە بەرامبەر لایەنێکی نزم، کە گەلە، گوتاری سیاسی بنیاتێکی پتەوی هەیە و خاوەن ئایدیۆلۆجیا و ڕەنگدانەوەی سـیسـتەمی سـیاسـییە، گوتاری سـیاسـی جۆرە ئاڵۆزییەکی تێدایە لە ڕووی داڕشـتنەوە، واتە بۆ مەبەستێک داڕژاوە.

زمانی سیاسـەت بە شـێوەیەکی سـەرەکی ڕەوادانە بە کارەکانی دەسـەڵاتی سیاسی لە ڕابردوو و داهاتوو، کە جگە لە ئایدیۆلۆجی لە نێوان بەڵێندان و ڕەخنە خۆی دەبینێتەوە، مەبەسـت لە زمانی سـیاسـەت ئاڕاسـتەکردنی ژێردەسـتەیە، زمانی سـیاسـەت زمانێکی فەرمانکردنە واتە سـتوونییە و

زیاتر بۆ بیرهێنەوەی جەماوەرە بە ئەرکەکانی و خۆی وا نیشاندەدات چارەسەری کێشەکان دەکات و دەسەڵاتەکەی بشارێتەوە(عبدالواحد دزەیی و شێرزاد صبری: ٢٠١٣: ٤٦).

گوتاری سیاسی گرنگترین بنەمای پەیوەندیکردنی سیاسییە. نێرەری سیاسی بەڕێگای گوتارەوە دەتوانێت ئایدیۆلۆجیا و سیاسەتی پارتەکەی یان دەسەڵاتەکەی یان ڕێبازەکەی بگەیەنێتە جەماوەر بەمەبەستی کاریگەری و ڕازیکردن. هەر بۆیە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی گوتاری سیاسی کاریگەری و ڕازیکردنی جەماوەرە.

گوتار بەوە پێناسە دەکرێت، کە پەیامێکی ئاڕاستکراوە لە نێرەرەوە(سیاسەتمەدار) بۆ گوێگر(جەماوەر) بە مەبەستی ڕازیکردن و کاریگەری کردن، یان هاوبەشییەکی ئاخاوتنە لە نێوان لایەنەکان، جا بە شێوەی گفتوگۆ یان زارەکی یان نووسراو بێت، بە ئامانجی کاریگەری و ڕازیکردن و جێبەجێکردنی مەبەستەکانی گەیاندن. بەرامبەر بەم زاراوەیە زاراوەی Discours بۆ بەکاردەهێنرێت کە بەواتای ئاخاوتن، گوتاری ئارستەکراو، محازەرە، وتار، پەیام دێت. ئەرگۆمێنت و دانوستاندن و گفتوگۆ. و هەر شێوەیەکی کارلێکردنی زمانی لە گەیاندنی کۆمەڵایەتیدا جا چ نووسراو بێت یان گوتراو بێت دەچێتە ناو خانەی گوتار(محمود عكاشه: ٢٠٠٧: ١٧).

**١-١١-٣- ئەدەب:**

ئەدەب گرنگترین ئامانجی نووسەری ئەدەبییە و هەوڵی بۆ دەدات تا هەڵچوون و گڕ و کڵپە بخاتە دەروونی خوێنەر و سۆزی بجولێنێت بۆ ئەم بەبەستەش وشەی بارگاوی و ئەفسوناوی بەکاردێنێت بۆ ڕاکێشانی دڵ و دەروون و بزاوتنی نەست، وشە و دەستەواژەکانیش ناتوانن ئەم ئامانجە بپێکن ئەگەر بە گونجاوی بەکاری نەهێنین و واتاکەی ڕوون و کاریگەر نەبێت. سەرکەوتنی نووسەر یان شاعیر بۆ وروژاندنی ویژدان پشت بە دوو بنەما دەبەستێت:

- بەهێزی بێئاگایی ویژدانی و بەهێزی باوەڕەکەی و بەرگریکردن لە پرەنسیبەکانی.
- شارەزابوونی شاعیر وەیا نووسەر لە دەروون و پێداویستی دەروونی خوێنەر و گوێگر.

قســـەکردن کاریگەری نابێت لەســـەر ویژدان ئەگەر لە ویژدانێکی ڕاســـتەوە هەڵنەقوڵابێت، چونکە هەستی ڕەسەن سۆزە شاراوەکان دەبزوێنێت و هەڵچوونە چەسپاوەکان دەجولێنێت. بۆ نموونە بۆ هۆنینەوەی سـرووودێکی نیشـتیمانی پێویسـت بە کۆکردنەوەی وشـە و دەسـتەواژەی بریقەدار نییە، بەڵکو پێویستی بە هەڵبژاردنی وشە و ڕۆنانی گونجاوە، کە وابکات خۆی نیشتیمانی خۆشدەوێت و ئامادەیە لە پێناوی دا خۆی بەخت بکات، کەواتە دەبێت بە وشـە و دەسـتەواژەکانی خۆی بخزێنێتە ناو دڵ و دەروونی خوێنەر و گوێگر.

ئیلهام و ئیحا ڕۆڵی کاریگەریان لە وروژاندنی هەڵچوونەکان و بەئاگاهێنانەوەی هەست و سۆز و ئاڕاســتەکردن هەیە، ئەو کەســەی ئیحا دەکات دەبێت باوەڕی بەخۆی بێت و ڕاســتگۆبێت و خۆی ئامادەبێت ئیحاکە وەربگرێت، ســـەرەڕای ئەوەش دەبێت لە ئەقڵییەتی بەرامبەر بناســـرێت تا نزیکبوونەوە لە نێوان ئەم دوو ئەقڵییەتە بێتە ئـاراوە. بە کورتی تـایبەتمەنـدی هونەر و ئەدەب لەوەدایە کاریگەری بکاتە سەر ویژدان بە پێچەوانەی زانست کە کاریگەری دەکاتە سەر درکپێکردن، ئەفسوونی ڕوونبێژی لە ڕاکێشانی ویژدان دایە و نرخی زانست لە پێدانی ئەقڵ بە ڕاستییەکانە(حامد عبدالقادر: ١٩٤٩: ١٨٠).

### ١-١٢- شێواز و کەسایەتی:

یەکێک لە ئەرکەکانی زمان ئەرکی کەسـایەتی و ویژدانییە، کە تاک لە ڕێگەی زمانەکەیەوە هەسـت و ســۆز و بیروباوەڕ و هەڵچوون و ئارەزووی تێدا ڕەنگدەداتەوە بە جۆرێک دەبێتە ناســنامەیەک بۆتـاک، پەیوەنـدی نێوان زمـان و تـاک لە دوو تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە(کـات و جۆر) و بە کۆمەڵبوونی زمان هەروەک(ڤندریس) پێیوایە وێنەیەکی نموونەیی زمانە و خۆی دەسەپێنێت بەسەر هەموو تاکەکان لە نێوکۆمەڵدا. زمان ناســـنامەی تاک و کۆمەڵە، و زمانیش پێکدێت لە فۆرم و واتا، دەربرینەکان سەرچاوەی زانیارییە بۆ زۆر بواری جیاجیای وەک دادگە و دەرخستنی تاوان بواری لێکۆڵینەوەی دەروونی و تەنـدروســـتی و. . . هتـد یەکێـک لە ئەرکەکـانی زمـان ئەرکی

دۆزینەوەییە(heuristic function) لەوانەش شیکردنەوە Analysis و دیارخستنی کەسایەتی تاکە، کە دەچێتە خانەی زمانەوانیی دەروناسی، چونکە گوتنەکان ڕەنگدانەوەی ڕەوشتن. واتایەکمان دەداتێ ئەم جۆرە واتایەش لە نێوان(سیمانتیک و پراگماتیک) دا خۆی دەبینێتەوە، چونکە سوود لە هەموو جۆرە هێمایەکان وەردەگرین و نێوان ڕستەکان دەخوێنینەوە و زۆر شتی شاراوە دەدۆزینەوە بێ ئەوەی درکی پێبکات دانی پێدادەنێت(عبدالواحد مشیر دزەیی، زمانەوانیی گشتی: ٢٠٢١: ١٢٥).

ئێمە ڕاستەوخۆ ناتوانین بگەینە ناخی مرۆڤ تەنها تارادەیەک لە ڕێگەی هەڵسوکەوتەکانی دەتوانین کەسایەتی تاک دیاربکەین، ئاشکراشە ناشتوانین بەردەوام لە چاودێری تاکێک دابین و جگە لەمەش زوربەی زانیارییەکان لە ناخی مرۆڤدان و دەسمان نایگاتێ، تاکە ڕێگە بۆ ناسینی کەس و دەستنیشانکردنی کەسایەتی وەڵامەکانی ئاخێوەرە و تێبینیکردنی هەڵسوکەوتنەکانیەتی لە کاتی ئاخاوتندا بۆ بە دەستهێنانی زانیاری پێویست. لێرەدا گرنگی ڕۆڵی زمان و واتامان بۆ دەستنیشانکردن و پۆلینکردنی کەسایەتی بۆدەردەکەوێت، چونکە لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتندا زیاتر زانیاری دەدات، ڕووی ڕاستەقینەی تاک نیشاندەدرێت ئەمەش پەیوەندی بە جۆر و ڕێگەکانی دەربرینەوە هەیە.

مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی گەشەی ژیانی وەک منداڵی و گەنجێتی و تەواوی و پیری، هەریەک لەم قۆناغانەش خاوەنی دەنگیی و وشەیی و ڕستەیی خۆیەتی و بە ئاسانی لە ئاخاوتنەکانیدا ڕەنگدەداتەوە. کەسایەتی خۆیمان. لە ڕێگەی زمانەکەیەوە پێنیشاندەدات، چونکە کەسایەتی و زمان پەیوەندییەکی پتەوییان بەیەکەوە هەیە و زمان ڕەنگدانەوەی کەسایەتی تاکە کەسە و تایبەتییە بایەلۆجی و جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی تاک لە زمانەکەیدا ڕەنگدەداتەوە، بەهەمان شێوەش زمانیش کاریگەری بەسەر کەسایەتی مرۆڤەوە هەیە و لە ڕێگەی زمانەوە دەتواندرێت کاریگەری لە کەسایەتی بکرێت و ئاراستەی بگۆردرێت بەرەو ئامانجێکی دیار. بۆ ئەم مەبەستەش مرۆڤ دەبێت سەرەتا خۆی بناسێت، (بایرن Byrns) پێی وایە خۆناسین درکپێکردنی تاکە بە

ویســـت و ئارەزوو و توانا و پێگە کۆمەڵایەتییەکانییەتی، چونکە خۆناســـینی مرۆڤ کاریگەرییەکی زۆری بەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنییەوە هەیە(عبدالواحد مشیر دزەیی، زمانەوانیی گشتی: ٢٠٢١: ١٢٥) باشـــترین ڕێگەش بۆ ناســـینی کەس ئەوا مامەڵەکردنە لە گەڵیدا، کە لە ڕێگەیەوە دەتواندرێت تێبینی هەڵســـوکەوت و شـــێوازی زمانیان بکرێت و بەم پێیەش کەســـەکە بناســـین و کەسایەتییەکەی دەستنیشان بکەین.

### ١-١٣- شێواز و تەمەن:

زمانی تاک بە پێی کات و جۆر لە گۆڕانکاریی دایە و ئەم گۆڕانە تا کۆتایی ژیان بەردەوامی هەیە. زانایانی زمانەوانیی و کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن بە پلەی جیاواز زمانی تاک لە ســـەرەتای تەمەنیدا دەگۆڕێت، گۆڕانەکان خێران دواتر بە پلیکانەیی بەرە و گۆڕان دەڕوات تا کۆتایی ژیانی، هەر قۆنـاغێکی تەمەنی مرۆڤ دەنگی و وشـــەیی و ڕســـتەیی و واتـایی هەیە، لە هەریەک لەم قۆناغانەدا فەرهەنگی وشـــەکانی تایبەت بەخۆیان هەیە. یاســـا کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەی ئەوە نادەن سنوور ببەزێنن، بۆ نموونە ڕێگە بە پیرێک نادرێت بە زمانی منداڵێک یان هەرزەکارێک قسە بکات و بە پێچەوانەشەوە(عبدالواحد موشیر دزەیی، زمانەوانیی گشتی: ٢٠٢١: ١٢٦).

بە هۆکاری دەروونی و بایەلۆجی و کۆمەڵایەتی جیاوازی لە نێوان شـــێوازی ئاخاوتنی گەنج و پیردا هەیە، بە پێی ئاستەکانی زمان دەتوانین جیایان بکەینەوە:

– ئاستی دەنگسازی:

لە ئاســـتی دەنگســـازیدا گەنجەکان هیچ گرفتێکی دەنگســـازیان نییە لە درکاندنی وشـــەکان، بەڵام پیرەکـان چەنـد گرفتێکییـان هەیە لە گۆکردن بۆ نموونە لە بری(کۆمپیوتەر) دەڵێن(کۆپیتەر) لە بری(ڕەسیف) دەڵێن(ڕەفیس) لە بری(مەکتەب) دەڵێن(مەتکەب). . . هتد.

– ئاستی وشەسازی:

فەرهەنگی وشەکانی گەنجان زیاتر بیانین وەک: نێگەتیڤ، هاک، ستایل، جینۆسساید، بە پێچەوانەوە فەرهەنگی وشەکانی پیرەکان وشەی مردوو و سستن وەک: لۆقنتە، بوغازە، جەرغەمە، دۆڵچە، قەپرغە، تەدارەک، دژوون، سەردڕ، لەگەن، حەرنەحوت. . . هتد.

- ئاستی ڕستەسازی:

شێوازی ڕستەکانی گەنجان جیاوازن لەگەڵ پیر و بەتەمەنەکان ئەمە نموونە هەندێ لەو شێوازانەن کە بۆ سڵاوکردن بەکاردەهێنرێن لە لایەن کوڕەوە بۆ کچ بەکاردەهێندرێن:

- شێوازی قسەکردنی گەنج:

چاوجوان چۆنی؟

کۆتر چۆنی؟

هەناسە سارد چۆنی؟

گوڵەباخ چۆنی؟

ئەمەش نموونە چاکوچۆنی کوڕێکی گەنجە بۆ کوڕێکیتر:

فەحۆ چۆنی؟

فیتەزەلام چۆنی؟

دایەع چۆنی؟(عبدالواحد موشیر دزەیی، زمانەوانیی گشتی: ٢٠٢١: ١٢٧).

### ١-١٤- شێواز و ڕەگەز:

جیاوازییەکی زۆری شێواز هەیە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و منداڵ و بەتەمەن. ئەم جیاوازییە هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە(عبدالواحد مشیر دزەیی، زمانەوانیی گشتی: ٢٠٢١: ١٢٨):

#### ١-١٤-١- ئاستی دەنگسازی:

دەنگی منداڵ و ئافرەت تیژترن لە دەنگی پیاوان، چونکە تاڵە ژێییەکانی ئافرەت و منداڵ وردترن و باریکترن، دەنگی ئافرەتان لە ڕووی بڕەکانەوە بە بەراورد بە دەنگی پیاوان ڕوونترە، ئافرتان

دەنگەکـان وردتر دەردەبڕن بە بەراورد لەگەڵ پیـاوان، ئـافرەت ڕێگە بەوە نـادات گۆڕانکـاری لە نواندنی دەنگی بکات، ئافرەت ئارەزووی زۆر بەکارهێنانی فۆنیمە ناکەرتییەکانی وەک: ئاوازە و هێز و وەســـتان دەکات، ئافرەت هەندێک لە دەنگە توندەکان نەرمتر دەدەبڕن وەک دەربڕینی دەنگە تەقیوەکان یان هەندێک دەنگ قوت دەدەن.

**١-١٤-٢- ئاستی وشەسازی:**

ئافرەتان وشە و دەستەواژەی تایبەت بەخۆیان هەیە و شورەییە پیاو ئەو دەستەواژانە بەکاربێنێت وەک: هەیرۆ، کوێربم، جەرگت نەســـوتێت، برات نەمرێت. . . هتد، ئافرەتان وشـــەی فەرهەنگی زمانیان دەربارەی ڕەنگ و چێشــت و دوورمان و دیکۆر و کەلوپەلی ناوماڵ و پەروەردەی منالْ. . . هتد. ، ئەو وشـانەی ئافرەت بەکاریدێنێت گوزارشـتە لە بەهێزی هەسـت و سـۆز و میهرەبانی جا بەڕاسـتی بێت یان بۆ جێگەخۆشـکردن بێت، لە قۆناغی هەرزەکاری گەنجینەی وشـەی کچان زیاترە لە کوڕان.

**١-١٤-٣- ئاستی ڕستەسازی:**

ڕســتەکانی زمانی ئافرەت زیاتر وەســفین، ڕســتەکانی هەواڵدان و پرســیار و ســەرســوڕمان بە ڕێژەیان زۆرتر لە پیاوان. پیاوان زیاتر ڕستەکانیان فەرماندان و داوان.

**١-١٤-٤- ئاستی واتاسازی:**

ئافرەت زیاتر بەکارهێنانی زمانیان لە چوارچێوەی ئەو واتایەیە کە بۆی دیاریکراوە، لە زمانەکانی نەتەوە ئیسلامییەکان زیاتر لایەنی نێرینە پەسندکراوە بەسەر لایەنی مێیینە بە تایبەتی لەو زمانانەی جیاوازی نێوان نێر و مێ دەکەن. ، لە زمانی جەســـتەوە ئافرەتان شـــارەزاترن لە پیاوان. . زمانی ئافرەت زیاتر کۆتی بەســـەرەوەیە و وشـــەی تابۆ کەم بەکاردێنن(عبدالواحد مشـــیر دزەیی، زمانەوانیی گشتی: ٢٠٢١: ١٢٨).

# بەشی دووەم

# رێباز و تایبەتییەکانی شێواز

## بەشی دووەم:  ڕێباز و تایبەتییەکانی شێواز:

### ٢-١- ڕێبازەکانی شێواز:

شـــێوازگەرەکان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی شـــێوازگەری لە دەقی ئەدەبی دەکۆڵنەوە، هەندێکییان پەیوەندی شێوازگەرییان چڕکردۆتەوە لە پەیوەندی داهێنەر بەدەق و جەختیان لەسەر ڕەنگدانەوەی کەسـایەتی کردووە لە دەقەکەی، لەم بارەشـدا پەیامی زمانی دەبێتە ناسـاندنی کەسـایەتی داهێنەر، ئەمەش دیارە دەچێتە چوارچێوەی دەروونناسی.

هەندێکی تریش گرنگی بە دەق دەدەن لەگەڵ پەیوەندییەکەی بە خوێنەر و وەرگر، تیایدا گرنگی دەدرێت بە کـاردانەوەی خوێنەری دەق، لێرەدا ڕێژەی کـاریگەری دەبێتە پێوەر بۆ دەقی بـاش و خراپ، دەسـتەیەکی تر داهێنەر و خوێنەر بەلاوە دەنێت و لێکۆڵینەوەکانیان ئاراسـتەی دەق دەکەن، وای بۆدەچن تاکە ڕێگایە بۆ دۆزینەوەی واتا و لایەنە شـــــاراوەکانی دەق لە ڕێگای تایبەتمەندییە زمانییەکەی، کە لە دەقێکی تری جیادەکاتەوە.

بە پێی ســـــەردەم و تێڕوانین جۆرەکانی شـــــێواز گۆڕانی بەســـــەرداهاتووە ئەمەش گرنگترین ڕێبازەکانییەتی:

#### ٢-١-١-- شێوازی دەربرین(ڕێبازی بالی):

بالی ئەم جۆرە شـــێوازە(١٨٦٥-١٩٤٧) ڕابەرایەتی دەکات، مەبەســـت لەم جۆرە شـــێوازە وزەی ئاخاوتنی ئاخێوەرە، کە هەڵگری هەســت و ســۆزیەتی و قســەکەر هەوڵدەدات وشــەکانی بارگاوی بکات بە ڕێژەیەکی زۆر لە واتا، تا کاریگەری بکاتە سەر وەرگر، بەواتایەکی تر خەست کردنەوەی واتا دەگرێتەوە(محمد بن سعيد اللويمي: ٢٠٠٥:٤٤).

بـالی لێکۆڵینەوەی لە فیلۆلۆجی زمـانی یۆنـانی کردووە، دواتر خۆی تەرخـانکردووە بۆ لێکۆڵینەوە زمانی سـانسـکریتی، دوای ئەوەی(سـوسـێر)ی بینیووە و دواتر بەیارمەتی هاوڕێیەکی زمانەوانیی

شوێنی(دی سوسێر)ی گرتۆتەوە و وانەی ڕێزمانی بەراوردی لە زانکۆی جنێف وتۆتەوە، گرنگترین بیروڕاکانی بریتین لە:

- گوتن دەگەڕێنێتەوە بۆ سـایکۆلۆجییەتی تـاک و زمـان بە هۆیەکی دەربڕین دادەنێت بۆ گوزارشتکردن لە هەست و سۆز و هەڵچوون.

-گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەی قسەی تاک لە پاڵ لێکۆڵینەوەی زمان.

-لێکۆڵینەوە لە گوتن بە لێکۆڵینەوە لە شێواز دادەنێت.

-لە زماندا هۆکاری گوزارشتکردن و جیاوازی لە ڕووی سۆزداری نیشان دەدات.


- زمان بە کۆمەڵێک بارگاوی گوازشـتە و لەیەکتر جیاوازن، ئەمەش بە شـێواز دادەنێت، کە لە ئەنجامی ئاوێتەبوون لە نێوان خودی خۆی و دەوروبەرەکەی دێتە ئاراوە.

-جەخت لەسەر لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی ویژدانی گوتنی پەیوەست بە خود دەکات.

- بابەتی شـێواز پێویسـت دەکات لێکۆڵینەوە لە دەربڕینی زمانی بکرێت بێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ قسەکەر، چونکە کەسێتی تایبەت نییە بە شێواز(عبدالواحد دزەیی: زمانەوانیی گشتی: ٢٠٢١: ٢٠٦).

بالی لەم شـێوازگەرییەدا گرنگی دەدات بە چۆنییەتی دەربڕین لە ڕێگای وشـە و ڕسـتە و ڕۆنان و ڕێزکردن کە هەڵقولاوی ویژدانی وەرگرن، بەم شێوەیەش دەربڕینە زمانییەکان دەبنە هەڵگری سۆز و کاریگەری دەکەنە سەر خوێنەر و وەرگر، بالی بۆ ئەم دەربڕینە گرنگی بە زمانی باو واتە زمانی ڕۆژانە parole دەدات نەک زمـانی ئەدەبی و دواتر تـایبەتمەنـدییە کـاریگەری و سـۆزداری و هەڵچوونەکان جیادەکرێتەوە کە جیاوازن لە دەربڕین و دەگۆڕێت بە پێی کەس و دەوروبەر(رجاء عاید: ٣١:١٩٩٣) بالی سەرەڕای گرنگی دان بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک، کە زمانێکە دوور لە قورسی و ئاڵۆزی و زیاتر لایەنی وەسـفی دەگرێتەوە، گرنگی بە ڕۆنانی گشـتی سـیسـتەمی زمان و شیکردنەوەی هێمای زمانیشدا، چونکە چەمکێکن بەستراونەوتەوە بە بیری قسەکەر، بۆیە دەبینین

شێوازگەرییە وەسفییەکەی بالی لەنێوان سێ تەوەرە دەخولێتەوە: ئەقڵ و سۆز و کاریگەری لە خوێنەر.




بالی پێیوایە لە بنچینەدا مرۆڤ بوونەوەرێکی هەستی سۆزدارە و سۆز دەخاتە پێش ئەقڵ، لە ڕێگای زمانەوە دەتوانین ئەم مرۆڤە بدۆزینەوە، لای بالی ڕۆڵی شێوازگەری بە لێکۆڵینەوەی نرخی هەست و سۆزەوە بەندە و هەندێ جاریش بە نرخی دەربڕینی بێ ئاگایی لە چوارچێوەی زماندا. بۆ نرخی کاریگەری ئاگایی چەند شێوازێک هەیە، بۆ نموونە بۆ(مردن) چەند دەربڕینێک هەیە وەک:

-ئەمری خوای بەجێهێنا.

-کۆچی دوایی کرد.

-ماڵئاوایی یەکجارەکی کرد.

هەر یەک لەم دەربڕینانە جۆرێکن لە شێوازی تایبەتی کەسی هەمان بیرۆکە، واتە یەک بیرۆکەیە بەڵام بە شێوازی جیاجیا داڕێژراوەتەوە.

لای بالی ئەم دەربڕینە دوو دوو تایبەتمەندی هەیە کە لەگەڵ بارودۆخەکە گونجاون:

أ- ئاوازە و شێوازی دەربڕینی دەستەواژەکە.

ب- لە ئەنجامی شۆکبوون و هەڵچوون، لابردن دێتە ئاراوە. وەک: داماو شێروان !(عزة آغا ملك: ٨٨:١٩٨٦).

کرۆز کە لایەنگری ئەم ڕێبازەیە چەمکی دەربڕین لای گۆڕاوە بۆ ڕووداوێکی هونەری جوان، نووسەر هەست و لێکدانەوەکانی دەرنابڕێت، ئەگەر کەرەستەی گونجاو و پێویستی کەوتە

بەردەســـــت، بەڵکو هەوڵدەدات لەم کەرســـــتانە بکۆڵێتەوە و پۆلینیان بکات(إبراهيم محمود خليل: ٢٠٠٧:١٥٤).

### ٢-١-٢-- شێوازی دەروونی(لیو سبیتزر Léo Spitzer ):

شـێوازی دەروونی یان تاك لەسـەر دەسـتی لیو سـبیتزرLéo Spitzer (١٨٨٧-١٩٦٠)ی نەمسـاوی دەرکەوت وەک کاردانەوەیەک بۆ شـــێوازگەری بالی و لە ژێر کاریگەری مامۆســـتا ئەلمانییەکەی کارل ڤۆســـلیر(١٨٧٢-١٩٤٩) لە پەرتوکەکەیدا(لێکۆڵینەوەیەک لە شـێواز) لەم پەرتووکەدا ڤۆســـلێر گرنگی بە خودی داهێنەر دەدات بە تایبەتی شێوازەکەی و تەنهایی لە نووسین، ڕەنگدانەوەی خودی نووسەر و کاریگەری لەسەر تایبەتمەندییە شێوازییەکانی(رجاء عايد: ١٩٩٣:٥٣).

شـــێوازگەری دەروونی کاریگەری ئەدەبی بە هۆیەکی گەیشـــتن دادەنێن بە دەروونی داهێنەر لە ڕێگـای فەرهەنـگ و ڕۆنـانە زمـانییەکەی کە هەڵگری دەقە ئەدەبییەکەیە، تـاکو توێژەران بگەنە خودیەتی شێواز لە ڕێگای پێکهاتەی زمانی دەقێکی داهێنراو.

(ســـبیتزر) تارادەیەک ســـەرکەوتووبوو لە بەســـتانەوەی شـــێواز بە لایەنی دەروونی خوودی بەرهەمهێن(نووســـەر) دیســـان توانی خودی داهێنەر لە ڕووی مێژووییەوە بە نێوەندی کۆمەڵایەتی گۆڕاو ببەســـتێتەوە و پێی وایە چینێکە لە کۆمەڵگایەکی گەورە و یەکێکە لە تاکەکانی کۆمەڵ و گیانێکی گشـــتیانە لە پاڵ گیانە خودیە تایبەتە لەناو دەوروبەری کۆمەڵایەتی گشـــتی(رجاء عايد: ١٩٩٣:٥٣) کەواتە تێڕوانینی(سبیتزر) بۆ شێواز لە ڕێگای خودی داهێنەر و تایبەتمەندییە تاکییەکەیەتی لە چوارچێوەی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی مێژوویی و بەشـــداریدەکات لە جوانکردنی شـــێواز بە تایبەتمەندی تایبەت بە پێی ویست و ئارەزوو، بەم پێیەش شێواز دەبێتە تایبەتمەندییەکی کەسی لە دەربڕین و لە ڕێگایەوە نووسەر دەناسینەوە، کە لە چەند ڕێگایەکەوە ئەم کەسایەتیانە دروستبوون و لە ڕێگای چەند خودێکی تر شـــان بەشـــانی یەکتر کۆمەڵێک پێکدێنن و دەژین کە یەک باری کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی تایبەت فەرمانڕەواییان دەکات(رجاء عايد: ١٩٩٣:١٢٦)

شـــێوازگەری دەروونی نقوم بووی خودیەتی داهێنەرانەیە و(ســـبیتزر) لەو بڕوایە دایە شـــێواز دەتوانێت لە ناودەقدا لە ڕێگای شـــێوازە ڕەســـەنەکان و بنەما خودی و تاکییەکان کە هەڵقوڵاوی داهێنەرن لە دەربڕیندا، درک بە کردە زمانییەکان بکات. لێکۆڵینەوە شـــێوازییەکانی لەم جۆرە زیاتر قورسایی دەخەنە سەر گۆڕانە زمانییە بەدوایەکداهاتووەکان کە داهێنەر لە ژێر کاریگەری ئەزموون و هەســت و ســۆزی ئەنجامی داون. شـێوازگەری دەروونی لەم بارەدا بە لێکۆڵینەوە لە ژیاننامەی داهێنەران دەچێت لە ڕێگای زمانی دەق و ئەو واتایەی کە هەڵی دەگرێت.

(سبیتزر) کاریگەری کەسانی پێش خۆی لەسەربوو کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن پەیوەندی هەیە لە نێوان نووســەر و شـێوازەکەی لەوانەش ئەفلاتوون کە وای بۆ دەچوو ئەدگاری مرۆڤ چۆنبێت شێوازەکەشی ئاوا دەبێت، سینیک پێی وایە شێواز وێنەی ڕۆحە و بوفون(١٧٠٧–١٧٨٨) Buffon لە کۆڕی زانسـتی فەرەنسـی وتارێکی گرنگی پێشـکەشـکرد لە سـاڵی 1753 لە ژێر ناونیشـانی(چەند وتارێک لە شـێواز) تیایدا دەڵێت: شـێواز مرۆڤ خۆیەتی واتە وێنەی خاوەنەکەیەتی کە هەسـت و بیرکردنەوە تێڕوانینی دەردەخات، هەروەک عەبدولسـەلام مەسـەدی دەڵێت: فەلسـەفەی خودە لە بوون(عبد السلام المسدي: ٢٠٠٦: ٦٦).

(ســـبیتزر) پێی وایە مرۆڤ کە زمان بەکاردێنێت مەرج نییە پابەندی یاســـا ڕێزمانییەکان بێت و دەتوانێت خۆی لێبدزێتەوە و ڕۆنانێکی نوێ دابهێنێت جیابێت لەوانی تر بەمەش شـــێوازێکی تاکی تایبەت دێتە ئاراوە کە کەسایەتی نووسەر. تیایدا ڕەنگدەداتەوە.

بوفون بە تیۆروکەی کـاریگەری کردە ســـەر ئەوانەی دوای خۆی هـاتن وەک: (بول کلودال، شوبنهاور، فلوبیر، ماکس جاکوب. . . هتد). شێوازی خودی هەروەک فریدیریک دولوفر F. Deloffre –راســتییەکە ئەوەی هەندێ شــارەزایی هەیە دەتوانێت ٢٠ دێرە شــیعر لە شــیعرەکانی ڕاســین (Racine) یان کورنابیان (Corneille)جیابکاتەوە یان لاپەرەیەک لە پەخشـــانی بلزاک (Balzac)یان (Stendhal) ســـتاندال)(عبد الســـلام المســـدي: ٢٠٠٦: ٥٥) جیابکاتەوە ئەمەش وامان لێدەکات دان بە

شـێوازی تاک بنێین کە لە نووسـەرێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت زۆر جاریش دەبێت ئەم شـێوازە ببێتە گشـــتی بۆ هەموو کات و زەمانێک دەســـت بدات کە ڕێگایەکی گشـــتییە چۆنییەتی باس لە چۆنیەتی کاریگەری ئەقڵ لەسەر سروشت دەکات(جميل صليبا: ١٩٧١: ٨١).

## ٢-١-٣-- شێوازی ڕۆنانکاری:

شـــێوازی ڕۆنانکاری گرنگی بە پەیوەندی و گونجانی ناوەوەی دەق دەدات و پتەوییەکەی دەخاتە ڕوو لە ڕێگـای پەوەنـدییە پێکهـاتییە جۆراوجۆرەکـانییەوە وەک بەکـارهێنـانی ڕانـاو ئـامرازەکـانی پەیوەندی و. . . هتد، کە نووسـەر پەنای بۆ دەبات بۆ ڕێکخسـتنی ڕسـتەکان. بنچینەی شـێوازگەری لەســـەر زمان و پەیوەندی نێوان وشـــە و ڕســـتەکان لە ســـنوور و چوارچێوەی دەق دامەزراوە و ئـامـانجی لێکۆڵینەوەیە لە دەقە ئەدەبییەکـان و دوور لە ڕەچـاوکردنی بـاری دەروونی و مێژوویی، هەر بۆیە ڕەخنەگرانی ئەم شـــــێوازە بە دوای ڕەســــــەنایەتی دەق ناگەڕێن، بەڵکو زیاتر گرنگی بە گونجاندنی دەق دەدەن لەگەڵ خۆی دا، لە ڕێگای نزیکایەتی و گونجانی کەرستەکان لەگەڵ یەکتردا، کە جوانی پێکهاتەکان نیشـان دەدەن، لەم سـۆنگەیەوە دەقی ئەدەبی هۆنینەوەی زمانە و گوزارشـت لە خودی خۆی دەکات لە گونجاندنی دانە فەرهەنگییەکان و پەیوەندیان بەیەکەوە.

ئەم شێوازە بە بڵاوترین شێواز هەژمار دەکرێت، کاریگەری ڕۆنانکاری زمانی لەسەرە بە تایبەتیش زانستەکانی وشـەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی بۆ دۆزینەوەی واتا و ڕەنگدانەوەکانی دەق لە ڕێگای شـــیکردنەوەی کەرســـتە زمانییەکان، کە درێژکراوەی بیروڕاکانی ســـۆســـێرە، کاتێک کە جیاوازی لە نێوان زمان و ئاخاوتن کرد، بەهەمان شێوەش درێژکراوەی ڕێبازی بالی یە لە شێوازی دەربڕینی وەســـــفی(محمد اللويمي: ٢٠٠٥: ٤٥) ڕۆنـانکـارییەکـان پەرەیـان پێـداو کەلێن و کەم و کوڕییەکانیان چارەسـەرکرد، شـیکردنەوەی شـێواز لەم بارەدا دەکەوێتە ژێرباری لێکدانەوەی کاری هونەری، چونکە ئۆرگانێکی هەستییە(شفيع السيد: ١٩٨٦: ١١٧).

ئەم ڕێبازە لە ڕێگای شـــیکردنەوەی ڕۆنانی زمان و پێکهێنەرەکانی و ڕادەی گونجانییان لە دەقدا هەوڵدەدات کاریگەری ئەدەبی بەدەســـت بێنێت و لێیبکۆڵێتەوە، ئەم ڕێبازە پێی وایە دەقی ئەدەبی بەرهەمێکی ســـادە و ســـاکار نییە لە ڕووی پێکهاتەوە، بەڵکو ڕۆنانێکی پتەوە لە ڕووی پێکهاتەوە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ بە یاســـایەکی تایبەت پێکهاتەکانی بەیەکەوە دەبەســـتێتەوە و تایبەتمەندی هەر دانەیەک لە دانەکان پەیوەســـتە بە پێکهاتەی گشـــتی و ئەو یاســـایانەی کە کاریان لە دەقەکە پێدەکرێت، بۆیە دانە فەرهەنگییەکان هیچ بوونێکی ســـایکۆلۆجی و فیزیۆلۆجی ســـەربەخۆیان نییە دوور لە و پەیوەندییە گشـــتییەی کە لە ناودەقدا هەیانە، هەربۆیە ناتواندرێت دانە زمانییەکان دوور لەوپەویوەندییەی کە هەیانە لەگەڵ دانە بەرامبەرییەکانیان پێناســـە بکرێن(محمد عزام: ١٩٨٩:١١٠) ئەم کاتە دەتوانین لە ڕێگای زمانی هەڵگری دەق ڕادەی ئاوێتەبوونی ڕوخسار لە ڕێگای دانە فەرهەنگی و ڕســـتە و دەنگ و ڕۆنانە ڕێزمانییەکان لە دەوروبەرێکی ڕێزمانی لەگەڵ ئەو واتایەی لە ئەنجامی پەیوەندییەکانی دێتە ئاراوە بزانین بەواتایەکی تر ڕادەی ئاوێتەبوونی ڕووخســـار و ناوەڕۆک دەستنیشان بکەین.

ڕادەی گونجاوی بەشەکانی دەق و پەیوەندییان بەیەکەوە دەقێکی ئەدەبی لە زمان درووست دەکات سەرەڕای تایبەتییە داهێنانەکەی لە چوارچێوەی دەوروبەری گشتی زمان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەرچەندە دەق گرنگی بە خودی خۆی دەدات ئەوا گرنگیش بە وەرگر دەدات وەک بنەمایەکی گرنگ بۆ کاراکردنی کردەی داهێنان ئەمەش وای لێدەکات ببێتە پارچەیەکی هونەری بەرز و خاوەن سیحری ڕاکێشان و کاریگەری جوانی، تا ببێتە جێگای ڕەزماندی هونەردۆستان و لە چوارچێوەی زمانێکی هونەری ســـوودمەند چێژی لێوەربگرن. جاکۆپســـن ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم جۆرە شـــێوازە هەبووە و پێی وایە ئەدەب دوورترە لە واتا و کاری ئەدەبی دەبێت هەموو ڕێگاکانی شـــێواز بگرێتەوە، چونکە شێواز تاکە پاڵەوانە لەم گۆڕەپانە دا(رجاء عايد: ٤٨:١٩٩٣).

ڕیفاتیر پێی وایە دەق خاوەن ڕۆنانە و پێویســـتە بە دوایدا بگەڕێین هەروەها گرنگی بە وەرگر دەدات بۆ دیاریکردنی شێواز، ئەم شێوازە لێکۆڵینەوە لە داهاتی زمان دەکات و بارگەیەکی بەهێزی زانیاری دەگوازێتەوە(Riffaterre: 1971: 45) هەروەها پێی وایە هەموو ڕۆنانێکی دەق کاردانەوە لای خوێنەر دروســت دەکات، ئەمەش دەبێتە بابەتێک بۆ شــێواز جا هەرچەندە ئەم کاردانەوەیە بە ئاگا بێت هەســـت دەکرێت بابەتەکە بەهێزتر دەبێت(Riffaterre; 1971: 182) ڕیفاتیر گرنگییەکی زۆری بە دەوروبەری شێوازی دا وای پێناسەکرد کە ڕێکخستنێکی زمانییە(شكري عياد: ١٤٨:١٩٨٥) بەشێوەیەک بەشـــێکی تـایبەتی لە پەرتووکە بەنـاوبـانگەکەی(هەوڵەکـان بۆ شـــێوازگەری ڕۆنـانکـاری) بۆ تەرخانکردووە و دەوروبەری دابەشــکردووە بۆ دەوروبەری گەورە و بچووک. یاکۆپســن یەکێکی ترە سەر بەم ڕێیازە هەرچەندە بیرجیرۆ پێی وایە سەر بە ڕێبازی شێوازی ئەرکییە.

**٢-١-٤- شێوازی ئاماری:**

شـێوازی ئاماری بیرکارییە دەقی ئەدەبی شـیدەکاتەوە بۆ دەسـتنیشـانکردنی تایبەتییەکانی گوتاری ئەدەبی و ئامرازە ڕەوانبێژییە جوانکارییەکانی. ئەم جۆرە پێی وایە شێواز بریتییە لە هەڵبژاردنەکانی دانەر، جا ئەگەر ئامارێک بۆ ئەو هەڵبژاردنانە بکرێت ئەوا شـێوازی نووســەر دەناسـرێتەوە(حسـن ناظم: 2002: 49) ئەم جۆرە شـــێوازە تایبەتە بە بڕ و ئاماری دیاریدەی زمانەوانیی لە دەق و لە ئەنجامی ئامارەکان یاســاکانی بنیات دەنێت، ئەمەش وردترین و ئاســانترین ڕێبازە بۆ ئەوانەی بە دوای وردی دا دەگەڕێن و خۆ لە ڕەخنەی خودی بەدوور دەگرن(محمد عبدالمطلب: ١٩٨:١٩٩٤).

لەم ڕێبازە ئامارێک دەکرێت بۆ نرخی ژمارەیی بە پێی کەم و زۆری کە هەڵسەنگاندنەکەی لەسەر دەکرێت، ئەم جۆرە ڕێیازە دەبێتە مایەی ساغکردنەوە و دەرەنجامێکی دروست و بابەتی ڕەخنەگر.

**٢-١-٥- شێوازی بازنەی فیلۆلۆجی:**

ئەم ڕێبازە بە سێ قۆناغ لێکۆڵینەوە لەسەر کاری ئەدەبی دەکات:

قۆناغی یەکەم: ڕەخنەگر ســــەرەتا دەقەکە دەخوێنێتەوە تا ســــیمایەکی دیار دەدۆزێتەوە کە دووبارەیەکی بەردەوامی بەخۆوە گرتووە.

قۆناغی دووەم: ڕەخنەگر هەوڵدەدات تایبەتمەندییەکی ســـایکۆلۆجی بدۆزێتەوە کە ڕوونکردنەوەی دیاریدەکە لەخۆوە بگرێت.

قۆناغ سێیەم: جارێکی تر بۆ دەقەکە دەگەڕێتەوە تاکو بەدوای چەند دیاریدەیەکی تری تایبەتمەندی ئەقڵی بگەڕێت.

ئەم ســـێ قۆناغە بازنەیەک جار دوای جار بە چوارچێوەی دەقەکەدا دەکێشـــن هەر جارەی دیاریدەیەک زەق دەبێتەوە و لێکۆڵینەوەی دەربارەی دەکرێت(عبدالسلام المسدی: ٢٤٤:٢٠٠٦)

**٢-١-٦- شێوازی ئەرکی(لادان):**

لادان بەکارهێنانێکی داهێنەرانەی زمانە بۆ وشـــە و ڕســـتە و وێنە. . . . هتد، بەکارهێنانێک کە لە شـێوەی باوی دەرچووبێت و تایبەتمەندی تاک و داهێنان و ڕاکێشـانی پێوەدیاربێت، لادان زاراوەی جۆراوجۆری بۆ دانراوە بۆ نموونە: لیچ: لادان، ڤالیری: زێدەڕۆیی، ســـپیتز: لادان، جان کوهین: ســەرپێچی، تۆدۆرۆف: شـکاندنی یاسـا و نەریتەکان، ئارگۆن: دەسـتکاریکردن، پارت: ناشـیرین کردن، ســـیری: ســـــەرپێچی، ڕینیە ویلک: تێکدان، پاتیار: دەرکەوتن، یاکۆپســــن: نائومێدی. . . هتد(یوسـف ابو العدوس: ٣٧:٢٠٠٧). پول ڤالیری دەڵێت: . شـێواز لادانە لە یاسـاو و دەسـتوور، کەواتە لادان دەرچوونە لە شـێوەی باوی قسـەکردنی ئاسـایی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ ئەم جۆرە لە سـەر دوو بنەما بەندە.

أ- لێکۆڵینەوە لەســـەر دەقێکی زۆر کە جۆر و ڕەگەزەکـانی ئەدەب بگرێتەوە بۆ دۆزینەوەی میکانزمێک بۆ دۆزینەوەی شێواز.

ب- ســوود وەرگرتن لە زانســتی دەروونناســی و خوێندنەوەی زۆری دەقەکە بۆ خۆخزاندنە ناو ناخی دەقەکە(إبراهيم محمد: ٩:١٩٨٣)

ریفاتیر بۆ لادان دوو زاراوەی گرنگ باس دەکات کە بریتین لە:

-کاردانەوە( rebound)

بریتییە لە کاردانەوەی ئەو واقیعە شێوازەی، کە پێشتر خوێنەر نرخەکەی دۆزیوەتەوە.

-دەق ئاوێزان، ئاوێتەبوونی دەق:

بریتییە لەو کاریگەرییەی کە لە ژمارەیەک شێواز دروستبووە، تاکو هێزێکی دەربڕینی کاریگەر دروست بکات، کە نموونەی بە ئاگایی زیاترە بۆ بەکارهێنانی زمان(شكري عياد: ١٩٨٨ : ١٥٠) لێرەدا برنرد شبلنرن هەندی پرسیار دەکات:

-لە چ ئاستێکی زمان دەتواندرێت لادان بکرێت؟

-دەق لە چ شتێکدا بەوردی دەق لادان دەکات؟(برنرد شبلنرن: ٦٨:١٩٨٧) نووسەر لە پەیامەکەی ئامانجی ئەوەیە، کە خوێنەر بکاتە هاوبەشی خۆی لە لێکدانەوە و شیکردنەوە، جا چ ڕوودەدات ئەگەر لادانەکە زۆربوو و بوە هۆی لێلی پەیام ئەمەش ڕویداوە، چونکە خوێنەر ناتوانێت کۆدەکان بکاتەوە و واتاکەی بدۆزێتەوە، بۆیە زۆرجار دەگوترێت لادان دەبێتە هۆی لێلی و بێهێزکردنی دەق جا هەرچەندە شاعیر هەوڵبدات لە لادان قووڵ بێتەوە ئەوا زیاتر لە جەماوەرەکەی دوور دەکەوێتەوە(خلیل الموسی: ١٩٩١: ٩٩).

شاعیری گەورەی ئینگلیز(کیتس kits) یەکێک بووە لەوانە، کاتێک نامەیەکی بۆ براکەی نووسی لە ١٨ شوبات ١٨١٩، سەرکۆنەی ئەوانەی کرد، کە واتای وشەفەرهەنگییەکە وەردەگرن دوور لە واتا دوورەکەی(هنري بير: ٨: ١٩٨١) لایەنگرانی فیجنشتاین بەم جۆرە شاعیرانە دەڵێن دەمارگرژەکان، چونکە لادانی قووڵ قسەی بێ نرخ بەرهەمدێنێت(مورتون وايت: ١٠٧:١٩٧٥).

لادان ڕێگای داهێنانی شیعرە لە ناو زمانی پەخشان و ئەرکی دروستکردنی وروژاندن و ڕەنگدانەوەیە(خلیل الموسی: ١٩٩١: ١٠٠).

لێرەدا پرســـیارێک دێتە ئاراوە تا چ ڕادەیەک لادان دەتوانێت بەردەوام بێت؟ ئایا ئەرکی کاریگەری دروستکردن پاساوە بۆ دەستاودەستپێکردنی خوێنەر و دوور کەوتنە لە خوێنەرێکی زۆر، چونکە ئەدەب، ئامانجی گەیاندنی پەیامە و پەیوەندیکردنە؟ بەم پێیەبێت نابێت لادان ئەوەندە قوڵبێت و خوێنەر لە خۆی دابڕێنێت.

**٢-١-٧- شێوازی کاریگەری:**

ئەم ئاراستەیەی شێواز گرنگی بە وەرگر دەدات و پێوانەی کاریگەری دەق لەسەر وەرگر دەخاتە ڕوو لە ڕێگای کاردانەوە و بەپیرەوەهاتن، وەرگر لەم ڕێبازەدا مافی ئەوەی هەیە واتای دەق فراوان بکات بە پێی تاقیکردنەوە و توانستی خۆی، خوێنەر واتای وشەکان دیاری دەکات لە ڕێی فەرهەنگی خودی خۆیەوە لە چوارچێوەی واتا گونجاوەکەی. دەوروبەرەوە کۆدەکاتەوە، لە ڕێی فەرهەنگی خودی خۆی لە چوارچێوەی واتا گونجاوەکەی لە دەوروبەر، دواتریش قۆناغی بەستنەوەی وشە و ڕستەکان لەگەڵ پەرەگراف دەستپێدەکات، ئینجا قۆناغی شیکردنەوەی واتایی دەست پێدەکات، کە بریتییە لە بەستنەوەی بیرۆکەی پەرەگرافەکان لەگەڵ یەک تا بنیاتێکی واتایی ڕێک و گونجاوی هەبێت، ئەوسا لەسەر کۆئاستی دەق پەیوەندی واتایی هەموو یەکەکان بە شێوەیەکی هەڕەمی پلیکانەیی دەردێنێت و بە بیرۆکەکانییەوە دەبەستێتەوە(عبدالواحد مشیر دزەیی پراگماتیکی دەق و گوتار: ٢٠١٤: ٦٢).

**٢-١-٨- شێوازی دەنگی:**

زانستی جوانی زمانی پێدەگوترێت، بابەتەکانی بریتین لە لێکۆڵینەوە لە یەکە زمانییەکان و دەوروبەری دەنگی لە دەقی ئەدەبی لەگەڵ لێکدانەوەی ئەو نیشانانەی کە واتا و ڕەنگدانەوە دەنوێنن کە یارمەتی گواستنەوەی بیرۆکە دەدەن و پشت بە گۆڕانکارییە دەنگییەکان دەبەستێت. ئەم شێوازە گرنگی بەم سێ لقە دەدات:

-لێکۆڵینەوە لە دەنگە ئەبستراکەکان.

-لێکۆڵینەوە لە ترپە و کاریگەری لەسەر جوانی قەسیدە.

-لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان دەنگ و واتا(إبراهیم محمود خلیل: ٢٠٠٧: ١٥٣).

لایەنی فۆنۆلۆجی لە ئاستی دەنگدا، کە(فۆنیم و بڕگە) دەگرێتەوە، هەروەها(هێزوئاوازە) کە دو دیاردەی واتاسازین، کاریگەرییان هەیە، لەسەر گۆڕینی شێوازی ئاخاوتن و گۆڕینی تێگەیشتن و کاردانەوەکانی گوێگر، چونکە دەتوانین بە گۆڕین یان زیادکردن یان لابردنی دەنگێک یان زیاتر، دۆخی ڕستەیەک بگۆڕین لە ئەرێ بۆ نەرێ، ئەمەش واتە دەتوانین لە شێوازی ستایشەوە بیگۆڕین بۆ شێوازی زەم کردن، وەک:

-ئاری قوتابییەکی ژیر و هێمن و زیرەکە. . . . دۆخی ئەرێ/ شێوازی ستایش و پیاهەڵدان.

- ئاری قوتابییەکی ژیر و هێمن و زیرەک نییە. . . . . دۆخی نەرێ/ شێوازی زەمکردن و داشکاندن.

گومان لەوەدا نییە، کە ئەم دوو ڕستەی سەرەوە، ئەگەر بەشێوازی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی گوێگر بکرێن، کاردانەوەی جیاواز، لە هەست و دەرونی گوێگردا بەرهەم دێنن. کە لەبنچینەدا بەهۆی زیادکردنی دودەنگی(نی) کە لە ئاستی ڕێزماندا بە مۆرفیمی نەرێکردن ناودەبرێ، ئەم گۆڕانکارییە ڕوداوە، هەروەها ئەگەر سەرنج بدەینە دایکێک، کە منداڵێکی شیرەخۆرەی هەیە، بەهۆی گۆڕینی ئاوازی گریانی منداڵەکەی دەزانێ، ئەو منداڵە پێویستی بە پاک کردنەوەیە، یاخود برسییەتی، یان خەوی دێت، کە ئاسان نییە، کەسانی تری جگە لە دایکی منداڵەکە، ئەو شێوازانە جیابکەنەوە. هەروەها(ئاوازە)ش دەتوانێ کاریگەری هەبێ لە دروستکردنی شێواز وکاریگەری جیاواز، چونکە بەگۆڕینی ئاوازی ڕستەیەک واتای ڕستەکە دەگۆڕێت، بەگۆڕینی واتاش دەکرێ شێوازی ئاخاوتنی جیاواز بەرهەم بێت، ئاوازە بەستراوە بە میلۆدی قسەکەرەوە، ئەم میلۆدییە هەست و ناسنامەی دەروونی قسەکەری تێدا دەرئەکەوێ وەکو توورەیی ونەرمی وسەرسوڕمان. ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی تریشەوە بەگۆڕینی ئاوازە جۆری ڕستەکە ئەگۆڕێ وەک لە ڕستەی هەواڵدان و

پرسیارکردن و فەرمان و. . . هتد(غازی فاتح وەیس: ٩٣:١٩٨٤) بۆ نموونە ڕستەی(نەڕۆی دەتکوژم) بە پێی جۆری ئاوازی ڕستەکە دو واتای جیاوازی هەیە، وەک:

+ (ئاوازەی بەرز بۆ نزم): نەڕۆی دەتکوژم.

+ (ئاوازەی نزم بۆ بەرز): ئەگەر بڕۆی دەتکوژم.

هەمان شـــێوە(هێز)یش دەتوانێ لە دروســـتکردنی شـــێوازی جیاوازدا ڕۆڵ بگێڕێت، چونکە بە گواستنەوەی هێز لە بڕگەیەکەوە بۆ سەر بڕگەیەکی تری هەمان وشە، واتای جیاواز بەرهەم دێت، بەتایبەتیش لە وشە هاوواتاکاندا، وەک:

+ کەرە(ئاژەڵی گوێدرێ).

+ کەرە(ڕۆنی ئاژەڵ)(غازی فاتح وەیس: ٩٤:١٩٨٤)

واتە گۆڕین و زیادکردن وکەمکردنی دەنگ و گۆڕینی هێزوئاوازەی ڕســتە، کە یەکە پێکهێنەرەکانی ئاستی دەنگسازین، لە توانایاندا هەیە، ڕۆڵبگێڕن لە دروستکردنی شێوازی جیاواز، چونکە، توانای گۆڕینی واتایان هەیە، بونیادی هەر شـــێوازێکی زمانیش، کە جیاواز بێت لە شـــێوازەکانی تری هاوشـانی بەبێ گۆڕانکاری واتایی ڕونادات، سـەرنجام کاریگەریشـی دەبێت لەسـەر تێگەیشـتن و کاردانەوەکانی گوێگر.

## ٢-٢- جۆرەکانی شێواز

مارتی پێنج جۆرە شێواز جیادەکاتەوە کە بریتین لە:

### ٢-٢-١- شێوازی وشک:

گرنگی بە وەرگر نادات و وەرگریش کاریگەری لەســەر نابێت، چونکە شـێوازێکی فەرمی توونده و بە شــێوەی پەخشــان دەخرێتەڕوو و لە کتێبە زانســتییەکان بەکاردێت. ئەم شــێوازە بەکاردێت لە زانســـتە ڕووتەکانی وەک پزیشـــکی و ئەندازە و فیزیا و کیمیا و. . . هتد، کە زانایان بیرۆکەکانی

خۆیانی پێ دەردەبڕن بە مەبەستی فێرکردن و تێگەیشتن. مەبەست لەم شێوازە گواستنەوەی ڕاستی زانستەکانە بۆ تێگەیشتن و ڕازیکردن، بنەماکانی ئەم جۆرە شێوازە بریتییە لە:

+ بیرۆکە و واتا:

بنەمایەکی گرنگە لە شێواز، بیرۆکەکان تاڕادەیەک وشکن، چونکە ناکەوێتە بەر کاریگەری هەست و سۆز.

+ وشە و دەستەواژە:

وشە و دەستەواژەکان دەبێت ورد و سنوورداربن و بارگاوی نەبن بە هەست و سۆز، تایبەتییەکانی ئەم شێوازە بریتین لە:

- ژمارە و زاراوەی زانستی تێدا بەکاردێت و واتای وشەکان ڕوون و دیاریکراون.

- وشەکان بە وردی بەکاردێن وێنەی ئەندێشەیی و ڕەوانبێژی تێدا نییە.

- بابەتەکانی زانستین و بیرۆکەکان ڕوون و دیاریکراون و بیرۆکەکان ڕێکخراون و واتاکان بەدوای یەکداهاتوون.

- دوورە لە هەست و سۆز و بیروڕای نووسەر تێیدا ڕەنگ دەداتەوە.

- ئەقڵ دەدوێنێت بە مەبەستی تێگەیشتن و ڕازیکردن.

- مەبەستی گەیاندنی زانیاری و زانستە بۆ چینێکی تایبەت بە بوارەکە.

**٢-٢-٢- شێوازی فەرمی:**

وەرگر بەشدارییەکی کەمی هەیە لەسەر ئەم شێواز و پێشوەخت ئامادەکراوە وەک ئەو شێوازەی کە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا بەکاردێت.

**٢-٢-٣- شێوازی ڕاوێژکاری:**

بەشداری وەرگر تیایدا کەمە و دەربڕینی ئاڵۆزی تێدا نییە، وەک شێوازی ئاخاوتنی وەزیر و جێگر و ڕاوێژکارەکان یان ڕاگر و مامۆستاکان لە کۆلیژ شێوازێکی نیمچە فەرمییە، پێی دەگوترێت

ڕاوێژکاری، چونکە ڕاوێژکارەکان زانیاری و ڕێنمایی پێویســــت دەدەن، بە ڕاوێژپێکەرەکانییان، دەربارەی بابەتی ڕاوێژ لەسەرکراو، زیاتر پشت بە شێوازی وتاری ڕاستەوخۆ دەبەستێت، خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی لە کاتی بوونی پێویستیدا، پەنا بۆ کەسانی شارەزای بوارە جیاجیاکان دەبەن، بۆ ڕاوێژپێکردنییان.

**٢-٢-٤- شێوازی ئاسایی:**

ئەم جۆرە لە نێوان هاوڕێ و ناسیاوان باوە و بە زمانی ئاسـایی قسـەدەکرێت، ڕسـتەی کەمە و لارســـتەی تێدا زۆرە پەیوەندی ئاســـایی لە نێوان ئاخێوەراندا هەیە بۆ نەپچرانی ئەم پەیوەندیە ئاسـۆییەی نێوانییان زیاتر ئەم شـێوازە بەکاردێنن کە زمانی هێز تیایدا بە دەگمەن بەکاردەهێنرێت تەنها لە باری هەڵچوون و تووڕەبوون و دڵڕەنجان نەبێت. ئەمە شـــێوازی ئاســـایی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانە، گفتوگۆی مرۆڤەکان لە باری ئاســـایی ژیانی ڕۆژانەیاندا، لەو جۆرەیە، لە کەشێکی ئارام و بارێکی دەروونی ئارامدا ئاوخاوتنەکانییان بەڕێوەدەبەن.

**٢-٢-٥- شێوازی هەست وسۆز:**

ئەم شـێوازە ئەرکی دەربڕینی هەسـت و سـۆز دەبینێت زیاتر لە بیرۆکە، وەک: شـێوازی ئەدەبی و شـــێوازی ئاخاوتنی نێوان کەس و کار و هاوڕێی زۆر نزیک(شـــێرزاد صـــبری علی و عەبدولســـەلام نەجمەدین: ٢٠١١:٢٣٢). ئەدەب بەرهەمی شاعیر و نووسەرانە بە هەردوو لقەکەیەوە شیعر و پەخشان، شێوازی ئەدەبی ئەو شێوازەیە کە شاعیران هۆنراوەکانییان پێ دەهۆننەوە و نووسەران لە وتار و نامە و چیرۆک و. . . هتد بەکاریدێنن، ئەم جۆرە شـێوازە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی شـێوازی ئەدەبی لە ڕووی ڕوخســـار و ناوەرۆکەوە، پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە هەوڵی دۆزینەوەی ئەرکی هونەری زمانی دەق لە ڕێگای تەواوکاری نێوان لایەنی جوانی ئەدەب دەدەن، کە جێگای بایەخی ڕەخنەگرە لەگەڵ لایەنی وەســـفی زمانی، ئەم جۆرە گرنگی بە شـــێوە و ڕۆنان دەدات نەک واتا(محمد اللويمي: ٢٠٠٥: . ٤٨). بنەماکانی ئەم شێوازە بریتییە لە:

+ بیرۆکە و واتا:

بیرۆکە لەم شـــێوازەدا تێکەڵ بە هەســـت و ســـۆز دەبێت و جل و بەرگێکی ڕازاوەی بەبەر بیردا دەکات و دووری دەخاتەوە لە وشـــکی و وای لێدەکات ببێتە بابەتێکی گونجاو بۆ گوێگرتن. بیرۆکە لەم شێوازەدا فەلسەفەی شاعیر و نووسەری تیا ڕەنگ دەداتەوە.

+ هەست و سۆز:

هەســـت و ســـۆز، بەژن و باڵای شـــێوازی ئەدەبییە، لە ســـنووری واقیع ناوەســـتێت و لە ڕێگای ئەندێشەوە دروستی دەکات.

+ وێنەی ئەندێشەیی:

هەســـت و ســـۆز. وێنەی زۆر پێکدێنێ بۆ کاریگەری دەروونی هەڵقوڵاو لە وێنە و ئەندێشـــە، کە لە سۆزی ڕەسنەوە هەڵقوڵاون.

+ دارشتنی وشە و دەستەواژە:

وشـــە و دەســـتەواژەکان دەبێ بارگاوی بن بە هەســـت و ســـۆز لە ڕووی هەڵبژاردن و مۆســـیقا و ڕێکخستن و پاش و پێشـخستن و لابردن و کورتبڕی و درێژبڕی، تاکو ڕەنگدانەوەیەکی گونجاو و کاریگەر دروست بکات. تایبەتییەکانی ئەم جۆرە شێوازە بریتییە لە:

- باس لە بابەتێکی هونەری دەکات.
- ژمارە و زاراوەی زانستی و ئاماری تێدانییە.
- وشەکان بە وردی هەڵدەبژرێن تا خۆیان بە جوانی دەربخەن.
- وێنەی ئەندێشەی تیا بەکاردێت
- ڕەوانبێژی تیادا بەکاردێت و شێوازی جۆراوجۆر دەگرێتە بەر لە نێوان دارشتن و هەواڵدان.
- هەست و سۆزی شاعیر و نووسەر تیادا ڕەنگدەداتەوە و کەسایەتی تیا دەردەکەوێت.
- ئامانجی وروژاندنە و هەست و سۆز دەدوێنێ بۆ وروژاندن و کاریگەری کردنەوە سەر وەرگر.

بەڕای من باشترین دابەشکردن بۆ شێوازی کۆمەڵایەتی دابەشکردنەکەی(د. عبدالواحد دزەیی)ە، کە شێوازی بە پێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دابەشکردووە بۆ:

**أ- شێوازی ستوونی:**

ئەم شێوازە کۆمەڵایەتییە لە نێوان کەسی بەدەسەڵات و کەسی بێدەسەڵاتە کە پەیوەندیەکی بێهێزە هەرکاتی ئەم دەسەڵاتەنەمێنێ پەیوەندییەکەش دەگۆڕێت و تانزمتین ئاست دەروات و تادەگاتە پچران. وەک پەیوەندی نێوان وەزیرێک و جێگرەکەی و پەیوەندی جێگرەکەی بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان و پەیوەندی ئەمانیش بە بەڕێوەبەرەکانی تر و پەیوەندی بەڕێوەبەرەکانیش بە سەرۆک بەشەکان و پەیوەندی ئەمانیش بە فەرمانبەرەکان(ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح: ٢٠٠٩:٨٥).

شێوازی ستوونی دەبێتە دوو بەش:

+ بەرز بۆ نزم:

زیاتر ئەم جۆرە شێوازە لە گوتنی کەسانی سیاسی و دەسەڵاتدار و پیاوانی پلە بەرز. . . هتد. دەبینرێت و جۆرە ئاوازیەکی نزمی هەیە لە دەربڕیندا(تونیا ڕیمان: ٢٠٠٩:٢٢٠) هەندێ جار لە ڕێگای هێما نازمانیەکانەوە دەناسرێنەوە وەک ئەستێرەی سەرشان و خەت و تەخت و پارە(محمد معروف فتاح: ١٩٨٥:٤٣) هەندێ جاریش چەک و ئۆتۆمۆبێلی تایبەت. . . هتد، یان شێوەی دەست لەکاتی گوتن کە شێوەکەی بۆ خوارەوەیە، چونکە بۆ سەرەوە بێدەسەڵاتی دەدات سواڵکەرەکان بەکاریدێنن(لیلی شحرور: ٢٠٠٩:١٨٥) دەست لەدواوە گرتن لەکاتی وەستان دیسان نیشانەی هێز و دەسەڵاتە(تونیا ڕیمان: ٢١٦: ٢٠٠٩) جگە لەمەش ماوەی نێوان قسەکەر و گوێگر دوورییەکی بەرچاو لە نێوانیاندا هەیە(هدسن: ١٩٨٧: ٢٢٨) لە شێوازی هێزدا ڕێز نامێنێ، چونکە دەسەڵات بەکار دێت نەک پێوەری کۆمەڵایەتی، ئەگەر گوتنەکە ڕێزیشی تێدابێت ئەوا هەر شێوازی هێزە، چونکە بە زمانی هێزەوە دەربڕاوە بۆنموونە ئەگەر فەرمانبەرێکی پەرتوکخانە بە ئامادەبووان بڵێ: تکایە بێدەنگ بن.

ئەم ڕســتەیە ڕســتەیەکی داخوازییە و تکای تیابەکارهاتووە و بە ڕێزەوە دەربڕاوە، بەڵام ڕێزەکە ئەکتیڤ نابێ، چونکە هێز ودەسەڵات بەکارهاتووە گوێگر وا هەست دەکات ئەمە دوا ڕاگەیاندنە ئیتر ئەگەر بێــدەنــگ نەبن ئەوا دەردەکرێنەدەرەوە، بۆیە دەکرێ ئەم جۆرە هێزە بە هێزی ڕێزدار ناوببەین، و زۆرجاریش پەیوەندی نێوان دووکەســـــی نزیک لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم هێزە تێکدەچێت کە نیشـانەی دەسـەڵات و بەهێزی و بەری پلەوپایەی. قسـەکەرە. و کە گوتنەکانی زیاتر فەرماندان و دەســـتکاریکردنی کاروبار و هەرەشـــە یە و ئاوازی دەربڕینەکەش توندە، ئەم جۆرە پەیوەندیە پەیوەندیەکی ســـتوونییە لە نێوان قســـەکەر و گوێگر. بەم پێیە دەتوانین ئەم گوتنە هێزدارەش دابەش بکەینە سەر دوو جۆر:

أ-هێزی توند: ئەم هێزە پەیوەستە بە پەیوەندی ستوونی نێوان ئاخێوەران واتە لە کەسی بەرزەوە بۆ کەســی نزم بە واتایەکی تر لە نێوان کەســی دەســەڵاتدار و بێدەســەڵاتە کە بە ڕاســتەوخۆی دەردەبڕدرێت.

ب-هێزی ڕێزدار: ئەم هێزە جۆرە ڕێزێکی تێدایە و لەشـــێوەی داوا پێشـــکەش دەکرێت یا بە ناڕاستەوخۆیی دەردەبڕدرێت. ڕەچاوی تەمەن و بارودۆخ دەکرێت.

+ نزم بۆ بەرز:

ئەم جۆرە شـــێوازە زمانی کەســـانی بێدەســـەڵات و هەژار و لێقەوماوە وەک مناڵ و ئافرەت و دەرۆزەکەر. . . . هتد، کەســـانی شـــێوازێکی نائاســـاییە لە بارێکدا دەبێت کە مرۆڤ تووشـــی کەموکوریەک یان هەڵەیەک یان پێویستییەک دەبێت و بۆ بەرژەوەندی خوی کەسانی نزیک بەکاری دێنێ تا ببێتە جێگای ڕەزامەندی کەسی سەرووی خۆی. کە هەندێ جار لەرێزەوەیە Respect وەک لە بەکارهێنانی هەندێ دەســـتەواژەی وەک: ڕێزدار، خاتوون، جەناب، هێژا. ، ، هتد. ، هەندێ جاریش لە بێ دەســـەڵاتییە. جا بە پێی ئەم دوو هێزە کۆمەڵ دەبێتە دوو چین چینی بەهێز و دەســەڵات کە بەرپرســە حکومی و ســەرۆک هۆزو پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، و چینی

بێهێزیش کەسانی ئاسایی و بێدەسەڵات و کەمدەرامەتەکان دەگرێتەوە. ئەم شێوازە لەکەسی بێدەسەڵاتەوەیە بۆ کەسی بە دەسەڵات واتە پەیوەندییەکی ستوونییە.

**ب- شێوازی ئاسۆیی:**

ئەم پەیوەندییە لە نێوان تاکە ئاساییەکانی نێو کۆمەڵە، واتە کەسە هاوشانەکانە قسەکەر و گوێگر لە چینی بێدەسەڵات خۆیان دەنوێنن دەسەڵات ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینێ، بەڵکو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پیادەکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکان Socialrules ڕۆڵی خۆیان ئەبینن و پتەوترە لە پەیوەندی ستوونی وەک پەیوەندی نێوان دوو وەزیر یان دوو بەرێوەبەری گشتی یان دوو فەرمانبەر. . . هتد. کەواتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی و لە باری ئاساییدا ئاسۆی و ستوونین و لەباری نائاسایشدا دەبێتە ستوونی و لە شوێنە فەرمییەکانیش ئەوا پەیوەندییەکان ستونی و ئاسۆین، بۆ نموونە پەیوەندی بەرێوەبەرێکی گشتی بە فەرمانبەرێک لە فەرمانگەکەی ستوونیە پەیوەندی فەرمانبەرەکە بە فەرمانبەرانی تر ئاسۆییە(تونیا ریمان: ٢٠٠٩:٢٢٢)

بەکارهێنانی ئەم دوو شێوازە دیاردەیەکی زەق و بەرچاوە و ئەوەی دەسەلاتمان بەسەردا بشکێت بەهێز قسەی لەگەڵدەکەین و ئەوەی هاوشانی خۆمانیشبێت شێوازەکانمان ئاسای دەبێت و ئەوەی باڵا دەستیش بێت بە شێوازی بێهێز. قسەی لەگەڵدا دەکەین بۆ بەرژەوەندی خۆمان و کەسانی نزیک. جا شێوازی هێز و بێهێز ی قسەکەر لە بەرزو نزمی دادەبێت بە پێی ڕێزبەندی و چینەکانی کۆمەڵ دوورو نزیکی نێوان ئاخێوەران.

**٢-٣- شێواز و پەیوەندی بە زانستەکانی تر:**

**٢-٣-١- شێواز و ئەدەب:**

شێواز لە بارێکدایە تایبەتمەندی لێکۆڵینەوە زمانییەکان دیاریدەکات و لە دەورووبەری پێراگەیاندنەوە دەیگوازێتەوە بۆ ئەرکی جوانکاری هەر بۆیەش یاکۆپسن دەڵێت: شێواز ئاخاوتنێکی هونەرییە و مارۆز کرازۆ ش دەڵێت: لێکۆڵینەوە لە شێواز دەکەین لە چوارچێوەی جوانی زمان،

هەروەها شارل بالیش پێی وایە شێواز لایەنی سودمەندی گەیاندنی تێدایە. شێواز لە خاڵێکی نەگۆر ناوەستێ. بۆ پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەیی و ڕەوانبێژی و زمانەوانیی لە دایک بووە(إبراهیم عبدالجواد: ١٥:١٩٩٤). هەر بۆیەش پەیوەندی بەم سێ زانستەوە هەیە:

١- پەیوەندی لەگەڵ زمان پەیوەندی سەرچاوەیە واتە زمان سەرچاوەی شێوازە.

٢-پەیوەندی بە ڕەخنە پەیوەندی ئامرازەکانی کارکردنە.

٣- پەیوەندی بە ڕەوانبێژی پەیوەندی جمکایەتی و ڕەسەنایەتییە.

شێواز و ڕەخنە لە خاڵی چارەسەری ئەدەبی یەکدەگردنەوە لە چوارچێوەی بنەماو ڕەهەندە هونەری و داهێنانەکانییەوە وایان لە ڕەوانبێژی و زمان کردووە ببنە پردێک بۆ وەسفکردنی دەقی ئەدەبی(یوسف أبو العدوس: ٥٢:٢٠٠٧) ڕەخنە کارێکی ئەدەبی هەڵدەسەنگێنێ لە ڕێگای واتای هەڵسەنگاندن بەڵام شێواز جەخت لەسەر بنەما جوانییەکانی دەکات، کە کارەکەی لەسەر بنیاتنراوە. لە ڕەخنە سەرەڕای پشت بەستنی بە بنەمای جوانی پشت بە بنەمای دروستی زمانیش دەبەستێتەوە، بەمەش شێواز ئەڵقەی گەیاندنی زمان و ڕەخنەیە(یوسف أبو العدوس: ٥٢:٢٠٠٧).

- پەیوەندی نێوان شێواز و ڕەخنە دەتوانین لە سێ بۆچوون دا بخەینە ڕوو:

١- شێواز جیاوازە لە ڕەخنە و جێگرەوەی نییە، بەم پێی ڕەخنە تێگەیشتنی فراوانە، بەڵام شێواز ئاراستەکەی سنووردارە پێیان وایە ڕەخنە تێڕوانینەکەی تاقیگەراییە هەموو ئامرازێکی هونەری بەکاردێنێت وەک زمان و چێژی هونەری و ڕێکخستن دواتر بە باشی یان خرابی هەڵیدەسەنگێنێت بەپێی ئەو ئەنجامەی کە بەدەستی هێناوە بەڵام شێواز ئامانجەکەی جوانییە و بەرز نابێتەوە بۆ بڕیاردان و هەڵسەنگاندن بە باشی و خراپی(عبدالسلام المسدي: ١١٥:١٩٧٧).

٢- ئاماژە بۆ ڕەخنەی شێوازی دەکرێت کە لقێکە لە زانستی شێواز و پێوانە و هەڵسەنگاندنی خۆی هەیە.

٣- هەر یەک لە شێواز و ڕەخنە سەربەخۆن و هەریەکەیان دەتوانێت زانیاری بەیەکتر ببەخشن لە چوارچێوەی وەسف و شیکردنەوە و لێکدانەوە، ڕەخنە دەپەڕێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان، بەڵام شێواز لە سنووری دۆزینەوە و ڕاگەیاندن دەوەستێت، ڕەخنەگران نکۆڵی ئەوە ناکەن، کە شیکردنەوە شێوازییەکان سوودیان پێناگەیەنێت بەمەش شێواز نایەوێت ببێتە جۆگەیەک بۆ خزمەتکردنی ڕەخنە بەڵکو شێواز لە هەموو کارێکی ڕەخنەیی پاڵپشتە و ئامادەبوونی تەواوی خۆی هەیە هەیە(عبدالسلام المسدي: ١٩٧٧:١١٥).

## ٢-٣-٢- شێواز و زمانەوانیی:

شێواز لە ژێر سێبەری زانستی زمان هاتۆتەکایەوە و بۆتە لقێک لە زمانەوانیی، بەڵام ڕێبازێکی جیایە، شێواز و زمانەوانیی هەردووکیان گرنگی بە زمان دەدەن هەروەک یاکۆپسن دەڵێت: شێواز هونەرێکە لە درەختی زمانەوانیی، میشال ئاریفای دەڵێت: شێواز وەسفی ئەدەب دەکات لە ڕێگای زمان، ڕیفاتیر یش پێی وایە زانستێکە بنەما جوانییەکان دەردەخات و لە ڕێگەیەوە دانەر دەتوانێت چاودێری ئازادی درکپێکردن لای خوێنەر بکات بەم پێیە شێواز بەستێنەری دانەر و خوێنەرە و دەقە. لێرەوە پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایا چۆن شێواز زمان بەکار دەهێنێت؟ زمانەوانیی لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی بۆ زمان دەکات و زمان لە گەشە و گۆڕاندایە و شێوازیش هاوتەریب لەگەڵ ئەم گەشە و گۆڕانەدا دەڕوات.

زمانەوانیی پەیوەندییەکی بەتینی بە زانستەکانی ترەوە هەیە، لەوانەش شێواز(دلێر صادق کانبی: ١٧:٢٠٠٩) پەیوەندی نێوان شێواز و زمانەوانیی پەیوەندی لق و سەرچاوەیە و ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت زانستی شێواز سەربەخۆنییە، بەڵکو پاڵپشت و شان بەشانی دەڕوات و گرنگی بە بنەما و توانا دەربڕینییەکانی دەدات، لە زۆر تایبەتمەندیدا لەیەک نزیکن و هەمان لقەکانی زمانەوانیی تێدایە، پەیوەندییەکی مێژووی لە نێوان زانستی زمان و زانستی شێواز دا هە بەجۆرێک وا تێکچرژاون ببێتە مایەی تێکەلی کاتێک وایان لە قەڵەمدا لێکۆڵینەوە هەندێ دیاردە و ڕواڵەتی

شێوازی زمانی بە شێواز بچێتە خانەی شێوازەوە، ئەم بەیەکگەیشتنەی شێواز و زمانەوانیی ئەوە ناگەیەنێت لە بواری کارکردنیشدا بەیەکگەیشتووبن، چونکە زمانەوانیی سنوور و بنەمای دیارە و بەهەمان شێوەش شێوازیش سنوور و بنەماو ئامانجی دیارە بۆیە وا پەسندە هەریەکەیان بەسەربەخۆ بکرێت و پێشبڕکێکەش لە نێوانیاندا بەردەوام بێت بۆ دەوڵەمەندکرنی زانست.

گرنگترین جیاوازی ئەم دوو زانستە لە دوو خاڵدا کۆدەبێتەوە:

١- زانستی زمان زانستێکە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی زمان دەکات، بەڵام شێواز لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی زمان دەکات وەک وەسفکردن و شیکردنەوە و لێکدانەوە.

٢- زمانەوانیی ئامرازەکانی پێویست پێشکەش بە نووسەر و ئاخێوەر دەکات، تا بیرۆکەی خۆی دەبڕێت لە ڕێگای وشە و ڕستە و ڕێگاکانی ڕێکخستنی ئامرازەکان، بەڵام شێواز بنەماکانی هەڵبژاردن پێشکەش دەکات و دەربڕینە گونجاو و نەگونجاوەکان لەیەک جیادەکاتەوە تا بەکارهێنەری زمان بگاتە جۆرێکی دیاریکراو لە کارتێکردنی وەرگر، لەگەڵ پابەندبوون بەو ڕێزگرتنەی کە زاناکان لە سەری ڕێککەوتوون لە واتای وشە و ڕێزمانی ڕستە. . . هتد(جبر عبد النور: ١٩٨٤:٢٠).

ئاشکرایە دەق جۆرێکە لە نووسین، کە لە قسەی ئاسایی ناچێت لە ئەنجامی سروشتی ئەو ئەرکەی هەیەتی و ئەو ئامانجەی، کە بۆی نووسراوە، لە چوارچێوەی پەیوەندی دەچێتەدەر، بەڵکو دەپەڕێتەوە بۆ ئەرکی وروژاندنی وەرگر، ئەمەش لە ڕێی کەرەستە زمانییەکانەوە. سەرکەوتن و ناوبانگی نووسەر بە جەماوەرکەیەوە بەندە، چونکە لە بنچینەدا دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە(رونية: ١٩٨٧:١٠٤). ئەو تەکنیکانەی، کە نووسەر بەکاریان دەهێنێت دەیکات جۆرە تەمومژییەک لای خوێنەر دروست دەکات و بەمەش چەند خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت(عبدالله بن محمد العضيبى: ١٤٢٥:٥٤٩) تەمومژەکانی نێو دەق جۆراوجۆرن بە پێی جۆری هێماکان، هەندێکیان لێکدانەوەیان سنووردارە وەک کەسایەتییە مێژووییەکان، لێرەدا لێکدەروە بەگوێرەی زانیاری باک ڕاوەندی خۆی دەجولێتەوە

و لایەنێک هەڵدەبژێرێت، هەندێکی تریش تایبەتە بە داهێنەری دەق هەرچەندە واتایەکی گشتیشان هەبێت، بەڵام لە ڕێی بارگاویکردنی بە بارگەی دەروونی و تاقیکردنەوەکانی خۆی لە ڕەگەوە هەڵیدەتەکێنێت و لە واتا فەرهەنگییەکەی بەتاڵی دەکاتەوە، بەمەش هێماکە بەرگێکی تەمومژاوی دەپۆشێ و سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت، خوێنەریش پێویستی بە ڕامانی زیاتر دەبێت بۆ تێگەیشتن لە واتا نوێیەکەی(عبدالله بن محمد العضيبي: ٥٤٩:١٤٢٥) ئەمەش دەرگای فرەخوێندنەوە لە دەق دەکاتەوە و وا لە خوێنەر دەکات خۆی لە واتا سەرزاری و ڕووکەشەکە لابدات، لێرەشدا پێویستیمان بە خوێنەرێکی بە توانا دەبێت بۆ کردنەوەی ئەم هێمایانە و دەستنیشانکردنی ڕەهەندەکانی، لە کۆتایی هەر خوێندنەوەیەکدا خوێنەر یان باشتر وایە بڵێین لێکدەرەوە تێگەیشتن و خوێندنەوەکەی بە ئاراستەیەکدا دەبات، کە خۆی باوەڕی پێیەتی و پشتگیری لێدەکات. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایا مەبەستی نووسەر و خوێنەر بەیەک دەگەن؟ بۆ ئەم وەڵامە ڕەنگە بەیەک بگەن و ڕەنگە لەیەکیش دووربن.

### ٢-٣-٣- شێواز و ڕەوانبێژی:

ڕۆلان بارت دەڵێت: جیهان پڕە لە ڕەوانبێژی کۆن بە شێوەیەک بڕوا ناکرێت(حسن ناظم: ١٣:٢٠٠٢) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەوانبێژی نوێش هەیە، (بێرجیرۆ) دەڵێت: دەتوانین بڵێین شێواز ڕەوانبێژی نوێیە(شوقي علي الزهرة: ١٨:١٩٩٨) ئەم دوو زانستە زۆر لەیەک نزیکن و هەندێک پێیان وایە، کە شێوازناسی میراتگرەوەی ڕەوانبێژییە، هەرچەندە هەردوکیان سەر بەیەک بوارن کە زمان و ئەدەبە وزانستی شێواز سوودێکی زۆری لە ڕەوانبێژی وەرگرتووە وەک واتاناسی ڕونبێژی و جوانکاری، لە دووبنەماکەی شێوازدا بەیەک دەگەن کە بریتییە لە هەڵبژاردن و لادان. ڕەوانبێژی پشت بە پێداویستییەکانی بارودۆخ دەبەستێ و شێوازیش بە بار، ئاشکراشە کە نزیکایەتییەک لەم نێوەندەدا دەبینرێت.

سەرەرای ئەم نزیکییە جۆرە لێکترازان و دوورکەوتنەوەیەکیان هەیە وەک ئەوەی شێواز لە گشت دیاردە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە وەک دەنگ و ڕێزمان و واتا. . . . . هتد(حسـن ناظم: ٢٠٠٢: ١٨) ڕەوانبێژی نزیکترە لە ڕێزمان(بشرى صالح: ٢٩٠:٢٠٠١) ڕەوانبێژی زانستێکی کۆنە و شێوازناسی زانستێکی نوێیە، ڕەوانبێژی لێکۆڵینەوەکانی دوورە لە دەوروبەر و کات، بەڵام شێوازناسی بە دوو ڕێگا لێکۆڵینەوە دەکات:

-ئاسۆیی: پەیوەندی دیاریدەکان لەگەڵ یەک لە یەک کاتدا

-ستوونی: گەشەی دیاریدەیەک بەپێی گۆڕانی کات.

ڕەوانبێژی هەوڵدەدات ڕادەی سەرکەوتویی دەق دەستنیشان بکات تا داهێنان بدۆزێتەوە، بەڵام شێوازناسی دیاردەی داهێنان لێکدەداتەوە پاش ئەوەی ساغکردنەوە لە بوونی و زەقکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی و هەڵسەنگاندنی، ئەو پەڕی ڕەوانبێژی لە لێکۆڵینەوە دەقییەکان لەسەر جووتە ڕستەکان هەڵوەستەدەکات و بەڵگە و نیشانەی پێویست هەڵدەبژێرێت و هەڵیان دەوەشێنێتەوە، بەڵام شێوازناسی دەقی تەواو شیدەکاتەوە و لە ڕوانگەی پەیوەندی بە دەقەکە لە کەرتە پێکهێنەرەکانی دەڕوانێت، جگە لەمەش ڕەوانبێژی ئامانجی هەڵسەنگاندنە، بەڵام شێواز ئامانجی دەستنیشانکردن و وەسفی دیاریدە هونەرییەکانە(محمد اللويمي: ٢٠٠٥: ٤٨).

هەرچەندە شێواز و ڕەوانبێژی لە زۆر باردا جیاوازن بۆ نموونە ڕەوانبێژی پێوانەییە و شێواز وەسفی ئێستاییە و ڕەوانبێژی شێوە و ناوەرۆک لەیەک جیادەکاتەوە و شێواز پێی وایە دوو ڕووی دراوێکن و لەیەک جیانابنەوە، بەڵام پەیوەندیشیان زۆرە، بۆنموونە شێواز ڕەوانبێژی بەکاردەهێنێت بۆ زەقکردنەوەی لایەنی جوانی. هەردوو زانست گرنگی بە لایەنی ویژدانی و دەروونی دەدەن، بەڵام لە ژێر دوو کاریگەری جیاواز، شێواز لە ژێرکاریگەری دەروونناسی و ڕەوانبێژی لە ژێر کاریگەری لۆجیک، هەردوو زانست گرنگی بە زمان دەدەن شێواز لە هەموو ئاستەکانی زمان

دەبینرێت بەڵام ڕەوانبێژی لە ئاستی دەنگسازی نابینرێت، بەم پێیە ئاستۆی شێواز فراوانترە لە ڕەوانبێژی چونکە یاساکانی جێگیرن.

شێوازناسی و ڕەوانبێژی نزیکایەتییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە کۆیان بکەینەوە:

١- لە باوەشی زمانەوانیی لەدایک بوونە.

٢- یەک بواریان هەیە بریتین لە زمان و ئەدەب.

٣- شێوازناسی سوودی زۆری لە تەوەرەکانی ڕەوانبێژی وەرگرتووە وەک: واتاناسی و خوازە و خواستن و جوانکاری. . . هتد.

٤- لە دوو بنەما بەیەک دەگەن، کە بریتین لادان و هەڵبژاردن.

٥- شێواز میراتگری ڕەوانبێژییە.

٦- هەردووکیان ناوەرۆک و ڕوخسار لەیەک جیاناکەنەوە.

٧- ڕەوانبێژی پشت بە پێویستی بار و شێواز پشت بە بار دەبەستێت.

٨- شێواز ڕەوانبێژی بەکاردێنێت بۆ دەرخستنی لایەنی جوانی.

- جیاوازی ئەم دوو زانستەش بریتییە لە(محمد بن سعید اللویمی: ٢٠٠٥: ٦٩)

١-ڕەوانبێژی زانستێکی کۆنە و شێواز زانستێکی نوێیە.

٢- ڕەوانبێژی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی دوور لە کات و ژینگە دەکات، بەڵام شێواز لێکۆڵینەوە بە دوو ڕێگا لە بابەتەکانی دەکات:

أ- ئاسۆیی: پەیوەندی دیاردەکان لەگەڵ یەک و لەیەک کاتدا

ب- ستوونی: گەشەی دیاردەیەک بە پێی گۆڕانی کات.

٣- ڕەوانبێژی لێکۆڵینەوە لە بەهای هونەری دەق دەکات و ڕادەی سەرکەوتویی دەق و داهێنان هەڵدەسەنگێنێت، بەلام شێواز دیاردەی داهێنان شیدەکاتەوە و سەلماندنی بوونی دەکات و تایبەتمەندییەکانی زەق دەکاتەوە.

٤- ڕەوانبێژی لێکۆڵینەوەکانی لە سنووری دوو ڕستە تێپەڕ ناکات، بەلام شێواز دەق بە تەواوی وەردەگرێت.

٥- ڕەوانبێژی ئامانجی فێرکردنە و جەخت لەسەر هەڵسەنگاندن دەکات، بەلام شێواز ئامانجی دیاریکردن و وەسفی دیاردە هونەرییەکانە.

٦- ڕەوانبێژی پێوانەییە، شێواز وەسفی و ئێستاییە.

٧- ڕەوانبێژی ڕوخسار و ناوەرۆک جیادەکاتەوە، شێواز وەک دوو ڕووی یەک دراو وەسفی دەکات و لەیەکی جیاناکاتەوە.

٨- ڕەوانبێژی کاریگەری لۆجیکی لەسەرە، شێواز کاریگەری دەروونناسی لەسەرە.

شێواز وەسفی قسەیە و زانستی شێواز زانستێکە و بنەما و یاسا و بواری خۆی هەیە. شێواز دەرخستنی نرخی کاریگەریە و دەوروبەر تیایدا جێگای بایەخە. زانستی شێواز ئەم نرخە کاریگەرییە لە ڕووی جوانکاری و دەروونی و هەست و سۆزەوە دەردەخات. شێواز دەربڕینێکی زمانییە، زانستی شێواز لێکۆڵینەوەیە لەم دەربڕینە(سعد أبو الرضا: ١٤٢٨:٦).

**٢-٣-٤- شێواز و فلتەرکردن:**

هەریەک لە ئێمە نەخشەیەکی زەینی هەیە ئەم نەخشەیە( N. L. P)کەسەکە دەنوێنێت، ئەم نەخشەیە پێکدێت لە کۆمەڵێک بیرۆکە و نرخ و بیروباوەڕ و زانیاری کە لە ڕێگای پێنج هەستەکانمانەوە وەرمان گرتوون، کە دەرگامانە بەرووی جیهانی دەرەوەمان، ئەم نەخشەیە لەوانەیە ڕاست بێت یان هەڵەبێت، لەوانەیە ڕاستی بێت یان ئەندێشەیی یان گریمانە بێت و لەکۆتایشدا ئەمانە کار و کردەوە و ڕەفتار یا هەڵسەکەوتمان دیاریدەکات و سەیرەکەش لەوەدایە کە ئەم نەخشەیە دوورە لەم


واقیعەی کە تیایدا دەژین، بەڵکو تەنها نواندنێکی هێمایی دەکات، ســـەرەتای درکپێکردنمان بەشـــت وکۆکردنەوەی زانیاریمان لەرێگای هەســـتەکانمانەوەیە دوای ئەمە هۆشـــی مرۆڤ هەڵدەســـتێت بە پاڵاوتنی ئەم زانیاریانە و پاکیاندەکاتەوە، هەوەها هەڵدەســـــتێت بە لێکدانەوەی زانیارییە نوێیە وەرگیراوەکـان بە پێی بـاوەر و گرنگی و جۆری پەروەردەکردنمـان و بـاری زەینمـان بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ زانیاری پێشوومان( Bandler & Grinder, 1975- 7-10)

واتە هۆش هەڵدەستێت بە کۆمەڵک کردەی وەک: گشاندن و لابردن و شێواندن. . . هتد، بۆ ئەوەی ئەنجامێک پێشـــکەش بکات لە هەر تاقیکردنەوەیەک یان کارێک کە پێی هەڵدەســـتین، ئەم بیرۆکەیە دواتر دەبێتە نەخشـەی زەینی تایبەت بەخۆمان، کە خوو و ڕەفتار یا هەڵسـەکەوت و کاردانەوەکانی ئێمەی لەســـەر بنیاتنراوە، ئەوەی ئەم زانیاریانەش دەپاڵوێت پێی دەگوترێت(Filters)هەریەک لە ئێمە جۆرێک لەم فلتەرەی هەیە و هەربۆیەش تاکەکان لە ڕەفتار یا هەڵسـەکەوت و کردەوە جیاوازن، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە نموونەیەک دێنینەوە بۆ چالێنان پێویســـــتیمان بە چا و شــــەکر و ئاوی گەرم دەبێت، کاتێک دەی پاڵێوین ئەوەی پاڵێوراوە دەیخۆینەوە، بەم پێیەش ئەوەی پاڵێوراوە دەچێتە ناو نەخشـەی زەینی(عبدالواحد دزەیی، پرۆگرامکردنی زمانەوانیی دەماری: ٢٠١٣:٧٦).

بەم پێیە بۆمـان ڕووندەبێتەوە، کە ژیـانمـان بەرهەمی بیرۆکەمـانە، دەروونناســـــەکان پێیان وایە گەورەترین دیاریکەری ســـەرکەوتن یان شـکسـت بیرکردنەوە، بەو پێیەی عەقڵی مرۆڤ زۆر وەک کۆمپیوتەر کاردەکات، پرۆســێســکردن و کار لەســـەر ئەو زانیاریانەی وەریدەگرێت. زانیاری باش دەرئەنجامی ئەرێنی بەدەست دەهێنێت، لەکاتێکدا زانیاری نەرێنی دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە. بیرکردنەوەی ئەرێنی دەبێتە هۆی بیروباوەڕی ئەرێنی، کە هەســـــت و ســـــۆزێکی باش پەروەردە دەکات، لە کۆتاییدا کردەوەی ســـــوودبەخش دەباتە پێشـــــەوە. بە پێچەوانەوە بیرکردنەوەی نەرێنی بیروبـاوەڕی نەرێنی دەچێنێـت، هەســـــتی نەرێنی دروســــــت دەکـات و دەبێتە هۆی کردەوەی زیانبەخش(Peale, 1952, 10–15).

نەخشـەی زەینی بریتییە لەو پرۆگرامەی، کە بە درێژایی ژیانی وەرگرتووە لە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگا و ڕاگەیاندنەکان. . . . هتد. سەرەتا با بزانین چۆن نەخشـەی زەینیمان دروست دەبێت و لە ئەنجامی چی دروسـت دەبێت؟ نەخشـەی جیهان لەبیرماندا دەچەسـپێت لە ڕێگای ئەو زانیارییانەی، کە بە پێنج هەسـتەکان وەریدەگرین و ئەم نەخشـەیە ڕەفتار و بیرکردنەوە و هەسـتمان دیاریدەکات و وامان لێدەکات خەڵکی تر جیاواز ببینین(عبدالواحد دزەیی، پرۆگرامکردنی زمانەوانیی دەماری: ٢٠١٣:٧٦).

**. چۆن نەخشەی زەینیمان دروست دەبێت. ؟**




**أ- گشتاندن** Generalization :

لەم فلتەرە هەموو، گشت، بەشێوەیەکی گشتی، هەردەم، هیچ، دەتوانم، پێویستە، ئەستەمە، هەردەبێ، دەبێت. . . هتد. دوبارەکردنەوەی وشـەی گشـتێنراو و دەربڕینی نەگێڕدراوە بۆ قسـەکەر دەگرێتەوە کە بە جۆرێـک نـارەزایی لێبکەوێتەوە وەک:  هەموو ڕقیـان لێم دەبێتەوە. (عبـدالواحـد دزەیی، پرۆگرامکردنی زمانەوانیی دەماری: ٢٠١٣:٢٠ )

دەروونناسەکان جەخت لەسەر کاریگەری قووڵی بیرکردنەوە لەسەر سەرکەوتن یان دواکەوتنی مرۆڤ لە گەیشتن بە ئامانجەکانی دەکەنەوە. لە کتێبی "هێزی بیرکردنەوەی ئەرێنی"دا، نۆرمان ڤینسێنت پیل ڕوونی دەکاتەوە کە عەقڵی مرۆڤ بە هەمان شێوەی کۆمپیوتەر کاردەکات، پشت بەو زانیارییە دەبەستێت کە وەریدەگرێت بۆ دروستکردنی دەرئەنجامەکان. کاتێک مرۆڤ بەردەوام خەریکی بیرکردنەوەی ئەرێنی دەبێت، ئەمە بیروباوەڕی ئەرێنی پەروەردە دەکات، کە لە بەرامبەردا هەست و سۆزێکی باشی لێدەکەوێتەوە. پاشان ئەم هەستە ئەرێنیانە ئەو کردارانە دەباتە پێشەوە کە لە ئەنجامدا دەرئەنجامە سەرکەوتوو و سوودبەخشەکان بەدەست دەهێنن. پیل تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە بە گرنگیدان بە زانیارییە ئەرێنییەکان، تاکەکان دەتوانن سوورێکی ئەرێنی دروست بکەن کە ئەزموونی ژیانی گشتی خۆیان بەرز بکاتەوە(Peale, 1952, pp. 14-18).

بە پێچەوانەوە پیل باس لەوە دەکات کە چۆن بیرکردنەوەی نەرێنی دەتوانێت کاریگەری زیانبەخشی لەسەر ژیانی تاک هەبێت. کاتێک عەقڵ پڕ دەبێت لە بیری نەرێنی، باوەڕی نەرێنی دروست دەکات، کە هەستی نەرێنی وەک ترس و دڵەڕاوکێ بەرهەم دەهێنێت. ئەم هەستە نەرێنیانە دەبنە هۆی کردەوەی زیانبەخش و ئەنجامە خراپەکان. پیل جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەروەک چۆن بیرکردنەوەی ئەرێنی سوورێکی سەرکەوتن پەروەردە دەکات، بیرکردنەوەی نەرێنی دەتوانێت تاکەکان لە سوورێکی شکست و ناخۆشیدا بخاتە تەڵەوە. بۆیە بانگەشە بۆ چاندنی بە ئەنقەست بیرکردنەوە ئەرێنییەکان دەکات وەک ئامرازێک بۆ گۆڕینی بیروباوەڕ و سۆز و دواجاریش کردار و دەرئەنجامەکانی مرۆڤ(Peale, 1952, pp. 25-30).

**ب-سڕینەوە.** Deletion:

لە بواری دەروونناسیدا چەمکی سڕینەوە ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە تاکەکان بە شێوەیەکی نائاگایانە هەندێک زانیاری لە تێگەیشتنەکەیدا لادەبەن. جۆرج ئەی میلەر لە وتارێکی سەرەکی

خۆیدا "ژمارەی ئەفسووناوی حەوت، پڵەس یان کەم دوو"دا لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە، کە باس لەوە دەکات کە چۆن عەقڵی مرۆڤ توانای سنوورداری هەیە بۆ پرۆسێسکردنی زانیاری. میلەر ڕوونی دەکاتەوە کە بەهۆی ئەم سنووردارکردنە مەعریفییانەوە، زۆرجار مرۆڤەکان وردەکارییە دەرەکییەکان دەسڕنەوە بۆ ئەوەی سەرنجیان لەسەر ئەو شتانە بێت کە زۆرترین پەیوەندییان هەیە(Miller, 1956, pp. 81-97).

بە هەمان شێوە دانیال گۆلمان لە کتێبی "زیرەکی سۆزداری"دا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە سڕینەوە دەتوانێت کاریگەری لەسەر پرۆسێسی سۆزداری و پەیوەندییە نێوان کەسییەکان هەبێت. گۆلمان ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرجار مرۆڤەکان ئاماژە سۆزدارییەکان لە هۆشیارییەکانیان دەسڕنەوە، کە دەتوانێت ڕێگری لە پەیوەندی کاریگەر و هاوسۆزی بکات( Goleman, 1995, pp. 89-91). سەرەڕای ئەوەش، کارۆل ئێس دویک لە کتێبی "بیرکردنەوە: دەروونناسی نوێی سەرکەوتن" باس لەوە دەکات کە چۆن تاکەکانی خاوەن بیرکردنەوەیەکی جێگیر مەیلیان هەیە فیدباک بسڕنەوە کە دژایەتی وێنەی خۆیان دەکەن، لە کاتێکدا ئەوانەی بیرکردنەوەی گەشەکردنیان هەیە زیاتر کراوەن بەرامبەر بە ڕەخنەی بنیاتنەر(Dweck, 2006، ل 45-47). بە کۆی گشتی ئەم سەرچاوانە جەخت لەسەر ڕۆڵی بەرچاوی سڕینەوە دەکەنەوە لە دارشتنی تێگەیشتن و ڕەفتاری مرۆڤدا.

**ج- ڕاستکردنەوە و شێواندن** Distortions**:**

شێواندنی سەرچاوە و خوێندنەوەی بیر، ئەنجام و هۆ، هاوشانی لێکدراو گریمانەکردن دەگرێتەوە

+ سەرچاوە: یارمەتیدانی خەڵک شادمانییە(ڕێگاکانی یارمەتی چین؟) یان(دەتەوێت چی بکەیت بۆ یارمەتیدانی خەڵک؟)

+ خوێندنەوەی بیر Nominalization؛(تۆ توڕەی)(چۆنت زانی من توڕەم؟)

تۆ دەزانی چیم مەبەستە. بەرگری بکە بە گەڕان بەدوای سەرچاوە و چۆنییەتی ڕوودان

+ ئەنجام و هۆ Cause-Effect بێگومان تۆ فەلسەفەت خوێندووە، کەواتە تۆ ڕۆشنبیری.

گوێگر دەتوانی بەرگری بکات بە جیاکردنەوەی ئەنجام و هۆی نادروست لە ڕستە وەک: (چۆنت زانی کە خوێندنی فەلسەفە مرۆڤ ڕۆشنبیر دەکات؟).

+ هاوشانی لێکدراوComplex Equivalence :  پەیوەندیم پێوەناکەی، کەواتە تۆ گرنگی بەمن نادەی.

گوێگردەتوانی. بەرگری بکات بە جیاکردنەوەی کەرتی یەکەم. کە پەیوەست نییە بە کەرتی دووەم وەک: (ئایا پەیوەندی نەکردن گرنگی نەدان دەگەیەنێت؟) یان(چۆن بڕیارتدا کە من گرنگیتپێنادەم)

+ گریمانەکردنPresuppositions :  تۆ جارێکی تر درۆ لەگەڵ من نەکەی.

گوێگر دەتوانی. بەرگری بکات بە گەڕان بەدوای سەرچاوەی گریمانە وەک: (چۆن بڕیارت دا کە من درۆ دەکەم ؟) یان (چی وایلێکردی وا گریمانە بکەی؟)(عبدالواحد دزەیی، پرۆگرامکردنی زمانەوانیی دەماری: ١٢١:٢٠١٣)

بەم پێیە دەتوانین سوود لە زمانی میتا وەربگرین بۆ گواستنەوەمان لە نەخشەی لۆجیکی و نەهێشتنی کەموکوڕی ئاخاوتن و کۆکردنەوەی زانیاری و بەرهەڵستیکردنی سڕینەوە و پێدانی هەڵبژاردن.

**٢-٥- پێوانە و هەڵسەنگاندنی شێواز:**

شێواز لە ئاخاوتن گرنگییەکی زۆری هەیە لە هەڵسەنگاندنی ئامرازەکانی نووسەر و ئاخێوەرتایبەتمەندییەکی. نووسەری داهێنەرە، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە کۆی بکەینەوە:

**+ زمان:**

لەم ئاستەدا لێکۆڵینەوە لە وشە و ڕستە و گرێ و دەق دەکرێت لە ڕێگای گرنگیدان بە ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوە هەروەها کورتی و درێژی ڕستە و بکەر و بەرکار و کار و پێشخستن و دواخستن و نێر و مێ و ڕستەی بکەر دیار و نادیار و. . . . هتد(عبدالواحد دزەیی، شێواز و پراگماتیک: ١٠٤:٢٠١٢).

أ- ئاستی وشەسازی:

زیاتر فەرهەنگی نووسەر دەگرێتەوە، ئەم فەرهەنگانەش دەبێت دیارییکرێن لە ڕێگای:

١-پۆلینکردنی وشەکان بە پێی کێڵگەی واتایی.

٢- دیاریکردنی کێڵگەی زاڵبوو و پەیوەندی بە بابەتەکەی.

٣-ئەرکی ئەم کێڵگانە چین؟

٤- هاواتایی، نزیکی واتایی نێوان وشەکان دەگرێتەوە، کە هەریەکەیان بۆ بارێک گونجاوە.

٥- سروشتی وشەکان، گونجاوی و پتەوی و بەهێزی و ناسکی و ساگاری. وشە دەگرێتەوە لە دوو ڕوانگەوە:

- ڕاستەوخۆیی و ڕەنگدانەوە:

وشەی ڕاستەوخۆ واتاکەی دەگەیەنێت، بەڵام وشەی ڕەنگراو خزمەت بە سۆز دەکات.

-باوی نامۆیی:

باشتر وایە وشە دەبڕاوەکان باو و بەکارهێنراوبوون، بەڵام ئەگەر نامۆ بوو ئەوا دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی نووسەر یان داهێنانی(عبدالواحد دزەیی، شێواز و پراگماتیک: ٢٠١٢:١٠٤).

ب - دەستەواژە و ڕستە و برگە.

ڕستە و دەستە واژەکان لە چەند ڕوویەکەوە سەیر دەکرێت:

- ڕوونی واتاکەی:

ڕوونی واتای برگەکان مەبەستمان ساکاری بیر نییە، بەڵکو ڕێگاکانی دەربڕین دەگرێتەوە، ئەگەر تووشی گرفتی تێگەیشتن بووین لە دەقێک بەهۆی ئاڵۆزی و لێلی وشە و دەستەواژەکانی ئەوا دەگەرێتەوە بۆ باش هەڵنەبژاردنی ئەم دەستەواژانە(عبدالواحد دزەیی، شێواز و پراگماتیک: ٢٠١٢:١٠٤).

-هاوسەنگی:

هاوســـەنگی نێوان دەســـتەواژەکان و وشـــەکان دەگرێتەوە لە ڕووی ژمارەوە ئەوا کاریگەرییەکی مۆسیقی دروست دەکات.

-کورتی و درێژی:

دەربڕینی درێژ گونجـاوە بۆ بوارەکـانی شـــیکردنەوە و ئەوەی پەیوەنـدی بە ئەقڵەوە هەبێـت، دەستەواژەی کورتیش گونجاوە بۆ بوارەکانی دەربڕینی سۆزداری وەک شیعر و پەخشان(عبدالواحد دزەیی، شێواز و پراگماتیک: ٢٠١٢:١٠٤).

-دەسـتنیشـانکردنی ڕۆنانی سـەرەوە و ژێرەوەی ڕسـتەکان و خسـتنەروو و پۆلینکردنی ڕسـتەکان پۆلین دەکرێن بۆ:

- ڕستەی وەسفی.
- ڕستەی هەڵسەنگاندن.
- ڕستەی هەست دەربڕین.

**+ جۆری شێواز:**

باس لە شـــێوازی بەکارهێنراو دەکات، ئایا ڕاگەیاندنە یا دارشـــتنە یا هەردووکیتیان و کامەیان زاڵە وە ئایا شـێوازەکە گونجاوە، بۆ نموونە بۆ گێرانەوە شـێوازی ڕاگەیاندن گونجاوە و بۆ ئامۆژگاری و ئاراستەکردن دارشتن گونجاوە(یوسف أبو العدوس: ١٤٢٧ک: ٥١).

**+ کورتبڕی و درێژبڕی:**

نووســـــەر بە پێی پێویســـــت بۆ چێژدان بە دەقەکەی کورتبڕی و درێژبری بەکاردێنێت ئەوەی پێویســت بە کوتبڕی بکات کورتبڕی بۆ بەکار دێنێت و ئەوەی درێژبڕیش پێویســت بکات درێژبڕی بۆ بەکاردێنێت. بەمەش وشەکانی دەکاتە بەرگێکی پڕ بەپێست واتا نە کەم و نە زیاد.

أ- کورتبڕی:

بارکردنی واتای زۆرە لە وشەی کەم واتە ڕستەی کورت پڕ واتایە.

ب- درێژبڕی:

بارکردنی واتای کەمە لە وشـەی زۆر. بۆ مەبەسـتی جەختکردن و سـەرنج ڕاکێشـان و کاریگەری دروسـتکردن و ڕازیکردن و ڕوونکردنەوە لە ڕێگای جۆراو جۆرەوە وەک: هاوواتا و ڕسـتەی پێچەوانە. یان لە ڕێگای دووبارە بوونەوە بۆ مەبەستی جوانکاری(یوسف أبو العدوس: ١٤٢٧ك: ٥١).

**+ وێنە و ئەندێشە:**

باس لە وێنە دەکرێت وەک بەشـێکی وێنە یان گشـت لەگەڵ پێکهاتەکانی، کە وێنە ڕوونکردنەوەییە ئەندێشـەییەکان دەگرێتەوە وەک لێکچواندن و خوازە و. . . هتد. وێنە واتا ڕووندەکاتەوە و هێزی وشە زیاد دەکات و سنوورداری دەکات واتای دوور نزیکدەکاتەوە.

**+ هونەرە جوانکارییەکان:**

ڕەگەز دۆزی و دژیەک و سـەجع. . هتد دەگرێتەوە، کە لە ڕێگای واتا دوور و نزیکەکانییەوە جۆرە جوانکارییەک دەبەخشێت، چونکە واتای مەبەست بە شێوەیەکی شاراوە بەکاردێنێت.

**+ مۆسیقا:**

جەخت لەسـەر وەسـتان و کێش و هێز و بڕگە و ئاوازە و سـەروا دەکاتەوە. لەم ئاسـتەدا دەتواندرێت لێکۆڵینەوە لە ترپە و بنەما پێکهاتەییەکانی بکرێت لەگەڵ ئەو کاریگەرییە جوانکارییەی کە دروسـتی دەکات. هەروەهـا دەتوانـدرێـت لێکۆڵینەوە لە دووبـارەبوونەوەی دەنـگ و واتـا ووروژێنەرەکانی بکرێت(یوسـف أبو العدوس: ١٤٢٧ك: ٥١). ترپە لە دەقدا گرنگییەکی زۆری هەیە بە تایبەتی لە شیعر کە دەبێتە دووبەش:

أ- ترپەی دەرەوە: وەک کێش و سەروا و سروشتی دەنگ و. . . . هتد.

ب- ترپەیەکی تایبەتە بە دەق و پەیوەستە بە باری دەروونی وەک: دووبارەبوونەوە و هاوتەریبی دەنگەکان و ڕەگەزدۆزی و دژیەک. . . هتد.

چوارەم: هەڵسەنگاندن و بڕیاردان: (عبدالواحد دزەیی، شێواز و پراگماتیک: ٢٠١٢:١٠٤).

أ- هەڵسەنگاندن و بڕیاردان:

بڕیاردان و هەڵسەنگاندنی دەقە لەم ڕووانەی خوارەوە:

-تایبەتمەندی خاوەن دەق.

-ئایا خاوەن دەق بەرژەوەندخوازێکی کۆمەڵایەتییە یان بانگخوازێکە ڕەوشت هەڵدەسەنگێنێت یا شۆڕشگێڕێکی خاوەن کەسایەتی بەهێزە یان خولیایەکی تاکە و نقوومبووی غەمە یان کەسێکی بابەتی و لەسەرخۆی هاوسەنگە(عبدالواحد دزەیی، شێواز و پراگماتیک: ٢٠١٢:١٠٤).

- دیاریدە دەوروبەرییەکان: واتە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سەردەمەکەی خۆیەتی وەک باسکردن لە ململانێی مێژوویی نێوان دوو تیرە و لۆجیکی هێز یان باسکردن لە سروشت. . . هتد.

ب- نموونەی بەرز:

لە دەقدا هەستی پێدەکرێت کە مۆرکێکی مرۆڤایەتی پێوەدیارە وەک بانگەشە بۆ ئازادی و شانازیکردن بە وڵات و یەکسانی و دادپەروەری بەرزی ڕەوشت. . . هتد

(مراحل تحليل النص الادبى، . (http: //sougueur14. forums1. net/t239-topic

**٢-٦- شێوازی کاریگەر:**

فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر ئاستی پەیام بریتییە لە: ناوەرۆک و شێواز و کۆد و نەخشە کاریگەرییان هەیە بۆ پەیوەندی کاریگەر پێویستمان بە چەند فاکتەرێکە(عبدالواحد دزەیی، پراگماتیکی دەق و گوتار: ٢٠١٤:٣٢)

أ- دروستی بەکارهێنانی زمان:

گواستنەوەی واتا دەگرێتەوە لە ڕێی وشەکان، چونکە وشەکان واتایان جێگیر نییە و هەندێکجار واتایان ڕوون نییە.

ب- توانای درکپێکردن:

درکپێکردن و بۆچوون دەگرێتەوە زۆر لە تاکەکان بە پێی بۆچوون لە زانیارییەکان دەگەن نەک بە پێی ئەو زانیارییەی، کە پەیوەندی پێوە هەیە، جگە لەمەش هەستکردنی تاک بە ترس و دڵەڕاوکێ و تووڕەیی و خەمۆکی وا لە تاک دەکات بەرهەڵستی بیرۆکەی نوێ و گۆڕانی بکات.

ج- توانستی تاکییەکان:

بێگومان تاکەکان لە توانســـــت جیاوازن، لە ئامادەباشـــــی و وەرگرتن، کە یارمەتیدەرییەتی بۆ تێگەیشتن و کاردانەوەی پێویست.

د- توانستە ڕێکخستنییەکان.

ئەم گرفتە لە ئەنجامی دووری ماوەی نێوان قسەکەران و جۆراوجۆری ئاستی کارگێڕی و ناڕوونی ئامانج و ڕێک نەخستنی هۆیەکانی گەیاندن دێتە ئاراوە. .

ە- توانای بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی

وەک بەکارهێنان تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆی و ڕەچاونەکردنی بەرژەوەندی بەرامبەر.

و- توانای مادییەکان:

هۆکارە مادییەکان دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان هەیە لەســـــەر پەیوەندیکردن وەک نەمانی بارگەی پاتری لەکاتی تەلەفۆنکردن بە مۆبایل.

ز- هەڵبژاردنی نادروستی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن

وەک بەکارهێنانی تەلەفۆن لە بری پەیوەندی ڕووبەڕوو یان کۆبوونەوە.

ح- بوونی زانیاری پێشینە

وەک بوونی زانیاری پێشتر لەسەر کاردانەوەی وەرگر.

گ- گونجانی ژینگە و دەوروبەر

گۆڕانی ژینگە و دەوروبەر دەگرێتەوە، ئەگەر ناجێگیربوو ئەوا پێویست دەکات پەیوەندی بەردەوام بێت یان نوێبکرێتەوە عبدالواحد دزەیی، پراگماتیکی دەق و گوتار: ٢٠١٤:٣٢)

**٢-٧- فاكتەرەكانی شێوازی كاریگەر:**

شێوازی كاریگەر بەندە بە چەند فاكتەرێكەوە كە بریتین لە:

**٢-٧-١- گوێگرتنی باش:**

گوێگرتن بەچەند قۆناغێكدا دەڕوات(گوێگرتن، بیركەوتنەوە، لێكدانەوە، هەڵسـەنگاندن، وەرگرتن، كاردانەوە) بۆ ئەوەی گوێگرێكی باشبین دەبێت پەیڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكەین:

أ- گوێگرتن لە پەیام و لێكدانەوە و وەرگرتنی.

ب- بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشـتن دوودڵ مەبە داوای دووبارەكردنەوە، یان دارشـتنەوە بكە لەلایەن نێنەرەوە، چونكە ئەبێتە هۆی نزیكبونەوە.

ج- ئاگاداری قسەی نێنەربە.

د- قسە بە نێنەر مەبڕە.

ه- قووڵ بەرەوە لە گوتەی قسەكەر، چونكە زۆرجار واتای تر هەڵدەگرێت.

و- تێبینی زمانی جەستەی قسەكەر بكە.

ز- پرسیاری كراوە و داخراوی لێبكە.

ح- نەرمی بنوێنە لەكاتی قسەكردن.

گ- خێرا بڕیار مەدە(عبدالواحد دزەیی: رازیكردنی خێرا لە چوار هەنگاودا: ٢٠١٣:٢٥)

بەرێزەوە گوێ لە بەرامبەر بگیرێت و قسـەی پێ نەبڕدرێت، لێكۆڵینەوەكان دەریانخسـتووە كە مرۆڤ ٢٥% ی توانای گوێگرتن بەكاردێنێت لە كاتێكدا گوێگرتن ٧٠% ی پەیوەندی مرۆڤایەتی پێكدێنێت، هەندێ خو و ڕەفتار یا هەڵسەكەوتی خراپ هەیە. خۆمانی لێ لابدەین كە بریتین لە:

أ- خۆ خەریك نەكردن بە شتەوە لەكاتی قسەكردندا.

ب- ڕەخنەگرتن و وروژاندن پێش تەواوكردنی قسەی قسەكەر.

ج- خۆدزینەوە لە بابەت و قسە پێبڕین(Nichols, R. G(1995) pp. 42-53)

د- بابەتگۆڕینی لەناکاو و بێ هۆ.

ە- دەرفەت نەدانی بەرامبەر بۆ قسەکردن.

قسەکەر گوێگرێکی باشبێت، تا بتوانێت کار بکاتە سەر بەرامبەر. و ئەم هەنگاوانە بنێت:

-ماوە و بوار بداتە بەرامبەر بۆ قسەکردن و گرنگی پێبدات و ڕێزی لێبگرێت و پەیامی لێوەربگرێت و ئەو بۆچوونانەی کە هەیەتی دەربارەی بەرامبەر لە بیرخۆی بباتەوە.

-زمانی ئاماژەی گونجاو بەکاربێنێت لەکاتی ئاخاوتن، وەک: خەندە و سەیرکردنی چاوی و سەر لەقاندنی بەردەوامبوون و دانیشتنی گونجاو و کەمکردنەوەی دەنگ و ئاوێتەبوون لەگەڵ قسەکەر بە پرسیارکردن.

- ڕێز لە بەرامبەر بگرێت و. بەردەوامبێ لە گوێگرتن و کاردانەوەی گونجاوی هەبێت بەرامبەری.

(Nichols, R. G(1995) pp. 42-53)

**٢-٧-٢- شارەزایی دەربڕین :**

(کیفین کیری) چەند ڕێنماییەکی گونجاوی داناوە بۆ ئەوەی کردەی گەیاندن کاریگەر و سوودبەخش بێت وەک:

أ- بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەت باوەڕت پێبکات دەبێت ڕاستگۆبیت.

ب- کار و کردەوە و گوتنەکانت ڕێک و لێهاتووبن و شەرم نەکەیت.

ج- کەش و هەوای ئاخاوتنەکە خۆشبکە بە قسەی خۆش لەکاتی گونجاودا.

د- قسەکەر وا لە وەرگر بکات بەشداری بکات لە ئاخاوتنەکەدا و زانیاری بداتێ کە چی دەگوزەرێت، تا بڕوای بەخۆی بێت و ئاوێتەبوون و کارلێکردن بێتە ئاراوە.

ە- خۆی کۆنترۆڵبکات و هەڵچوونی نەبێت و دان بەهەڵەکانیدا بنێ ئەگەر هەڵەی کرد.

ئامادەباشی ئەوەی تیابێت بڵێت نازانم ئەگەر بەڕاستی نەیزانی، یان زانیاری تەواوی نەبوو.

و- نێنەر پەیامەکەی ورد و لۆجیکی و ڕوون و دیاریکراوبێت، بە پێی جۆری گوێگر مامەڵەبکات کە چوارجۆرن:

أ- گوێگری باش:

. ئەم گوێگرە لەگەڵ قســـەکەر هاوڕا و هاوبیرن، بۆیە زۆر قســـەی ناوێت و کاتی زۆر ناخایەنێت ڕازیکردنی، قسەکەر ئەم هەنگاوانە بگرێتەبەر بۆ کاریگەری زیاتر:

-زانیاری دنیایی بەکاربێنێت و نموونە و ڕوونکردنەوە بدات.

-ئەفراندنی کەشوهەوایەکی نوێ و زانیاری نوێ بەکاربێنێت، یان زانیارییە کۆنەکان بە شێوازێکی تر دەربڕێت، یان زانیاری زیاتر بخاتەسەری.

-شتی بینراو بەکاربێنێت، وا لە گوێگرەکانی تر بکات، کە بەشداری ئاخاوتنەکەی بکەن و وا بکات ئاخاوتنەکە بخاتە کەش و هەوایەکی خۆش و گونجاوەوە.

ب- گوێگری بێلایەن:

. . قسەکەر کە قسە لەگەڵ ئەم جۆرە گوێگرە دەکات، وەک شانۆگەری بابەتەکەی پێشکەش نەکات، بەڵکو. بەشێوەیەکی لۆجیکی بابەتەکەی بخاتەڕوو:

-بۆچوونەکانی بە بەڵگە بسەلمێنێت.

-بۆ بەرامبەر ڕوون بکاتەوە چۆن ڕاســـتی قســـەکەی دەســـەلمێندرێت و ڕوونیبکاتەوە چۆن گەیشتۆتە ئەم بۆچوونە.

-هیچ زانیارییەکی گرنگ پشتگوێ نەخات و کاتێک بڕەخسێنێت بۆ پرسیارکردنی بەرامبەر.

ج- گوێگری ناتەبا:

نابێت قسەکەر ڕقی هەڵگرتبێت لە بەرامبەر و بۆچوونەکانی پێشووتر کاریگەری لەسەر مابێت، بە پێچەوانەوە. زۆر دیبلۆماسیانە هەڵسوکەوت بکات و ئەم هەنگاوانە بنێت:

-هەڵوێست و باری بەرامبەر دەربارەی مەسەلەکە دیاری بکات.

-واز لەو خاڵانەبێنێت کە بەرامبەر بێزاردەکات و دەی وروژێنێت.

-خۆی وانیشان بدات ڕێزی لێدەگرێت و باوەری بە بیر و بۆچوونەکەی هەیە.

-شێوازێکی هاندەر و نەرم بەکاربێنێت و زیادەڕۆیی نەکات لە باسکردنی بیانووەکانی

د- گوێگری گوێ پێنەدەر:

قســــەکەر وا لە بەرامبەر بکات، کە گوێی لێ بگرێت و نابێت بێزاربێت لێی و. لێبووردە بێت و ئەم هەنگاوانە بەکاربێنێت:

-خێرایی جۆراوجۆر و کاریگەر بەکاربێنێت لە قسە.

- ڕوونکردنەوەی ڕوون و نوێ بەکاربێنێت.

-زانیاری نوێ بەکاربێنێت.

-نموونەی چیرۆکی بەکاربێنێت.

-باس لە گرنگی و نرخی بابەتەکەی بۆ بکات(rajaa ahmed mahmoud: 2019: 67-82)

**٢-٨- ستراتیژییەتی گەیاندنی کاریگەر:**

(بیبی) پێی وایە ستراتیجیەتی گەیاندنی کاریگەر لەم هەنگاوانە دایە:

أ- جەختکردن لەسەر زانین:

نێنەر هەستی خۆی وەسف بکات لە بری هەڵسەنگاندنی بەرامبەر و کەسانی تر، واتە مرۆڤ خۆی وەســــفی خۆی بکات و تێبینی و زانیاری دەربارەی خۆی بدات، لەبری گریمانەی نادروســــت دەربارەی خەڵک.

ب-جەخت لەسەر بابەت و باس بکە نەک لەسەر کەسی بەرامبەر:

نابێت باس و بابەت ببەسترێتەوە بەکەسەوە و هەوڵبدرێت کێشە چارەسەربکرێت، نەک هەوڵبدرێت بەسەر کەسی بەرامبەردا زاڵبین.

ج- ڕەسەن بین:

ڕاستگۆبین لەگەڵ خۆمان، نەک لاسایکەرەوە و پاشکۆی کەسانی تر، تا پێمانبکرێت ڕاستگۆ و ئازادبین و. بە وردی مامەڵەبکەین.

د- کالێککردن و ئاوێتەبوون:

لەگەڵ بەرامبەردا کارلێکبکەین و گرنگی پێبدەین و زیاتر لێی نزیکبینەوە، چونکە ئەگەر گرنگی بە بەرامبەر نەدەین. بەرامبەریش گرنگیمان پێ نادات.

ه- نەرمی نواندن:

هەوڵبدرێت گوێ لە بۆچوونی بەرامبەر بگیرێت و نەرمبین لە وەرگرتنی بیروڕای جیاواز.

و- ڕێز لە خۆگرتن:

قسەکەر توند بێت بەرامبەر ماف و ئەرکی پێداویستی خۆی، چونکە ڕێز لە خۆنەگرتن وادەکات بەرامبەرەکەی مافەکانی پێشێلبکات و ڕێزی لێنەگرێت.

ز- هاوشانیکردن:

مرۆڤ لەکاتی قسەکردندا. خۆی هاوشان بکات لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا، نەک خۆی بە بەرزتر سەیربکات، تەنانەت ئەگەر لەراستیشدا وابوو.

لە هەمانکاتدا نابێت ئەوەش لەبیر بکرێت کە گرنگیدان بە هەست وسۆز کاریگەری خۆی هەیە و سەرەتا کۆنترۆڵی هەستی بکەین لە ڕێگای دەنگ و چاو ودواتر ئەقڵی.

ح- بە پیرەوەهاتن و هاندان:

دان بە بوونی بەرامبەر دابنرێت و هانبدرێت، و قسەکەر خۆی وانیشانبدات کە دان بە شارەزایی و لێهاتوویی بەرامبەر دابنێت و ڕێز لە بۆچوونەکانی بگرێت، تەنانەت ئەگەر لەگەڵی ڕێکیش نەبێت. .(Nichols, R. G(1995) pp. 66-73)

## ٣- بەکارهێنانی زمانی جەستە:

زمانی جەستە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەیوەندیکردنی ڕۆژانەدا، بەشدارییەکی بەرچاو دەکات لە تێگەیشتن لەو پەیامانەی کە هەوڵ دەدەین بۆ ئەوانی تر بگوازینەوە. زمانی جەستە مەودایەکی فراوان لە هەڵسوکەوتی جەستەیی لەخۆ دەگرێت وەک دەربڕینەکانی دەموچاو، ئاماژەکان، هەڵوێستەکان و جووڵەی چاو، کە هەموو ئەمانە بەشدارن لە گەیاندنی پەیام بەبێ وشە (Pease, Allan, and Barbara Pease: 2010 : 400)

لە پەرتووکی"بەکارهێنانی زمانی جەســـتە"دا، گرنگی پەیوەندی نازارەکی بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە چۆن ئاماژە و دەربڕینی دەموچاو و دۆخی جەستە ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە گەیاندنی پەیام و هەستەکاندا. بە گوێرەی کناپ و هۆڵ لە کتێبی "پەیوەندی نازارەکی لە کارلێکی مرۆڤدا"(ل٤٥)، زمانی جەســـتە زۆرجار دەتوانێت بە شـــێوەیەکی کاریگەرتر لە وشـــەکان پەیوەندی بکات، چونکە وردبینی و هەســـتەکان دەگەیەنێت کە ڕەنگە لە پەیوەندی زارەکیدا لەدەســـت بچێت. بە هەمان شـــێوە لە "کتێبی یەکلاکەرەوەی زمانی جەســـتە" لە نووسـینی ئالان و باربارا پیس(ل٦٧)دا، جەخت لەوە دەکرێتەوە کە تێگەیشـتن و لێکدانەوەی زمانی جەســـتە دەتوانێت کارلێکە کەســـی و پیشـــەییەکان بەرز بکاتەوە، ئەمەش وا دەکات پەیوەندیکردن زیاتر دینامیکی و سـەرنجڕاکێش بێت. جگە لەوەش، "سـودی نازارەکی"ی گۆمان(ل٣٢) جەخت لەوە دەکاتەوە کە زمانی جەستە دەتوانێت کاریگەری لەسەر تێگەیشتن و پەیوەندییەکان هەبێت، ئەمەش هێزی ئاماژە نازارەکییەکان لە داڕشـــتنی داینامیکی کۆمەڵایەتیدا نیشـــان دەدات. ئەم ســـەرچاوانە بەکۆمەڵ جەخت لەســـەر گرنگی زمانی جەســـتە لە پەیوەندی کاریگەردا دەکەنەوە، کاریگەرییەکانی لەسەر تێگەیشتن و پەیوەندیکردن نیشان دەدەن.

مرۆڤ لەکاتی گەیاندن دەبێت تێبینی هەناســـەدان و گۆڕانی ڕەنگی دەموچاو و گرژی لێوی خوارەوە و ڕادەی خێرایی دەنگ بکرێت، چونکە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی باری دەروونی دەردەخات و کارئاســـانیمان بۆ دەکات تاکو پەیوەندییەکی گونجاو ئەنجام بدەین، گەیاندن تەنها زمانی

قســـەکردن نـاگرێتەوە، بەڵکو زمـانی جەســـتە کـاریگەری خۆی هەیە، بۆیە درێغی نەکەین لە بەکارهێنانی لە گەیاندندا بە جەســـتە و چاو و دەنگ، چونکە پەیامەکەمان ڕوونتر و کاریگەرتر دەکات، بۆچوون و هەســت و ســۆزمان بە باشــی دەگوازێتەوە. (عبدالواحد دزەیی: رازیکردنی خێرا لە چوار هەنگاودا: ٢٠١٣:٣٠).

بەکارهێنانی زمانی جەستە پێویستی بە چەند شارەزاییەکە وەک:

أ- شــوێنی دانیشــتن کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ ڕازیکردن، بۆ نموونە لە ڕووبەڕوو دانیشــتن مرۆڤ وا هەســتدەکات لە شــەڕدایە، هیچ ئازادییەکی جولانەوەی نییە، بۆیە باشــترین شــێوە بۆ دانیشــتن، ئەو دانیشــتنەیە کە کە بە گۆشــەی(٤٥) پلە دانیشــتبن دوای ئەمیش لەتەک دانیشــتنە کە هاوڕێەتی و هاوشانیکردن نیشاندەدات.

ب- دابەشکردنی سەیرکردنمان بۆ خەڵک، نەک تەنها بۆ یەک کەس، یا چەند کەسانێک.

ج- ناردنی چەند پەیامێکی جەستەیی لەماوەی تێڕوانین و سەیرکردنمان.

د- خۆدوورخستنەوە لە ڕوو گرژی و، زیادەڕۆیی نەکردن لە ڕووخۆشی.

ە- گرنگیدان بە ڕێک و پێکی جل و بەرگ و خاوێنی و دروستیی هەڵبژاردن.

و- دەستەکان جولانەوەیان کۆنترۆڵ بکرێت ئاماژە بۆ دەربڕینی خراپ نەکەن.

ز- جولانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئەنجام بدرێت بە چالاکی و باوەڕ بەخۆبوون، ناشبێت دەستەکانت بەخۆتدا شۆڕبکەیتەوە یا بازووەکانت لەیەک بئاڵێنیت و ناشبێت زۆر سەیری سەرەوە، یا خوارەوە بکەیت.

ح- بەرکەوتنی دەست، وەک تەوقە یان دەستخستنەسەرشان، کاریگەری ئەفسووناوی زۆری هەیە، بە تایبەتی بۆ مرۆڤە هەستیارەکان، کە ئاسودەیی و دڵنیای دەبەخشێت.

زمانی جەســـتە بنەمایەکی گرنگی ســـەرکەوتنە لە گەیاندن بە تایبەتی: (خەندە- گەیاندن بەچاو- گوێگرتن- گرنگی پێدان)(عبدالواحد دزەیی: رازیکردنی خێرا لە چوار هەنگاودا: ٢٠١٣:٣١).

**. ٢-٩- هەنگاوەکانی شێوازی ڕازیکەر:**

شێوازی کاریگەر و ڕازیکەر چەند قۆناغێکی هەیە کە بریتین لە

١- گەیاندنی ڕاســـتەوخۆ باشـــترین و نزیکترین ڕێگایە بۆ ڕازیکردن، بەڵام نابێت بەخاوی قســـەی لەگەڵ وەرگردا بکەین، لەهەمانکاتدا ناشبێت خۆمان بە زل بزانین.

٢- پێویستە باری دەموچاو لەگەڵ قسەکردن و بۆچوون یەکبێت، واتە نە پێکەنینی درۆینە بکە و نە بە درۆ خۆت عاجز نیشاندە، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە لەسەرخۆ و ڕووبەخەندە بین.

٣- پێویســـتە بە شـــێوەیەکی کاریگەر قســـەبکەین، نابێت قســـە لەبیرکەین و بوەســـتین، چونکە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی بەرامبەر توشی بێزاری بکات.

٤- پێویستە گوێ لە بەرامبەر تا کۆتایی بگرین و دوای تەواوبوونیشی وەڵام بدەینەوە.

٥- پێویســـــتە بیرۆکەکەمان دابەش بکەین بۆ چەند خاڵێکی گرنگ و دواتریش باســـــی هەریەک لەم خاڵانە بکەین و ڕوونی بکەینەوە.

٦- پێویستە بەڵگەی پێویست بۆ قسەکانمان بێنینەوە، بەمەرجێک دژی بۆچوونەکانمان نەبێت.

٧- پێویستە بڕوامان بەخۆمان بێت و خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەگەر و وەڵامی پرسیارەکان.

٨- پێویســـــتە پشـــــوو درێژبین و پەلە نەکەین و بەرامبەر بریندار نەکەین(عبدالواحد دزەیی: ڕازیکردنی خێرا لە چوار هەنگاودا: ٢٠١٣:٣٢).

**٢-١٠- ستراتیژییەتی ڕازیکردن و شێواز:**

ڕازیکردن بەندە بە چەند ســـــتراتیجیەتێکەوە، ئەوانیش بریتیین لە(عبدالواحد دزەیی: ڕازیکردنی خێرا لە چوار هەنگاودا: ٢٠١٣:٤٣)

أ- ستراتیجییەتی دینامیکی دەروونی، ئاخاوتن لەگەڵ دەروون و ویژدان و ئەقلی بەرامبەر دەکرێت، چ بە زمان بێت، یان بە وێنە.

ب- ســــتراتیجییەتی کەلتووری و کۆمەڵایەتی، نێنەر ئاخاوتن لەگەڵ وەرگر دەکات بە پێی داب و نەریت و کەلتووری وەرگر.

ج- ستراتیجییەتی بنیاتی واتا، هەوڵدەدرێت واتا و چەمکی نوێی لە بەرامبەر بروێندرێت.

ڕازیکردن پشت بە ستراتیجییەتی سەرنج ڕاکێشان دەبەستێت، سەرنجراکێشانیش چەند جۆرێکە:

أ- سەرنج ڕاکێشانی سۆزداری:

ئامانجی نێنەر کاریگەریکردنە ســــەر ویژدانی وەرگرە و وروژاندنی پێداویســـتییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانییەتی، بۆ ئەم مەبەستە نێنەر ئاخاوتن لەگەڵ هەستەکانی وەرگر دەکات لە ڕێگای:

-دروشم: کورتکردنەوەی بیرۆکە دەگرێتەوە وەک: جیهان بچووک دەکەینەوە.

-پێشکەشکردنی نیشانە: بەکارهێنانی نیشانەی. . . . . . بۆ جگەرە نەکێشان.

-شـێوازی زمان: کە تیایدا هونەکانی ڕەوانبێژی وەک: خوازە و خواسـتن و لێکچواندن. . . . هتد. بەکار دەهێنێت و بەکارهێنانی وشەی بارگاوی و ڕەنگکراو. . . . هتد.

-ئاماژەکردن بۆ ســـەرچاوە: وەک پێدانی ســـەرچاوەی هەواڵ، کە زیاتر هەواڵ و پەیام دەخاتە خانەی ڕاستییەوە.

ب- سەرنج ڕاکێشانی ئەقڵی:

لە باسـکردنی چەمکی سـەرنجراکێشـانی دەروونیدا، زۆر گرنگە تێبگەین کە چۆن بەشـداریکردنی مەعریفی دەتوانێت کاریگەری لەسەر بڕیاردان و قایلکردن هەبێت. بەپێی "کاریگەری: دەروونناسی قایلکردن" لە نووســـینی ڕۆبەرت بی ســـیالدینی(ل٦٢)، ســـەرنجراکێشـــانی دەروونی بریتییە لە بەشـداریکردنی پرۆسـەکانی بیرکردنەوەی عەقڵانی تاک بە خسـتنەڕووی ئارگیومێنت و ڕاسـتی و بەڵگەی لۆژیکی کە پشـــتگیری لە ڕوانگەیەکی تایبەت دەکەن. سـیالدینی جەخت لەوە دەکاتەوە کە کاتێک ئارگومێنتێک بە شـــێوەیەکی لۆژیکی دروســـت بێت و بە زانیاری باوەڕپێکراو پشـــتگیری بکرێت، ئەگەری ئەوە زیاترە کە دەنگدانەوەی هەبێت لەگەڵ عەقڵی بینەرێکدا، ئەمەش دەبێتە هۆی

کاریگەرییەکی قایلکەری بەهێزتر و بەردەوامتر. ئەم ڕێبازە تیشـــک دەخاتە ســـەر هێزی گوتاری عەقڵانی لە داڕشتنی بۆچوونەکان و هاندانی گۆڕانی ڕەفتاردا.

لەم جۆرەدا پەیام ئاڕاســـتەی بیروهۆشـــی دەکرێت بۆ ئەم مەبەســـتەش پێویســـتیمان بە بەڵگە و ســـەلماندن و بڕیـاری لۆجیکی لەگەڵ بەدرۆخســـتنەوەی بیروڕا دژەکـان و خســـتنەرووی کەموکوڕییەکانی نیشـانە، لەم دواندنەی ئەقڵدا پێویسـتیمان بە زمانی ژمارە و سـەرژمێری و ڕێژە دەبێت، کە زۆر کاریگەرییان لەســـەر قســـەکەر هەیە و ســـەرەڕای ئەمانەش ئاماژە بۆ ڕووداوی واقیعی دیاربکرێت(عبدالواحد دزەیی: رازیکردنی خێرا لە چوار هەنگاودا: ٢٠١٣:٤٤).

ج- سەرنج ڕاکێشان بە ترساندن:

لە ڕێگای ترســـاندنی وەرگرەوە دەکرێت بە ئاکامی خراپ، ئەگەر بێت و بە پەیامەکەی نێنەر ڕازی نەبن و هەندێ جار بە پێچەوانەوە ئاماژە بۆ کاریگەرییە خراپەکە دەکرێت(عبدالواحد دزەیی: رازیکردنی خێرا لە چوار هەنگاودا: ٢٠١٣:٤٠)

### ٢-١١- شێواز و داهێنان لە زماندا:

زمان لە ڕوانگەی(چۆمسکیNoam Chomsky ) پرۆسـەیەکی ئەقڵی ئاڵۆزە، مرۆڤ کە لە دایک دەبێت توانستێکی زمانی سنووورداری هەیە و یارمەتی دەدات بۆ وەرگرتنی هەر زمانێک لە کۆمەڵگایەکەیدا، ئەرکی زمان لای(چۆمسـکی) توانای ئاخێوەرە لە زمانێکی دیاریکراو، کە لە ڕسـتە و دەربڕینی نوێ خۆی دەبینێتەوە و لای کەس بەکار نەهاتووە. داهێنان دەرخســتنی شــتی نوێییە وەیا تازەکردنەوە کۆنە بە گۆڕانکارییەوە، داهێنان لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەڤدەم، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی تیۆری بەرهەمهێنان و گواسـتنەوەی(چۆمسـکی) جارێکی تر جەخت لەسـەر داهێنانی زمان کرایەوە، کە دەڵێت: لە توانای قســـەکەر دایە ژمارەیەکی بێ ســـنور لە ڕســـتە بەرهەم بێنێ و تێی بگات، بێ ئەوەی گوێی لێ بوبێت(عبدالواحد دزەیی، زمانەوانیی گشتی: ٢٠٢١:٤٣). داهێنان تایبەتییەکی گرنگی زمانە و زۆر لە زمانەوانانی وەک: برجسـۆن، کرۆتشـە، فۆسـلێر. . . هتد. بانگێشـەی ئەوەیان دەکرد، کە

زمان داهێنانە، بۆ نمونە: (ســـــۆراندایک) دەڵێت: (زمان گەورەترین داهێنانی تاکە)(نوال محمد عطیە: ٢١:١٩٧٥). زمان داهێنانە، چونکە:

أ- بەکارهێنانی زمان بەکارهێنانێکی نوێکردنەوەیە. بە واتایەکی تر ئەو قسەیەی مرۆڤـــ دەیکات، بە زۆری بەکارهێنانێکی لە خۆوەیە، هەندێ دەستەواژەی لێدەرچێت، ئەگەر نا قسەکان دوبارە نین.

ب- زمـان نـاکەوێتە بەر هیچ کۆتێکی دەرەکی و نـاوەکی، بەڵکو ئـازادە لە کۆت هەر بۆیە زمـان ئامێری دەربڕینی بیر و هۆشی تاکە.

ج- داهێنان تایبەتیەکی ســەرەکی زمانی مرۆڤە، هیچ شـیکردنەوەیەکی ئامێری ناتوانێت، پتەویەکەی شیبکاتەوە(میشال زکریا: ٣٠:١٩٨٣).

زمان بە ئامرازی گوزارشتکردنی خودی لە قەڵەم دەدرێت. لەناو هەموو میللەتێکدا خاوەن بەهرە و بلیمەتەکان بەکاریدەهێنن بۆ ئەوەی ببنە سەرکردەی میللەت.

مرۆڤ توانایەکی بەرزی هەیە بۆ دروســـــتکردن و داهێنان، نموونەیەک بۆ ئەمە منداڵێک وەرگرین لەتەمەنی پێنج ســاڵیدا، بەڵکو لەتەمەنێکی بچوکتریش، چاودێری قســەکانی بکەین، دەبینین لە توانای دایە هەمو ڕۆژ بەسەدان ڕستەی نوێ دەڕبرێت پێشتر دەری نەبڕیوە و لە هەمو ئەم ڕستانە بگات کە پێشـــتر گوێی لێنەبوە، هەروەک چۆمســـکیش دەڵێت ئەمە واتای ئەوەیە شــێوازێکی ناوەکی قوڵ هەیە ڕێکخستنی مرۆڤ وای لێ دەکات ئەم هێز و توانایە جیاوازی هەبێت.

یەکێک لە دیاردە هەرە سەیر و سەرسوڕهێنەرەکانی زمان هەموی ئەوەیە مرۆڤ دەتوانێ هەمیشە مانا و بیری تازەی پێشـــتر نەبیســـتراو و نەزانراو دەربڕێ و تێ بگات هەر بەو کۆمەڵە وشـــانەی فەرهەنگی مێشکی.

قســـــەکردن بە دوو قۆناغ جێبەجێدەکرێت، کە بریتین لە(پلان دانان) و (ڕاپەڕاندن). گوێگر ئەوەی دەیبیســـتێ شــیدەکاتەوە و لە هەمان کاتیشــدا گوێچکەکانی بە بەردەوامی گوێبیســـتی دەنگی تازە

دەبن، هەروەها هاوکات هەوڵ دەدرێت ڕاپەڕاندن بۆ پلانە زمانییەکەی بکات، ئەم پرۆسەیەش بە خێراییەکی زۆر ئەنجام.

مرۆڤ پێش قسەکردن بێگومان ئامادەباشی ناوەرۆکی واتایی لایە بۆ دەربڕینەکەی، سەرەتا ئاخێوەر تەوەرەی ئاخاوتن جۆری قسەکردنەکە هەڵدەبژێریێت بۆ ئاخاوتن، واتە سەرەتا ئەو بیرۆکەیەی، دەیەوێت بیگەیەنێت دیاریدەکات، هەروەها مەبەست لە دەربڕینەکە چییە؟ بۆ نموونە ئایا وەسفی ڕووداو و بارودۆخ دەکات؟ یان داخوازی و فەرماندانە؟ یان پرسیارکردنە لە بارەی شتێک؟ دیسان ئەو ئاستە هەڵدەبژێرێت، کە گونجاوە بۆ بەرامبەر وەک، ئایا ئەم شێوازە گونجاوە بۆ چینی ڕۆشنبیر وەیا نەخوێنەوار یان منداڵا یان بە تەمەن؟ پاش دیاریکردنی شێواز، شێوازی خستنەڕوو هەڵدەبژێردرێت، بۆ نموونە ئەگەر تەوەرەی(پشتگوێخستنی وانە) بکەینە تەوەرەی ئاخاوتنی باوکێک وکوڕەکەی، ئەوا چەند شێوازێکی لەبەردەم دایە وەک:

أ- لە شێوەی هەواڵ، یان فەرمان، یان پرسیار بخرێتەڕوو؟ وەک:

-وانەکانت پشتگوێ خستووە.

-گرنگی بە وانەکانت بدە.

-کاتی ئەوە نەهاتووە زیاترگرنگی بە وانەکانت بدەی؟

ب- ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بخرێتەڕوو؟ وەک:

-گرنگی بە وانەکانت بدە و چیتر پشتگوێی مەخە(ڕاستەوخۆ)

-وابزانم حەزناکەی نمرەی تاقیکردنەوەکانت خراپ بن(ناڕاستەوخۆ)

ج- بە شێوازێکی جدی یان گاڵتە ئامێز دەرببڕێت؟ وەک:

-ئەگەر خێرا واز لە کەمتەرخەمی نەهێنی ئەوا پەشیمان دەبێتەوە.

-من حەسوودی بە خەوتنی درێژت دەبەم کاتێک، کە لە زانکۆ دەردەکرێیت.

**٢-١٢- شێواز و ڕوومەندی:**

لەم چەند ســـــاڵەی دوایدا گرنگی دراوە بە ڕێز نواندن لە ئاخاوتندا، تیۆری ڕوومەندی ئارەزووی ئاخێوەرانە بۆ نەرمی ئاخاوتن لەگەڵ یەک، ئەم تیۆرە جیهانییە، پوختەی ئەم بۆچوونە بۆ ئەوەیە خۆنزیککردنەوەی کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە لە ئاخاوتندا لە هەمان کاتیشــــدا خۆ بەدوور گرتنە لەو هەڕەشانەی ئاوی ڕوو ناهێڵن، ئەم بۆچوونە پشت بەوە دەبەستێت ئاخێوەران ڕویێکی کۆمەڵایەتیان هەیە، ڕوومەندی چەند ســــتراتیجییەک دەخاتەڕوو بۆ پارێزگاریکردن لە ئاوی ڕووی کۆمەڵایەتی یەکتر، ئەمەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر دەگۆڕێت، ڕوومەندی دەچێتە ناو چوارچێوەی تیۆری نەزاکەتی دەربڕین لە چوارچێوەی پراگماتیک لێکۆڵینەوەی لەســەر ئەنجام دەدرێت(شــاردو& منغو: ٤٢٩:٢٠٠٨) ڕەچاوکردنی نەزاکەت لە قسەکردن و ڕەچاو نەکردنی هەندێکجار بە ئاسانی لەیەک جیاناکرێنەوە بۆ نموونە: - سەربەرزت کردم.

ئەم ڕستەیە دەتوانرێت بە پۆزەتیف و نێگەتیف سەیربکرێت، چونکە شەبەنگێکی واتایی لەسەرە لە ئەنجامی ونبوونی دەوروبەرەوە، بەکارهێنەری زمان. هەوڵدەدات پارێزگاری بکات لە هەموو ئەو وشانەی ئاوی ڕووی دەبات. .

- براون و لیفنســــون(١٩٧٨) بە دامەزرێنەری ئەم بۆچوونە دادەنرێن، پێیان وایە مرۆڤی قســــەکەر هەوڵی ئەوە دەدات وشــــەکانی قوڕس نەبن بە تایبەتی لە ڕســــتەی داخوازی کە ببێتە مایەی شەرمەزاری بۆ پاراستنی ئاوی ڕووی(Brawn. P and Levinson. S. C: 1978: 283)

لێرەدا دەتوانین بڵێین بنەمای هاریکاری گرایس. بە بەردی بناغەی ڕوومەندی دابنێن ئەویش لە ڕێگای پابەندبوون بە بنەمای چۆنییەتی. .

٢- سنووری ڕوومەندی:

دەچێتە چوارچێوەی پراگکماتیک و شــــێواز و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و ئیتنۆگرافی گەیاندن، هەندێک پێیان وایە دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتیە و هەندێکیتر وەک بابەتێکی پراگماتیکی ســــەیری دەکەن.

٣- پلەکانی ڕوومەندی:

ڕوو بە شێوەیەکی گشتی وێنەی مرۆڤە لای بەرامبەر مرۆڤ دەیەوێت پارێزگاری لێ بکات، ئاوی ڕوو بنچینەی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و پێویســـتە لەســـەر ئاخێوەران پارێزگاری لێبکەن لەکاتی ئاخاوتن ئەمەش لە ڕێگای کورتکردنەوە و واتای نەرێنی:

أ- ڕووی ئەرێنی( positive face):

ئارەزووی مرۆڤە خۆشـــەویســـت بێت و بیروڕاکانی وەرگیراو و ڕێزلێگیراوبن لای گشـــت کەس، ئەمەش لە ڕێگای ڕێزگرتن لە خودەوە دەبێت.

لیڤنســـن و براون چەند ســـتراتیجەتێکیان داناوە: ( Sausen Faisal El-SamirPoliteness: A Socio-Pragmatic Study: 1987: 9)

- ڕەخساندنی زەمینەیەکی هاوبەش.

-هاریکاریکردنی بەرامبەر.

-دابینکردنی داواکاری بەرامبەر.

ب- ڕووی نەرێنی negative face :

لیڤنســـن و براون بە هەڵگێڕانەوەی ڕەفتاری ڕێزی دادەنێن، لێرەدا قســـەکەر لەو باوەڕەدایە بەرامبەرەکەی ڕوێکی نەرێنی هەیە، بۆیە ئارەزوو دەکات فشـــار بخاتە ســـەر بەرامبەرەکەی و ناچاری بکات بە ئەنجامدانی کارێکی نەخوازراو، ئەمەش لە ڕێگای ڕێگریکردن لە ئازادی دەربڕین و هەڵسـوکەوت دەبێت. پشـتگوێخسـتنی هەرکەسـێک دەبێتە مایەی هەڕەشـە بۆ ئاوی ڕوو. چەند شـــێوازێک وادەکات ببێتە هەڕەشـــە لەســـەر ئاوی ڕووی. ئاخێوەر بۆ نموونە داوای لێبکرێت بە داوایەک ڕازیببێت کە ئارەزووی لێناکات یان ســـوپاســـی کەســـێک بکات یان داوای لێبوردن بکات. ڕوومەندی لە کاتی ئامادەبوون و نائامادەبوونی کەســـی بەرامبەر دەگوزەرێت(عبدالله الرشـــدان:

١٧١:١٩٩٠) ڕووی نەرێنی چەند ستراتیجییەتێکی هەیە وەک ئاسایی بوونی ناڕاستەوخۆ و ڕەشبینی و کەمکردنەوەی هەل و داوای لێبوردنکردن و خۆنواندن و. . . . هتد.

٤- ڕێساکانی ڕوومەندی:

(لیچ) بە یەکەم زمانەوان دادەنرێت بنەمای ڕوومەندی خستە چوارچێوەی پراگماتیکەوە و ئەم بنەمایە ئامانجی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زمانە لەسەر بنچینەی ڕێزلێنان ئادابی قسەکردن. ئامانجێکیتری ڕوومەندی هێنانەکایەی هەستێکە لە کۆمەڵگا و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و گرنگیدانە بە گوێگر نەک قسەکەر. لیچ. بۆ ئەم مەبەستە شەش ڕێسای ڕەفتاری دیاریکردووە بۆ ساناکردنی پەیوەندی نێوان واتا و هێزی ئاخاوتن(شارودو& منغنو ٤٢٩:٢٠٠٨).

+ بنەمای نەرمی:

نەرمی نواندن و دەستپێشخەرییە بۆ ڕێز وەک:

-دانانیشی؟

ئەم دەربڕینە ئاڕاستەییە و ڕێنماییە بۆ دانیشتنی کەسی بەرامبەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای پرسیارەوە.

+ بنەمای ڕێزگرتن:

بەرزکردنەوەی ڕێزلێنانی بەرامبەرە وەک:

-دەبی بێت و نانی نیوەڕۆمان لەگەڵ بخۆیت.

لێرەدا قسەکەر ڕێزی زیاتری لەبەرامبەر گرتووە و زیاتر دەستپێشخەری زیاتری کردووە.

+ بنەمای چاکەکردن:

ڕێزێکی زیاتری تێدایە و بەرزکردنەوەی بەرامبەرە گوزارشت و جەختکردنی خودی قسەکەرە بەرامبەر بەرامبەر وەک:

-کارێکی باشت ئەنجامداوە.

نرخاندنی کاری بەرامبەرە و وەک دەستخۆشی و پیرۆزبایکردنە.

+ بنەمای خۆبەنزمگرتن:

لەم بنەمایەدا قسەکەر ستایشی خۆی و گەورەیی خوی وازلێدێنێت هەندێجار بە بچوککردنەوەی خود و هەندێکجار بە بەرزکردنەوەی بەرامبەر و هەندێجاریش نزمکردنەوەی شت وەک:

–هیوادارم ئەم دیارییە بچوکەم لێوەربگریت بە بۆنەی دەرچوونت.

لەم دەربڕینە قسەکەر دیارییەکەی بچووککردۆتەوە بۆ بەرز ڕاگرتنی خۆی و بەرامبەر.

+ بنەمای ڕێککەوتن:

ئەم بنەمایە ڕێکەوتنی نێوان قسەکەر و بەرامبەر دەگرێتەوە کە ڕێککەوتنێکە بۆ بەشێکی دەربڕینەکەی زیاتر بۆ ڕێزگرتنە لە بۆچوونی بەرامبەر. وەک:

أ– زمانی ئینگلیزی قورسە بۆ فێربوون.

ب– ڕاستە، بەڵام ڕێزمانەکەی ئاسانە.

دەبینین قسەکەر لەگەڵ بەشێکی قسەکی قسەکەر دایە و بەتەواوی لەگەڵیدا نییە و کەرتێکی ڕەتدەکاتەوە.

+ بنەمای هاوسۆزی:

لەم بنەمایەدا کەمکردنەوەی کەلێنەکانە لە بۆچوونەکانی خود و بەرامبەرەکەی. لە ڕێگای هاوسۆزی لەکاتی خۆشی و ناخۆشی دا وەک:

–نیگەرانم بە کۆچی دوایی باوکت.

–پیرۆزبایت لێدەکەم بە بۆنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیت.

٥–جۆرەکانی هەڕەشەی سەر ڕوو:

بۆفێلد Bousfield سێ جۆرە هەڕەشەی دیاریکردووە( Sausen Faisal El-SamirPoliteness: A (Socio- Pragmatic Study: 1987: 19):

أ- هەڕەشـــەی بەئەنقەســـت: وەک شـــەڕپێفرۆشـــتنی بەرامبەر و بێڕزیکردن و ڕەفتارێکی نەشـــیاو بەرامبەری.

ب- هەڕەشەی بی مەبەست: ئەم جۆرەیان قسەکەر پلانی بۆ دانەناوە و لە بارودۆخێدا ڕوودەدات.

ج- هەرەشەی بێ مەبەستی ساویلکەیی: لە ئەنجامی ساویلکەیی و نەزانی و ناوردی دێتە ئاراوە و مەبەستی تیانیە.

# بەشی سێیەم

# شێواز لە ئاستەکانی زماندا

## بەشی سێیەم:  شێواز لە ئاستەکانی زماندا:

### ٣-١-سەرەتا:

مرۆڤ بۆ گەیاندنی ویست و ئارەزو و پێداویستییەکانی کردەیەک ئەنجامدەدات کە کردەی گوتن و دەربڕینە، لە ڕێگای ئەم دەربڕینەشـەوە دەتوانێت جێگای خۆی خۆشـبکات لەکۆمەڵگا و هەروەها کەسی بەرامبەر بخوێنێتەوە و لە نهێنییە شاراوەکانی شارەزابیت. ئەمەش لە ڕێگای شیکردنەوەی ناوەرۆکی دەربڕینەوە دەبێت، کە بۆ زۆر مەبەسـتی جیاجیا بەکاردێت لەوانەش، زانیاری وەرگرتن و زانیاری گەیاندن کە لە ڕێگای ڕستە و گوتن.

دەربڕین دوو جۆرە، بەزمانی گوتراو و بە زمانی جەسـتە کە هەردووکیان خاوەن فۆرم. و واتان و لەوانەیە یەکتر تەواوبکەن و لەوانەشـە پێچەوانەی یەکتربن. لە لێکۆڵینەوەیەکی(ئـالان بیز) دەرکەوتوە، کە ٥٥%ی پەیام لە ڕێگای زمانی جەسـتەوە دەگات و ٣٨% لە ڕێگای ئاوازەی دەنگ و7% لە وشـە دەربڕاوەکانەوەیە. بەمەش ئەرکی سـیمانتیک ٧% دەبێت و ئەرکی پراگماتیکیش ٩٣% بۆ لێکدانەوەکانی دەربڕین. جا دەربڕینە زمانییە ڕاسـتەوخۆکان لە ڕێگای واتای سـیمانتیکی شـیدەکرێتەوە و دەربڕینە زمانییە ناڕاسـتەوخۆ و زمانە جەسـتەییەکانیش لە ڕێگای واتای پراگماتیکییەوە(بلال عبدالهادی: ٢٠٠٥:١).

### ٣-٢- شێواز لە ئاستی دەنگسازیدا:

ئاوازە و هێز و وەستان کە فۆنیمی ناکەرتین ڕۆڵی گرنگیان لە واتا گۆڕین هەیە(احمد مختار عمر: ١٣: ١٩٨٢). لەوانەش:

#### ٣-٢-١- ئاوازە:

بریتییە لە بەرزکردنەوە و نزم کردنەوەی پلەی دەنگ لە سەرەتا یان پێش کۆتایی یان کۆتایی(طالب حسين على: ٩٤:٢٠٠٥) ئاوازە دوو جۆرە:

١- ئاوازەی وشەTone :

کە بەرز و نزمی ئاوازەی دەنگەکان لە سنووری وشە دەگرێتەوە.

٢- ئاوازەی ڕستەIntonation:

بریتییە لە بەرزی و نزمی دەنگ پەیوەستە بە ژمارەیەک وشە لە سنووری ڕستە(سالم سليمان الخماش: ٣١:١٤٢٨). جیاوازی لە ئاوازەی ڕستە دەبێتە جیاوازی واتا، بۆ نموونە ڕستەیەکی وەک: (دەڕوات) بەپێی گۆڕینی ئاوازەی دەنگمان هەر جارەی واتایەک بەدەستەوە دەدات، کە لەنووسیندا دەرناکەون وەک:

-دەڕوات ئایا ئەو دەڕوات؟ بەرزکردنەوە. . . . (هەڵس)

-دەڕوات من دەزانم کە دەڕوات نزمکردنەوە. . . . . . . . (کەوت)

-دەڕوات. بتەوێ یان نەتەوێ هەر دەڕوات------. . . . . . . . . (ئاسۆیی)

ئەو وتەیەی کە ئاوازی لە بارو هەڵوەستەی( junctures)گونجاوی دەدرێتێ. ئاوازەش بریتی یە لە بەرزکردنەوە و نزم کردنەوەی دەنگ پلەی دەنگ لە سەرەتا یان پێش کۆتایی یان کۆتایی وتەدا(طالب حوسین علی: ٩٤:٢٠١٤). ئەوە پەیوەستە بە گۆڕینی پلەی((نەغمە))ڕستەیەک یاخود وشەیەک بە بێ دەستکاریکردنی وشەو برگە و فۆنیم و مۆرفیمی ئەو ڕستەیە یاخود وشەیە(سەلام ناوخۆش: ١٧٤:٢٠٠٥).

ئاوازە لە ڕستەدا بە ئاوازەی(کەوت) دەست پێ دەکات لەسەر وشەی(هێز) دار بەرزدەبێتەوە و دواتریش نزم دەبێتەوە. وەک:

ئاوازەی بەرز لەگەڵ ڕستەی سەرسوڕمان و هەڵچوون بەکاردێت کاریگەری دەگەیەنی(محمد على الخولى: ١٧٠:١٩٩٠) وەک: خوایە ئەمە چی بوو !

گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازی ڕستە، هەر ئاوازەش واتایەکی جیا بە ڕستە دەبەخشی، بۆ نموونە ڕستەی: ئـــازاد دوێنی هات، دەیان مانای جیا دەبەخشێ بەپێی ئاوازەکەی ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەســـەر تاپای ئەم ڕســـتەیەدا هەمان شـــت بوو، ڕســـتەکە مانای(خەبەری) سەرەوە دەگەیێنێ، ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی(ئازاد) زیاد کرا، ڕســـتەکە دەبێتە وەڵامی(کێ دوێنی هات؟) کەواتە و مەبەســـتێکی تری جیا لەوەی لەســـەرەوە دەگەیەنێ: ئازاد دوێنی هات، ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەســەر وشــەی(دوێنی) دا زیاد کرا، ڕســتەکە دەبێتە وەڵامی: (ئازاد کەی هات)؟، کەواتە مەبەســتێکی ترەو جیاوازە لەواتای ســەرەوە. ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی(هات) زیادکرا، ڕستەکە دەبێتە وەڵامی(ئازاد دوێنی چیی کرد؟) ئازاد دوێنی هات. ئەگەر خێرایی یەکی زیاتر لەوەی سەرەوە خرایە سەر وشەی(ئازاد) یا(دوێنی، یا(هات) ڕستەکە دەبێتە(پرسیار + جەخت کردنەوە).

١- ئازاد دوێنی هات؟ بەڵێ ئازاد دوێنی هات. لێرە مەبەســـت دووپاتکردنەوەیە لەســـەر(ئازاد) واتا(ئازاد) هاتووە نەک کەسێکی تر.

٢- ئازاد دوێنێ هات؟ بەڵێ(دوێنێ)

لێرە مەبەست دووپاتکردنەوەیە لەسەر(دوێنێ) هاتووە نەک ڕۆژێکی تر.

٣- ئازاد دوێنێ هات بەڵێ(هات)

لێرە مەبەستی دووپاتکردنەوەیە لەسەر(هاتنەکەی)

قسەکەری هەر زمانێ دەتوانێ بە گۆڕینی ئاوازی ڕستەکەی چەمکی لە سەرسوڕمان وتیژ و گاڵتە پێکردن و ڕەزای وناڕەزای و. . . هتد دەربڕێ ودەری بخات مەبەستی کامە بەشی ڕستەکەیە. واتا هەر ڕســـتەیەک دەیان واتا و مەبەســـتی جیاواز دەبەخشـــێ بەپێی ئاوازەکەی، تەنانەت هەڵوێســـت ومەبەســـتی شـــــاراوە و باری دەروونی قســـــەکەریش بەهۆی ئاوازی ڕســـــتەکەوە دەزانرێ ئاشکرابێ(وریا عومەر ئەمین: ٢٩:٢٠٠٤) .

تاکەکان لە نێو خۆیاندا لە ڕوی دەربڕینی دەنگەوە جیاوازن، ئەمەش جیاوازی لایەنی بایەلۆجی دەگەڕێتەوە، وەک فراوانی ژووری لەرینەوەکان یان جیاوازی لە دەنگە ژێیەکان. . . . هتد. (عبدالقادر عبدالجليل: ٧٩:٢٠٠٦) دەنگەکان لە زماندا وەسفی باری کەسەکە دەکەن و هەربۆیەش بوونەتە نیشانە و بەڵگە بۆ دەرخستنی کەسایەتی و ناسنامەی ئاخێوەر، دەنگ هەڵگری سیمای تایبەتی واتایە و لێی جیانابێتەوە(اف ار بالمر: ١١٣:١٩٨١) هەر گۆرانکاریەک لە بەرزی و نزمی پلەی دەنگ و خێرایی قسەکردن و دەسگرتن بەسەر چۆنیەتی دەربڕینی دەنگ، هەموویان تایبەتی دەنگی پەرەزمانین para linguistics(محمد معروف فتاح: ٢٠:١٩٩٠) و زۆر شتمان دەربارەی کەسەکە لە تەمەن و ڕەگەز و نەخۆشی و باری دەروونی بۆ ڕوندەکاتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئێمە بێ بینین دەتوانین بڕیار لەسەر زۆرشت بدەین(أ. كوندراتوف: ٢٠٠:١٩٧١) بە تایبەتی ئاوازەی دەربڕین کە هەڵچوونەکانی تیاڕەنگدەداتەوە(ستيفن اولمان: ٩٢:١٩٧٥) بۆ نموونە لە ڕێگای دەنگەوە دەتوانین ژن و پیاو منداڵ و گەورە و نەخۆش و ساغ. لەیەکتر جیابکەینەوە. جگە لەمەش، دەنگەکان بۆمان ڕووندەکاتەوە ئایا کەسەکە زمانی دەگیرێت یان نەخۆشی زمانی هەیە یان هەموو دەنگەکان بە شێوەی دروست دەردەبڕێت یان نا.

شێوەی دەربڕینی دەنگەکانیش زۆرشتمان بۆ ڕوندەکاتەوە کەسەکە لە چ بارێکی دەروونیدا دەژی یان نەخۆشی دەروونی هەیە یان نا، بۆ نموونە کەسێکی نائاسوودە بە ئاوازەیەکی تایبەت بۆچوونەکانی دەردەبڕێت کە جۆرە بەرزی و خێراییەکی پێوە دیارە(تونيا ڕيمان: ٢٢٠:٢٠٠٩) کە نا ئاسودەییەکەی تێدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە دەیەوێت زوو قسەکانی تەواو بکات، بەڵام بە خاو قسەکردن ئاماژەیە بۆ غەمباری و بیرکردنەوە و سەرنجدان. بەهەمان شێوەش، بە توندی قسەکردن ئاماژەیە بۆ توڕیی و بەربەرەکانی و بەرەنگاربوونەوە، نەرمی قسەکردنیش ئاماژەیە بۆ ئارامی و لەسەرخۆیی و خۆشەویستی گەیاندن(تونيا ڕيمان: ٢٢٠:٢٠٠٩). بەهەمان شێوەش، هێز خستنە سەر وشە لە کاتی دەربڕیندا واتای گرنگی و جەخت کردنە سەر وشەکە دەدات(محمد علی

الخولي: ١٩٩١:١٧١) كەواتە دەنگ كاريگەرييەكی دەروونی گەورەی لەسەر خودی قسەكەر و كەسی بەرامبەر هەیە كە پلەی دەنگ و ئاوازە و هێز و وەستان و شێوەی دەربڕین دەگرێتەوە. بە بەڵگەی ئەوەی زۆرجار دەبینین یەكێك قسەدەكات لە قسەكردنەكەدا ئاسودەین و گوێی لێدەگرین و لای كۆمەڵیش پەسندە و ناكەوێتە ژێر رەخنەوە، لە بەرامبەر ئەمەشدا كاتێ گوێمان لە هەندێ دەنگی ناساز دەبێ و زو بێزاردەبین و ناتوانین زۆر گوێی لێبگرین(غسان جعفر: ٢٠٠٦:٤٥) گەر لە پەیوەندیكردنندا بەردەوام بین دەكەوێتە بەر رەخنەی تاك و كۆمەڵیش و هەنێكجاریش دەكەوێتە بەر توانج و لاسایی كردنەوە. دەنگەكانی گڕ و زیق و بەرز و خاو هەموو ئەم دەنگانە پەسند نین لە كۆمەڵ و كاریگەری لەسەر كەسایەتییەكانیش دروست دەكات و لە نرخیان كەمدەكاتەوە(كوندراتوف: ١٩٧١:٢٠٠) هەروەها دەنگی ئاخێوەر لە ئەنجامی شێوەی گۆكردن و دركاندنی دەنگەكان بۆمان دەردەخات ئاخێوەری زمانەكە زمانی دایكە یان زمانی دووەمە. . . هتد.

گۆڕانی ئاوازەی دەنگ بە پێی ڕێڕەوی قسەكردن كاریگەری خۆی هەیە بۆ كارلێكی كۆمەڵایەتی، ئاوازەی دەربڕین لەسەرەتادا ئاساییە دواتر بە پێی ڕەوتی ئاخاوتن لە توندی خاوی دەگۆڕێت و لەكاتی خاویدا ئاساییە و لەكاتی توونديدا بەرزە، جگە لەمەش یەك ڕەوتی لە ئاوازەی قسەكردن بێزاری دورست دەكات و بۆیەش گۆڕینی ئاوازەی دەنگ جۆرە كارلێككردنێكی كۆمەڵایەتی دێنێتە ئاراوە.

**٣-٢-٢- وەستان:**

وەستان جۆرێكە لەبێدەنگی كە لە نێوان دەنگەكاندا ڕوودەدات، وەستان لەنێوان ووشەیەك و وشەكی تریان دەنگێك و دەنگێكی تر دەبێنرێت، یان لەنێوان گرێیەك وگرێیەكی تر یان ڕستەیەك و ڕستەیەكی تر وەستان فۆنێمێكی ناكەرتیە واتا دەگۆڕێت(محمد علی الخولي: ١٩٩١:١٦٧) وەستانیش لەكاتی ئاخاوتندا بۆ گوێگر دەردەخات، كەسی ئاخێوەر لەو شوێنەی لێی دەوەستێت شوێنی دوو دڵی و بیركردنەوەیە(موفق الحمداني: ١٩٨٢:٢٣٦) وشە دەربڕاوەكانیش جێگای گومانن، چونكە وەستان

له دەربریندا بە شێوەیەکی گشتی لە سێ شوێندا ئاسایییە: سەرەتای گوتن و نێوان گرێیەکان و نێوان وشەکان، چونکە مرۆڤ، زۆرجار توشی کێشە دەبێت لە هەڵبژاردنی وشە بە تایبەتیش دووای ناو و کار و. . . هتد. بۆیە بە تاقیکردنەوە سەلمێندراوە، وەستان لە نێوان گوتنێک و گوتنێکی تر 1، 03 چرکەیە و لە شوێنەکانی تریش0، 75 خولەکە(داود عبده: ١٩٨٤:٤٤) جا ئەگەر وەستانێک لەم کاتانەی زیاتر خایاند ئەوا جێگای تێبینی و گومانە.

وەستان فۆنیمێکی ناکەرتیە واتا دەگۆڕێت(محمد علی الخولی: ١٩٨٧:١٢٣). بۆ نموونە ڕستەیەکی وەک:

-ئەو کچە بە نازە. دوو واتای هەیە:

١- کچەکە ناز دەکات.

٢- کچەکە ناوی بەنازە(عەبدولوەهاب خالید موسا: ٢٠٠٧:١١١).

لەسەر وەستانی بریتییە لە داکۆکی کردن یان توندکردن لەسەر ووشەیەک لەوشەکانی ڕستە یان برگەیەک لە برگەکانی گوتن کە بەرچاو تری دەکات لە زنجیرەی گوتندا ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ ووشەکانی تری ناو ڕستەکە یان برگەکانی تری گوتن، ئێمە باسی لەبرگەیەک یان ووشەیەکی ڕاوەستاو یان جێگر accented دەکەین یان باسی لەجۆری لەسەر وەستانی ڕستە (accentual pattern)دەکەین لەسەر وەستانیش بەرز و بڵندی دەنگ (Loudness)ناگرێتەوە بەڵکو پلەی دەنگەکە(pitch)وماوەکە (duration)دەگەرێتەوە سیستەمی لەسەر وەستانیش لەزمانێک لە زمانەکان بەسیستەمی لەسەر وەستان(Accentual system) دەناسرێت و بەشێکە لەلێکۆلینەوەکانی دەنگسازی تایبەتی زمان(phonology)(یوسف شەریف سەعید: ٢٠٠٥:١٠٥) وەستان یەکێکە لەسیما ناکەرتیەکان ولە پۆلێنکردنی دەنگسازیدا بۆ جۆرێکی بنەرەتی لەنێوان بەکاردێ، کە ئاماژەیە بۆ هەر دەنگێگ کە تیایدا تاکە ژێیەکان تەواو دەبن (Crystal: 2003: 433)

لەکاتێکدا کەپێکهاتەێک لەرووی ڕۆنان و واتا تەواو بوو وەســـتان دروســـت دەبێ، واتە هەرکاتێ ڕێکخستنی ڕێزمانی زنجیرە دەنگەکان بیخەوش بوو و پەیام ومەبەستەکەی گەیاند، وەستان دێتە ئاراوە(عبدولوەهاب خالید موسا: ٢٠٠٧:٢٥).

وەستان پێنج جۆرە:

١- وەستانی هەڵس:

ئەو وەســتانەیە دەکەوێتە کۆتایی ڕســتە و دەنگە و ئاوازە بەرزدەبێتەوە. ئاماژەی بۆ دەکرێت کە بەوەستانی دەرەکی کۆتایی ناسراوە هەروەک لەرستەی پرسدا بەرچاو دەکەوێت کە بە وەڵامی بەڵی و نەخێر دەدرێتەوە وەک: - ئایا مامۆستا دێت؟

٢- وەستانی کەوت:

ئەو وەســتانەش لەکۆتایی گوتن دێت وئاوازەکە دەکەوێت ئەمیش بەشێکە لە وەســتانی دەرەکی کۆتایی وەک لەرستەی هەواڵدان و ئەم ڕستانەی کە بە بەڵی و نەخێر وەڵام نادرێتەوە وەک: .

-مامۆستا هات.

-مامۆستا لەکوێ یە؟

٣- وەستانی کاتی: ←

ئەو وەســـتانەیە کە لە ناوەڕاســـتی گوتن دێت و گۆڕان لە ئاواز ڕوونادات ئەمەش وەســـتانێکی دەرەکیە. وەک: ئازاد ـــ هات

٤- وەستانی پۆزەتیف+

ئەو وەستانە دەکەوێتە نێوان دوو پارچەی وشە بۆ جیاکردنەوەی واتاکە وەستانێکی ناوەکییە کە هەندێک بە وەســـتانی کراوە ناوی دەبەن وەک: (خوشـــکەکەتان) کە دوو واتا دەدات ئەگەر بەســـەریەکەوە بگوترێت ئەوا بە واتای خوشـــکەکەی ئێوە دێت و ئەگەر وەســـتانەکە لە نێوان(خوشکە)(کەتان) یش بێت ئەوا(کەتان) دەبێتە ناوی ئافرەتێک.

٥- وەستانی نێگەتیڤ:

ئەم وەســتانە دەکەوێتە نێوان دەنگێک و دەنگێکی تر، کە بەدوای دێت لە وشــەدا، کە بە وەســتانی داخراو ناو دەبرێت و زۆر هەســتی پێ ناکرێت(محمد علی الخولی: ١٢٣:١٩٨٧) وەک: ڕ- ۆ- ژ – گ – ا – ڕ

(وەستان) لە نێوان قسەکان، بەڕێژەی ڕێژەیەکی بەرز وەستانێکی ئاساییە, بەڵام گرنگی خۆی هەیە لە ئاخاوتن و دربریین چونکە ڕێزدەگەیەنێت و نۆرەی ئاخاوتن دەگۆڕیتەوە جگە لەمەش تیگەیشتن زیاتردەکات و توندوتیژی زمانی ناهیلیت هەر بۆیەش کارلیکی کۆمەڵایەتی زیاتردەکات، چونکە ڕێز لەبەرامبەر دەگرن و لە نۆرەی خۆیان قسەدەکەن و زیادەڕەوی ناکەن.

**٣-٢-٣- هێزStress:**

١-پێناسەی هێز:

ئەو وزە زیادەیە ئەکەوێتە ســــەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی ووشــــە(غازی فاتیح وەیس: ١٩٨٤: ٨٤) هێز بەشــێکە لە پێناســەی بڕگە و لەکاتی گۆکردندا بڕگە پێویســتی بە هێزێکی زیاترە و کاتێک دەچێتە سەر هەر ڤاوڵێک و گۆڕانکاری بەسەر دەنگەکەدا دێنێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا وەک:

-برایەتی(برایەتی) ناوی واتایی. هێز لەسەر دوا بڕگەیە.

-برایەتی(برا یەتی) ئەو برای ئەوە هێز لەسەر برگەی یەکەم(عەبدولوەهاب خالید موسا: ١١٤:٢٠٠٧).

هەندێ جاریش کارناکاتە سەر گۆڕانی واتا هەروەک لە وشەی(گەردەن، پەردە. . . هتد) کەواتە هێز دوو ئەرک دەبینێت گۆڕینی دەنگ و گۆڕینی واتا(فەتاح مامە عەلی: ١١: ١٩٨٧) بەم پێیە ئەگەر گۆڕینی هێز لە ووشــــەی زمانێک ببێتە هۆی گۆرینی واتا، ئەوە هێز لەم زمانەدا فۆنیمە(محمد علی الخولی: ١٩٨٧: ١٦١).

٢- پلەکانی هێز:

ئەمریکییەکان چوار پلە بۆ هێز دادەنێن کە بریتین لە:

١- هێزی سەرەکی primary Stress:

فۆنیمێکی ناکەرتییە هێماکەی بەم شێوەیە بەتوندترین هێزە، گرنگترین وشە لەڕستەدا ئەم هێزە وەردەگرێت، یان ئەو وشەیەی کە دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە، هەروەها توندترین هێز وشەیەک وەری دەگرێت، ئەگەر بێتو بەتەنیا گۆبکرێت، ئەمەش بەفۆنیمێکی نارکەرتی دادەنرێت و هێماکەی بەم جۆرەیە.

٢- هێزی لاوەکی Secondary Stress:

فۆنیمێکی ناسەرەکییە هێماکەی بەم جۆرەیە لە ڕووی هێزەوە پاش هێزی سەرەکی دێت.

٣- هێزی سییەم:

ئەو هێزەیە کە لاوازترە لەهێزی دووەم و بە هێزترە لە هێزی لاواز.

٤- هێزی لاواز. Weak Stress:

فۆنیمێکی ناکەرتیە هێماکەی بەم جۆرەیە، ئەمەش بە لاوازترین پلەکانی هێز دادەنرێت، ئەم جۆرە هێزەش بەزۆری دەکەوێتە سەر وشە ئەرکییەکانی زمان وەک ئامرازەکانی بەستنەوە و پریپۆزیشن(طالب حوسین علی: ٢٠٠٥:١٧٧).

هەندێ قوتابخانەی زمانەوانیی وەک قوتابخانەی ئینگلیزی بڕگە دابەش دەکاتە سەر دوو جۆر: (هێزدار و بێ هێز) کە باوەری بە پلەکانی هێز نییە هەروەک پێشتر باسکرا(یوسف شەریف: ٢٠٠٥:١٢٢) ئەگەر بەڕێژەیی بدوێین، ئێمە ناتوانین گریمانەی بوونی هێزی لاواز لە زمانی کوردیدا بکەین، چونکە برگەی بێ هێز لە کوردی دا هەمیشە بڕێک هێزی دەکەوێتەوەسەر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بزوێنی کورتکراوە و لێکجیاکردنەوەی بە توونـدی ماوەی خایاندنی دەنگ دانان و کاریگەری هێزی لاواز لە نێوان ئینگلیزی و کوردی ناکرێ یەکسان بکرێن.

بۆ ئەوەی ئاستەکانی هێز لە زمانی کوردیدا ڕوون بکەینەوە، با تەماشەی دەستەواژەی(مامۆستاکان) بکەین، کە لە چوار برگە پێکهاتووە جیاوازی نێوان دەرکەوتنە هەر چوار بڕگەی ئاستەکە بە ئاسانی

دیاره دوا بڕگە(- کان) لە هەر چواریان توندترە بۆ نیشـــانە کردنی هێزی ئەو بڕگەیە، ئێمە هێمای سـەرەکی لە سـەر دادەنێن و تەقەڵێکی تیۆریی لەسـەر دادەنێین: (مامۆسـتاکان) لاوازترین بڕگەکان یەکەمییان(ما) دووەمیان(مۆس) کە هێمای() ی لە دانراوە بۆ هێزی سێ یەم(ئەو بڕگانە ناکرێ لاواز یـان بێهێزبن، چونکە بزوێنەکـانی جۆری خۆیـان پـاراســـتووە هەرچەنـدەش هـێزی ســـەرەکیان(وەرنەگرتووە) برگەی(تا) کە ماوەتەوە لە(ما) و(مۆس) بەرزترە، بەڵام لە(ەکان) نزمترە، بۆیە دەتوانین هێزێکی گران پێ بدەیت کە ناوەنجی یە بۆ برگەی(تا)(محمد معروف فتاح: ١٩٨٠:٦).

٣- جۆرەکانی هێز:

أ- هێزی وشە:

بریتییە لەو وزە زیادەیەی کە دەکەوێتە ســـەر یەکێک لە برگەکانی وشـــە بە تەنیاو لە دەرەوەی ڕســـتەدا دەدرکێت، ئەمەش جیاوازی لەگەڵ ڕســـتەدا هەیە یەکێک لە وشـــەکانی ڕســـتە هێزەکە وەردەگرێت(طالب حوسـین علی: ٢٠٠٥:٢٢٣). بەر لە هەموو شـتێک دەسـت نیشـانکردنی سـنوور یان چوارچێوەی وشـــە لە زمانی کوردیدا، کارێکی ئاســـان نییە، چونکە لە کوردیدا زۆرجار ڕســـتەکان قاڵبی وشـــە وەردەگرن و دەتوانرێ ڕســـتەیەکی وەک: من لە ئایندەدا جارێکی تر ئێوە دەبینم. لە وشـــەیەکی وەک: (دەتانبینمەوە) خۆی بنوێنێ، هەرچەندە لە دیالێکتی ژووروودا ئەم ســـیســـتەمە گۆڕانی بە ســـەردادێ و ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی دەبن بە ڕاناوی ســـەر بەخۆ، بەتایبەتی لە کاری تێپەڕدا لە دیالێکتی ناوەڕاســـت جیا دەبێتەوە، جگە لەمەش تێکەڵکردنی وشـــەو ئامراز گرفتێکی ترە بۆ دەســـتنیشـــانکردنی هێز دروســـت دەکا و ڕەنگە توێژەر بەرەو ڕێچەوتی ببا(وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٦:٦).

بەپێ ژمارەی برگەکان دەتوانرێ وشەی زمانی کوردی دابەش بکەین بۆ:

١- هێز لە وشەی سادە دا:

له زمانی کوریدا وشەی سادە بە زۆری ئەو وشە و مۆرفیمانە دەگرێتەوە، کە سەر بە گرێی ناوین یا دەتوانین ئەرکی ناو ببینن، وەک(ناو، راناو، ئاوەڵناو. . . . هتد)، واتە هەرگیز کار لە زمانی کوردیدا وشەی سادەی یەک مۆرفیمیدا نییە(محمد معروف فتاح: ١٩٨٩:٤٤) هێز لە وشەی سادەدا یەک برگەیی بێ یان پتر، لەســەر دوا برگە دەبێت، واتە لەســەر بزوێنی برگەکەیە و ئەگەر بزوێنەکە بە ئاشکرا دەرنەکەوتبێ، لەسەر بزرۆکەی نێوان دوو فۆنێمە نەبزوینەکەیە وەک:

/ ba /با/ / da / na دانا / na / sik /ناسک

/ cv /cv / cv /cv / cvc /

لە وشەی سادەی دوو برگەیی ئەگەر برگەی یەکەمیان بزوێنندار و(برگەی فۆنۆلۆجی) بێ و برگەی دووەمیان بزۆکەدار(برگەی فۆنەتیکی) بێ، ئەوا هێز دەکەوێتە سەر برگەی یەکەم وەک:

ce / jin جەژن

cv /cvc

لە وشە سادە سێ برگەییەکانیش هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەی کۆتایی وەک:

/ zê / re / van زێرەڤان

/ cv / cv / cvc/

بە هەمان شـێوە لە ووشــە ســادەی چوار برگەییەکانیش هێزی ســەرەکی دەکەوێتە ســەر بزوێنی برگەی کۆتایی وەک: سوارەتوکە(عەبدولوەهاب خالید موسا: ٢٠٠٧:٤٧).

/swa/ re / tu/ ke /

/ ccv / cv/cv/ cv /

بە هۆی پۆلێنکردنی وشــە ڕاســتەوخۆ ڕشــتەی هێز (Accentual System )لە زمانی کوردیدا شــەق دەکات، دەتوانین ڕێسایەکی بنچینەیی بۆ دانانی هێز لەسەر وشە دابنێین، کە هێز دەکەوتە سەر دوا برگەی ووشە، بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە ژمارەی ئەو برگانەی کە وشە هەیەتی.

ب- هێزی ڕستە:

هێزی تێکەڵ بە پلەی دەنگ و نێوان کۆمەڵەی ڕەزم(Rhythmic groups)دەبێت، هێز لە ڕستەی سادەی یەک وشەییدا دەکەوێتە سەر یەکەم مۆرفیمی بنەڕەتی پێکهاتەکە، کە بەزۆری یەکەم مۆرفیمی بنەڕەتی ڕەگی کارەکە دەگرێتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو مۆرفیمە گیرەکانەی(پێشگر یان پاشگر) کە هێز ڕاکێشن، هێز لە ڕستەدا چەند جۆرێکە:

١- هێزی ئاسایی ڕستە:

لە گۆشەنیگای جێگای جۆرەکانەوە، هێز بەتەواوەتی تایبەتکراوە بەسێ جۆرە وشەوە، کە ئەوانیش ناو، ئاوەڵناو و ئاوەڵکارن ئەوانەی خوارەوە چەند ڕوونکردنەوەیەکن:

-کوڕەکە هات.

-شارێکی جوانە.

-شارەکە لەکوێ یە؟

-دوێنێ دووجار هات.

-دەرسەکەم ئامادە کرد.

-زۆر باشە(محمد معرووف فتاح: ١٩٩٠: ١٥).

ئەو هێزەیە کە دەخرێتە سەر وشەکانی ڕستە، لێرەدا هێزی دابڕاوی وشە نامێنێ، بەڵکو هێزی سەرەکی وشەیەک لە وشەکانی ڕستە وەری دەگرێت، بەوەی کە ڕستە دانەیەکی ئاخاوتنەو بە وەستان دەستی پێدەکات و بە وەستانیش کۆتایی دێت، ئاسایی هێزەکەش دەکەوێتە سەر دوا وشەی ڕستەکە، یان ئەو وشەیەی کە گرنگی پێ دەدرێت.

٢- هێزی جیاکەرەوەی ڕستە:

لەم جۆرەدا هێزی سەرەکی دەخرێتە سەر وشەیەک لە وشەکانی ڕستە بە مەبەست دووپاتکردنەوە یان(جەختکردن)، وشەکە و نەفیکردنی دژەکانی ڕەنگە هەبێت(محمد علی الخولی:

١٦٧:١٩٨٧) وەک: پشـــلیەکە گۆشـــتەکەی خوارد، ئەگەر قســـەکەر هێزی ســـەرەکی بخاتە ســـەر وشـــەی(پشـــیلەکە) ئەوا مەبەســـتی ئەوەیە کە تەنیا(پشـــیلەکە) نەک کەســـێکی تر کارەکەی ئەنجام داوە(محەمەد مەعروف فتاح: ١٩٧:١٩٩٠) ئەمەش کاتێ بەکاردێت بۆ لێک جیاکردنەوەی واتەیەک کە پێش بکرێت و لەگەڵ واتایەکی تردا بەراورد بکرێت کە دابراوە، یان بە شـــاراوەیی وتراوە. لەم حالەتەدا هێزەکە لەگەڵ پلەی ئاوازەی بەزردا پێکەوە کار لە یەکتر دەکەن:

- ئەو پیاوە لە گەنجیدا بەهێزبوو.
- جاران ئێمە بۆ سەیران دەچووین.
- پێشان مامۆستا یارمەتی دەدام.

لەو ڕســـتانەی پێشـــوودا کە هێزی ســـەرەکی ســـەر وشـــەکانی(لە گەنجیدا، جاران، پێشـــان) دیارە کەڕوودانی کارەکان لە ڕابردوودا ئەنجامدراوە و دوپاتکردنەوە لەســـــەر کاتی ڕوودانی کارەکان دەکەن، بەڵام بۆ کاتی ئێستا مەبەستەکە پێچەوانە دەبێت و ڕوودانی کاری ڕستەکان نەفی دەکات بەم شێوەیە:

-لەگەنجیدا بەهێز بوو. . . . . . . . . واتە ئێستا بێ هێزبووە.

-جاران بۆ سەیران دەچووین. . . . . . . . . . واتە ئیستا ناچین.

-پێشان یارمەتی دەدام. . . . . . . . . . واتە ئیستا یارمەتیم نادات.

یان لە ڕستەی نەرێدا گۆڕانی هێز لەو شەیەکی تر دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا و مەبەستی ڕستەکە وەک:

-بەپێ ناچین بۆ زانکۆ.

١- ئەگەر هێزەکە بخرێتە سەر(ناچین) مانای ئەوەیە هەر ناچین.

٢- ئەگەر هێزەکە بخرێتە ســـەر(بەپێ) واتە بەپێ ناچین، بەڵکو بە هۆی شـــتی تروە دەچین وەک: پاســـکیل، ئۆتومبێل. . . هتد(طالب حســـین على: ٤٤:١٩٩٨) هێزی بە مەبەســـت ئەو هێزە ســـەرەکییەیە

کەدەخرێتە سەر وشەیەک بۆ مەبەستێک(رەهێل زەکەریا: ٢٥:٢٠١١) هێزی بەمەبەست بەپێی مەبەستی قســەکەر دەگۆڕێ دەبێتە باس وخواس بۆ ڕســتە واتە جۆرێکە لە جۆرەکانی واتا، ئەویش واتای بابەتییە(بیرجیرۆ: ١٩٥٧: ٣٣). وەک: ئاڵا کتێبەکەی دڕاند.

ئەگەر هێز لەســەر وشــەی(ئاڵا) بێت، ئەوا لە بۆچونی(نێرەر)ەوە(کەس)ەکە گرنگە و بایەخ بەوە دەدات، بەڵام ئەگەر لەســەر وشــەی(کتێب) بێت ئەوا(کتێب)ەکەی لەلا گرنگە و ئەگەر لەســەر وشەی(دڕاند) بێت، ئەوا(کار)ەکەی لەلا گرنگە(عەبدولواحید مشیر دزەیی: ٧٧:٢٠٠٩) جۆرێکی تر لە هێزی بە مەبەست هەیە کە بۆ لاسایی کردنەوەی کەس بەمەبەستی گاڵتەکردن بەکاردێت، وەک: ئەمڕۆ نەت خوێندییە.

گەلێک جار وا ڕێ دەکەوێ کەهێزی ڕستە، یەک ڕستە بەچەند مانایەکی جیاواز دەردەبڕێ لەگەڵ ئەمەشــدا، کە بەگوێرەی دەنگەکان وهێزی وشــە وەک یەکن و جیاوازییان لەنێواندا نییە. بەوێنە لەڕستەی پرسی-(مامم هات؟) ئەگەر هێزە ڕستە بە وشەی(مام)ەوە بێت، ئەوە پرسیاری کەسێک نیشــان دەدا. بەڵام ئەگەر هێزی ڕســتە لەســەر وشــەی(هات) دابنرێ، ئەو کاتە هەواڵی ڕووداوێک یاخود کارێک دەپرسێ(ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢١٥:١٩٧٦). هێزی سەر وشە، یاخود هی سەر ڕستە، هەر وەکو لە گۆکردنــدا بەجوانی دەردەکەوێ، لەنووســین دەرنــاکەوێ، مەگەر یەکێ بتوانێ دەریبخات، کە زۆر شارەزایی هەبێ لە زمان ناسیدا(محمد ئەمین هەورامی: ٩١:١٩٧٤).

٣- هێزی هەڵچوون:

بریتییە لەو هێزەی کە دەخرێتە سەر بەشێکی وشە لە ڕستەدا کە هەڵچوونی قسەکەری بەدواوە دێت، کە لە گوتارەکانی ئاینی و ســیاســی و شــیعری زۆر بەکاردێت کە پەیەســت و تایبەتە بە سروشتی کەسی قسەکەر. . وەک: ئەو قسەکردنە هەر تەواو نەبوو

هێز خستنەسەری وشە لە ڕستەدا بە مەبەستی(جەختکردن) بەکاردینن، ئاشکرایە هێزخستنەسەری وشــە لە ڕســتەدا بۆ چەند مەبەســتێک بەکاردیت وەک: جەختکردن و دیاریکردنی مەبەســت و

سەرنجراکیشان، بەکارهێنانی هیز بۆ سەر وشەی دیاریکراو و مەبەستدا جەختکردن دەگەیەنێت ئابووریشە لە زمان مەبەست ڕووندەکاتەوە بۆیە ڕۆڵی کاریگەری دەبێت لەسەر کارلیکی کۆمەلایەتی.

### ٣-٣- شێواز لە ئاستی وشەسازی دا:

#### ٣-٣-١- هەڵبژاردنی وشەی کاریگەر:

شێواز بریتییە لە هەڵبژاردنی وشە لە نێو وشەکان، ئەم هەڵبژاردنەش ئاخێوەر یان نووسەر پێی هەڵدەستێت، کە هەڵگری چەند سیمایەکی زمانی دیاریکراوە، شێواز زانستێکە گرنگی بە لایەنی ڕوخسار و ناوەرۆک دەدات، لایەنی وشەسازی جۆرێکە لە ڕوخساری زمان، کەواتە پەیوەندی هەیە لە نێوان وشەسازی و شێواز، ئەگەر شێواز وەک هەڵبژاردن و لادان و دارشتن سەیر بکەین هەر وەک زووربەی شێوازگەرە نوێییەکان وای بۆ دەچن، ئەوا هەموو هەڵبژاردنەکانی زمان شێوازن و هەریەکەیان ئەرکێک یان زیاتری هەیە، بەم پێیە دەتوانین پێناسەی شێواز بەشێوەیەکی فراوان بکەین و بلێین: شێواز کۆمەڵێک ئەرکی شێوازی زمانی هەڵبژێردراوە لە کۆگای ڕێزمانی و فەرهەنگی و دەنگی و شێوەیی زمان بە گشتی. . لە شێوازدا. وشەکان بە شێوەیەک دادەرێژرێن کە گونجاوبێت بۆ دەربڕین وەک: (کوێر: نابینا) –(سەقەت– کەمئەندام) –(درۆ– ناڕاست)(کەناس– ژینگەپاریز)(عبدالواحد مشیر دزەیی: ٢٠١٢:٢١)

هەڵبژاردن و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە لە گوتنەکانی زماندا بۆ دەربڕینی بیر و بۆچونێکە بۆ گوێگر(داود عبده: ١٩٨٤:٤٤) کە ڕەنگدانەوەی بۆچون و بیرکردنەوەی کەسایەتی قسەکەرە، وشەکان جیاوازن لەگەڵ واقع وەک جیاوازی نێوان پەیکەرێک و کەسەکەیە، کە لە زۆر ڕووەوە لەیەک ناچن، گوتنێکی وەک: ڕۆژێکی گەرمە.

لێرەدا وشەی(گەرمە) ئەوە نیشاندانی پلەی گەرما ناگەیەنێت، بەڵکو باس لە باری کەسێک دەکات کە گەرمایەتی و لەوانەیە کەسێکی تر ئەم بۆچونەی نەبێت(نوال محمد عطیە: ١٩٧٥:٧٦) جا لە ڕێگای

ئەم وشــە و دەربرینانە هەســت بە کەســایەتی کەســەکە و ڕادەی خوێندەواری و کار و پیشــەی ئاخێوەر و تەمەنی دەکرێت، بۆ نموونە هەڵبژاردنی وشەی(درۆ، ناڕاست) هەریەکە کاریگەری خۆی هەیە لەسـەر گوێگر و بەهەمان شـێوەش کەسـایەتی کەسـەکە و هەڵوێسـتی نیشـاندەدات. هەروەها بەکارهێنان و هەڵبژاردنی وشـەیەک لەم وشـە هاواتایانەی وەک بەکار هێنانی(خویندکار و قوتابی و فێرخواز و تەلەبە) بێمەبەســت نییە، جێگای تێبینی و ســەرنجە، چونکە نیشــانەیە بۆ ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی کەسەکە.

کار و پیشــە تایبەتییەک دەدات بەزمان و دەبێتە ناســنامەیەک بۆ دەرخســتنی پســپۆری و ڕۆڵیان لەنـاو کۆمەڵ دەبێت، هەروەک: وەرزش وان و مەلاوان و ئـاســــنگەر و ڕاوکەر و نـانەوا و. . . هتد(عبدالقادر عبدالجلیل: ٢٠٠٦:٧٩) زۆر جار لە باری نائاســایدا دەســتە و چینێک جۆرە زمانێک دێننە کایەوە بۆ ئەوەی کەســــانی تری کۆمەڵگا تێیان نەگات، کە پێی دەوترێت زمانی تایبەت، کە لایەن چین و توێژێک و دەســــتەیەک بەکاردێت بۆ مەبەســــت و ئامانجێکی دیار. ئەوەی لە نێویان و دەوروبەرەکەیان نەبێت لێیان تێناگات، چونکە وشـە و زاراوەکان چەمکێکی پڕ لەنهێنی خۆیان هەیە، وەک: چەتە و ڕێگرەکان و بازرگانەکانی مادە بێهۆشکەرەکان و یان باندە تایبەتییەکان. سـەرەڕای ئەمانەش، خاوەن پیشـە و چینە تایبەتەکانی وەک: هونەرمەندان و شـاعیران و ڕۆمان نووسـان. . . هتد. هەسـت بە جیاوازیەکی زۆر دەکرێت لە نێوان زمانی ڕۆژانە و زمانەکەیان، ئەم جۆرە وشـە و زاراوە و دەسـتەواژانەش لای مرۆڤی ئاسـایی جێگای پرسـیارە، چونکە واتاکەی تەمومژاویە و لێی تێناگات و تەنیا چینێکی تایبەت نەبێت، ئەم داهێنانان و لادانانەش لەخۆوە نییە، بەڵکو بۆ مەبەسـتی جیاجیا ئەم کارانە کراوە جا بۆ هەســـت دەرین بێت، وەک: زمانی شـــیعر یان بۆ ڕاپەڕاندنی کار بێت، وەک: خاوەن پیشــەکان یان بۆ ســەرلێشــێواندنی بەرامبەر و نەپچڕاندی پەیوەندی نێوانیان بێت، وەک: باندەکانی دزی و لەشـفرۆشـی و بازگانییە قەدەغەکان. . . هتد. بۆ نموونە لە کۆمەڵگای میســـری وشـــەی(جزمە) کە واتای(پێڵاو) دەدات لە زمانی ئاســـایی، بەڵام لەنێو دەســـتەی دز و

جەردەکاندا واتای پۆلیس دەدات(عبدالصـــبور شـــاهین: ١٩٨٠:١٧٤) فۆرمە کاریگەرەکان زوربەی بەشەکانی ئاخاوتن دەگرێتەوە وەک:

**٣-٣-١-١- ئامرازەکان:**

ئامرازەکان هەڵگری شـێوازی کاریگەرین بە تایبەتی ئەوانەی کە بەشـداری لە دارِشـتنی رِسـتەی سەرسورمان هەست و ئارەزووی(نێنەر) دەردەخەن وەک:

(ئۆخەی، ئاها، وەوە، بەهبەە، ئای ئای، ئەڵا. . . . ) بۆ سەسورِمان

(ئاخ، ئۆف، وەی، ئۆخ، داد، ئەمان، وەیرۆ، هەیرۆ، پەکو. . . . ) بۆپەژارەو ئازار دەربرِین

(ئەرێ، ئەی، هۆی، هاوار، ئەها. . . . ) بۆ سەرنج رِاکێشان و بانگکردن

(شیرِ، ترحێو، دۆیها، حەی، هۆیها، . . . ) بۆ تەوس و گاڵتە پێکردن

**٣-٣-١-٢- ناو:**

هەندێ جۆری ناو پەیوەندی بە شـێوازی کاریگەریەوە هەیە، بەتایبەتیش ئەو ناوانەی کە گەشـبینی ورِەشـــبینی دەگەیەنی، یان ئەو ناوانەی کە کەس و کۆمەڵگا. . . ئەزمونێکیان لەگەڵ هەیە، هەندێک لەم ناوانە هەڵگری هەڵویسـتن و نرخێگی دیاریکراویان هەیە بۆ نموونە ناوە ئایینیکانی وەک(محمد، علی، عمر. . . . . . . . ) ناوی شۆرشگیران و تێکۆشەرانی وەک(سەلاحەدین ئەیوبی، غاندی، . . . . ) بە گوێرەی ئێمەی کوردیش(شێخ مەحموود، قازی محەمەدو بارزانی. . . ) کاریگەری باشیان هەیە، هەندێ ناویش هەن کاریگەری خراپیان هەیە وەک(هیتلەر، میلۆســـۆڤیچ، . . . ) بە گوێرەی ئێمەی کوردیش(ســەدام، عەلی کیمیاوی. . ) ناوە گشـتییەکانیش بەهەمان شـێوە بۆ نموونە(مزگەوت، مەلا، گوڵ، پەپوولە، پەرەسێلکە. . . ) کاریگەری باشیان هەیە، و(سەگ، کەر، مار، . . . ) کاریگەری خراپی هەیە، ناوە واتاییەکانی وەک(ســەربەســتی و یەکســانی، ئازایی. . . ) کارگەری باشـیان هەیە کەچی هەندێکی وەک(ترس، شەرِ، تەقینەوە، . . . ) کاریگەری خراپیان هەیە.

**٣-٣-١-٣- ئاوەڵناو:**

مرۆڤ زۆربەی نرخاندن و هەستەکان خۆی ڕاستەوخۆ بەئاوەڵناو دەردەبڕێ کە وەسفی بارودخ و کەس شـــت دەکات، (نێنەر) لەڕێگەیانەوە هەســـت و هەڵوێســـتی خۆی پێ دەردەبڕێ وەک: ئاوەڵناوی بارســـتایی(گەورە، بچووک، درێژ، کوورت)(زەرد: ئاگاداری، ســـەوز: ژیانەوە، ڕەش: ناخۆشـــی، تازیەباری. تاوان. ســپی: پاکی، ئاشـــتی، مۆر: ناخۆشـــی، ســـور: ترســـناکی، خاکی: ترسناکی(گران، هەرزان، . . )(ئازا، بەجەرگ، نەبەرد)(چاک، باش)(تاڵ، شیرین) ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە هەڵگری شێوازی کاریگەری بەهێزن.

**٣-٣-١-٤- ئاوەڵکار:**

ئەو بەشە ئاخاوتنەیە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەکارەوە هەیە و وەسفی کات و شوێن وچۆنیەتی ڕوودان و ڕوونەدان. . . ی دەردەخات پەیوەندی بە شــێوازی کاریگەرییەوە هەیە وەک: (شــێرانە، پیاوانە، . . . . . . . . وەک گوڵ، وەک ســـەگ. . ) کە تەزووی هەســـتی(نێنەر) دەرەبڕێ(خێرا، باش، بەگورج)باس لە چۆنیەتی ڕودانی کارەکە دەکات(لەبێ ئەقڵی، لەترســـا، بەئەنقەســـت، بەخۆڕایی...) ئەم جۆرە وەک گرێ بەند کار دەکات، هەڵگری شــێوازی کاریگەرییە چونکە بۆ چوونی لێکدانەوەی مرۆڤ و هۆی ڕوودانی کارەکە دەردەخات.

**٣-٣-١-٥- ژمارە:**

ئەو کۆمەڵە وشــەیە کە ئەرکی ڕووتی ناوی ژمارە یان چەندێتی یان کەرتێکی شــتی دیاریکراو یان پلەی شـــتێک لە ڕێزدا دەگەیەنێ. کە خاوەنی خاســـیەتی واتای ژمارەیە واتە بە تەنها یان ژمارەی شتێک. ژمارە بەپێی تاقیکردنەوەی کەس و کۆمەڵگا بێ بەش نییە لە شێوازی کاریگەری بۆ نموونە ژمارەیەکی وەک(١٣). شــومی و ڕەشــبینی دەگەیەنێ و لە کاتی ژماردن دا بەســـەریدا بازدەدەن و بە(زیادە) ناوی دەبەین. ژمارە(١) جۆرە پیرۆزییەکی وەرگرتووە چونکە ســـیفاتی خوایەو لە پلەش دا نرخێکی باشــی هەیە و بەشــداری هەندێ وشــەی پەســند دەکات وەک(یەکبوون، یەک قســە، یەک

ڕێباز، ...) ژمارەی(٢) تاڕادەیەک کاریگەری خراپی هەیە چونکە بەشداری هەندێ وشەی ناپەسند دەکات وەک: (دوو زمان، دوو ڕوو، دوو بەرەکی).

**٣-٣-١-٦- کار:**

دەربڕینە بۆ ڕوودانی کارێک لە کات و شـــوێنێکی تایبەتی دا هەن هەندێک لە کارەکان خاوەن کاریگەرین وەک: سـوێندخوارد، لەباوەش گرت، ڕەنجی دا، خولی خوارد. . لاوازبوون، بێ هێزبوو، نەخۆشکەوت، زەردهەڵگەڕا، گریا و پێکەنی. . . هتد. هەڵگری کاریگەرین.

**٣-٣-٢- سازدانی وشە:**

گیرەک و نوســـەکەکان گیرەکەکان جگە لە ئەرکە ڕێزمانیەکانیان، هەندێکیان شـــێوازی کاریگەری بەهێزیان هەیە لە داڕشتن و سازدانی وشە(فندریس) دەڵێت: گیرەکەکان ئاماژەی ڕەنگدانەوەی ئەو وشـانە دەکەن کە پێیانەوە دەلکێن(جورج فندريس: ١٨٦:١٩٥٠)(ئۆڵمان) جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت: پاشگریism ڕەنگ دانەوەی خراپی هەیە(ستيڤن اولمان: ١٩٧٥: ٩٢) واتا کاریگەریەکەی زیاترە لە واتا هۆشـــەکیەکەی و هۆیەک نییە بۆ گواســـتنەوەی بیر، بەڵکو هۆیەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سـیاسـەتمەداران و کاریگەری گشـتی چونکە بەشـداری لە هەندێ وشـەی وەک(فاشـیزم،. . . . ) دەکات.

زمانی کوردی لەم دیاردانەوە بێبەش نییە و نموونەی زۆرمان لە پێشگر و پاشگر هەیە کە هەڵگری واتای کارگەرین، بۆ نموونە ئەو پاشـــگرانەی کە ناویان پێ بچووک دەکرێتەوە وەک(ڵە، یڵە ۆڵە ۆچگە، . . . . )(نوری علی امين: ١٩٥٨: ١٣) کە بۆ خۆشـــەویســـتی یان کەم کردنەوەی نرخ بەکار دەهێنرێت وەک(هەمینۆک، شـێرۆ، کیژۆکە. . . ) یان ئەو پێشـگرو پاشـگرانەی بەشـداری داڕشـتنی ئاوەڵناوەکان دەکەن، بەشێکی زۆری شێوازی کاریگەریەکە هەڵدەگرن، بە تایبەتی ئەو ئاوەڵناوانەی لە نـاوەوە دادەڕێژرێن وەک(ورگن، غەمنـاک، زێرین، . . . . ) هەنـدێک پێشـــگر کـاریگەری بـاش

دەردەخەن وەک(هـاو، ریـک) کە هەنـدێ وشــــەی وەک: (هـاورێ، هـاوژین، هـاوغەم)(ریکەوتن، ڕیکخستن، ڕیکبوون) دادەرێژن، هەشە کاریگەری خراپ دەنوینین وەک(نا، تێک) کە هەندێ وشەی وەک: (ناپاک، ناپیاو، نارەسەن)(تێک شکان، تێکچوون، تێک بەردان...)پاشگری(باز، دەر) بەشداری هەندی وشــــەی وروژێنەر دەکات کە کاریگەری خراپیان هەیە وەک: (مێ باز، چاوباز، فێڵ باز) پاشــگری(دەر)یش بەشــداری داڕشــتنی هەندێ. جوێن‌و توانج دەکات، کە کە ســێکســی و تابۆن. ئەوپاشــگرانەی واتای پیشــەش دروســت دەکەن وەک(چی، چێتی، وان، بەند، کەر. . ) کاریگەری خراپ دەنوێنن: وەک(تەنەکچی، زلبلێچی، ئاشــەوان، کارەکەر، ناڵبەند. . . ) شــێوازی کاریگەری لەم جۆرە وشــانە بە پێی پیشــە دەگۆرێت. بەڵام بە شــێوەیەکی گشــتی بەنزمی ســـەیردەکرێت ئەو پاشــگرانەی وەک مۆرفێمی ڕەگەز خۆیان دەنوێنن لە کاتی بانگکردن دا وەک(ە) بۆ نێرە(ێ) بۆ مێ وەک لە وشـــــەی(کورە کچێ) ئەوا واتـای کـارگەری خراپی دەبێ و مرۆڤ دەوروژێنێت چونکە بانگکردنی ڕووت جۆرە نزمییەک دەداتە کەســەکە، (نووســـەک)ەکان بە هەمان شــێوە هەندێکیان هەڵگری شێوازی کاریگەرین. هەروەک ڕاناوەلکاوەکانی دەستەی خاوەنیەتی، وەک(کورم، کچت، . . . ) کە هەست و کاریگەری دەبەخشێت(نوری علی امین: ١٩٥٨:٨).

### ٣-٤- شێواز لە ئاستی ئاستی ڕستەسازی دا:

#### ٣-٤-١- دابەشکردنی زانیاری:

ڕیکخستنی کەرەستەکانی ڕستە و گوتن شێوەی جیاواز وەردەگرن لە ئاخاوتنی ڕۆژانە بەپێی ئەو بارودۆخەی کە تیایدایە(عبدالصـــبور شـــاهین: ١٩٨٠:١٧٤) و پەیوەندی بەو نەخشــــەیەوە هەیە کە لە مێشکی تاکی ئاخێوەردا هەیە، بیرکردنەوە و کاریگەری هەڵوێستی تێیدا ڕەنگدەداتەوە، بەت ایبەتیش ئەو ڕستانەی کە پێچەوانەی بۆچونەکانە، بۆ نموونە:

- سامالّ هات.

- هات ساماڵ.

لەم دوو ڕســـــتەیەدا ڕســـــتەی دووەم پێچەوانەی بۆچوونەکانە، چونکە(بکەر) دوای(کار) هاتووە ســـــەرەڕای ئەمەش، ئەم دوو ڕســـــتەیە لە واتا دا جیان. هەر گۆڕانێک پێش و پاش لە ڕیزبوونی کەرســـــتەکان ڕوو بدات نابێتە هۆی گۆڕانی ئەرک(طالب حســـين عەلی: ١٩٩٨: ١١٠) زۆرجار ئاخێوەر ئەوەی وتویەتی ڕیزی دەکاتەوە بە شـــێوەیەکی تر کە لەگەڵ گوتنەکانی پێشـــتر جیاوازە، ئەمەش جێگای سەرنج و تێبینیە لای توێژەری دەروونی، چونکە ڕیزکردن هۆکارێکە بۆ ناسینەوەی قسەی دروست لە نادروست(تونیا ڕیمان: ٢٣١:٢٠٠٩) بۆ نموونە:

-نوێژم کرد ئینجا نانم خوارد.

-نانم خوارد ئینجا نوێژم کرد.

ئەگەر ئەم گوتنە بەم دوو شـــێوەیەی ســـــەرەوە دووبارەبۆوە ئەوا دەبێتە جێگای گومان، جا هەر گۆرانکاریەک لەڕیزکردنی کەرەســـتەکانی ڕســـتە و گوتن یان زانیاری کەم و زیاد یان ڕێکخســـتنی لۆجیکی و نالۆجیکی ئەم ڕســـتە و گوتنانە ڕوبدات. ئەوا زانیاری دەبەخشـێت بە کەســـی بەرامبەر، ئەو زانیاریانەش لای توێژەر جێگای ســـــەرنج و تێبینییە و یارمەتیدەرە بۆ شـــــارەزابوون لە کەسایەتی، جا ئەگەر دەربڕینەکان شـێوەیەکی ئاسـاییبێت و یاسـا کۆمەڵایەتییەکان نەبەزێنێت، ئەوا دەربڕینەکە ئاســـــایی دەبێت و هەڵویســـــتمان جیا دەبێت لەوەی کە لە قســـــەکان لادەدات وەڵامی گونجاوی پرسیارەکان ناداتەوە، چونکە کەسی لادەر یان شێتە یان داهێنەر.

لەم ئـاســـــتەدا شـــــێواز بەنـدە بە هەڵبژاردنی وشـــــە و ڕێزکردنییـان(جورج فندريس: ١٨٦:١٩٥٠) کەتیایدا(نێنەر) وشەکان هەڵدەبژێرێ و پاشە و پێشی دەکات بە گوێرەی ویست و ئارەزووی خۆی هەســتی تیا ڕەنگ دەداتەوە. رســتە گەورەترین دانەی ڕێزمانییە لە شـیکردنەوەی ڕێزماندا (Lyons: 1977: 172) واتای ڕستە بریتییە لە(کۆی واتای وشـەکان+کاریگەریریزمانی)(میشيل زكريا: ٣٠:١٩٨٠) وشـــــە کاتێ لە ڕســـــتەدا بەکاردێت واتاکەی ســـــنووردار دەبێت و واتا لاوەکییەکانی ون دەکاتو

جارێکی تر بە واتای وشـــەکانی پێش و پاش خۆی بارگاوی دەبێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیان بگونجێ. وشـــە لە کاتی بەکارهێنانیدا لە رســـتە دەکەوێتە بەر دوو کۆت: (پەســـەندی ڕێزمان، پەســـەندی واتا)(جون لاینز: ٣٩:١٩٦٨) کە بە دوو جۆرە پەیوەندی لە رستەدا ڕێزدەبن:

١- پەیوەندی ئاسۆیی(بریتییە لە گونجانی وشەکان لەگەڵ یەکتر).

٢- پەیوەندی ستوونی(بریتییە لە پەیوەندی گۆڕینەوەی وشەکانی لەناو ڕستە بە وشەی هاوئەرک) ڕستە لە ڕێگای چەند هۆکارێکەوە هەڵگری شێوازی کاریگەری دەبێت.

**٣-٤-٢- هەڵبژادنی وشەی گونجاو:**

کاتێ لە ئاستی ستوونیدا وشـەیەک دەگۆڕین ئەوا ئەو واتایەی کە لە دەوری خۆی کۆی دەکاتەوە زیـاتر یـا کەمتر دەبێ بۆ نموونە کـارێکی وەک(دزی) تـاڕادەیەک مرۆڤ دەورووژێنێ، بەڵام کاتێ(بکەر) یان(بەرکار) دەگۆڕێت ئەوا کاریگەری دەگۆڕێ وەک:

باوکت　　　زێڕ

کوڕەکە. شقاتە. کەی دزی

منداڵەکەت. دۆلار

هاورێکەت . قەڵەم

شـــێوازی کاریگەری لەم ڕســـتانەی ســـەرەوە بەپێی دووری و نزیکی دزەکان لە(وەرگر) و نرخی شـــتەکان دەگۆڕێن، دیســـان هەڵبژاردنی وشـــە هاووتاکان. بۆ ناونانی کەســـێک یان ڕوداوێک هەستی(نێنەر) دەردەخات(بدراوی زهران: ٨:١٩٨٢). وەک: تۆ(............) ی.

هەریەک لەم وشـانە(چەکدار، چەتە، تیرۆرسـت، جاش. . . . ) لە بۆشـاییەکە دابنیین ئەوا کاریگەری دەگۆڕێت چونکە هەڵبژاردنی هەریەک لەم وشـــانە بۆ کەســـێک. کاریگەری جیایە لەبەر بەرزی و نزمی ڕێژەی هەست لەم وشانەدا.

**٣-٤-٣- ڕێزکردنی کەرستەکان:**

هەر زمانێک ڕێگایەکی هەیە بۆئەوەی پەیوەندی نێوان وشـــەکانی نیشـــان بدات، لە هەندێ زماندا بۆئەوەی پەیوەندی سینتاکسی نیشان بدات پشتی بە وشە و ڕێزبوون بەستووە(ئاواز حمە سدیق بەگیخانی: ٥٣:١٩٩٦) ڕێزکردنی کەرســـتەکان لەناویەک ڕســـتەدا کاریگەری دەروونی(نێنەر) نیشـــان دەدات ســـەرەتا لەژێر باری دەروونی زانیاری گشـــتی دەردەپەڕێنێ و دەیەوێت بیکات بە باس بۆ هەموو ئەو واتایانەی کە بەدوایەوە دێت، هۆی دەرپەڕینی زانیارییەکەش پەیوەندی بەو نەخشـــەوە هەیە کە(نێنەر) لە مێشـــکی خۆیدا بۆ ناردنی نامەکە ئامادەی کردووە(محمد معروف فتاح. ١٩٩٢: ٤١)

وەک: -پەرتوکێکی باش بۆ کاوە هات.

- کاوە پەرتوکێکی باشی بۆ هات.

هەرچەندە هەردوو ڕســـتەکە یەک بیر دەردەبڕن، بەڵام لەهەســـت دا جیاوازن، چونکە(نێنەر) ئەو ڕۆنانەی ڕێزمانیەی هەڵبژاردووە و بە باشـــتری دەزانێ بۆ گەیاندنی مەبەســـت و وروژاندنی بەرامبەر(یحیی احمد: ١٩٨٩: ٧٧).

### ٣-٤-٤- هەڵبژاردنی جۆری ڕستەکان:

واتای شێوازی ڕستە لە زۆر بۆنە جیاجیاکاندا بە ڕاستەوخۆیی دەردەبڕدرێت وەک ئەو ڕستانەی کە بۆ ستایش و پیاهەڵدان و جوێندان بەکار دەهێنرێنت. سادەترین واتای شێوازی لەو گوتننانەدایە کە سەرسوڕمانی تێدایە(محمد معروف فتاح: ١٩٩٠: ٢٩) وەک: خالق چەندە جوانە!

کە دوو ڕاستی دەگەیەنێ: (جوانی خوا + سەرسام بوونی نێنەر).

ئەو ڕســـتانەی بۆ پیاهەڵدانی بەکاردێت وەک(باش، بەرز، جوان، ...) یان ئەوانەی بۆ جوێن دان بەکاردێن هەست و سۆز بەدوو شێوە دەگەیەنن:

+ هەستی باش وەک: . . . . . (خوایە چۆن دایکێکە!)

+ هەستی خراپ وەک: . . . . (خوا بی باتەوە تۆ چ منالێکی)

زۆرجار هەستی(نێنەر) بەپێی پلە دەگۆڕێت:

تکایە بێ دەنگ بە(رێز هەیە)

دەمت بگرە. . (رێز کەمە)

ئەوەندە مەڵێ. (رێز نییە)

رستەکانی وەک: (سوپاسکردن، پیرۆزبایی، پۆزش هێنانەوە، پاڕانەوە، دوعاکردن، پەژارە دەربڕین، سەرەخۆشی لێ کردن...) نموونەی زۆرن بۆ شێوازی کاریگەری لە بۆنە جیاجیاکاندا وەک خۆشی و ناخۆشی و شەڕ... وەک:

| | |
|---|---|
| سوپاسی هەستت دەکەم | (سوپاسکردن) |
| پیرۆزبایی سەرکەوتنت لێ دەکەم | (پیرۆزبایی کردن) |
| بەخێربێیتەوە بۆ وڵاتەکەت | (بەخێرهاتن کردن) |
| داوای لێ بوردنت لێ دەکەم | (پۆزش) |
| بەشداری غەمتانین | (سەرخۆشی لێکردن) |
| خوا خێرت بنووسێ | (دوعاکردن) |
| تف لەدووڕوویی‌و تێک بەردان. | (بێزاری دەربڕین) |
| ئەو نامەردە لێرەیە؟ | (جوێن دان) |
| لەگەڵا هاوڕێی خراپ مەگەڕێ؟ | (ئامۆژگاری کردن) |
| پرس بە باوکت بکە | (پێش نیاز) |
| تۆ هەر لە قسەی گەورە ئازابە. | (توانج لێ دان) |
| فەرموو مێوان بە | (روو لێ نان) |
| یان کوردستان یان نەمان | (ئاگادار کردنەوە) |
| نەک هەر پیاو نییە بەڵکو ڕەزیلیشە | (نرخاندن) |
| فەقیرەی مامی مردییە | (بەزەیی پیاهاتنەوە) |

### ٣-٥- شێواز له‌ ئاستی سیمانتیک دا:

شێوازی کاریگەری لەم ئاستەدا لە مۆرفیم و وشە و پەیوەندی وشەکان لە سنووری ڕستەدا دێتە ئاراوە کە بەراستەوخۆی دەردەبڕێ، کە لە هەردوو ئاستی(وشەسازی و ڕستەسازی)دا جگە لە دوور کەوتنەوە لە وشـــەی تابۆ و بەکارهێنانی یۆفیمیزم و دوورکەوتنەوە لە وشـــەی لێل و ڕەنگدانەوەی خراپ.

### ٣-٥-١- دوورکەوتنەوە لە وشە فرەواتا و هاوبێژەکان:

هەڵبژاردنی وشەی فرەواتا و هاوبێژ گرنگە لە شێوازدا، چونکە بە هەڵە هەڵبژاردن گرفتی گەیاندن دێنێتە ئاراوە، ئەو وشـــە فرەواتاو هاوبێژانەی کە یەکێ لە واتاکانی(تابۆ)ن یان وروژێنەر بێت ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاریگەری هەڵگرێت و بەســـەر واتا هۆشـــەکیەکە زاڵ بێت. بۆ نموونە وشەی(کەر) کە وشەیەکی هاوبێژە و هەڵگری دوو واتایە، (کەر)ی(پاشگر) سێبەری واتایی، (کەر) ی(گوێدرێژ) ی وەرگرتووە بەسەر واتا هۆشەکییەکەیدا زاڵە، بۆیە نرخێکی کەم دەداتە ئەو پاشگرە و هەندێ زمانەوان گۆڕیان بۆ(کار) یان هەندێکی تر گۆریان بۆ(زان) وەک: گۆڕینی وشەی(یاریکەر) بۆ(یاریزان) .

بیر و باوەڕ و بیرکردنەوە لە(ناونان) ڕەنگدەداتەوە(محمد فاروق عمر: ١٩٩٥: ١٦٢) چونکە کاتێ مرۆڤ ناو لە شـــتێ یان کەســـێک یان ڕوداوێک دەنێت، چۆنی دەبینێت ئاوا ناوی لێدەنێت. بۆ نموونە ناوەکانی وەک: (چەتە، چەکدار، تیرۆرســـت، ئاژاوەگێر، خەباتکار، بەرگریکەر) زادەی هەســـت وسۆزی(نێنەر)ن.

### ٣-٥-٢- دوورکەوتنەوە لە وشەی تابۆ:

تابۆ کەرســـتەیەکی زمانییە بە کارهێنانی لەبەر چەند هۆکارێک قەدەغەیە(نژیار ئیدریس ئەمین: ٢٠١٢: ٢٤) ئەم جۆرە واتایە لە وشە هاوبێژەکاندا دەبێت کە یەکێ لە واتاکانی قەدەغە و تابۆیە. ئەم جۆرە واتایە لە بارێکدا دێت کە وشـــەکە دوانی بێت یا زیاتر و جگە لە واتا فەرهەنگییەکەی واتایەکی تر

بێنێتەوە یاد، کە تابۆ و قەدەغەکراوبن و هەندێ کردەی فسیۆلۆجی سێکسی بێنێتەوە یاد، هەندێجار بەمەبەستەو زۆرجاریش ئەم وشانە بێ مەبەست و بێگوناهن(محمد معروف فتاح: ١٩٩٠: ١٧٠).

واتا فەرهەنگییەکەی ئەم جۆرە واتایە بڵاوترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش(گوێگر) هەست بە واتا شاراوە و تابۆکەی دەکات(احمد مختار عمر: ١٩٨٢: ٤٠) ئەمەش وای کردووە کە بەکارهێنانێکی کەمیان هەبێت و لە زمانی کوردیش لەبەر ڕەچاوکردنی باری کۆمەڵایەتی و کەسی و نەوروژاندنی بەرامبەرەکەی مرۆڤ زۆر لە ڕووی نایەت بەکاریان بێنێ و ئەگەر بەکاریشی بێنێت ئەوا هەندێ دەستەواژەی وەک: (بیلا معنی)(عەیب نەبی) تەشبیە نەبی(. . . هتد لەگەڵ بەکاردێنێت، یان بە زمانێکی وەک عەرەبی دەگوترێت بۆنموونە بەئەندامی زاوزێی نێرینە دەگوترێت(زەکەر).

**٣-٥-٣- بەکارهێنانی یۆفیمزم. Euphemism:**

وشەیەکی یۆنانییە لە بنەڕەتدا لە دوو بەش پێکدێت(Eu+Pheme)بە واتای دەربڕینی جوان دێت. چەمکێکی زمانەوانیی و کۆمەڵایەتییە و شارستانییە سەری هەڵداوە بۆ ڕێزگرتن و خۆ بە دوور گرتن لە دەربڕینی قوڕس و ڕوشێنەری حەیا و زۆر جار لە سنووری ئەدەب دەردەچێت و دەچێتە خانەی ماستاکردن و لە زۆر بواردا بەکاردێت وەک بواری سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی. . . . هتد(Oxford English Dictionary: 2023: 237) یۆفینزم هەڵبژاردنی وشە و واتایە بۆ ڕەچاوکردنی باری دەروونی گوێگر بە واتایەکی تر گوڕینەوەی وشەیەکە بە وشەیەکی تری تابۆ (Taboo). لە ڕێگای باسکردنی سیفەتی شتێک بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لەو دەربڕینانە دەبێت، کە دوو واتایان هەیە واتایەکی بنچینەیی و واتایەکی مەبەست، واتا بنچینەیەکە تابۆیە تاڕادەیەک، کەواتە گواستنەوەی واتای دروستە بۆ واتای مەبەست. وەک: ئاودەست(محسن حسین مستەفا: ٢٠١٣: ٥١)

یۆفیمیزم دوو جۆرە:

**٣-٥-٣-١- جۆرەکانی یۆفیمیزم:**

**٣-٥-٣-١-١- یۆفینزمی ئاشکرا:**

له وتارەکەی یوفیمیزمی ئاشکرادا، بەکارهێنانی دەربڕینی سووک یان ناڕاستەوخۆ بۆ جێگرتنەوەی لێدوانی توند یان بێدەنگ دەکۆڵرێتەوە، کە تیشــک دەخاتە ســەر ڕۆڵی ئیفێمیزمەکان لە نەرمکردنی پەیوەندیکردن و خۆشــکردنی پەیوەندیکردن. بەپێی یوفێمیزم و دیســفێمیزم: زمان وەک قەڵغان و چەک بەکاردەهێنرێت یۆفێمیزمەکان وەک ستراتیژییەکی زمانەوانی کاردەکەن بۆ قسەکردن لەسەر بابەتگەلێکی هەستیار بە تەکتیک و هەستیارییەکی زیاتر. ئەم ســەرچاوەیە ڕوونی دەکاتەوە کە لە کاتێکدا کە ئیفێمیزمەکان دەتوانن یارمەتیدەر بن لە توڕەکردن یان ناڕەحەتکردنی بینەر، بەڵام دەتوانن مانــای ڕاســـــتەقینەش تەمومژاوی بکەن و بە ئەگەرێکی زۆرەوە ببنە هۆی تێنەگەیشـــتن (Keith ALLAN and Kate BURRIDGE: 2007: 31) بابەتەکە جەخت لەســـــەر گرنگی هاوســـەنگکردنی ڕوونی و هەســـتیاری لە پەیوەندیکردندا دەکاتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی پەیامەکە هەم ڕێزدارە و هەم تێگەیشتن

**٣-٥-٣-١-٢- یۆفینزمی شاراوە:**

شاردنەوەی تابۆییە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زیاتر لە بواری بازرگانی و سیاسی بەکاردێت بۆ نموونە لە بری کۆمەڵکوژی وشـــەی پاکتاوی ڕەگەزی بەکار دەهێنرێت( Ethnic cleaning)ئەم جۆرەی یۆفینزم هەڵگری ناڕاســـتی و تەڵەکەبازییە و بۆ ئامـانجی خراپ بەکار دەهێنرێت (Keith ALLAN and Kate BURRIDGE: 2007: 32)

**٣-٥-٣-٢- ڕێگاکانی بەکارهێنانی یۆفیمیزم:**

١- بەکارهێنانی وشەی هەمان زمان:

أ- بەکارهێنانی ڕۆژانە بۆ نموونە بۆ(میزبەخۆداکردن) ی منداڵ چەند دەســـــتەواژەیەک بەکاردێت وەک:

-ئیمشەو لافاو هەستابوو.

-ئیمشەو ماڵ دڵۆپەی کردبوو.

-ئیمشەو باران هاتبووە ژووریَ.

-ئیمشەو دولکەی ئاو ڕژابوو. . . . . هتد.

ب- دەربڕینی فەڕمی:

بە شـــێوەیەکی فەڕمی دەردەبڕدرێت لە لایەن دەزگاکانی دەوڵەت وەک وشـــەکانی کەم ئەندام و نابینا و کەمبینا و خاوەنپێداویستی تایبەت و چاودێری خێزان و دەستکورت، لەشفرۆش، داوێنپیس، . . . هتد.

٢- بەکارهێنانی وشەی بیانی:

بەکارهێنانی وشـــەی بیانی تابۆیی وشـــە و کاریگەری نێگەتیڤی کەم دەکات وەک ئەوەی لە زمانی کوردیدا وشـــەکانی: شـۆرت، تەوالێت، حافز، زینا، غازات، ئیســـهال، فتق، ســـپێرم، . . . هتد(محسـن حسین مستەفا: ٢٠١٣: ٥٦)

**٣-٥-٣-٣- یۆفینزم بەرامبەری دیسفیمیزم : (dysphemism)**

دوو زاراوەی پێچەوانەی یەکن چونکە زاراوەی دووەم بەکارهێنانی وشـــەی تابۆیە بۆ نموونە ئەگەر وشـــەیەکی تـابۆی وەک(مردن) وەربگرین یۆفینزمی بریتییە لە(کۆچی دوایکردن) و دیســـفیمیزمی بریتییە لە(تۆپین). کەواتە ئەگەر یۆفیمیزم بۆ ڕێزگرتن و بەرزراگرتن بێـت ئەوا دیسفیمیزم بۆ سوکایەتیپێکردن و بێڕزیکردنی بەرامبەرە. (Allan, Keith, 2008, pp. 375-393)

**٣-٥-٣-٤- یۆفینزم لە ئاستەکانی زماندا:**

**أ- ئاستی دەنگسازی:**

-دەنگنزمکردن:

-ئاوازەی نەرم و کپ.

**ب- ئاستی وشەسازی:**

-سادە وەک: سینگ، لەش، . . . . هتد.

-لێکدراو وەک: لەشفرۆش، دەستاو، . . . هتد

-دارژاو وەک: نابینا، بێنوێژ، بێڕەوشت، . . . هتد

**ج- ئاستی ڕستەسازی:**

-ئەمری خوای کرد- کوچی دواییکرد - چرای ژیانی کوژایەوە

**د- پاش ڕستە:**

قسەکردن و گوتن دەگرێتەوە کە یۆفیمیزمەکەی کەم قسەکردن، قسەپێبنەبڕین، گوێگرتن و ڕێزگرتن دەگرێتەوە، شێوازی قسەکردن بەشێک لە کەسایەتی مرۆڤ دەردەخات لە ڕادەی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و پلەوپایە و پیشە و. . . هتد. لەوانەش ناڕاستەوخۆی دەربڕین، بۆ نموونە ڕستەیەکی وەک:

-دەرمانەکانت بخۆ.

-دەرمانەکانت ناخۆی؟(محسن حسین مستەفا: ٢٠١٣: ١٣)

جیاوازیان هەیە لە شێوازی دەربڕین، هەرچەندە لەوانەیە یەک کاردانەوەی هەبێت لای وەرگر، بەڵام لە ڕێگای ئەم دوو دەربڕینە بۆمان بەدیاردەکەوێت کە خاوەن گوتاری ڕستەی یەکەم کەسێکی خۆسەپێنەر و بریندارکەرە، چونکە شێوازێکی توندی بەکارهێناوە، کەچی خاوەن گوتاری ڕستەی دووەم کەسێکی هەست ناسک و بەڕێزە، چونکە لە ڕاستیدا ئەم ڕستەیە پرسیار نییە داخوازییە یا فەرماندانە، واتە(دەرمانەکانت بخۆ) بەڵام بە شێوەی پرسیار، وەک: (بیرهێنانەوە) یەک دەربڕاوە بۆ نیشاندانی ڕێز. جگە لەمەش، دەربڕینێکی وەک:

+ خزمەکانت هەموویان پێش تۆ دەمرن.

+ تەمەنی تۆ لە خزمەکانت درێژتر دەبێت –(محمد تقی زهتابی و حسین علی محفوظ: ١٩٨٧: ٢٠٠)

ئەم دوو دەربڕینەی ســـەرەوە نزیکن لە واتا ئەوەی جیای دەکاتەوە، کارامەیی و شـــێواز جوانی کەســـی ئاخێوەری دەربڕینی دووەمە، بەڵام دەبینین دەربڕینی یەکەم هونەری گوتنی پێوە دیارنییە و لە قسەی. کەسێکی نەشارەزا دەچێت.

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان کە شێوازێکی لێکسیکی یان ڕێزمانی دیارە و بە شێوەیەکی باو بەکاردێت بۆ دەربرینی ڕێز بەرامبەر بە گوێگر(Levinson: 1997: 63) وەک: (کاکە، خاڵە، مامە، خوشـکە، خاتو، پورێ، دکتۆر، وەستا. . . هتد) وەک:

– ڕزگار خەریکی چیت؟

–مامۆستا ڕزگار خەریکی چیت؟

ئەم دوو دەربڕینە پرسیارێکە لە کەسێک دەکرێت بەناوی(رزگار) بەڵام یەک کاردانەوە لای(رزگار) دروسـت ناکات، چونکە دەربڕینی یەکەم بە شـێوازێکی زبر و هەسـت بریندارکەر دەربڕاوە، کەچی دەربڕینی دووەم بە شـــێوازێکی ناســـک و ڕێز دەربڕاوە. ئەمەش بۆمان دەردەخات کە ئەم دوو دەربڕینە خاوەنی دوو کەسایەتی جیاوازن لە ڕۆشنبیری و بیرکردنەوە.

–جلکەکانی بایی دوو پارەی سۆربوون.

–جلکەکانی بایی پەنجا هەزاربوون.

ئەم دوو دەربڕینە دەری دەخات کە دەبڕینی یەکەم خوێندەوار نییە و دەربڕینی دووەم خوێندەوارە، چونکە یەکەم سودی لە هێما زمانییەکان وەرنەگرتوە و خوێندەوار نییە، ئەگەر نا نرخەکەی دەزانی، بەڵام دەربڕینی دووەم سوودی وەرگرتووە و توانیویەتی هێما زمانییەکان بخوێنێتەوە.

ڕێزگرتن شێوازێکی دەربڕینە و مرۆڤی ئاخێوەر بەرز دەکاتەوە، بە دوو شێوە دێتە بەرچاو:

أ– بەرزکردنەوەی بەرامبەر و نزمکردنەوەی خۆت، وەک:  بەڕێز، جەناب، کاک، گەورەم، قوربان، بەندەت، خزمەتکارت. . . هتد یان دەربڕینی وەک:

-دڵم کرایەوە.

-ماڵەکەت ڕوناک کردمەوە.

-بەغولامت دەبم.

ب- نزمکردنەوەی شت، وەک:

-ئەم خواردنە شایەنی تۆ نییە.

-ئەم ئیشە بە کاری تۆ ناشێت.

جگە لەمانەش، هاریکاریکردنی بەرامبەر ڕونکردنەوە و دەربڕینی ڕوون و ڕاستگۆیی کەسایەتی بەرز نیشاندەدەن، کە هەندێکیان دەچنە خانەی(خواستنی ویژدانی)(داود عبده: ١٩٨٣: ١٣) وەک:

-ماڵەکەت ڕوناک کردەوە.

-گەورەت کردین.

-دڵم کرایەوە.

## ٣-٦- شێواز لە ئاستی پراگماتیکدا:

### ٣-٦-١- شێواز و پراگماتیک:

لەم ئاستەدا شێوازی کاریگەری ڕاستەوخۆ دەرنابڕدرێ لەبەر ڕەچاوکردنی هەندێ باری ڕەوشی کۆمەڵایەتی یا شەرم و ترس...هتد(وەرگر) خۆی چەند زانیارییەکی دەرنەبڕاو تێ دەگات پشت بەستوو بە دەوروبەر و زەمینەی ئاخاوتن و زانیاری کەسی و هاوبەش، لەم ئاستەدا بواری شێوازی کاریگەری فراوانەو هەموو وشەو ڕستەیەک دەتوانێ کاریگەری پێشان بدات، چونکە گوتن گرنگ نییە بەڵکو گرنگ مەبەستەکەیە بە گوێرەی کەس و تاقیکردنەوەو هەست و ئارەزوو دەوروبەر دەگۆڕێن، لەوانەیە شتێک بگوترێ و مەبەست شتێکی تر بێت جالێرەدا زیاتر پێویستیمان بە دەوروبەری دەروونی دەبێت بۆ دەستنیشانکردنی پلەی هەڵچوونی هەروەها باری کەسەکە وەک سەرسام بوون و هەناسەی بڕاو و موچڕکێ هاتن بەلەش...هتد(بیرجیرو: ١٩٥٧: ٥٩) هەروەها

هێز و ئاواز و پلەی دەنگ زۆرشـــتمان بۆ ڕوون دەکەنەوە دەربارەی هەســتی نێنەر( Teuna. Van Dijk: 1975: 189-190). بۆ نموونە بەشێوەی خاو قسەکردن ئەوا بێزاری دەگەیێنێ و بەرزکردنەوەی دەنگ تووڕەیی و خێرایی قســـەکردن هەڵچوون دەگەیەنێ(موفق الحمداني: ١٩٨٢: ٢٣٥) هەروەها سروشتی پەیوەندی(نێنەر)ان بەیەکتر ڕادەی هەست دەست نیشان دەکات بۆ نموونە دووری نێوان دوو هاوڕێ لە کاتی قسەکردن کەمترە لە دوو کەسی نەناسیاو(هدسون: ١٩٧٨: ٢٢٦) دیسان بزواندنی دەمو لێو و چاو و دەســت هاوێکێشــەی واتایی گوتنەکان دەگۆڕن و هەندێ جاریش پێچەوانەیان دەکاتەوە جگە لەمانەش باری دەمو چاویش هەسـت نیشــان دەدات وەک کرانەوەی چاو نیشــانەی سەرسوڕمانە لۆچی ئاسۆیی توڕەیی و هەڕەشە دەگەیەنێ(کۆندراتۆف: ١٩٦٩: ٢٢٨) کەواتە دەوروبەر تاکە ڕێگایە یارمەتیمان دەدات بۆ دەســـت نیشـــانکردنی شـــێوازی کاریگەری. جا بۆ ئەوەی لە نــاوەرۆکی گوتن و هەســـتی(نێنەر) بە تەواوی بگەین دەبێ گوتنەکـان لەگەڵا هۆیەکـانی تری پەیوەندیکردن لێکبدەین. چونکە مرۆڤ بە هەموو گیانی هەست و سۆزو ئەندێشە دەردەبڕێت.

شـێواز لە زۆر گۆشــەنیگاوە پێناســە دەکرێت، بۆ نموونە لە گۆشــەنیگای قســەکەرەوە بریتییە لە دیارخەری بیر و دەروونی قسـەکەر و لە گۆشـەنیگای وەرگریشـەوە بریتییە لەو پاڵەپەستۆیەی کە دەکەوێتە سـەری بۆ ڕازیکردن یان دوورکەوتنەوە و لە گۆشـەنیگای پەیامیشـەوە، بریتییە لەو هێزە دەربڕینەی، کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی کەرەســـتە زمانیەکان دێتە کایەوە(عدنان بن ذريل: ٢٠٠٠: ٤٤) بالی دوای کۆکردنەوەی وانەکانی ســۆســێر بە دامەزرێنەری شــێوازی دەربڕین دادەنرێت(جورج مولينيه: ١٤٦: ١٩٩٧) بە ڕای مۆلینیە شـــێوازگەری خۆی لە نێوان دووڕیـانی ئەدەب و زمـانەوانیی دەبینێتەوە(جورج مولينيه: ١٩٩٩: ٦) و پێی وایە پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان شـــێواز و پراگماتیکدا هەیە.

یەکێ لە خاڵە هاوبەش و ناوکۆکانی شـــێواز و پراگماتیک واتایە، پراگماتیک گرنگی بە واتای دەوروبەر دەدات، کەچی شێواز گرنگی بە واتای فەرهەنگی دەدات، سـەرەڕای ئەمەش هەردووکیان

له خاڵێکی تردا کۆدەبنەوە ئەویش ڕەوانبێژییە، بەڵام دیســـــان جیادەبنەوە، چونکە شـــــێواز زیاتر پەیوەندی بە ڕەوانبێژی دارشـــــتنەوە هەیە، بەڵام پراگماتیک پەیوەندی بە ڕەوانبێژی ڕازیکردنەوە هەیە، جگە لەمەش شــــێواز و پراگماتیک دووریگای شــــیکردنەوەی گوتارن و شـــــۆڕدەبنەوە بۆ ناوقوڵایی زمان، بەڵام دیســـان لە یەکتر جیادەبنەوە، شــێواز لە گۆشـــەنیگای جوانییەوە ســـەیری گوتنەکان دەکات، بەڵام پراگماتیک لە گۆشــــە نیگای نرخ و ڕەهەندی کارەکی دەڕوانێتە گوتنەکان. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت پەیوەندی هەیە لە نێوان پراگماتیک و شــــێواز هەر بۆیەش مۆلینیە وا پێشـــنیـاز دەکـات، کە شــــێواز بخرێتە خـانەی پراگمـاتیکەوە(جورج مولينيه: ٦:١٩٩٩). پراگمـاتیـک کەرەستەکانی نزیکترن لە لۆجیک و لۆجیکیش لە قسـەی ئاسـایی و دروستکراو وەردەگیرێت، بەڵام شێواز لە زۆر باردا شیکردنەوەیەکی ئەدەبییە بەمەش پراگماتیک و شێواز لە پراکتیکدا جیادەبنەوە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە پراگماتیک و شێواز هاوتەریب لەگەڵ یەک دەڕۆن و هەردووکیان لە کانگای ڕەوانبێژییەوە هەڵقووڵاون، هەریەکەیان گرنگی بەجۆرێک لە ڕەوانبێژی دەدەن، ڕەوانبێژی ڕازیکردن(گوتـاری) دەچێتە خـانەی پراگمـاتیک و ڕەوانبێژی داڕشـــتن(جوانی)یش دەچێتە خـانەی شێواز.

**٣-٦-٢- کردە قسەییەکان:**

کردەی قســــەیی (ئۆســـتن و ســـێرێل) کە قســــەکردن بە ئەنجامدانی کارێک دادەنێت، کە نرخە کاریگەرییەکەی پەیوەستە بە جێبەجێکردن لە ڕێگای گوتن(جورج مولينيه: ٢٣١:١٩٩٨). مۆلینی پێی وایە نرخی پراگماتیکی لە کردەی قسەیی دایە، کە سروشتێکی ئەدەبی هەیە، هەر ئەم نرخەش هەڵدەسێت بە گۆڕینەوە و گواستنەوە و بەرزکردنەوەی کاری نووسین بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی، چونکە کردەی قســـــەیی مۆرکێکی ئەدەبی پێوەدیـارە، بەوەی کە کـاری ئەدەبی کـارێکی ڕاپەڕانـدنە و ئەو کـاریگەرییەیە، کە ئەرکی زمـان دەگۆڕێـت بۆ ئەرکێکی شــــیعری(جورج مولينيه: ٢٣٤:١٩٩٨). کردە قســـەییەکانی بۆچوونێکە قســـەکردن بە ئەنجامدانی کارێک دادەنێ، زمان کردەیە نەک قســـە ئەرکی

سـەرەکی ڕاپەڕاندنی کارە وەک ڕاسـپاردن و هەواڵدان وهەڕەشـەکردن و.... هتد(نێنەر) کە قسـە دەکات خۆی لە سێ کردەدا دەبینێتەوە:

1-کردەی گوتن: لێکدانی وشـەکانە بەشـێوەیەکی ڕێزمانی و دیاریکردنی هاوبەشـەکان و شـێوەی گەڕاندنەوەی جێناوەکان.

2- کردەی مەبەست: واتای سـەرزای ڕستەکان وەسفین، بەڵام کەدەیخەینە دەوروبەر مەبەستی تر دەگەیەنێ کە لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەی یەکناگرنەوە.

3- کردەی پاشـــکار: واتە ئامانج چییە لەم گوتنە؟ دەتەوێ ترســـاندن، تۆقاندن، ڕازیکردن، دڵنەواییە... کەئەمەش دوای هەڵوێسـتی(وەرگر) دەبێ بەسـەرکەوتنی گوتنەکە. ئەگەر لەواتای هەر گوتنێک وردبینەوە ئەوا زیاتر لە ئەرکێک نیشـــان دەدات، بەپێی پۆلینەکەی(ســـێرێل) پێنج کردەی قســـەیی لەئارادایە(Lievinson: 1997: 240) (کردەی نواندن، فەرماندان یا ڕێنمایی کردن، پەیوەســـت بوون، ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە، هەست دەربڕین) ئەوەی پەیوەندی بە باسـی ئێمەوە بێت(کردەی هەست دەربڕینە) وەک لە ڕستەی: . چێشتەکە ناخورێ.

ڕستەیەکی هەواڵدان نییە هەروەک دێرینەکان لێکیدەدەنەوە(ئۆستن) بەهەڵەی وەسفی ناوی بردووە. ئەگەر بخرێتە دەوروبەرەوە ئەوا نەک هەر هەواڵە بەڵکو هەست دەربڕینیشی تێدایە، چونکە هەموو کاتێ مرۆڤ هەســتی خۆی پەنا دەباتەبەر هۆکاری زمانیو نازمانی بۆ دەربڕینی هێزی ڕەوانبێژی گوتنەکە لەکردەی هەست دەربڕیندا هەستێک یان هەڵوێستێک یان بارێکی دەروونی دەردەبڕێت کە لە(نێنەر)دا پەنگی خواردۆتەوە لەبارەی کەســـێک یان ڕووداوێک وەک(گلەیی و ناڕەزایی، پاکانەکردن، پۆزش، ...) کە بە دوو ڕێگا دەردەبڕدرێت:

1- کردەی ڕاستەوخۆ:

کە پێشتر باسمانکرد و مەبەست بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ دەردەبردرێت.

2- کردەی ناڕاستەوخۆ:

که له شـــێوەی(هەواڵگەیاندن، پرســـیار، فەرماندان) خۆیان دەنوێنن و ئاوازە ڕۆڵێکی گرنگی تیا دەگێڕێ. وەک: . ئەم قسە کردنە تەواو نەبوو.(هەڵس)

ئەوەی پەیوەندی بە شـــێوازی کاریگەری هەبێت بۆ کارلێک و گەشـــەی کۆمەڵایەتی لە زۆرباردا پەیوەندی بە گوتنە ناڕاســـتەوخۆەکان هەیە کە لەژێر کاریگەری یاســـا کۆمەڵایەتییەکان و ڕێزدارییەوە ئەنجام دەدرێت و گەشەی کۆمەڵایەتی زیاتردەکات.

**٣-٦-٣- دەرکەوتەکان:**

بریتییە لە لێکدانەوە و شـــیکردنەوەی ئاخاوتن، بە تایبەتی ئەو زانیاریانەی کە بە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ دەرنەبڕاوە، (گرایس) لە ســـاڵی(١٩٧٥)دا دەریخســـتووە کە ئاخاوتن لەســـەر بنەمایەکی هاریکاری نێوان(نێنەر)و(وەرگر) بەڕێوەدەچێت(عادل فاخوری: ١٩٨٩:١٤٦).

١- پیادەکردنی بنەماکانی هاریکاری.

واتە پەیرەوکردنی ئەم بنەمایانەی خوارەوە کە نەخشـــە کێشـــانێکە بۆ ئەوەی ئاخاوتن شـــێوەی نموونەیی وەربگرێ:

+ چەندێتی: کە تایبەتە بە بڕی زانیاری کە پێویستە دەستەبەربکرێت، کە لە دوو ڕێگاوە دەبێت:

+ بەشداری بە گوێرەی پێویست بێت.

+ بەشداری زیاد لە پێویست نەبێت.

+ چۆنیتی: دەبێ بەشداریەکەت ڕاست بێت. واتە:

-قسەیەک مەکە کە گومانت هەیە ڕاست نییە.

- قسەیەک مەکە کە بەڵگەی ڕوونت نەبێت.

+ گونجان: دەبێ بەشداریەکەت گونجاو بێت نەک بابەت بگۆڕێ و کۆتایی بە قسە بهێنی. . هتد

+ شێواز: قسەکردنەکەت دەبێ شێوازێکی ڕوون و ئاشکرابێت وەک:

- دوورکەوە لە تەمومژی.

- دوورکەوە لە فرەواتایی و هاوبێژی.

- کورت بڕ بە.

- گوتنەکانت ڕێکخراو بێت.

پەیرەوکردن و نەکردنی ئەم بنەمایانە کاریگەری و کارلێکی کۆمەڵایەتی دێنێتە ئاراوە، بەڵام هەموو کاتێ ئاخێوەران ئەم بنەمایانە ڕەچاو ناکەن، کاتێ لەم بنەمایانە لادەدەن شـــێوازێکی کاریگەر دێتە کایەوە.

٢- لادان لە بنەماکانی هاریکاری:

-لادان لە چەندێتی:

ئەگەر بەشـــداری(وەرگر) بە گوێرەی پێویســـت نەبێت، ئەوا ئەم لادانە لە نەزانینەوە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە نایەوێ هەستی خۆی ڕاستەخۆ دەرببڕێ و تا بەرامبەرەکەی زویر نەبێ، وەک:

-مامۆستا کوڕەکەم لەبیرکاری چۆنە؟

کوڕەکەت لە کوردی زۆر باشە و لە قوتابخانەش دواناکەوێ.

٢- لادان لە چۆنیەتی:

واتە بەشداریکردنی دوور بێت لە ڕاستی و قسەکان بێ بەڵگەبن، کە بە چەند شێوەیەک دەبێت:

ا-گاڵتەکردن:

وەک ئەوەی بە یەکێ بڵێی:

سەردار مرۆڤێکی دڵسۆزە و دەتوانی نهێنیەکانتی لاباس بکەیت

ئەگەر بە ئامادەبوونی(سەردار) ئەم قسەیە بکرێت ئەوا دژی ئەم واتایە دەگەیەنێت، یان بە کەسێک بگوترێ:

کە بە ئاوازەیەکی(کەوت) دەســـت پێ دەکات و (هێز) لەســـەر وشـــەی(ئازا) دەبێت و ئاوازەکەش لەســـەر ئەو وشـــەیە بەرز دەبێتەوە دواتر نزم دەبێتەوە ئەوا دیســـان واتاکەی پێچەوانە دەبێت، هەر

هەمان ڕســـتە ئەگەر بە پێکەنینەوە بگوترێ یان بە(لێوگەســـتن) بگوترێ ئەوا دیســـان دژی واتا سەرزاریەکە دەبێتەوە.

ب- خواستن:

خواستن لادانە لە یاسای زمان(جون کوهین: ١٩٨٦:٦٦) و دوو جۆرە:

١- خواستنی ڕوون کردنەوە.

٢- خواستنی ویژدانی.

ئەوەی پەیوەندی بە شـــێوازی کاریگەرییەوە هەبێت(خواســـتنی ویژدانی)یە کە هەســـت و ســـۆز دەردەبڕێت و کارلێکی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات بۆ نموونە ئەگەر یەکێک بە ئافرەتێک بڵێت:

ـ تۆ مانگی.

ئەوا هەســـت دەردەبڕین چونکە بە مانگی چواندووە. ئەم واتایە بە پێچەوانەش دەبێتەوە کاتێک بە ئافرەتێکی ناشیرین بگوترێ و هێز بخرێتە سەر وشەی(مانگ)(داود عبده: ١٩٨٤:١٣).

ج- ئاماژەپێ کردن:

کە یەکێ درۆیەک بکات ئەوی تر بە درۆیەکی تر وەڵامی بداتەوە ئەوا دەبێتە پلار و توانج وەک:

ق- دوێنی لەگەڵ پارێزگار نانمان خوارد.

گ- بەڵێ لە تەلەفزیۆن ئێوەم دیت.

د- کەمکردنەوە:

کاتێ یەکێ کارەکی گەورەی خراپ بکات و بچووکی بکاتەوە و دای پۆشێت.

وەک: یەکێ جگەرە زۆر بکێشیێ و بڵێ دکتۆر تاکە و تاک دەکێشم.

ه- زیادەڕۆیی:

ئەوەیە کە قسەکردنەکە لەگەڵ واقعدا نەگونجێ.

وەک: مردین لە برسان.

٣- لادان له گونجان:

ئەوەیە کە وەلامی(وەرگر)نە گونجیَ لەگەلا داوا و پرسیاری(نێنەر)

وەک: ق- دەزانی خەسوەکەت ژنەکی هارە.

گ- کاکە خوا حافیز.

٤- لادان له شێواز:

واتە قسەکردنەکە بە شێوازێکی لێل و تەمومژاوی دەربرِیَ وەک لە بەکار هێنانی وشەی فرەواتا و هاوبێژ کە لە رِەوانبێژی دا لە ژێر ناوی(رەگەزدۆزی) بەکاردێت.

وەک: بۆ(کـەر)یَ ئیعلانی حەربی لەگەلٌمان کرد شێخ حەسەن

سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێرِا ئەم(کـــــــــــەر)ە

(کەر) ی دووەم بە رِوونی دەرنەبرِاوە ئایا(شـێخ حەسـەن)ە یا(گوێدرێژ)ەکەیە یان هەندیَ جار قسـە بە تەمومژاوی دەکریَ

**٣-٦-٤- نیشانکارەکان:**

نیشـــانکارەکان لە ســـنووری بۆچوونی ئاماژە کاردەکات، ئەو کەرەســـتانە دەگرنەوە کە زمان و دەوروبەر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کەس وکات و شوێن و پلەو پایەی هاوبەشـەکان دەست نیشـان دەکـات، ئەوەی پەیوەنـدی بە واتـای شـــێوازی کـاریگەری کۆمەلایەتییەوە هەبێـت، نیشـــــانە کۆمەلایەتییەکانە کە ناسـنامەی(نێنەر)و(وەرگر) و باری رِۆشـنبیری و کۆمەلایەتی و پلەیان نیشـان دەدات(Fromkin & Rodman: 1983: 190) زمان یان دەق دوو جۆرە زانیاری کۆمەلایەتی دەگەیەنیَ:

١-نیشانکارە رِێژەییەکان:

پەیوەندی بە(نێنەر) و(وەرگر)ەوە هەیە وەک لە بەکارهێنانی(رِاناو) کە بۆ رِێزگرتن بەکاردێت کاتیَ کە(نێنەر)یان(وەرگر)(تاک) بێت و بە(کۆ) قسە بکریَ وەک: ئێمە شتی وا ناکەین.

٢- نیشانکارە رِەهاکان:

ئەو نازناوانەیکە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی دیاریکراویان هەیە وەک: (دکتۆر، وەســـتا، مامۆســـتا، گەورەم، بەڕێز، کاک،...هتد (Levinson: 1997: 89-93)

وەک: کاک ئەحمەد بەیانی دێت بۆ ئێرە.

ئەگەر ناو بەبێ نازناوبەکار بێت ئەوا بێ ڕێزی دەگەیەنێت.

ریزلێنان پلەدارە بۆ نموونە هەردوو نازناوی(خوشـــکە، خاتوو) کە لەگەڵا ئافرەتدا دێن(خاتوو) ڕێژەی زیاترەو بۆچینە بەرزەکانی وەک(ئاغاژن) بەکاردێت کەچی(خوشـــکە) ڕێزێکی ئاســـایی دەگەیەنێ ریزگرتن زۆرجار لە شـــت دەبێت وەک: (کۆشـــک، خاتوو) کۆشـــک زیاتر ڕێز دەداتە کەسەکە وەک: 1- کاوە خانوویکی هەیە.

٢ - ئازاد کۆشکێکی هەیە.

رســـتەی یەکەم دەری دەخات کە(کاوە) مرۆڤێکی ئاســـاییە، چونکە زۆر کەس خانوویان هەیە، بەڵام(کۆشک) تایبەتە بە مرۆڤی دەوڵەمەند یان پایەبەرز، جگە لەمەش نیشانەکانی(بانگکردن)ی(نێر) و(مێ) واتە(ە – ێ) کاتێ کەسی پێ بانگ دەکرێ ئەوا جۆرە هەست دەربڕینێک بە خراپی دەگەینێ بەرامبەر بە بانگکراو. وەک:

-وەرە کچێ. (ریز نییە)

-خوشکە وەرە. (ریز هەیە)

**٣-٦-٥- گریمانە پێشەکیەکان:**

ماوەیەک فەیلەســـوفەکان گرنگیان بە باری هەندێ ڕســـتەدەدا وەک: (مەلیکی فەرەنســـا ســـەری ڕوووتایتەوە) جا ئەگەر لە فەرەنسا مەلیک نەبێ ئەوا ئەم ڕستەیە پەسند نابێ لە ڕووی واتاوە. بە لای(راسل)ەوە(١٩٠٥) ئەم ڕستەیە بە جەخت لەسەر دووشت دەکات:

١- لە فەڕەنسا مەلیک هەیە.

٢- مەلیکەکە سەری ڕوتایتەوە.

ئەگەر فەرەنسا مەلیکی نەبێ ئەوا ڕستەکە هەڵەیە.

(ستروسن١٩٦٤) چارەسەرێکی بۆ ئەمە دۆزیەوە کە(نێنەر) گریمانە دەکات کە(وەرگر) دەتوانێ کەس یان شت دیاری بکات کە قسەی لەبارەوە دەکات(وەرگر) دڵنیا نییە کە کەسەکە یان شتەکە هەیە بەڵکو گریمانەی بۆ دەکات. جا ئەگەر کەسەکە نەبێ ئەوا گریمانەکەش ڕاست دەرناچێت، ڕستەکەش هەڵە نابێ، بەڵکو نەڕاست و نەهەڵەیە(جولیا. اس. فالک: ٣٧٢:١٣٧٧).

فراوانترین بیروڕا بۆ گریمانە پێشەکییەکان بیروڕای(فیلمۆر)ە(١٩٧١) کە بارودۆخی گوتنەکە لێکدەداتەوە، بۆ نموونە کاتێک کە یەکێک دەڵێت: دەرگاکە داخە.

لەم بارەدا پەیوەندی نێوان(نێنەر) و(وەرگر) نیشان دەدرێ و داوای(نێنەر) لە پێوەدانی دەرگا و دەرگاکە کراوەتەوەو(نێنەر) دەیەوێ پێوەبدرێ، ئەمانە هیچ یەکیان لە ڕستەکەدا نەهاتوون(اف. ار. پالمر: ١٩٢:١٩٨١).

لە گریمانە پێشەکییەکاندا(نێنەر) لێکدانەوە و بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ، کە پابەندی ڕاستی و درۆ نییە بۆیە پەیوەندی بە شێوازی کاریگەریەوە هەیە، جا هەر ڕستەیەک وەرگرین ئەوا زۆر شت لەسەر(وەرگر) وەک گریمانە سەپێندراوە.

وەک: یارمەتی باوکت بدە.

لەم ڕستەیەدا(نێنەر) زۆر واتاو و هەستی شاراوە بەرامبەر(وەرگر) دەربڕاوە وەک:

تۆ باوکت هەیە.

پێویستی بە یارمەتی هەیە.

یارمەتی باوکت نەداوە.

کارێکی خراپ و بێ ئەدەبییە.

حەزدەکەم یارمەتی بدەی.

**٣-٦-٦- ڕۆنانی ئاخاوتن:**

ئاخاوتن: قســـەیەکە لە نێوان دوو کەس یا زیاتر کە بە ئازادی بەڕێوەدەچێ و دابەشـــی ســـەرە ناوەڕاست و کۆتایی دەبێت و لەسەر دوو بنەما بەندە (Levinson: 1997: 297-301).

**٣-٦-٦-١- نۆبەگرتن:**

بریتییە لە سوڕانەوەی قسە لەنێوان دوو کەس یا زیاتر، کە بەپێی کەلتوور لە گۆڕاندایە قسەکردن لەســـەرخۆ و بێ گرفت لە(نێنەر)ێکەوە بۆ(نێنەر)ێکی تر دەگۆڕێت. هاوبەشـــی یەکەم دەدوێ و ڕادەوەستێ، یەکێکی تر دەست بە قسە دەکات و بەردەوام دەبێت و دەوەستێ بەم پێیە دەسەڵاتی قســـەکردن دەگۆڕێت، مافی قســـەکردن لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر بەهۆی ناســـینەوەی یەکەکانی نۆبەوە دەبێت کە ئاوازێکی تایبەتی هەیە(بەرز، نزم) هەر(نێنەر)ێکیش مافی وەرگرتنی یەک نۆبەی هەیە کە قەبارەکەی لەژێر دەسەڵاتی خۆیەتی و کۆتاییەکەشی خاڵێکە بۆ گۆڕینی(نێنەر).

ئەوەی پەیوەندی بە شێوازی دەربڕینەوە هەبێت نۆبەگرتنی قسەکردن و قسەپێ نەبڕین دەگرێتەوە ئەمەش وەک ڕێزێک و وەک پابەندبوونێک بۆ یاسا کۆمەڵایەتییەکان.

**٣-٦-٦-٢-جووتەگوتن:**

بریتیە لە دوو ڕســـتە کە هەریەکەیان لەلایەن(نێنەر)ێکەوە دەردەبڕدرێ ئەوا(وەرگر) لەســـەریەتی وەڵامی بداتەوە.

وەک: ق: کوڕەکەت لەکوێیە؟

و: لەدەرێ یە.

لە ڕێگای ئەم جووتە گوتنە ئاخاوتن دابەش دەبێت بۆ(سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی).

وەک: أ- ڕۆژباش

ب- ڕۆژباش

ئینجا دوای ئەوەی دەچمەماڵەوە.

// = = = = = = = = = = ئێی.

أ- خواحافیز.

ب-خوات لەگەڵ.

لکاندنی ئەم گوتنە لە شـێوەی پەسـەند و ناپەسـند دەبێت، واتە بڵاوی و نابڵاوی لە لایەن کۆمەڵگا و(نێنەر)ان، بۆنموونە هەموو کاتێ(دانپیانەنان) دوای(تاوانبارکردن) گوتنێکی(پەسـند)مان دەداتێ و(دانپیانان)یش گوتنێکی(ناپەسەند).

وەک: أ- بۆ قەڵەمەکەت شکاندم؟

ب- من نەمشکاندووە؟

أ- بۆ قەڵەمەکەت شکاندم؟

ب- بمبوورە بۆت دەکڕمەوە.

نا پەسندی لە دوو شێوە خۆی دەبێنێتەوە:

١- وەڵامێک کە ناوێزە بێت.

وەک: أ- ئەرێ کاوە بە چ دەژی؟

ب- بە ژەهری مار.

٢- گوێگر خۆی لە قسەکە لابدات.

وەک: أ- دێی بچین بۆ بازاڕ؟

ب- چ، ها، بابت نابینم.

ئەم بوارەی پراگماتیک ئاوێتەی شێوازی کاریگەریە لەم بارانە خوارەوە:

**١- نۆبەگرتن:**

توندوتیژی لە نۆبەگرتن و پێکداچوونی قسـە لە ئەنجامی بڕینی کایەی یەکتر شـێوازی کاریگەری دەردەخات هەروەک لاین و برینس( Lein and Brenneis) لە بەراوردێکی سـاڵی(١٩٧٨)دا دەریان

خست نۆبەگرتنی قسەی نێوان منداڵە ئەمریکییە ڕەش و سپییەکان لەگەڵ منداڵە هیندییە سوورەکان زۆر توندو تیژی و پێکداچوون و برینی نۆبەی یەکتری پێوە دیارە(Levinson: 1997: 301)

أ- توندوتیژی قسەکردن:

ئەمە وادەکات زیاتر بوروژێن، چونکە گوتنەکان چەندین تایبەتی بەخۆوە دەگرێ وەک بەرزکردنەوەی دەنگ و خێرایی قسەکردن و گۆرانی باری دەموچاو جگە لەمەش کاتێ(وەرگر) وەڵامی(نێنەر) نەداتەوە ئەوا هەڵوێستێکی پڕ لە واتا دەگەیەنێ لەگەڵا سوکایەتی پێکردن.

وەک: أ- چۆنی؟

ب- بێ دەنگ.

أ- چییە دەڵێی دەعیەت نایێ قسەمان لەگەڵا بکەی!

بەیەکداچوونی قسە لە ئەنجامی کورتکردنەوەی نۆبەی یەکتر ئەوا وروژاندن پەیدا دەکات وەک:

أ- من گوتم دەچمە لای.

ب- وانییە تۆ نەتگوت .

أ- لێگەڕێ با قسەکەم تەواوبکەم.

ب_ گوتنە ناپەسندەکان:

گوتنە ناپەسندەکان هەندێ جار هەست دەردەبڕن کە بەچەند شێوەیەک دێتە بەرچاو.

١-بەدواخستن:

ولاتە وەڵامی(وەرگر) دوابخرێ ئەمیش لە چەند ڕێگایەک دەبێت(Levinson: 1997: 333-341)

أ- بەوەستان پێش وەڵام.

ب- بە بەکارهێنانی پێشەکی، کە بەچەند شێوەیەک دەبێت:

بە بەکارهێنانی گوتنی ناپەسەند وەک(ئای، ئۆی، ها. . . . ، )

بە بەکارهێنانی نیشانەکانی ڕێکەوتن پێش ڕەتکردنەوە وەک(وەی، باشە، ئا).

به بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕێزلێنان بۆ بەخشین و داوەت و ئامۆژگاری وەک(مەمنوون، سوپاس، خۆشی).

به بەکارهێانی پۆزش لەداوەتکاری.

به بەکارهێنانی ڕستەی ناڕەزاییو ڕەتکردنەوە وەک(نازانم).

ج- بەدوورخستنەوەی نۆبەی قسەکردنی لەرێگای خۆڕاستکردنەوە یان هەندێ قسەی ناپەیوەندیدار.

٢- بەدەست نیشانکردنی هۆو پاساو دۆزینەوە.

٣- له ڕێگای ڕەتکردنەوە بەشێوەیەک ناڕاستەوخۆ.

وەک: أ- ئەم سەعاتەت دەوێ.

ب- ها، باشە، بابزانم، سوپاس، سعاتم زۆرە.

**٢-جووتەگوتن:**

لەم بنەمایەدا جووتە گوتنەکان هەندێکیان هەڵگری واتای کاریگەرین وەک:

١-جووتنە گوتنەکانی سەرەتاو کۆتایی:

ئاخاوتنی ئاسایی بە چاکی و چۆنی و سەلام دەست پێ دەکات، کە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و خۆنزیککردنەوە دەگەیەنێ و بە خواحافیزی کۆتایی دێت، واتە دەستەواژەی پێشوازیکردن و ماڵئاوایی، کاتێ ئەم دەستەواژانە بەکارنەهات ئەوا کاریگەری دەبێ، چونکە لە بارێکی نائاسایی و عاجزیدا دەبێت.

وەک: أ- چۆنی؟

ب-(بێ دەنگ) نەم گوت جارەکی تر قسەم لەگەڵا مەکە.

أ- خواحافیز.

ب- باشە! من ڕۆیشتم ئینجا تۆش پیاوبە لەسەر قسەی خۆت بە.

٢- جووته گوتنەکانی نرخاندن:

لەم جووته گوتنانه(نێنەر)ان هەســـــت و ئارەزووی خۆیان بەرامبەر کەس و دەوروبەر دەردەبڕن وەک:

أ- ماشەڵا: چەند گەرمایه.

ب- هەرنییه، دەڵێی جەهەنەمه.

٣-جووته گوتنەکانی پیرۆزبایی:

ئەم جۆره له بۆنەکانی خۆشی بەکاردێت کە(نێنەر) هەستێکی باش بەرامبەر به کەسەکه دەگەیەنێ. وەک:

أ- پیرۆزه.

ب- سوپاسی هەستت دەکەم.

٤- جووته گوتنەکانی گلەیی:

ئەم جووته گوتنانه(نێنەر) هەســـــتی ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ و (وەرگر)یش گلەییەکه وەردەگرێ یان ڕەتدەکاتەوه وەک:

أ- دیارییەکەت هەر نەینا.

ب- بەخوای دەینم.

٥-جووته گوتنەکانی تاوانبارکردن:

ئەم جۆره گوتنانه دەگرێتەوه کە(نێنەر) یا(وەرگر) یاکەسێکی تری پێ تاوانبار دەکرێ و (وەرگر)یش تاوانەکه ڕەتدەکاتەوه یان دانی پیادەنێ وەک:

أ- دەزانی بۆ تۆ شورەییه که دوێنێ لای... وا باسی منت کردووه!

ب- باوەڕبکه مەبەستم تۆ نەبووه خراپیان تێ گەیاندی.

٦-جووته گوتنەکانی پەژاره دەربڕین:

ئەم جووتە گوتنانەش(نێنەر) پەژارە و داخی خۆی پێ دەردەبڕێ بەرامبەر بە کارەســـــاتێک یان ڕووداوێک وەک:

أ- کاکە بەداخەوە بەخۆتان خۆشبن.

ب- سوپاست دەکەم، ئەنگۆش خۆش بن.

٧- جووتە گوتنەکانی(پێش ڕاگەیاندن):

ئەم جۆرە گوتنە دەبێتە پێشەکیەک بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵێک یا داواکاریەک کە(وەرگر) بە پەرۆشەوە چاوەڕێی دەکا. وەک:

أ- خەبەرەکی خۆش

ب- چییە؟ خێر

أ- دەڵێن دۆلار دابەزی

ب- تخوا، بەراستی شتەکی باشە.

٨- جووتە گوتنەکان بەرکۆتایی:

بریتیە لەو گوتنانەی کە ڕێگاخۆشـــــکەر دەبن بۆ کۆتایی ئاخاوتن وەک لەبەکارهێنانی هەندێ وشەی(باشە، سەرچاو، مەمنوون، سوپاس، وایە) .

لەگەڵا نزم کردنەوەی دەنگ دەبێتە نیشان بۆ کۆتایی ئاخاوتن.

خ- هەتاکو دەوری دوانزەو نیو یەک ئەوها ئەمن تەلەفۆنت لۆدەکەم.

د- باشە.

خ- وا ڕەقەمەکەم لەکنە.

د- باشە.

٩- جووتە گوتنەکانی خۆ دەربازکردن لە ئاخاوتن:

کاتێ کە نێنەر بەرامبەرەکەی هاوکاری ناکات بۆ کۆتایی هێنان بە ئاخاوتن ئەوا ناچار دەبێ بە یەکێ لەم چوار ڕێگایانەی خوارەوە خۆی دەرباز بکات:

أ- بە باسـکردن لە کاری ئایندە و دواخسـتنی قسـە بۆ کاتێکی تر بە بەکارهێنانی هەندێ ڕسـتەی وەک(دەتبینمەوە، جارەکی دی)وەک:

س- ئەدی، ئەوە مشکیلەیە، نوکتەکەشم لۆ تۆ نەگۆ ئەوێ جارێ.

م- قەیناکە لۆ جارەکی دی.

٢- بە باسـکردنی(نێنەر) لەکاری خۆی بەبەکارهێنانی هەندێ ڕسـتەی وەک(دەبێ بڕۆم، مەوعیدم هەیە، وەقتم تەواو).

وەک: أ- ئەوجا کاکە دەبی ئەمن بڕۆم، ئێستا کاک(نەوزاد) و وان چاوەڕێمن دەبێ عەفووم کەی

س- ئیسراحەتی خۆت وەگرە.

٣- بە باسکردن لە کاری لایەنەکی تر

لێرەدا(نێنەر) باس لەکاری(وەرگر) دەکات و هەندێ ڕسـتەی وەک(دەترسـم ئیشـت هەبێ، باڕات نەگرم، .... هتد) وەک:

ز- ئێی دەی. . باڕات نەگرم قوربان.

م- ئێ وەکیلی سەلامان بە.

٤- بە دۆزینەوە بیانگە بۆ هاتنە ناو ئاخاوتن بۆ ماوەیەک کورت، بە بەکارهێنانی هەندێ ڕسـتەی وەک(تەنها ویستم بزانم کوی و بەس).

وەک: ل- ئێ دانیشە لۆ دانانیشی؟

د- سوپاس، وەڵا مەمنون هەرگۆتم بزانم کوی؟

**٣-٦-٧- شێوازی کاریگەر لە زمانی جەستە:**

زمانی گوتن و نوســـین تاکه ڕێگای پەیوەندی تاکەکان نییە، بەڵکو مرۆڤ بە هەڵســـوکەوت و جولانەوەکـانیشـــی پەیـامێک ئـاراســـتەی بەرامبەرەکەی دەکـات، هەربۆیەش ئەم جولانەوانە و هەڵسوکەوتانە مایەی تێبینی زمانەوانان و دەروناسـان. . . هتد بوە، چونکە ٩٣% گەیاندنی مرۆڤ لەم هەڵسـوکەوتانە دایە. سـەرەرای ئەوەش، ئەم هەڵسـوکەوتانە لە ئاسـتی بێئاگاییدا ڕوودەدات کە هەر ئەمیشـە دەبێتە سـەرچاوەی بڕیار و. هەڵسـوکەوتەکانمان(ليلى شـحرور: ٨٨: ٢٠٠٩) بۆ نموونە یەکێک کە دەڵێت: نا من ناترسم، بەڵام دەبینین ڕەنگی تێکچووە و شڵەژانی دەروونی پێوە دیارە و دەنگی ئاسـایی نییە، لەم بارەدا زمانی گوتن و زمانی جەسـتە نابنە تەواوکەری یەکتر، بەڵکو لەیەک دوور دەکەونەوە، چونکە زمانی گوتن نابێتە ڕەنگدانەوەی ڕاســـتی ناخی کەســـەکە، بەڵکو زمانی جەستە پەیامی خۆی بە ڕاستگۆیی ئاراستەی کەسی بەرامبەر دەکات.

لەم بوارەدا ســـەرکەوتنێکی زۆر بەدەســـــت هـاتووە و زمـانەوانـان هەوڵیـان داوە جولانەوە جەســـتەییەکانی مرۆڤ لەکاتی قســـەکردن تۆماربکەن، بەڵام ســـەرکەوتوو نەبوون، چونکە لەســـەر پۆلینکردن و واتاکانیان ڕێک نەکەوتن، (موفق الحمداني: ٢٣٥:١٩٨٢) بەڵام تا ئێستاش دەروناسان ئەم جولانەوانە و هەڵســـوکەوتـانە تۆمـاردەکەن لە کـاتی هەڵســـەنگاندنی بەرامبەر، هەڵســـوکەوتە جەسـتەییەکان ڕەنگدانەوەی ناخی مرۆڤ نیشـاندەدات و لە دەوروبەرە دەروونییەکەوە( Emotional Context) وەردەگیرێت، چونکە مرۆڤ بە هەموو ئەندامانی لەشی ئاخاوتن ئەنجام دەدات.

پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان جەستە و هۆش هەنگاوی یەکەمیش لە درکپێکردنی هەستەکانەوە دەســـتپێدەکات، بۆ نموونە هەســـتەکانمان بەر هەر شـتێک بکەون بۆ مێشـک دەگوازرێتەوە، ئینجا کردەی هۆشـــەکی دەســـتپێدەکات. بەهەمان شـێوەش، لەباری هەڵچوونی توڕەبوون و ترســـاندا بە ڕونی هەســـت بەم پەیوەندییە دەکرێت، چونکە گۆڕانکاری ئۆرگانی بەســـەر جەســـتەدا دێت(أنس شـكشـك: ٩٠:٢٠٠٩) کەواتە کردەی هەڵســـوکەوتە جەســـتەییەکان جێگای ســـەرنج و تێبینی کەســـی بەرامبەرە و زانیـاری زۆرمـان دەربـارەی ئـاخێوەر دەداتێ، ئەم جۆرە دەربڕینـانەش لە خۆوە و

بێمەبەستن و زۆر لەڕاستیش نزیکن و ناشاردرێنەوە. شارەزیان پێیان وایە بزەی لێو و دانیشتن و ڕۆیشتن و شێوەی وەستان زانیاری زۆرمان دەربارەی کەسایەتی پێدەبەخشێت، چونکە ژیانی مرۆڤ بەگشتی لەزماندا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە منالێک لە ڕێگادا دەبینین دەگرییێت و ڕادەکات و ڕەنگی زەرد بووە و بەخێرایی هەناسە وەردەگرێت، بۆمان ڕوندەبێتەوە ئەو منالە ترساوە و کاتێک لە هەمان ڕێگا سەگێک دەبینین دەوەڕێت بۆمان ڕون دەبێتەوە مندالەکە لە سەگەکە ترساوە، جا ڕەفتار و باردۆخ و هەڵسوکەوتی ئەو منالە زۆر شتی پێ وتین بێ ئەوەی قسە بکات، کەواتە هەڵسوکەوت و زمانی جەستەش واتادارن و بەشێکن لە زمان و زانیاری زۆرمان پێدەبەخشێت. ئێمەش لێرەدا بەشێک لەم هەڵسوکەوتانە و واتاکانییان دەخەینەڕو، کە لە چوار خاڵدا کۆکراوەتەوە(لیلى شحرور: ٢٠٠٩:١٧٨).

### ٣-٦-٧-١- هەڵسوکەوتە جەستەییە کاریگەرەکان: .

هەڵسوکەوتەکانمان جێگای تێبینی بەرامبەرە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێ، هەڵسوکەوتەکان بەشێکی گرنگی پەیوەندیکردن پێکدێنن کە زوربەیان بێ ویستن لە ژیانی ڕۆژانەماندا. زۆرجار کردە و هەڵسوکەوت دەبێتە هۆکاری پەیوەندی نێوان ئاخێوەران، بۆ نموونە کاتێ لە شوێنی چڕدا شوێنەکەمان بۆ کەسێکی بە تەمەن یا ئافرەتێک یا مێوانێک چۆڵ دەکەین، ئەوا کردەکانمان شوێنی دەربڕینەکان دەگرێتەوە (کۆندراتوف: ١٩٧١:٢٠٠).

ئەم کردەیەش بێ مەبەست نییە، بەڵکو پەیامێکی ڕێزە بۆ کەسەکە، یان هەڵسوکەوتێکی وەک گوێگرتن لە کاتی قسەکردن و نەپچڕاندنی بەرامبەر پەیامی ڕێزە بۆ گوێگر و قسە برینیشی پەیامێکی ڕێزنەگرتنی بەرامبەرە و یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کە لە کەسایەتی توندرەودا هەیە، یان خۆدزینەوە لە وەڵام یەکێکە لەو هەڵسوکەوتانەی کە کەسایەتی دادەبەزێنێت، دڵەڕاوکێ و دوودڵی نیشانی خۆی هەیە، کە هەست بە تێنوتی دەکات و جگەرە زۆر دەخوات ئەگەر جگەرەخۆربێت دوکەڵەکە بۆ سەرەوە فڕێبدات، ئەوا بڕوای بەخۆی هەیە و ئەگەر بۆ خوارەوەی

فرێدا ئەوا بێزاری نیشاندەدات لەگەڵ ئاخێوەری بەرامبەر یان کەسێک بێ ئەوەی جلەکەی پیسبێت خۆی داتەکێنێت یا زۆر دەستی بشوات ئەوا نشانەی دڵەڕاوکێی کەسەکەیە، ئەوکەسەی لەکاتی قسەکردن پاڵ بە ستونێک یان دارێک بدات، ئەوا ناسینی تەواو سۆزداری زۆر دەگەیەنێت(غسان جعفر: ٢٠٠٦:٥٢).

وەستان بە شێوەیەکی ڕاست واتای ئەوە دەدات کە خاوەنی هێز و بەرگەگرتنە، هەروەها نیشانەی شانازی بەخۆوەکردن و ڕازی بوونە لەخۆ، جگە لەمەش نیشانەی بەهێزی کەسایەتییە، بەڵام وەستانی خاو نیشانەی خاوی کەسەکەیە، ئەوەش دەگەیەنێت کەسەکە ئارەزوی تێکەڵبوونی ڕاستەخۆی نییە بە تایبەتیش ئەوانەی کە نایان ناسێت، جا بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە وەستانە ئاماژەیە بۆ کەسایەتی خەمۆکی کە جۆرێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکان، بەڵام ئەوکەسەی وەستانەکەی بە شێوەیەکە بۆ پێشەوە چوبێت و تێبینی شتێکی کردبێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەسی وەستاو کەسێکی سۆزدار و میهرەبانە و کەسایەتییەکی گەرموگوڕی هەیە(غسان جعفر: ٢٠٠٦: ٥٠).

ئەو کەسانەی بە شەقاوی کورت دەڕۆن واتای ئەوە دەدات دڵخۆشن و ئەو کەسانەش بە هێواشی دەڕۆن و وەستانەکانی چەماوە و کوڕن ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کەسەکە خاوەن کەسایەتییەکی دڵتەنگ و خەمۆکییە، جا ئەگەر کەسی ڕۆیشت و لە کاتی ڕۆیشتندا دەست لە گیرفانەکانی بنێت، ئەم جۆرە کەسایەتییە کەسایەتییەکی لێڵە و دەشکەوێتە بەر ڕەخنەی کەسانی بەرامبەر، ئەو کەسەش کە دەڕوات و سەری نزم دەکاتەوە و سەیری زەوی دەکات بە بێ مەبەست، ئەوە دەگەیەنێت کەسەکە لە بیرکردنەوەکی. قوڵدایە و ناتوانێ بەئاسانی تەرکیز بکات، چونکە بیری بە زۆر شت سەرقاڵە، هەر بۆیەش ئەم جۆرە کەسانە لەیەک کاتدا بەزۆر شت هەڵ دەسن(غسان جعفر: ٢٠٠٦:٥٠)

ئەو کەسەی کە لە دانیشتندا دەست و قاچەکانی بخاتە سەریەک، ئەمە واتای ئەوە دەدات کەسەکە باوەڕی بەخۆی هەیە و لە خۆی باییە، بەڵام ئەو کەسەی بە شێوەیەکی دووورە پەرێز دادەنیشێت ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کەسەکە ئارەزووی گفتوگۆی نییە لەگەڵ بەرامبەر، بە تایبەتی ئەگەر گفتوگۆکە پێچەوانەی بیروبۆچونی بێت، چونکە ئەم جۆرە کەسە هەر باوەڕی بە بیروڕا و بۆچوونی خۆی هەیە و نایەوێت گفتوگۆی لەسەر بکات، هەربۆیەش زوو تێکەڵ و ئاوێتەی ئەو کەسە نابێت کە لەیەکەم جاردا ناسیویەتی. هەروەها ئەو کەسەی کە یەکەم جار قسەت لەگەڵ دەکات لەسەر کورسیەک دانیشت بوو و قاچەکانیشی خستبووە سەریەک لە دانیشتنێکی نافەرمی دا، ئەوا ئەم کەسە هیچ نرخێکت پێنادات و زۆر گرنگی بە فەرمیات نادات(غسان جعفر: ٥٢:٢٠٠٦). شێوەی نووسینیش بەشێک لە کەسایەتی دەردەخات ئەگەر لە کاتی نووسینەکەیدا کەسی لا نەبێت، بۆ نموونە ئەوکەسەی نووسینەکەی جوان و ڕێکە ئەوا خاوەنەکەی کەسێکی هێمن و پشو درێژە و هەستیارە و زۆر هەست و سۆزی کەسانی تری لا گرنگە، ئەو کەسەش کە وشەکان بە پێی پێویست دەنووسێت، بۆ نموونە لە کاتی نووسیندا درێژی ئەلف و لام وەکیەک بن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت خاوەنەکەی پارێزگاری لە مەوعید دەکات. ئەو کەسەی کە نووسینەکانی لەگەڵ یەک هاوتەریبن ئەوا خاوەنەکەی کەسێکی گران و خاوەن زەوقێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر نوسینەکان بۆ لای سەرەوە بچن ئەوا کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە و سەرکەوتووە لە پڕۆژەکانی و ئەوەی نوسنەکانی بۆ خوارەوە دابەزیبێت، ئەوا خاوەنەکەی زۆر هەل لەدەست خۆی دەدات(غسان جعفر: ٨٦:٢٠٠٦) شێوەی نووستنیش بەشێک لە کەسایەتی دەردەخات، وەک ئەو کەسەی لەکاتی نووستندا قاچێکی درێژبکات و ئەویتر بچەمێنێتەوە ئەوا نیشانەی جووتە کەسایەتییە یان باوەڕ بەخۆ بوونە و شەرمنە لەهەمان کاتدا، ئەوەی لەسەر پشت خەوتن باوەڕ بەخۆبوون و دڵخۆشییە(ستیڤن جۆن کلبرت: ١٩:٢٠٠٧). سەرەڕای ئەمانەش، پەسندکردنی هەندێ جلوبەرگ بەشێ لە کەسایەتی مرۆڤ دەردەخات، هەر بۆیەش، پێویستە بە پێی پێویست جل و بەرگی تایبەت لەبەر بکرێت. لە

لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتووە ٨٩% ئەو کەسانەی سەرکەوتوون لە ژیاندا هۆکارەکەی جل و بەرگ بووە، (لیلی شحرور: ٢١١:٢٠٠٦) بۆ نموونە کە جوتیارێک کە لە لادێوە دەچێتە شار جلەکەی خۆی دادەکەنێ و جلێکی ڕەسمی لەبەر دەکات، ئەوا بۆ کۆمەڵگایەکەی ڕادەگەیەنێت، کە ئارەزوی ئەوە دەکات، مامەڵە و هەڵسوکەوتی جوتیاری لەگەڵ نەکەن، بەڵکو مامەڵەی چینی خوێندەواری لەگەڵ بکرێت. بەهەمان شێوەش، کاتێ گەنجێک سەرو پرچ و ڕدێنی جێدێڵێ وەک ڕۆژئاواییەکان ئەوا ڕەتکردنەوەی لاسایی باوک و باپیریانییەتی و نایەوێت وەک ئەوان بێت(لیلی شحرور: ٢١١:٢٠٠٦) ئەمەش پەیامێکە بۆ کەسی بەرامبەری دەنێرێت. هەروەها هەڵبژاردنی ئەم ڕەنگانە واتای تایبەتی خۆی هەیە لە جل و بەرگ و کەلەوپەلدا، لەوانەش: (شین) هەستیاری و هێمنی نیشاندەدات و تەوژمی خوێن کەمدەکاتە و هانی خاوبوونەوە دەدات، ڕەتکردنەوەی ئەم ڕەنگەش ماندوویێتی و دڵەڕاوکێ دەگەیەنێ. ڕەنگی سپیش پاکی و بێگەردی نیشاندەدات و ڕەنگێکی وزەبەخشە، (سور) واتای گەنجایەتی چالاکی و وروژاندن و گەشبینی دەدات، ئارەزومەندانی ڕەنگی(زەرد) نیشانەی بیرکردنەوەی ڕاست و توانای زۆر و بەرهەم هێنە، زەردی زێڕیش ئاماژەیە بۆ گەشبینی، بەڵام ڕەنگی(سەوز) خۆشەویستی و چالاکی و شانازیکردن دەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ئارەزومەندانی دەناڵێنن لەدەست دڵەڕاوکێ و بێ پشوویی(غسان جعفر: ٥٤:٢٠٠٦) ڕەنگی(قاوەی)یش دڵنیایی مادە و سامانە، ڕەنگی(وەنەوشەیی) واتای گەشەی ڕۆحی دەدات و(پرتەقاڵی) یش نیشانە باوەڕبەخۆبوون و(پەمەی)یش ڕەنگی خۆشەویستی ڕاستەقینەیە و(سپی) ڕەنگی وزە و بنیاتبەرانەیە، (ڕەش) یش ڕەنگی نهێنی و نەزانراوەکانە(ستیڤن جۆن کلبرت: ٢٢:٢٠٠٧).

**٣-٦-٧- ٢- باری دەموچاو:**

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە حەوت جۆرە باری دەموچاو هەیە. لای هەموو میللەتانیش تاڕادەیەک وەک یەکە خۆرسکن و ڕەنگدانەوەی ئەو باریە تێیدا دەژیت و بریتین لە:

أ- توڕەیی:

داگرتنی برۆ و نزیککردنەوەی لەیەک وەک ئەوەی لە باری سەرسورماندا بیت، کە سەرەتای گۆڕانە بۆ تووڕە بوون، داگرتنی برۆ و توندکردنی پێروی چاو، نیشانەیە بۆ تووڕەییەک کە دەتوانێ خۆی پێبگیرێت، داگرتنی برۆ و بەرزکردنەوەی پێرو ئەوا تووڕەییەکی زۆر دەگەیەنێت(غسان جعفر: ٨٦:٢٠٠٦) مرۆڤ لەکاتی تووڕەیی لێوەکانی گرژدەبێت و بەرزدەبێتەوە بۆ پێشەوە و گرژی دەماریشی بە دوواوەیە.

ب- بێزاری:

لێوی سەرەوە بەزردەبێتەوە بۆ لایەک توندکردن و خستنە سەریەکی هەردوو لێو لەیەک لاوە و سەیرکردن تەنیا نێوان لووت و دوو چاو دەگرێتەوە.

ج- قێزکردنەوە:

لووتگرتن و بەرزکردنەوەی بۆ سەرەوە، لێوی سەرەوە بۆ سەرەوە درێژدەکرێتەوە و لێوی خوارەوە بۆ پێشەوە و خوارەوە درێژدەکرێتەوە و لێوی سەرەوە بۆ بچووکردنەوەی چاویش لە خۆدەگرێت.

د- ترس:

بەرزبوونەوەی پێروی سەرەوە و بەرزکرنەوە و نزیککردنەوەی برۆکان لەیەک و لێوی سەرەوەش بە ئاسۆیی توند دەبێت.

ە- غەم:

دابەزینی پێڵوی چاو، بێتاقەتی و ماندوویی و عاجزی و بەرزکردنە و نزیکبوونەوەی لەیەک، لێوەکانی بۆ خوارەوە دابەزیون، بەرزکردنەوەی لێوی خوارەوە و دوولابوونەوەی بۆ خوارەوە .

و- دڵخۆشی و ئاسودەیی:

دڵخۆشی و ئاسودەیی لە ڕێگای زەردەخەنەوە دەردەبڕدرێت، کە دەوروبەری لێوی سەرەوە بەرزدەبێتەوە، دەوروبەری چاوەکان لۆچدار دەبن و دەم خاودەبێتەوە، هەر ئەم نیشانەیەش

زەردەخەنەی ڕاســـت و ناڕاســـت لەیەک جیادەکاتەوە، زەردەخەنەی دروســـتکراو لۆچەکان لای دەمەوە دەبن. جگە لەمەش، زەردەخەنەی ڕاســـتەقینە خێرا و کورتە(تونیـا ڕیمـان: ٢٠٠٩: ٢٥٣) زەردەخەنە زۆرشـتمان بۆ ڕووندەکاتەوە، لەوانەش باوەڕکردن وەک ئەوانەی کە زەردەخەنەکەیان ناهاوســـەنگە یان وا ئەزانێ بەخورتی ئەنجامی دەدات. زەردەخەنەی درێژخایەن ئەوە دەگەیەنێ کەســـەکە دەتوانێ کاریگەری بکاتە ســـەر کەســـی بەرامبەر، بەڵام ئەوکەســـانەی بەدەگمەن زەردەخەنەیان لەسـەر لێوانە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەم کەسـە کەسـێکی تەمومژاوی و لێڵە و ئەو کەسەش هەر زەردەخەنە بەسەر لێوانیەوە نییە، ئەوا ئەم کەسە ئارەزووی ئەوە دەکات لە پەیوەندی بەردەوامدابێت لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا(تونیا ڕیمان: ٢٠٠٩: ٢٣٤).

ز- سەرسورمان:

بەرزکردنەوەی نێوچەوان بۆ سەرەوە بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ بەرزکردنەوەی برۆ، بەڵام ئەگەر درێژەی کێشا ئەوا دەبێتە ترس(غسان جعفر: ٨٦:٢٠٠٦).

**٣-٦-٧-٣- نیشانە ئاماژەییەکان:**

أ- سە ر:

وەک هەموو ئەندامەکانی تر جێگای تێبینیە، چونکە شـــێوەی جولانەوەکان و باری وەســـتانەکەی واتایی تایبەتی هەیە، لەوانەش ســـەر نزمکردنەوە بۆ کەس نیشـــانەی دانپیانانە بە کەســـەکە و سەرلارکردنەوە بە لایەک لە کاتی ئاخاوتن ئەوە نیشانەی ناباوەڕییە بە کەسی بەرامبەر(تونیا ڕیمان: ٩٤:٢٠٠٩).

ب- دەست:

بەرزکرنەوەی دەست بۆ سەرەوە نیشانەی بێهێزی و پێویستییە هەروەک دەبینین سواڵکەرەکان بەکاریدێنن، بۆ خوارەوە نیشـانەی هێز و دەسـەڵاتە بەسـەر کەسـانی تر و دەسـت قوچاندنیش

نیشانەی ترس و دڵەڕاوکێیە(تونیا ڕیمان: ٩٤:٢٠٠٩)، هەروەها دەست لێدان لە کەسی بەرامبەر لەکاتی ئاخاوتندا نیشانەی خۆشەویستی کەسەکەیە.

ج- لوت:

سووربوونەوەی لوت هەوڵدانە بۆ درۆکردن، چونکە پرخوێن دەبێت(موفق الحمدانی: ٢٢٨:١٩٨٢)

د- چاو:

دوای ماوەیەکی کەم لە بەیەکگەیشتنی دوو چاو، ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی نێوانیان دەست پێدەکات، وەک ئەوەیە کە بڵێی حەزدەکەم پەیوەندیت پێوە بکەم، لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە کە نزکەی ٦٥% ڕەگەزی مێ لە ڕێگای چاوەوە پەیوەندی بە ڕەگەزی نێرەوە دەکەن بۆ سۆزداری و خۆشەویستی و بیلبیلەی چاویان دەکرێتەوە. زیاد لە پێویست کەسانی چاو سەوز لە هەموو کەس زیاتر سەیریان دەکرێت(لیلی شحرور: ١٨٥:٢٠٠٩) سەیرکردنیش واتای خۆی هەیە، بۆ نموونە: لە کۆمەڵگای ئەمریکی تێڕامانی زۆر تەنیا بۆ شتە بۆ کەس نییە، هەر بۆیە ئەگەر کەسێک زۆر سەیری یەکێک بکات ئەوا ئەوە دەگەیەنێ وەک کاڵایەک یان شتێ سەیری دەکات، بۆ نموونە ڕۆژئاواییەکان زۆر نارحەت دەبن بە قسەکردن لەگەڵ عەرەبەکان، چونکە لەکاتی ئاخاوتندا زۆر سەیریان دەکەن و چاو دەخەنە ناو چاویان، ئەمەش بەتەحەدایەک دەزانن(موفق الحمدانی: ٢٣١:١٩٨٢) چاو بەشی زۆری نهێنییەکانی ناخی دەردەخات. چاوی بچووک توانای بەرگەگرتنی کەمە و چاوگەشی نیشانەی سۆزدارییە(ڕۆبەرت ئێڵ وایتساید: ٣١:٢٠٠٧) ئەو کەسەی قسەت لەگەڵ دەکات، ئەگەر لە کاتی دواندنتدا چاوەکانی دابخات، بە تایبەتیش لە کاتی گفتوگۆی قووڵدا، ئەوا ئەو کەسە ئارەزووی ئەوە دەکات باش تەرکیز بکات و دەیەوێت زانیارییەکان بە شێوەیەکی ورد بگەیەنێت، بەڵام ئەو چاوەی بە ئاراستەی ئەم لاو ئەو لادا دەڕوات لە کاتی ئاخاوتندا، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەو کەسە ئارەزوی ڕاکردنی هەیە لە بابەتەکە و دەیەوێت دەروازەیەک بدۆزێتەوە تا لێی دەرچێت(غسان جعفر: ٥١:٢٠٠٦).

ه- پرچ:

داهێنان و ڕێکخستنی پرچ نیشانەی ڕێک و پێکی کەسەکەیە و کەم پرچی لەسەر نیشانەی مەینەت و ئازاری کەســـەکەیە(لیلی شـــحرور: ٢١١:٢٠٠٦) کەســـی خاوەن پرچی درێژ کەســـێکی وروژێنەر و سـۆزدارترە لە قژ کورتەکان و پرچی زەرد نیشـانەی نەرمی پێکەنیناوییە و پرچی ڕەش نیشـانەی تەواوی و زیرەکییە و پرچی ســـوری ڕەنگ زێڕی نیشـــانەی زیرەکی زۆر و دەمارگیری و زمان سەپێنەرە(غسان جعفر: ٥٤:٢٠٠٦).

واتە دەتوانین بڵێین کەســـــایەتی ئەو ئەدگارە تاکە کەســـــیەیە، کە لە ئەنجامی کاریگەری حەز و هەڵچوونەکـانی نـاخی مرۆڤ و کـارتێکەری کۆمەڵایەتی دروســـــت دەبێـت و تـاکەکـان لەیەک جیادەکاتەوە، هەربۆیەش بە پێی دەوروبەر لە گۆڕاندایە. کەسایەتی و زمان پەیوەندییەکی پتەوییان بەیەکەوە هەیە و زمان ڕەنگدانەوەی کەسـایەتی تاکە کەســە و تایبەتییە بایەلۆجی و جەسـتەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی تاک لە زمانەکەیدا ڕەنگدەداتەوە. بەهەمان شـــێوەش، زمانیش کاریگەری هەیە بەسـەر کەسـایەتی مرۆڤەوە و لە ڕێگای زمانەوە دەتواندرێت کاریگەری لە کەسـایەتی بکرێت و ئاراستەی بگۆردرێت.

مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگای زمانی دەربڕاو، جا چ بە دەنگ چ بە هەڵسوکەوتە جەستەییەکان شێوەی کەســـی بەرامبەر بخوێنێتەوە و لە نهێنییە شـــاراوەکانی شـــارەزابێت. هەروەها ئاوازەی دەنگ و بەکارهێنانی وشە و ڕێکخستنی ڕستە و هەڵسوکەوتە جەستەییەکان تایبەتمەندی کەسایەتی مرۆڤ دەردەخەن، چونکە زیاتر واتای ڕاســـتەقینەیان لێوەردەگیرێت. دەربڕینە زمانییە ڕاســـتەوخۆکان لە ڕێگای واتای سـیمانتیکی شـیدەکرێتەوە و دەربڕینە زمانییە ناڕاسـتەوخۆ و زمانە جەسـتەییەکانیش لە ڕێگای واتای پراگماتیکییەوە.

# بەشی چوارەم

## شێوازی زمانی و کارلێکی کۆمەڵایەتی

## بەشی چوارەم:  شێوازی زمانی و کارلێکی کۆمەڵایەتی:

### ٤-١- سەرەتا:

تاکەکانی کۆمەڵگا بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەستراونەتەوە و تۆڕێکی پەیوەندی کۆیاندەکاتەوە و زیاتر لەیەکیان نزیکدەکاتەوە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە دووکەســـەوە دەســـتپێدەکات تادەگاتە زۆرینەی تاکەکان و هەرچەندە تاکەکان زیادبن ئەوا پەیوەندییەکان تێکدەچرژێن و ئالۆزدەبن. بەمەش ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە و کاریگەری ڕەفتاری دەکەنە سەریەک لە ڕووی بەها و بیروباوەڕ و بەمەش پەیوەندییەکە پەرەدەســـێنێت بۆ هاوکاریکردنی یەکتر و وەیا ڕکابەریکردن بۆ بەرژەوەندی تایبەت و هەریەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی هەوڵدەدات و خۆی دەگونجێنی لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە تێی دەکەوێ لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی.

کارلێکی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بڵاوترین چەمکەکانی کۆمەڵناســـی و دەرۆنناســـی و چەمکێکی جەوهەری و ســـتراتیژییە لە دەرۆنناســـی کۆمەلایەتیدا، چۆنکە دەبێتە هۆی پێکهێنانی جەوهەری کەســـێتی مرۆڤ و پەیوەندییە پێکەوە بەســـتراوەکانی تاک لەگەل ئەوانی دیکە و بە بنچینەی توێژینەوەی دەرۆنناسـی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە هەوڵدەدات بۆ زانینی چۆنییەتی کارلێکی تاک و ژینگەکەی، کە ئەویش پەیوەندی هەیە بە داب و نەریت و بەها و ئاراســـتەکانەوە و بە بنەمایی زۆرێک لە تیۆرەکانی کەسێتی و فێربوون و چارەسـەری دەرۆنی دادەنرێت(سليمان عبدالواحد ابراهيم: ١٩٥:٢٠١٤).

یاســاکانی ئاوێتەبوون Rules of interaction چەمکێکی کۆمەڵناسـی و دەروونناسـییە و بەشـێکە لە دەروونناســـی کۆمەڵایەتی و باس لە کارلێککردنی تاک دەکات لەگەڵ دەوروبەرەکەی و ئەنجامی ئەو کارلێککردنانەش بەها و نەریت و ئاڕاسـتەکانن، ئاوێتەبوون و کارلێکردن بە هۆشـیارکەرەوە و وەڵامدانەوە دادەنرێت لەڕووی دەروونییەوە، ئەمەش تەنها بۆ کۆمەڵ نییە، بەڵکو پرۆگرامی تاکیش دەگرێتەوە زمان سیستەمە و پراگماتیک بەکارهێنەری سیستەمە، ڕەفتاری گەیاندن سیستەمی ئەو

کارلێککردنەیە، بۆیە پێویستە تێبینی پەیوەندی نێوان بنەماکانی مەعریفی و ڕۆشنبیری و بار و هەڵوێستەکان بکرێت، یاساکانی ئاوێتەبوون دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی کاتی ڕوودانی قسەکردن و چۆنییەتی ڕوودانی و ڕادەی دووبارەبوونەوەی لای کۆمەڵێکی دیاریکراو کە بە پێی کۆمەڵگاکان لەگۆڕاندایە.

### ٤-٢- پێناسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

کارلێکی کۆمەڵایەتی چەمکێکی دەروونناسی کۆمەڵایەتییە بە گرنگترین بنەماکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دادەنرێت و بەشێکە لە گەشەی کۆمەڵایەتی، کارلێکی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی جۆرێکە لە کار و کاردانەوە لە زانستی کۆمەڵایەتی کە کاریگەری دەکەنە سەریەکتر و تەنانەت کاریکەری دەکاتە سەر ئەوانەش کە خۆیان پرۆگرام دەکەن و ئاراستەیان دەگۆڕن بە پێی پێویستیان(احمد الشناوی و الاخرون: ٢٠٠١:٦٥).

واتە کارلێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک بۆچوونە لای ئاخێوەران بۆ درکپێکردن بە ئەرکی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری تاک لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕۆڵی تاک و کەسانیتر لە نێو کۆمەڵگا و دەستنیشانی دەکات.

کارلێکی کۆمەڵایەتی پێناسەی جۆراوجۆری هەیە وەک:

– ئۆتاوی: ناوی ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان دووکەس یان دوو کۆمەڵ ڕوودەدات وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی. (ئۆتاوی: ١٩٧٦:٦٩) .

– ئۆوینک: بریتییە لە هێزی کاری ناوخۆیی بەکۆمەڵ وەک ئەوەی بەشداریبووان دەیبینن (مینرونوف: ١٩٧٤:٦٩).

– سواسۆن: پرۆسەیەکە کە تاکەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە ڕووی ئەقڵ و پاڵنەر و پێداویستی و ئامانج و ویست و ئارەزوو و. . . هتد. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕە لە نێوان دووکەس یان زیاتر و ڕەفتاری هەر یەکێک وەستاوەتە سەر ئەویتر. ئاخێوەران

له هەوڵی ئەوەدان و بەتەنگ ئەوەن خەڵک پێیان نەڵێت شـــێتە، لەو باوەڕەدایە ئەوەی ســـەلامی لێبکات ســـەلامەکەی بەگەرموگوڕی وەربگرێتەوە و ئەوەی داوای لێبوردنی لێدەکات ڕەچاوی ئەوە دەکـات داوای لێبوردنەکەی وەربگرێـت، ئەوەی هەســـتی خۆتی بۆ دەردەربڕیو دڵی خۆتی لا دەکەیتەوە لەو باوەڕدایە کە جێگای باوەڕە، ئەوەی بە خراپە باســـی خۆی بکات لەو باوەڕەدایە خەڵک پێچەوانەکەی بڵێن، بەم پێیە ئاخێوەران لەو باوەڕەدان تا ڕادەیەک تاکەکان دان بەخۆیاندا دەگرن و ڕێز دەنوێنن بەرامبەر یەکتر(فليب بلانشييه: ٢٠٠٧:٨٨)

تاکەکان تایبەتمەندییەکی نواندنیان هەیە خاوەن دوو ڕوون، ڕوویێک بۆ کۆمەڵگا لەگەڵ ڕوویێکی ڕاســـتەقینەی خۆی، بەمەش پەیوەنـدی نێوان تـاکەکـان خۆی لە نێوان پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دا دەبینێتەوە جا بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆبێت یان ناڕاسـتەوخۆ، ڕووە نێگەتیڤەکەی لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەردەکەوێت کە هەڵگری زۆر نهێنی و تایبەتمەندی شـــاراوەیە، ڕووە پۆزەتیڤەکەش ئەو ڕووەیە کە پیشـــانی خەڵک و بەرامبەری دەدەن، ئەم دوو ڕووەش هـاوتەریب بەیەکەوە دەڕۆن هەوڵی هاوسەرنگی نێوانیان دەدرێت(فليب بلانشييه: ٢٠٠٧:٩٠)، بەم پێیە دەبینین کۆتی کۆمەڵگا هۆکارە بۆ دورستبوونی ڕوێکی نواندن بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی کۆمەڵایەتی.

کارلێک و ئاوێتەبوون لە ڕێگای زمانی ئاخاوتن و زمانی جەســتە دەردەبڕدرێت و ئەنجامەکەشـــی یان گونجانە یان ململانێ، کاتێک کە جێگیر دەبێت ئەوا شێوەیەک لە شێوەکان وەردەگرێت و دەبێتە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، ئەم پەیوەندییەش کاتی و هەمیشـــەییە هەندێجار، بۆ نموونە پێکدادانی دوو ئۆتۆمۆبیل کـارێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵام ڕەفتـاری هەریەکەیـان دوای ڕووداوەکە و زمـانی بەکـارهێنراو دوای ڕووداوەکە ئەوا کـارێکی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵێـک وروژێنەرن و ژینگەی کۆمەڵایەتی پێشکەشی دەکات و کاردانەوەی کۆمەڵایەتی لای بەشداربووان دێنێتە ئاراوە.

### ٤-٣- گرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

گرنگی کالێکی کۆمەڵایەتی دەتوانین لە چەند خالێکدا کۆبکەینەوە:

- بەشـــــداری دەکات بۆ ڕەفتار وەرگرتن، لە ڕێگایەوە فێری زمانی نەتەوەیی و تایبەتمەندییە مرۆڤایەتییەکانی و کەلتوور و بەها و داب و نەریتی دەبێت.

- گرنگە بۆ گەشـــەی منالّ، ئەو منالّەی کارلێکی کۆمەلاّیەتی نەبێت گەشـــەی ســـســـت و دواکەتوو دەبێت.

- هەلدەڕەخسێنێ بۆ دەرخستنی کەسایەتی وەک کەسایەتی شەڕانگێزی و کۆمەلاّیەتی و داهێنەر. جگە لەمەش توانای دەربڕین و دەستپێشخەری و گفتوگۆی لا دورست دەبێت.

- بنەمایەکی گرنگە بۆ پێکهێنانی کۆمەلّگا، چونکە تاکەکان بە پەیوەندی جۆراوجۆر بەیەکەوە دەبەستێتەوە بەمەش تاکەکان زیاتر لە تایبەتمەندییەک کۆیان دەکاتەوە.

- کارلێکی کۆمەلاّیەتی چینێکی کۆمەلّ دەردەخات و سەرکردە دورستدەکات و بە پێچەوانەشەوە کەسانێک دەڕوخێنێت.

- کـارلێکی کۆمەلاّیەتی یـارمەتیـدەرە بۆ دیـاریکردنی ڕۆلّەکۆمەلاّیەتییەکـان و دابەشـــــکردنی بەرپرســــیارییەتی هەروەک دەبینین لە گفتوگۆدا ڕۆلّەکانی بەشـــــداربووان لە ڕێگای کارلێکی کۆمەلاّیەتی بەدیاردەکەون(هنود علی: ٢٠١٣:١٣٠).

## ٤-٤- تایبەتمەندییەکانی کارلێکی کۆمەلاّیەتی:

أ- هۆیەکی گەیاندن و لەیەکگەیشـــتنە لە نێوان تاکەکانی کۆمەلّ و ســــەرەتایەکە بۆ گۆڕینەوەی بیرورِا. لە نێوان تاکەکان، کەواتە بێ گەیاندن نایەتە ئاراوە لە ڕێگای گەیاندنەوە دروست دەبێت.

ب- هەر کارێک کاردانەوەیەکی هەیە ئەمەش وادەکات کارلێکی کۆمەلاّیەتی بێتە ئاراوە لە نێوان تاکەکان

ج- هەر تاکێکی ناو کۆمەلّگا کاتێک بە ڕەفتارێکی دیاریکراو هەلّدەســـتێت ڕەچاوەی ئەوە دەکات کاردانەوەیەکی دیارکراو هەبێت بۆ هۆشــــیارکەوەکەی لە لایەن تاکەکانی کۆمەلّگا ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ نزیککردنەوەی تاکەکان.

د- کالێککردنی ئاڵوگۆڕ لە نێوان لایەنەکانی بەشـــداربوو یان دوو کەس وادەکات کاریگەری بکەنە سەریەکتر وەک کاریگەری ژن و مێرد وەیا دوو هاوڕێ لەسەریەکتر.

ه- کــارلێکی کۆمەڵایەتی بەنــدە بە پەیوەنــدیکردن و کــارلێکردنیش دەبێــت ئــارەزووەک بۆ بەشداریکردن و نزیکبوونەوەی تاکەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو.

و- لە کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری تاکەکان و جۆری کەسایەتی دیاردەکرێت و بەهەمان شێوەش دەتواندرێت پێشبینی ڕەفتارەکانیان بکرێت.

ز- هەر تاکێک لەناو کۆمەڵ بە ڕەفتارێکی دیار هەڵبستێت ئەوا ڕەچاوی کاردانەوەیەکی دیاریکراوی لێدەکرێت لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵ بە ئەرێنی و نەرێنی.

ح- کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان وادەکات کەسـانی سـەرکردە و شـارەزا و بەتوانا دەرکەون و بێنە مەیدان ئەمەش لە ئەنجامی پاڵپشتی تاکەکان.

گ- کارلێکردنی تاکەکان لەناو کۆمەڵ قەبارەی زیاتر دەدات لە کارلێککردنی تاکەکان لەگەڵ یەک بێ کۆمەڵ.

ی- یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کارلێککردن بوونی تەنگژەیە لە پەیوەندی نێوان تاکەکان ئەمەش هێزەکان لەیەک نزیکدەکاتەوە.

ک-. کارلێکی کۆمەڵایەتی وادەکات نزیکایەتی هێز لای تاکەکان دەربکەوێت و کۆمەڵە و دەســـتە دورستبن(صلاح الدين شروخ: ٢٠٠٤:١٧١)

## ٤-٥- ئامانجی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

کارلێکی کۆمەڵایەتی بۆ چەند ئامانجێک کاردەکات گرنگترینیان:

- بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆمەڵ کاردەکات و ڕێگاکانی تێرکردنی پێداویستی دیاریدەکات.

- تاکەکان ڕەفتار و ئاڕاســـتەی جواراوجۆر وەردەگرێت و پەیوەندییەکان ڕێکدەخات لە نێوان تاکەکان لە چوارچێوەی نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان.

- یارمەتیدەرە بۆ هەڵسەنگاندنی خود و کەسانیتر بە شێوەیەکی بەردەوام.

- یارمەتیدەرە بۆ خۆدۆزینەوە و دڵتەنگی کەمدەکاتەوە، چونکە دوورەپەرێزی نەخۆی دەروونی دورست دەکات.

- یارمەتیدەرە بۆ گەشـــەی کۆمەڵایەتی تاکەکان و ڕواندنی تایبەتمەندی هاوبەش لە نێوان تاکەکان(هنود علی: ٢٠١٣:١٣٠).

## ٤-٦- مەرجەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

کارلێکی کۆمەڵایەتی کارلێکی نێوان تاکەکانە، چونکە لەســــەر بنەمای کار و کاردانەوە کاردەکات، کارلێککردنی کۆمەڵایەتی دوو مەرجی هەیە بێ ئەو دوو مەرجە کارلێککردن ڕوونادات:

٤-٦-١-گەیاندنی کۆمەڵایەتیSocial contact :

پەیوەندیکردنی زارەکی و جەســـتەیی دەگرێتەوە، کە لە ڕێگایەوە هەســـت بە نزیکایەتی دەکرێت وەک پەیوەندی تەلەفۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و هۆیەکانی گەیاندن. . . . هتد.

٤-٦-٢- پەیوەندیکردنCommunication :

واتە بەردەوامی پەیوەندیکردن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نەک کاتی، گەیاندن گواستنەوەی زانیاری و ڕاســتی و بیر و هەڵچوون و ئاڕاســتە و هەســتە لە کەســێکەوە بۆ کەســێکیتر، مەبەســت لێی هێنانەکایەی کارلێککردنی کۆمەڵایەتییە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگا(عبدالله الرشدان: ١٩٩٩: ١٧٠)

## ٤-٧- تیۆرەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

کارلێکی کۆمەڵایەتی تەوەرە و چەقی دیاریدە کۆمەڵایەتییەکانە کە دەچێتە خانەی دەروونناســـی کۆمەڵایەتی بەمەش تێڕوانین و بۆچوونی جیاواز جیاواز دێتە ئاراوە لای دەروونناســـان، گرنگترین تیۆر و بۆچوونەکان بریتین لە:

٤-٧-١- تیۆری ڕەفتاری(تیۆری سکینەر) :

(فریدریک سکینەر ١٩٠٤-١٩٩٠ frederic skinner) پێی وایە کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان لە ئەنجامی بوونی هۆشیارکەرەوە و وەڵامدانەوە و دەستخۆشیلێکردنەوە دورستدەبێت. سیکنەر پێی وایە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە بنچینەدا نەرێنی نییە، چونکە تاکەکان لە توانایاندا هەیە کاردانەوەیان هەبێت بۆ وروژێنەرە دەرەکییەکان کە لە ئەنجامی گەشەی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی دەبنەوە و بەندە بە ڕادەی کارلێکردن و دورستبوونی کەسایەتی کە لە ئەنجامی ئەم گەشەیەوە دورستبوون. بەم پێیە کارلێکردن کاردانەوەی تاکەکانە بۆ یەکتر لە نێوکۆمەڵگا لە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی هەر بۆیەش ڕەفتاری تاکێک ئاماژەیەکە بۆ ڕەفتاری تاکێکیتر هەر بۆیەش بۆ هەر کارێک کاردانەوەیەک یان چەند کاردانەوەیەک هەیە. ئەم کارلێککردنە کۆمەڵایەتیەش بەردەوام نابێت ئەگەر بێتو پاڵپشتی و پاداشت نەکرێن و بەشێک نەبێت لە تێرکردنی پێداویستی یەکتر، چونکە دەتوانین بڵێین کارلێککردن تێرکردنی پێداویستی یەکترە بۆ نموونە مناڵ لە لایەن دایک و باوکییەوە پێداویستییەکانیان تێردەکرێت و دایک و باوکیش تێرکردنی پێداویستیان لە مناڵ بریتییە لە فێربوونی قسەکردن و گەیاندنی زمانی و. . . . هتد(عمر احمد هشمری: ٢٠١٣: ١٥٨).

٤-٧-٢- تیۆری هاوسەنگی نیوکەمپ(Newcomb):

نیوکەمپ(Newcomb1943) پێی وایە کارلێکی کۆمەڵایەتی سیستەمێکە تاکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کاری یەکێک لە تاکەکان کار دەکاتە سەر ئەوانیتر لە ڕووی ئەرکەوە هەربۆیەش تاکەکان کارلێکدەکەن و ئاوێتەی یەکتر دەبن و ڕەفتارەکانیان دەگۆڕێت و بەمەش ڕەفتاری یەکێک گۆڕانکاری بەسەردادێت ئەگەربێت و هی بەرامبەرەکەی گۆڕانکاری بەسەردا بێت. شێوەیەک لە کارلێکی کۆمەڵایەتی هاوسەنگ نێوان دووکەس دێتە ئاراوە لەکاتێک لێکچوون لە ئاراستە و بیروڕادا دەبینرێت بەرامبەر بە کەسێک یان شتێک یان هەڵوێستێک، بە پێچەوانەوەشە ئاڵی لە پەیوەندی و تەنگژە دورستدەبێت ئەگەربێتوو لە بیروبۆچوون و ئاڕاستەدا جیاوازبوون دەبارەی کەس و شت و ڕووداو. . . . هتد. بەم پێیە دەتوانین بڵێین کارلێکی کۆمەڵاتی بریتی دەبێت لە

شـــێوەیەک لە پەیوەندی هـاوســـەنگ لە نێوان دووکەســـی ئـاوێتەبوو. لەمەش نیوکـامپ بۆی دەردەکەوێت هـاوڕێیەتی و خۆشـــەویســـتی بەرهەمی لێکچوونی هەڵوێســـت و ئـاراســـتە و بیروبۆچوونە کە جێگای بایەخی هەردوولای ئاوێتەبووە(خەلیل عەبدولرەحمان معایتە: ٢٠١٣: ٢١٦).

٤-٧-٣- تیۆری بێلز:

بێلز کارلێکی کۆمەڵایەتی بەوە پێناســەدەکات کە ڕەفتاری ئاشـکرای تاکەکانە لە بارێکی دیار و لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی بچووک، بێلز جەخت لەســەر دەربڕینی ئاشـکراو و کردە و وشــە و هێما و نیشانەکانی بەکارهاتووی نێوان تاکەکان دەکات بە درێژایی کات.

قۆناغەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای بیلز بریتین لە:

أ-ناسین.

ب-هەڵسەنگاندن.

ج-کۆنترۆڵکردن.

د-وەرگرتنی بڕیار

ە- کۆنترۆڵکردنی دوودڵی

و- تەواوکاری.

هەروەها بیلز شێوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی دابەشدەکات بۆ:

أ- کارلێکی کۆمەڵایەتی بێلایەن(پرسیار)

ب- کارلێکی کۆمەڵایەتی بێلایەن(وەڵام)

ج- کارلێکی کۆمەڵایەتی دەروونی(نێگەتیڤ).

د- کارلێکی کۆمەڵایەتی دەروونی(پۆزەتیڤ)(خەلیل عەبدولرەحمان معایتە: ٢٠١٣: ٢١٩).

٤-٧-٤- تیۆری فیلدمان:

کارلێکی کۆمەڵایەتی لای فێڵدمان بەســـــتراوەتەوە بە دوو تایبەتمەندی، کە بریتین لە بەردەوامی و هاریکاری ڕەفتاری نێوان تاکەکانی نێو کۆمەڵ، فێڵدمان لە لێکۆڵینەوەیکدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کارلێکی کۆمەڵایەتی سێ ڕەهەندی هەیە:

٤-٧-٤-١-تەواوکاری ئەرکی:

ئەو چالاکییە تایبەت و ڕێکخراوانە دەگرێتەوە کە پێداویســتی کۆمەڵ جێبەجێدەکات بۆ گەیشــتن بە ئامانج لەگەڵ ڕێکخستنی پەیوەندی ناوخۆیی و دەرەکی لە نێوان کۆمەڵەیەک و کۆمەڵەیەکی تر.

٤-٧-٤-٢-تەواوکاری ئاوێتەبوون:

. تەواوکاری نێوان تاکەکان دەگرێتەوە لە ڕووی کارتێکەر و کارتێکراو و پەیوەندی خۆشــەویســتی ئاڵوگۆڕ و هەموو ئەو ئاماژانەی کە پتەوی پەیوەندی نێوانیان دەنوێنن.

٤-٧-٤-٣- تەواوکاری پێوانەیی:

مەبەســـت لێی تەواوکاری کۆمەڵایەتی یان یاســـا کۆمەڵایەتییەکانە کە کۆنترۆڵی ڕەفتاری تاکەکان دەکات لەناو کۆمەڵگا(منيرة احمد حلمي: ١٩٧٨: ١٠٣).

## ٤-٨- قۆناغەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

نیشـــانە و بزاوتنەکانی تاک کاریگەری دەکاتە ســـەر بەرامبەر هەر زمانە وامان لێدەکات دڵخۆش وەیا دڵتەنگبین، یان هەر بەزمان وامانلێدێت کارەکانمان بە باشـــی یان ناڕێکی جێبەجێ بکەین، هەر زمانە بە پێکەنینمان دێنێت وەیا دەمانگرێنێت (Keley etal: 1982: 52)پێی وایە بزاوتن و نیشـــــانە جەســـتەییەکان کاریگەری زۆری لەســـەر تاک هەیە بە قســـەکەر و گوێگرەوە، ئایا بەهەمان شـــێوە کەســی بێدەنگیش کاریگەری هەیە لەســەر ئاخێوەران؟ بەڵێ زۆرجار دەبینین تاک تاکلایەنە کارلێک دەکات وەک کارلێککردنی لەکاتی بینینی گۆرانیبێژێک یان ئەکتەرێک یان پەیوەندییەکی نەگونجاوی وەک نێوان کڕیار و ژمێریاری کۆگایەک کە هەندێ تایبەتمەندی زمانی دەبینرێت وەک خەندەکردن و چەمانەوە و ســوپاســکردن، بە پێچەوانەشــەوە گلەیی و ناڕازایی خراپی هەڵســوکەوت ڕوودەدات

که دەبنە هۆکار بۆ جۆرێک لە ڕێکەوتن و گونجانی نێوان تاکەکان بەمەش کارلێکی کۆمەڵایەتی بەدەوام دەبێت لیڤنگەر و شنۆک( Levinger and Snoek: 1972: 2)چەند قۆناغێکیان بۆ کارلێککردنی کۆمەڵایەتی دەستنیشانکردووە کە بریتین لە:

أ–قۆناغی درکپێکردنWareness: درکپێکردن لە نێوان(أ) و(ب) ڕوودەدات و گفتوگۆ لە نێوانیاندا نییە.

ب–قۆناغی پەیوەندیکردنSurface Contact: لەم قۆناغەدا پەیوەندیکردنێکی لاوەکی لە نێوانیاندا ڕوودەدات.

ج–قۆناغی ئاڵوگۆڕContinuam Muality: لەم قۆناغەدا پەیوەندی ڕووکەش و لاوەکی دەگۆڕێت بۆ پەیوەندی ئاڵوگۆڕ.

د– قۆناغی هاوسەنگیModerate: لەم قۆناغەدا کارلێککردنێکی هاوسەنگ لە نێوان(أ) و(ب) دێتە ئاراوە، بەڵام سنووردارە.

ه– قۆناغی پەیوەندی کۆمەڵایەتیMajor Intersection: باشترین پەیوەندیکردن لە نێوان(أ) و(ب) دێتە ئاراوە کە پەیوەندییەکی قوڵە و باشترین ئاستی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە.

جۆرێکیتریش لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە، کە بە کارلێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر ناودەبردرێت (Close RelationshiP)کە پەیوەندییەکی ڕووبەڕووە(Kelley. HH 1983: 224: ) وئەم جۆرەی کارلێککردن لەناو ئەندامانی یەکخێزان و هاوڕێ دڵسۆزەکان و خاوەنکار و ئەو مامۆستایانەی کە نزیکن لە قوتابییە زیرەکەکان، . . . هتد باوە. ئادمز(Adams1986) پێی وایە کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەو کەسانە ڕوودەدات کە پەیوەندی هاوڕێیەتی و نزیکایەتی هەیە و هەربۆیەش ناوی ناوە تۆڕی کۆمەڵایەتی. (Kelley. HH: 1983: 266 ).

بیلز (Bales)قۆناغەکانی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

أ–ناسین:

واته گەیشــتن بە پێناســەیەکی هاوبەش بۆ هەڵوێســتەکان وەک: داواکردنی زانیاری زانیاری و دووبــارەکردنەوەی ڕوونکردنەوە و پێــدانی ڕێنمــایی و ڕوونکردنەوە و دووبــارەکردنەوە و جەختکردن.

ب-هەڵسەنگاندن:

دیاریکردنی سیستەمی هاوبەش کە لە ژێر ڕۆشـانییدا چارەسـەرە جیاوەزەکان هەڵدەسـەنگێندرێن وەک: داواکردنی پێشنیاز و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە و گوزارشت لە هەست و سۆز و ئارەزوو و خستنەڕووی بیروڕا.

ج- ڕێککاری:

واتە هەوڵەکانی تاکەکان بۆ کاریگەریکردنە ســـەر ســـەر یەکتر وەک: داواکردنی پێشـــنیاز و ئاڕاســـتەکردن و دۆزینەوەی ڕێگاچارە هەروەها هەڵســـەنگاندنی پێشـــنیاز و ڕێنماییەکان کە یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بە چارەسەر.

د- وەرگرتنی بڕیار:

گەیشتنە بە بڕیاری کۆتایی وەک: ڕازیبوون یان ڕازینەبوون و پابەندبوون بە ڕۆتین و یارمەتینەدان و هەروەها ڕازیبوون و خستنەرووی تێگەیشتن و پابەندبوون.

ە- ڕێککاری تەنگژە:

واتە چارەســەرکردنی تەنگژەکانی کۆمەڵ کە خســتنەرووی تەنگژە و دوورکەوتنەوە لە گۆڕەپانی گفتوگۆ و سوککردنی تەنگژە و پێدانی خۆشی و کامەرانی.

و- تەواوکاری:

چارەســەر و چاککردنەوەی تەواوکاری کۆمەڵە وەک: خســتنەڕووی لێکترازان و هەڵوەشـانەوە و جەختکردن لەســەر خود و بەرگریکردن لێی و خســتنەرووی پتەوی و بەرزکردنەوەی پلە و پایەی کەسانیتر و پێدانی یارمەتی و پاداشت بە کەسانیتر(عبدالله الرشدان: ١٩٩٩:١٧٠).

**٤-٩- ئاستەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی:**

کارلێکی کۆمەڵایەتی بە گرنگترین بنەمای پەیوەندی کۆمەڵایەتییە کە بە ئاســـتەکان دیاریدەکرێت، ئاستەکانیش برتین لە:

**ئاستی یەکەم:** پەیوەندی ئاڵوگۆر:

بوونی پەیوەنـدییە لە نێوان دووکەس لەگەڵ یەک بێ پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی، وەک دانیشـــتنی دووکەس لەسەر یەک کورسی لە پاس لەگەڵ یەک.

**ئاستی دووەم:** پەیوەندی یەک ئاڕاستە:

. بوونی پەیوەندییە لە نێوان دووکەس لەگەڵ یەک بەڵام لەیەک دوورن، یەکیان کاریگەرە بە ئەویتر بێ ئەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا هەبێت، وەک پەیوەندی نێوان پێشـکەشـکارێکی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەگەڵ گوێگر و بینەرێک.

**ئاستی سێیەم:** پەیوەندی نیمچە ئاڵوگۆڕ:

بوونی پەیوەنـدییە لە نێوان دووکەس لە کـات و شـــوێنێکی دیـاریکراو، چـاوپێکەوتنییـان بە پێی پلانێکی دیاریکراوە وەک چاوپێکەوتنی پێشکەشکارێک و پزیشکێکی پسپۆر لە ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن.

**ئاستی چوارەم:** پەیوەندی هاوتەریب:

بوونی پەیوەندییە لە نێوان دووکەس لە کات و شـوێنێکی دیاریکراو، هەریەکەیان باس لە کێشــەی خۆی دەکات بۆ ئەویتر وەک قســەکردنی دوو ژن لەگەڵ یەک و باسـکردنی کێشــەی خۆیان لەگەڵ مێردەکانیان بۆ یەکتر بێ ئەوەی گوێ بۆیەکتر بگرن.

**ئاستی پێنجەم:** پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نارێک:

بوونی پەیوەندییە لە نێوان دووکەس لە کات و شـــوێنێکی دیاریکراو، کاردانەوەکانیان پشـــت بە ڕەفتاری یەکتر دەبەستێت و بە پێچەوانەشـەوە، وەک پەیوەندی چاوپێکەوتنی توێژەری کۆمەڵایەتی نێوان توێژەری کۆمەڵایەتی و کەسێک لە توێژینەوەیەکی مەیدانی.

**ئاستی شەشەم:** پەیوەندی ئاڵوگۆڕ:

بوونی پەیوەندییە لە نێوان دووکەس لە کات و شـوێنێکی دیاریکراو، پەیوەندی نێوانیان کارلێکەر و کارلێککراوە لەسەر یەک وەک پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی(فؤاد البهى السيد: ٢١٢:١٩٨٨).

ئاسـتەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەتوانرێت بە پێی پەیوەندی تاک بە پێی دەوروبەرەکەی دابەش بکرێت وەک:

أ- کارلێکی نێوان تاکەکان:

بڵاوترین کارلێکە لە نێوان تاکەکان وەک پەیوەندی نێوان باوک و کوڕ و ژن و مێرد و. . . هتد. لەم کارلێکە تاکەکان ڕەفتاری یەکتر وەردەگرن لێرەدا تاک بەشـێکە لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەم زنجیرەیە وەردەگرێت(مناڵ – دایک- مناڵ و خوشـک و براکانی- مناڵ و هاوشـانەکانی- گەنجێتی و قوتابخانە- گەنجێتی و هاورێکانی- گەنجێتی و بەرپرسـی کارەکانی. . . هتد.

ب-کارلێکی نێوان تاک و کۆمەڵ:

کارلێکە لە نێوان سـەرۆک و دارودەسـتەکەی یان مامۆسـتا و قوتابییەکانی یان بەرێوەبەر و ئەنجوومەنی کارگێڕی. . . هتد. بۆ نموونە مامۆستا کاریگەری لەسـەر قوتابییەکانی دەبێت بەهەمان شێوەش قوتابیانیش کاریگەریان لەسەر مامۆستا دەبێت لە ڕێگای گرنگیدان و بروراگۆڕینەوە.

ج-کارلێکی نێوان تاک و کەلتوور:

گونجان لەگەڵ داب و نەریت و بیرکردنەوە دەگرێتەوە و تاک بۆ بەرژەوەندی خۆی بە پێی پێویست خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ کەلتوور و داب و نەریتی ناو کۆمەڵگا، چونکە کەلتوور بەشـێکی گرنگی ئەو دەروبەرەیە کە کارلێکی لەگەڵ دەکات(خالد محمد الحشوش: ٧٧:٢٠١٣).

### ٤-١٠- بەکارهێنانەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

بەکارهێنانەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی زۆرن، لەوانە:

أ-پرۆسەیە(Process):

جۆرێکە لە چالاکی، کە پێداویســـــتییە دیاریکراوەکان دەیانوروژێنێت، وەک پێداویســـــتی ئینتیما و خۆشەویستی و ڕێز. . . . هتد.

ب-دۆخە(State):

بەکاردیت بۆ ئاماژەکردن بە ئەنجامی کۆتایی کە لە جێبەجێکردنی پێداویستییەکان خۆی دەبینێتەوە لای مرۆڤ.

ج-تایبەتمەندییە(Traits):

جۆرێکە لە ئامادەباشی تاڕادەیەک جێگیرە، کاردانەکانی تاک لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی جیادەکاتەوە، کە ناسراوە بە سیما سەرەتاییەکانی(کریش دافید و اخرون: ١٩٧٤:٢٢٠).

د- ڕەفتاری ئاشکرا (Overt):

پێکهاتووە لە گوزارشتی زمانی و جەستەیی.

ە- ڕەفتاری شاراوەیە(Covert):

پرۆســە ئەقڵییە ســەرەکییەکان دەگرێتەوە وەک: بیرهاتنەوە و بیرکردنەوە و ئەندێشــەکردن و. . . . هتد(غنیم سید احمد: ١٩٧٣:٢٦)

### ٤-١١- ئەنجامەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

کارلێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک دەرهاوێشتە و ئەنجامی دەبێت کە بریتین لە:

١- گەشەی کەسایەتی:

گەشــەی کەســایەتی بەرهەمی کارلێکی کۆمەڵایەتییە و هەر بە کارلێکی کۆمەڵایەتی کەســایەتی تاک بەرزدەبێتەوە بۆ ئاســتی ڕۆشــتبیری کۆمەڵ لە ئەنجامی کارلێککردن تا دەگاتە ئاســتی پێویســتی کەسایەتی داواکراو لە کۆمەڵگا .

٢- فێربوون:

له ئەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتی تاکەکان فێری ڕەفتار و شـــــارەزایی جیاواز دەبن، کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا پێویستییەتی لەناو کۆمەڵگا.

٣- ئینتیما:

تاکەکان لە ئەنجامی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارلێککردنی بەردەوام فێری خۆشـەویسـتی خاک و نیشتیمان دەبن و شانازی پێوەدەکەن.

٤- کارلێکی ڕۆشنبیری:

تاکەکان لە ئەنجامی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە ڕۆشـــنبیری گەلانی تر دەبێت و کاریگەری دەکەوێتەسەر و ڕەفتار و ئاکاری زیاتر وەردەگرێت.

٥- گونجان:

کاتێک تاک تێکەڵ بە کۆمەڵگا دەبێت و شـــــارەزای دابونەریتییان دەبێت و دەبێتە بەشـــێک لە کەسایەتی و دەگاتە دۆخی خۆگونجاندن و پەیوەستبوون و هەست بە نامۆیی ناکات.

٦- بەرهەم:

کاتێک تاک دەگاتە ئاسوودەیی و دڵنیایی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەوا ئەوپەڕی توانای بەکاردێنێت بۆ بەرەوپێشـــبردنی کۆمەڵگاکەی و زیادکردنی بەرهەم و دڵخۆشـــکردنی هاونیشـــتمانیانی وەک دانەوەی پاداشتێک بۆ کۆمەڵگا و نیشتمان.

٧- ئاسوودەیی دەروونی:

تاک لەگەڵ تاکەکانیتری ئەو کۆمەڵگایەی لێی دەژی کارلێک دەکات و پێداویســـتییەکانی لەناو ئەو کۆمەڵگایە وەردەگرێت، هەر بۆیەش ئەوەی پێی بکرێت دەیکات و لە خزمەتکردنی درێخی ناکات، بەمش هەست بە ئاسوودەیی و خۆشییەکی دەروونی دەکات لەکاتی هەڵسوکەوتی لەگەڵیان(عبدالله الرشدان: ١٧٣:١٩٩٩)

## ٤-١٢- شێوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

کارلێکی کۆمەڵایەتی پلە و شێوەی خۆی هەیە کە بریتین لە:

٤-١٢-١-کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی:

کاردانەوەی ئەرێنی لێدەکەوێتە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەک: پێشـکەشـکردنی یارمەتی و هاندان و پتەوکردنی پەیوەندی بە پێی هەستەکان.

٤-١٢-٢-کارلێکی کۆمەڵایەتی نەرێنی:

کاردانەوەی نەرێنی لێدەکەوێتە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەک، ناڕازیبوون و نائاسـوودەیی و هەڵوەشانەوە. . . هتد.

٤-١٢-٣- کارلێکی کۆمەڵایەتی بێ لایەن:

تایبەتمەندی ئەم جۆرە بریتییە لە پرسـیارکردن و وەرگرتنی زانیاری و وەرگرتنی بیروڕا و ڕوونکردنەوە(محمد حسن علاوی: ١٩٩٨:١٥)

## ٤-١٣-پرۆسەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

٤-١٣-١- پێشبڕکێکردن:

(دویتش) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پێشـبڕکێکردن پرۆسـەیەکی کۆمەڵایەتی چالاکە بۆ هێز و تواناکان، ئەو دۆخەیە کە دەسـکەوتەکان بە شـێوەیەکی نایەکسـان دابەشـدەبێت، پێشـبڕکێش لە نێوان دوو گروپ دەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانج(محمد مصطفى زيدان: ١٩٩٥:٥٤).

٤-١٣-١- هاریکاری:

شـێوەیەکە لە شـێوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی، هەوەها شـێوەیەکیشـە لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ پرۆسـەی هاریکاری یارمەتی و هەرەوەزی دووکەسە یان زیاتر بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش ئەمەش ڕەفتارێکی دیارە لە ماڵەوە و لە قوتابخانە کارگە و فەرمانگەکان هەسـتی پێدەکرێت و ئەم کارە هەرەوەزیە زیاتر لە بوارەکانی ئابووری و تەندورسـتی و فێرکردن و وەرزش. . . هتد. بۆ

نموونە تیپی وەرزشــی هەموو هەروەزییەکەیان لەکاتی یاریکرد بۆ گەیشــتنە بە ســەرکەوتن(محمد حسین علاوی: ۹۲:۱۹۹۸).

٤-١٣-٣- ململانێ:

لە ململانێ لە نێوان لایەنەکان هەریەک هەموو تواناکانی دەخاتە گەڕ بۆ ئازاردانی لایەنی بەرامبەر بە شــێوەیەکی دوژمنکاریانە بەمەش کاردەکاتە ســەر ئاراســتەی بەرامبەر، بەمەش متمانەی ون دەکات لە ئەنجامی ئەو ڕق و دوژمنکاریانەی دووچاری دەبێت، شــێوەکانی ململانێ جۆراوجۆرن: کەســـی و دینی و ئابووری و توخمی. . . . هتد. ئەمەش وادەکات تاکەکانی کۆمەڵگا ئامانجەکانیان دژیەکبن و جەخت لەسەر سڕینەوەی ڕکبارەکانیان بکەن.

٤-١٣-٤-خۆگونجاندن:

چالاکییەکانی تاک و کۆمەڵ دەگرێتەوە بۆ گەیشـــتن بە گونجاندن و لەیەکگەیشـــتن، بەمپێیە هەر لایەنێک ئاراســتەی دەوی تر دەزانێت بۆ بەرژەوەندی هاوبەش خۆیان دەگونجێنن لەســەر بنەمای لێبووردەیی و قوربانیدان، هەر یەکەیان لە بەشێک لە داوکارییەکانی پشتگوێدەخات.


٤-١٣-٥-لاساییکردنەوە:

لێکچوونە لە نێوان کاری کۆمەڵایەتی و کاردانەوەکەی کە دابەشــدەبێت بۆ(ســادە و ئاڵۆز) ســاد کـاردانەوەیەکی هـاوشـــێوەی کـارەکەیە وەک خەنـدەی منـداڵێـک بۆ دایکی، هەرچی ئـاڵۆزە کاردانەوەیەکی وەرگیراوە لە ڕەفتاری سەرەکی دەچێت(محمود فتحی عکاشە، محمد شفیق: ۱۲۸:۲۰۰۲)


## ٤-١٤- ئەنجامی ڕاپرسی دەربارەی شێوازی زمانی:

ئەم ڕاپرسییە بە شێوەی ئۆنلاین بە ڕێگەی بەرنامەی(google forms) ئەنجامدراوە، هەروەها لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بڵاوکراوەتەوە لە ناو گرۆپەکانی مامۆستایان و قۆتابیان و فەرمانبەران، لەم ڕاپرسییەدا(۲۰۰) کەس کە لە سەنتەری شاری هەولێر ژیان دەکەن بەشداربووە،


ئەوانەی بەشدارییان کردووە(٣١%) مێ و (٦٩%) نێرن، هەروەها(٤١%) تەمەنییان لە نێوان( ١٨-٢٨) و (٣٩،٥%) لە نێوان(٢٨-٣٨) و (١٩،٥%) لە نێوان(٣٨-٤٨) دایە، ئاستی خوێندنی بەشداربووان(٢٨%) دەرچووی بنەرەتی و(٣٨،٥%) دەرچووی ئامادەیی و (٣٣،٥%) دەرچووی زانکۆبوون، لەم ڕاپرسییەدا هەوڵدراوە ئەنجامی ڕاپرسییەکە بە شێوەیەکی پراکتیکی لە شێوازی ئاخاوتن و پەیڕەوکردنی یاساکانی ئاخاوتن بخرێتەڕوو، ئەنجامەکانیش دەبنە ڕەنگدانەوەی ڕادەی پەیڕەوکردنی یاساکان لەو سنۆرەدا، ڕاپرسییەکە(٢٠) پرسیار لەخۆدەگرێت دەربارەی شێوازی قسەکردن و گوزارشتکردن بە زمان بە هەردوو لقەکەیەوە، زمانی قسەکردن و زمانی جەستە.



تەمەن
200 yanıt





ئاستی خوێندن
200 yanıt




## پرسیارەکان:

پ/ ١:  لە کاتی قسەکردندا هەوڵدەدەیت تا چ ڕادەیەک لە گوێگر نزیکبیت ؟


وەڵام/




لەم پرسیارەدا وەڵامی یەکەم، کە بریتییە لە(جۆری پەیوەندییەکەمان دیاری دەکات) زۆرترین ڕێژەی بەدەستهێناوە کە(٧٤.٥%) یە. ئەمە ئەوەدەگەیەنێت کە لەم دەقەرەدا ئاخێوەران لە کەسانی بەرامبەر نزیکنابنەوە ئەگەر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێزیان لەگەڵ نەبێت، چونکە لە یاسای کۆمەڵایەی نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوە لە کەسی بەرامبەر بەپێی یاسای کۆمەڵایەتی دەبێت. لەم سنۆرە ڕەنگدانەوەیەکی واقیعی هەیە، چونکە ئەم نزیکبوونەوەیە بە پێی بارودۆخی قسەکردن دەگۆڕێت، ئەگەر قسەکردن و بابەتەکە بە شێوەیەکی ئاسوودەیی و تەبایی بەڕێوە بڕوات ئەوا ئەگەر زۆرە کە ئاخێوەران لەیەک نزیکببنەوە بۆ ناوچەی خۆشەویستی و ئاسوودەیی ئەگەر نا ئەوا لە ناوچەی کۆمەڵایەتی بێلایەنی خۆیان دەبن یان دووردەکەونەوە.

پ/٢:  لە کاتی قسەکردندا هەوڵدەدەیت خۆت کۆنترۆڵ بکەیت و هەڵچوونت نەبێت؟


وەڵام /




لەم پرسیارەدا زۆرترین ڕێژە لە لە وەڵامی دووەم بەدەست هاتووە، کە دەڵێن: (هەوڵدەدەم ئاسایی بم) کە ڕیژەکەی(٥٤%)ە، لە یاسای کۆمەڵایەتیدا مرۆڤی تێگەیشتوو لە هەوڵی ئەوەدایە ئاسایی بێت لە کاتی ئاخاوتن و خۆی کۆنترۆڵبکات، لەم سنۆرەش کە ڕاپرسی لێکراوە ئەوە دەردەخەن کە تا پێیان بکرێت خۆیان کۆنترۆڵدەکەن و لەکاتی بەڕێوەچوونی ئاخاوتن دا زووربەیان هەڵناچن ئەمەش بۆ ئەوەیە کە کارلێکی کۆمەڵایەتی بپارێزن و زیاتر گەشەی کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە.

پ/٣:  له كاتی قسه‌كردندا ڕووه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كه‌ی خۆت نیشانده‌ده‌یت؟


وه‌ڵام /




له‌م پرســـیاره‌دا زیاترین ڕێژه وه‌ڵامی ســـێیه‌م به‌ده‌ســـتی هێناوه، كه‌(٥٨.٥%) ده‌نگی هێناوه، له‌م ڕووه‌وه ئه‌وانه‌ی ڕاپرسـیان له‌سـه‌ر ئه‌نجامداوه ڕووی كۆمه‌ڵایه‌تی خۆیان نیسـانده‌ده‌ن نه‌ك ڕووی ڕاســـته‌قینه‌ی خۆیان جا له‌به‌ر هۆكاری شـــه‌رم یان ترس یان ڕێز بێت به‌ڵام ئه‌گه‌ری ڕێز زیاتره چونكه له كه‌لتووری كوردی دا ڕێزداری له پله‌ی بـاڵادایه، ئه‌مه‌ســـش هۆكـارێكه بۆ كـارلێكی كۆمه‌ڵایه‌تی و گه‌شه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی زیاتر له‌و سنۆره.

پ/٤:  لەکاتی قسەکردندا هەوڵدەدەیت ڕێزدار و ڕوومەندبیت ؟


وەڵام/




لەم پرسیارەدا وەڵامی یەکەم کە بریتییە لە(هەوڵدەدەم ڕێزدار و ڕوومەندبم هەردەم) پلەیەکی زۆر بەرزی هێنایە کە(٦٦.٥%) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەسەکانی ئەو دەڤەرە بە گشتی ڕوومەند و ڕێزدارن لە کاتی قسەکردن و پەیوەندیکردندا، بە شێوەیەکیتر دەتوانین بڵێین خەڵکی سەنتەری شاری هاولێر پابەندی یاسا کۆمەڵایەتییەکانن و لە هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدان هەر بۆیەش ڕێزداری و ڕوومەندی دەنوێنن و یاسا کۆمەڵایەتییەکان کەم دەبەزێنن.

پ/٥:  لە کاتی قسەکردندا ئاوازەی دەنگت دەگۆڕیت؟


وەڵام/




لەم پرسیارەدا وەڵامی یەکەم کە بریتییە لە(بە پێی باری دەروونیم دەگۆڕێت) پلەیەکی زۆر بەرزی هێنایە کە(٦٢٪) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵکی سەنتەری شاری هاولێر بە گشتی ڕەسەن و خۆگونجێنەرن لەگەڵ کەسانی بەرامبەر، لە ڕاستیشدا گۆڕانی ئاوازەی دەنگ بە پێی ڕێڕەوی قسەکردن دەگۆڕێت، لەسەرەتادا ئاساییە دواتر بە پێی ڕەوتی ئاخاوتن لە توندی خاوی دەگۆڕێت و لەکاتی خاویدا ئاساییە و لەکاتی توونديدا بەرزە، جگە لەمەش یەک ڕەوتی لە ئاوازەی قسەکردن بێزاری درۆست دەکات و بۆیەش گۆڕینی ئاوازەی دەنگ جۆرە کارلێککردنێکی کۆمەڵایەتی دێنێتە ئاراوە.

پ/٦:  له كاتی قسەكردندا چ كاتێک هێز دەخەیتە سەر وشە و بڕگە؟


وەڵام/




لەم پرسیارەدا وەڵامی یەکەم، کە بریتییە لە بەکارهێنانی(هێز) بۆ(جەختکردن) کە پلەیەکی بەرزتری هێنایە کە(٦٤٪) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەسەکانی ئەو دەڤەرە بە ڕێژەیەکی بەرزتر هێز خستنەسەری وشە لە ڕستەدا بە مەبەستی(جەختکردن) بەکاردینن، ئاشکرایە هێزخستنەسەری وشە لە ڕستەدا بۆ چەند مەبەستێک بەکاردیت وەک:  جەختکردن و دیاریکردنی مەبەست و سەرنجڕاکیشان، لەم ڕاپرسییە دەرکەوتووە خەڵکی سەنتەری شاری هاولێر زیاتر بۆ جەختکردن زیاتر هێز دەخەنە وشەی دیاریکراو.

پ/٧:  لە کاتی قسەکردندا لای تۆ چ کاتێک وەستان ڕوودەدات؟


وەڵام/




لەم پرسیارەدا وەڵامی یەکەم، کە بریتییە لە(وەستان) لە نێوان قسەکان، کە ڕێژەیەکی بەرزی هەیە کە(٦٦.٥%) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەستانەکانیان ئاساییە لەم دەڤەرە، چۆنکە وەستانە وەستانی نۆبەگۆڕینەوەی ئاخاوتنە، لە ئاخاوتندا زۆر بەکاردێت، بەواتایەکیتر دەتوانین بڵێین خەڵکەکانییان ڕێز لە بەرامبەر دەگرن و لە نۆرەی خۆیان قسەدەکەن و زیادەڕەوی ناکەن.

پ/٨:  گوێگرتنت چۆنە تا قسەکەر قسەکەی تەواو دەکات؟


وەڵام/




لەم پرسیارەدا وەڵامی یەکەم، کە بریتییە لە گوێگرتنی(ئاسایی) لە کاتی قسەکردن کە ڕێژەکەی بریتییە لە(٦٤٪) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەسەکانی ئەو دەڤەرە بە ڕێژەیەکی بەرز پابەندی یاسا کۆمەڵایەتییەکانن و ڕێزی بەرامبەر دەگرن بە گوێگرتن لە بەرامبەر تا قسەکە تەواو دەکات، ئەم پابەندبوونە بە یاساکانی ئاخاوتن وادەکات گەشە و ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی زیاتر بێت، چونکە لە بنەماکانی ڕێزگرتن لانادەن.

پ/ ٩:  لە کاتی قسەکردندا تێبینی جولانەوەی جەستەی خۆت و بەرامبەرت دەکەیت؟


وەڵام/




لەم پرســـیارەدا وەڵامی ســـێیەم، کە بریتییە لە تێبینیکردنی زمانی جەســـتە(زۆر بە کەمی) لە کاتی ئـاخاوتن کە ڕێژەکەی تۆزێک لەوانیتر بەرزترە کە(٤٥.٥%) ئەگەر تێبینی ئەم ڕێژانە بکەین ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەســـانەی ئەم دەڤەرە و ئەوانەی ڕاپرســـیان لەســـەر ئەنجامدراون زۆر بەکەمی. تێبینی زمانی جەســـتەی بەرامبەر دەکەن جا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، جا زۆربەیان بەڕای ئێمە بۆ شـەرم دەگەڕێتەوە، جگە لەوەش ئەوانەی کە زیاتر تێبینی زمانی جەستە دەکەن کەسانی شارەزا و کراوەن و بە پێی زمانی جەستەی بەرامبەر دەجولنەوە.

پ /١٠:  هەڵبژاردن بۆ وشە دەربڕاوەکانت دەکەیت؟


وەڵام/




لەم پرسیارەدا وەڵامی یەکەم، کە بریتییە لە(ئاسایی دەبم) لە کاتی ئاخاوتندا کە ڕێژەکەی لەوانیتر بەرزترە کە(٥٦.٥%) یە، ئاشکرایە هەڵبژاردنی وشە بنەمایکی گرنگی زانستی شێوازە، ئەگەر تێبینی ئەم ڕێژانە بکەین ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەسانەی ئەم دەڤەرە و ئەوانەی ڕاپرسیان لەسەر ئەنجامدراون تا ڕادەیەکی زۆر گرنگی بە شێوازی قسەکردن دەدن، ئەم گرنگیدانەش ئەوە دەگەیەنێت پابەندی یاسا کۆمەڵایەتییەکانن و لە هەوڵی گەشەی کۆمەڵایەتی و پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدان.


پ / ١١: لە کاتی قسەکردندا ڕیزکردنی کەرستەکانی ڕستەت بە پێی یاسای زمانە؟

وەڵام /





لەم پرسیارەدا وەڵامی یەکەم، کە بریتییە لە ڕیزکردنی کەرستەکانی ڕستە بە پێی یاسای زمان، لە کاتی ئاخاوتن وەڵامەکەی(زۆر جار) ە، کە ڕێژەکەی لەوانیتر بەرزترە کە(٦٢٪)ە، ئەگەر تێبینی ئەم ڕێژیە بکەین ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەسانەی ئەم دەڤەرە و ئەوانەی ڕاپرسیان لەسەر ئەنجامدراون بە پێی یاساکانی زمان قسەدەکەن و کەسانی داهێنەر و نووسەر و شاعیر نین داهێنان لە زمان بکەن، لە ڕاستیدا لادان لە یاساکانی زمان هەروەک گوتمان یان هۆکارەکەی داهێنانە یانیش شڵەژانی باری دەروونی هەربۆیەش لەم پرسیارە بۆمان دەردەکەوێت کەسانی ئەم دەڤەرە ئاساین لە کاتی ئاخاوتن، ئەمەش بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی.

پ/ ١٢:  لە کاتی قسەکردندا ڕادەی بەکارهێنانی وشەی لَیل چەندە و چۆنە لەلات؟
وەڵام /




لەم پرسـیارەدا وەڵامی یەکەم، کە بریتییە لە(بە کەمی بەکارهێنانی وشـەی لیَل) لە کاتی ئاخاوتن کە ڕێژەکەی زۆر لەوانیتر بەرزترە کە(٦٣٪) ە، ئەگەر تێبینی ئەم ڕێژەیە بکەین ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەســـانەی ئەم دەقەرە و ئەوانەی ڕاپرســـیان لەســـەر ئەنجامدراون زۆر بەکەمی وشـــەی لیَل و تەومژاوی بەکاردێنن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەســـانی ئەم ســـنۆرە کەســـانێکن دەربڕینەکانیان ئاساییی و ئامانجیان پەیوەندییەکی دورستە بۆ پتەوکردن و کارلێککردنی گەشەی کۆمەڵایەتی.


پ/ ١٣: له كاتی قسەكردندا ڕادەی بەكارهێنانی وشەی وروژێنەر چۆنە لەلات؟
وەڵام/




لەم پرسیارەدا وەڵامی یەكەم كە بریتییە لە(بەكارهێنانی وشەی وروژێنەر بە پێی پێویست) لە كاتی ئاخاوتن كە ڕێژەكەی زۆر لەوانیتر بەرزترە كە(٦٢.٥%) ە، ئەگەر تێبینی ئەم ڕێژیە بكەین ئەوە دەگەیەنێت ئەو كەسانەی ئەم دەڤەرە و ئەوانەی ڕاپرسیان لەسەر ئەنجامدراون بە پێی پێویست و گۆڕانی بارودۆخ قسەدەكەن، خۆسەپێنەر نین و قورسایی ناخەنە سەر بەرامبەر و جگە لەمەش ئەو كەسانەی وشەی بارگاوی و وروژێنەر بەكاردێنن ئەوا كەسانی نووسەر و شاعیرن یان كەسانێكی سیاسین هەست و سۆز دەدوێنن.

پ / ١٤:  لە کاتی قسەکردندا هەوڵدەدەیت ڕاستەوخۆ قسە بکەیت یان ناڕاستەوخۆ؟


وەڵام/




لەم پرسیارەدا وەڵامی سێیەم، کە بریتییە لە(هەوڵدەدەم لە زۆر باردا ناڕاستەوخۆبم) لە کاتی ئاخاوتن کە ڕێژەکەی لەئەوانی تر بەرزترە کە(٤٥٪) ە، ئەگەر تێبینی ئەم ڕێژیە بکەین ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەسانەی ئەم دەقەرە و ئەوانەی ڕاپرسیان لەسەر ئەنجامدراون بە زیاتر بە ناڕاستەوخۆیی قسەدەکەن، ئاشکرایە کە ناڕاستەوخۆیی قسەکردن بۆ دڵڕاگرتن و بێزارینەکردن و ڕاگرتنی هەستی بەرامبەرە، ئەمەش وادەگەیەنێت ئەم دەقەرە ڕێز لە بەرامبەر دەگرن و لە هەوڵی ئەوەدان دڵی بەرامبەر زویر نەکەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئاشتی کۆمەڵایەتی بپارێزن و پەرە بە کارلێک و گەشەی کۆمەڵایەتی بدەن.


پ / ١٥:  له كاتی قسەكردندا لادان و سەرلێشێواندن بەكاردێنیت ؟

وەڵام/




لەم پرسیارەدا وەڵامی سێیەم، كە بریتییە لە بەكارهێنانی لادان و سەرلێشێواندن(بە پێی پێویست) لە كاتی ئاخاوتن كە ڕێژەكەی لەوانیتر زۆر بەرزترە كە(٦٦.٥%) ە، ئەگەر تێبینی ئەم ڕێژەیە بكەین ئەوە دەگەیەنێت ئەو كەسانەی ئەم دەڤەرە و ئەوانەی ڕاپرسیان لەسەر ئەنجامدراون زۆربەی كات ڕاستگۆن و واقعین لەگەڵ بەرامبەر و ئاسایی قسەدەكەن، ئاشكرایە كە بەكارهێنانی لادان و سەرلێشێواندن دەچێتە خانەی فلتەركردنی زمان و دواندنی هەست و سۆز، هەندێجاریش فیڵكردن و ناڕاستی گوتن، بۆیە دەتوانین بڵێین كەسانی ئەودەڤەرە و پەرە بە كارلێك و گەشەی كۆمەڵایەتی دەدەن و تەباییان لاگرنگە.


پ / ١٦:  ئایا لە کاتی قسەکردندا ڕاستگۆ و ڕەسەنیت ؟
وەلام/




لەم پرســـیارەدا وەلامی یەکەم، کە بریتییە لە ڕاســـتگۆیی و ڕەســـەنی(بە پێی پێویســـت) لە کاتی ئاخاوتن کە ڕێژەکەی لەوانیتر بەرزترە کە(٦١٪) ە، ئەگەر تێبینی ئەم ڕێژەیە بکەین ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەســانەی ئەم شــارە و ئەوانەی ڕاپرســیان لەســەر ئەنجامدراون بە پێی پێویســت ڕاســتگۆ و ڕەســـــەنن لەگەڵ بەرامبەر و زۆر بە ســـــانایی بڕوا بە بەرامبەر ناکەن و زوو هەڵناخەڵەتێن بە واتایەکیتر ئەوەی پێویســـت بکات بزانن ڕاســـتگۆیە ڕاســـتگۆ دەبن لەگەڵی بە هەمان شـــێوەش ناڕاستگۆدەبن لەگەڵ کەسانی ناڕاستگۆ و فێڵباز، ئەمەش وریایی ئەو کەسانە دەردەخات و باوەڕی کوێرانەیان بەکەس نییە، بۆیە دەتوانین بڵێین بەشـێکی زۆریان ڕەسـەن لەکاتی ئاخاوتن و تەباییان لاگرنگە.

پ/١٧:  لە کاتی قسەکردندا یاسا کۆمەڵایەتییەکان پەیڕەودەکەیت؟


وەڵام/




لەم پرســـیارەدا وەڵامی یەکەم، کە بریتییە لە پەیڕەوکردنی یاســـا کۆمەڵایەتییەکان لە کاتی قســـەکردن(بە پێی بەرژەوەنـدی و مەزاج پەیڕەوی دەکەم) کە ڕێژەکەی لەوانیتر بەرزترە کە(٥٨.٥%) ە، ئەگەر تێبینی ئەم ڕێژەیە بکەین ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەســـانەی ئەم دەقەرە و ئەوانەی ڕاپرسـیان لەسـەر ئەنجامدراون کەسـانی واقعی و پراگماتیزن واتە بەڕێژەیی پەیڕەوی یاسـا کۆمەڵایەتییەکان دەکەن ئەگەر یاسـا کۆمەڵایەتییەکان ببنە بەربەسـت بۆ بەرژەوەندی ئەوا پەیڕەوی نـاکەن، ئەمەش ســــروشـــتی مرۆڤە بەرژەوەنـدی خۆی زیـاتر دەپـارێزی، ئەمەش فاکتەرێکە یاســـاکانی کارلێککردن و گەشـــەی کۆمەڵایەتی بێهێز دەکات، چونکە یاســـاکانی کارلێککردن پێی وایە دەبێت لە بەرژەوەندی خۆت کەمبکەیەوە.

پ / ١٨:  لە كاتی قسەكردندا هەوڵدەدەیت كەش و هەوای قسەكردن خۆشبكەیت؟


وەڵام/




لەم پرسیارەدا وەڵامی سێیەم، كە بریتییە لە خۆشكردنی كەش و هەوای قسەكردن(هەندێجار بە پێی پێویســـــت) كە ڕێژەكەی لەئەوانی تر بەرزترە كە(٤٤٪) ە، ئەگەر تێبینی ئەم ڕێژەیە بكەین ئەوە دەگەیەنێت ئەو كەســانەی ئەم دەڤەرە و ئەوانەی ڕاپرســیان لەســەر ئەنجامدراون هەندێجار بە پێی پێویست و كەسی بەرامبەر و ڕێڕەوی ئاخاوتن هەڵسوكەوت دەكەن، واتە زیادەڕۆیی لە ڕووخۆشی ناكەن بە بەردەوامی وا نین، بەڵكۆ هەندێجار بە گوێرەی دۆخەكە و كاتەكە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاسـایی دەربڕینی ئەو دەڤەرەیە بڕیاری گونجاو لە كاتی گونجاو دەدەن، چونكە زیدەڕۆیی كردن لە ڕووخۆشی ئەوا ئاستی كۆمەڵایەتی مرۆڤ كەمدەكاتەوە.

پ/ ١٩:  لە کاتی قسەکردندا ڕەچاوی باری دەروونی گوێگر دەکەیت؟


وەڵام/




لەم پرســـیارەدا وەڵامی ســـێیەم، کە بریتییە لە ڕەچاوکردنی باری دەروونی گوێگر(بە پێی یاســـا کۆمەڵایەتییەکـان) کە ڕێژەکەی لەئەوانی تر بەرزترە کە(٤٣٪) ە، ئەگەر تێبینی ئەم ڕێژەیە بکەین ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەسانەی ئەم دەڤەرە و ئەوانەی ڕاپرسیان لەسەر ئەنجامدراون بە پێی یاسای کۆمەڵایەتی ڕەچاودەکرێت، ئاشـــکرایە یاســـا کۆمەڵایەتییەکان بۆ زیاتر کارلێکی کۆمەڵایەتی پتەوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕەچاوی باری دەروونی بەرامبەر دەکەن بە پێی تەمەن و ڕەگەز و بارودۆخ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت ئەم دەڤەرە یـاســـــا کۆمەڵایەتییەکـان دەپـارێزن و زۆر بە تونـدی بەستراونەتەوە بە یاسا کۆمەڵایەتییەکان.

پ / ٢٠:  ئایا لە کاتی قسەکردندا خێرایت ؟

وەڵام/




لەم پرســـیارەدا وەڵامی یەکەم، کە بریتییە لە خێرایی قســـەکردن(بە پێی دۆخی قســـەکردن) کە ڕێژەکەی لە ئەوانی تر بەرزترە کە(٦١.٥%) ە، ئەگەر تێبینی ئەم ڕێژەیە بکەین ئەوە دەگەیەنێت، کە خەڵکی ســـەنتەری شـــاری هەولێر لەکاتی قســـەکردن بە پێی پێویســـت و بارودۆخ خێران، ئەمەش ئەنجامێکی گونجاوە، چونکە مرۆڤ بۆ زیاتر تێگەیشـــتن نابێت خێرابێت، بەڵام خێرایش بە پێی دەوروبەر و بار و دۆخ دەگۆڕدرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاسـایی دەربڕینی ئەو دەڤەرەیە، چونکە خێرایی قســـەکردن تێگەیشـــتن کەم دەکاتەوە و زیاتر لە باری شـــەڕ و توندوتیژی دا ڕوودەدات، کەواتە دەتوانین بڵێین خاوی و خێرایی قســـەکردن بە پێی بارودۆخ دەگۆڕێت و ئاســـایی بوون فاکتەری گرنگە بۆ کارلێک و گەشەی کۆمەڵایەتی.

# ئەنجام

## ئەنجام

١-شێوازی قسەکردن چ بە زمانی قسەکردن بێت یا زمانی جەستە بێت، ڕۆڵی کاریگەریان هەیە بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان جا چ قسەکەر بێت یان وەرگر.

٢-دەربڕینەکانمان زۆرجار پێویستی بە دارشتنەوەی شێواز دەبێت بۆ ئەوەی پەیوەندی و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی تێکنەچێت و هەروەها گەشەی کۆمەڵایەتیش سست نەبێت.

٣- بنەماکانی شێوازی کاریگەر لە شێوازی کۆمەڵایەتی لە ئاخاوتنی خەلکی سەنتەری شاری هەولێر لە ئاستی دەنگسازی بریتییە لە ئاوازەی نەرم و لە ئاستی وشەش بریتییە لە هەڵبژاردنی وشەی پۆزەتیڤ یان وشەی بێلایەن، لە ئاستی ڕستەسازیش بریتییە لە ڕستەی ئاسۆیی و لە ئاستی سیمانتیک یش بریتییە لە هەڵبژاردنی وشەی یۆفیمزم و لە ئاستی پراگماتیکیش دەربڕینی ڕوون و ناڕاستەوخۆکە و نۆرەگرتنی ئاخاوتنە.

٤- ئاخێوەرانی هەولێر، بە ڕێژەی(٥٨.٥%) یاسایی کۆمەڵایەتی ڕەچاودەکەن بۆ زیاتر کارلێکی کۆمەڵایەتی پتەوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزن و زۆر بە توندی بەستراونەتەوە بە یاسا کۆمەڵایەتییەکان. ئەم ڕێژەیە لە چاو شێوازەکانی تر زیاترە و مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئاخێوەران بە ڕێژەیەکی باش پەیرەوی یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.

٥- ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان هەیە لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی و دەچێتە خانەی ڕەفتاری زمانی قسەکردن بریتین لە:

- هەڵنەچوون و خۆکۆنترۆڵکردن و ئاساییبوون لەکاتی قسەکردن.
- نیشاندانی ڕووی کۆمەڵایەتی لە کاتی قسەکردن.

- ڕێزداری و ڕوومەندی لە کاتی قسەکردن، ئاخێوەرانی سەنتەری شاری هەولێر، بە ڕێژەی(٦٦.٥%) لە کاتی قسەکردندا هەوڵدەدەن ڕێزدار و ڕوومەندبن.

- گۆڕینی ئاوازەی دەنگ بەپێی ڕێڕەوی ئاخاوتن.

- لە کاتی قسەکردن بۆ جەختکردن هێز دەخرێتە سەر وشە و بڕگەکان.

- وەستان لە قسەکردن لە نێوان قسەکان واتە دوای تەواوکردنی نۆرەی ئاخاوتن.

- گوێگرتن لەکاتی قسەکردن تا تەواوبوونی قسەی کەسی بەرامبەر.

- هەڵبژاردنی وشەی نەرم لەکاتی قسەکردن.

- ڕێزکردنی کەرەستەکانی ڕستە بەپێی یاسای زمان، ئاخێوەرانی سەرنتەری شاری هەولێر، بە ڕێژەی(٦٢٪) لە کاتی قسەکردندا بۆ ڕێزکردنی کەرەستەکانی زمان ڕەچاوی یاسای ڕێزمان دەکەن.

- بەکارنەهێنانی وشەی لێل، ئاخێوەرانی سەنتەری شاری هەولێر، بە ڕێژەی(٦٣%) لە کاتی قسەکردندا خۆیان لە بەکارهێنانی وشەی لێل دووردەگرن.

- بەکارهێنانی وشەی وروژێنەر بە پێی پێویست.

- هەوڵدان بە ناڕاستەوخۆیی قسەکردن لەزۆر باردا بە پێی پێویست.

- کەم بەکارهێنانی لادان و سەرلێشێواندن لە کاتی قسەکردن.

- ڕاستگۆیی بە پێی پێویست.

- پەیڕەوکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکان وەک ڕێزێک .

- هەوڵدان بۆ خۆشکردنی کەش و هەوای قسەکردن بە پێی پێویست.

- ڕەچاوکردنی باری دەروونی گوێگر بە پێی یاسا کۆمەڵایەتییەکان.

- لەسەر خۆیی قسەکردن لەکاتی ئاخاوتن.

٦- ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لەســـەر گەشـــەی کۆمەڵایەتی هەیە و دەچێتە خانەی زمانی جەستە بریتین لە:

- دووری و نزیکی ئـاخێوەران بە پێی جۆری پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی دیـاریـدەکرێت، ئـاخێوەرانی ســـەنتەری شـــاری هەولێر، بە ڕێژەی(٧٤.٥%) لە کاتی قســـەکردندا بە پێی جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی نزیکدەبنەوە لە وەرگر.

- کۆنترۆڵکردنی جولانەوەی زمانی جەستە لە کاتی قسەکردن.

٧- لە سەنتەری شاری هەولێر تاکە لادان لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە، پەیڕەوکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکان بەڕێژەیەکی زیاتر دەستـەبژێرن، واتە لەکاتێکدا پەیڕەودەکرێن کە بەرژەوەندی خودی نەخاتە مەترسییەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئاخێوەرانی شارەکە و ئەوانەی ڕاپرسیان لەســـەر ئەنجـامـدراون کەســـانی واقعی و پراگمـاتیزن، واتە بەڕێژەیی پەیڕەوی یـاســـا کۆمەڵایەتییەکان دەکەن ئەگەر یاســـا کۆمەڵایەتییەکان ببنە بەربەســـت بۆ برەژەوەندی ئەوا پەیڕەوی نـاکەن، ئەمەش ســـروشـــتی مرۆڤە بەرژەوەنـدی خۆی زیـاتر دەپـارێزی، ئەمەش فاکتەرێکە یاســـاکانی کارلێککردن و گەشـــەی کۆمەڵایەتی بێهێز دەکات، چونکە یاســـاکانی کارلێکردن پێی وایە دەبێت لە بەرژەوەندی خۆت کەمبکەیەوە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان:

### أ- بە کوردی:

ب- بە فارسی:


- ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٦) زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، بەغدا.
- ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٥) وشەی زمانی کوردی، بەغدا.
- ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٨٩) چەند کێشەیەکی زماننا‌سی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی ١٥، بەغدا.
- حمە نوری عمر کاکی(١٩٨٩) شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە(ناوچەی سلێمانی) نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
- دلێر صادق کانبی(٢٠٠٩) هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ/1، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- ڕۆبەرت ئێل وایتساید(٢٠٠٧) زمانی ڕوخسار، وەگێرانی لە ئینگلیزیەوە(مینە محمدامین حسین) بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە، سلێمانی.
- ڕەهێل زەکەریا ئەسعەد(٢٠١١) هێزی بە مەبەست لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری گرنگ، یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی کەرکوک، ژ: ٩٢.
- ژوان عەبدولسەلام عەزیز(٢٠١٨) شێواز لە شیعرەکانی کامەران موکری، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی(٢٠٠٨) ڕستە و پاش ڕستە، تێروانینێکی ئەرکی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

- ستیڤن جون کلبرت(۲۰۰۷)، زمانی جەستەی ڕەنگ، وەگێرارانی لە ئینگلیزیەوە: مینە محمدامین حسین، بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە، سلێمانی.
- سەلام ناوخۆش(۲۰۰۵) لێلی لەزمانی کوردیدا، هەولێر، گۆڤاری ژمارە(۱) تایبەتە بەتوێژینەوەکانی کۆنگرەی یەکەمی زانستی زمان کە لە ۱۵-۲۰۰۵/٥/۱۷ بەسترا.
- شعبان چالی(۲۰۰۸) شێوازی شیعری جزیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر.
- شێرزاد صبری علی و عەبدولسەلام نەجمەدین(۲۰۱۱) زمانڤانیا کارەکی، چ/۱، دەزگایا سبیریز، چاپخانەیا خانی، دهوک.
- طالب حسین علی(۲۰۱٤) هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- عبدالواحد مشیر دزەیی و شێرزاد صبری علی(۲۰۱۳) زمانەوانیی سیاسی، چ/۱، هەولێر.
- عبدالواحد مشیر محمود دزەیی(۲۰۰۷) لادانی واتایی لە زمانی شیعردا، گۆڤاری اللغات، ژمارە ۱۳.
- عبدالواحید مشیردزەیی(۲۰۱۲) شێواز و پراگماتیک، دەزگای سپیرێز، چاپخانەی الروضة، ئیستەنبول، ترکیا.
- عبدالواحید مشیردزەیی(۲۰۱۳) ڕازیکردنی خێرا لە چوار هەنگاودا، هەولێر.
- عبدالواحید مشیردزەیی(۲۰۱٤) پراگماتیکی دەق و گوتار، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ، هەولێر.
- عبدالواحید مشیردزەیی(۲۰۱٤) واتاسازی وشە و ڕستە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

- عبدالواحید مشیردزەیی(٢٠١٥) زمان وکەسایەتی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- عبدالواحید مشیردزەیی(٢٠٢١) خوێندنەوەی دەروونی دەق، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- عبدالواحید مشیردزەیی(٢٠٢١) زمان وپرۆسەدەرونییەکان، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- عبدالواحید مشیردزەیی(٢٠٢١) زمانەوانیی گشتی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- عبدالواحید مشیردزەیی(٢٠٢١) هێز و کاریگەری ڕستەی پرس، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- عەبدولسەلام نەجمەدین(٢٠٠٨) شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، چ/١، دەزگایا سپیرێز، چاپخانایا حاجی هاشم، هەولێر.
- عەبدولوەهاب خالید موسا(٢٠٠٧) هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا، هەولێر.
- غازی فاتح وەیس(١٩٨٤) فۆنەتیک، چاپخانەی، الادیب البغدادی، بغداد.
- فتاح مامە علی(١٩٨٦) هاودەنگ لەزمانی کوردی. نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
- خەلیل عەبدولرەحمان معایتە(٢٠١٣)، دەرۆنناسی کۆمەلایەتی، وەرگێرانی: سەلاح سەعدی، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- محسن حسێن مستەفا(٢٠١٢) یۆفیمیزم د زمانێ کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، بەشی کوردی زانکۆی دهۆک.

- محمد معروف فەتاح(١٩٨٥) شێوازی ئاخاوتن لەناو ئافرەتی سلێمانیدا، گ. ڕۆشنبیري نوێ، بەغدا، ژ، ١١٢.
- محمد معروف فەتاح(١٩٨٦) سنور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، گ، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١١٢) لا ١١-١٣٣ بەغدا.
- محمد معروف فەتاح(١٩٩٠) زمانەوانیی، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
- محمد معروف فەتاح(٢٠١٠) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چ/١، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- محمد معروف فەتاح(٢٠١١) زمانەوانیی، چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر.
- محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٧٣)فیلۆلۆژی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.
- ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٩٨) سەرەتایەکی زمانناسی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
- نژیار ئیدریس ئەمین(٢٠١٢) تابۆ د زمانێ کوردیدا، نامەی ماستەر. کۆلیژی ئاداب، بەشی کوردی زانکۆی دهۆک.
- هێمن عەبدولحەمید شمس(٢٠٠٦) شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
- وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٤) چەند ئاسۆیەکیتری زمانەوانیی، ب/١ دەزگای ئاراس، هەولێر.
- ئارا علی احمد(٢٠٠٨) کۆتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤ واتایا تەواو، کۆڤەرا بەهدینان، خانەی سپیریز بۆ چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە، دهۆک.
- ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح(٢٠٠٩) شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی- کۆلیژی زمان – زانکۆی سەلاحەدین.
- یوسف شەریف سەعید(٢٠٠٥) زمانەوانی کارەکی وفەرهەنگسازی، گۆڤاری ژمارە(1) تایبەتە بە توێژینەوەکانی کۆنگرەی یەکەمی زانستی زمان کە ١٥-٢٠٠٥/٥/١٧، هەولێر.

- يوئيل يوسف عزيز و سلمان داود و ئەلواستي و عبدالوهاب النجم(١٩٨٣) وەرگێرانی ئەدەبي، وەرگێرانی غازي فاتح وەيس، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدين، هەولێر.

ج- به عەرەبی:

- أ. ب. فولكيس(١٩٨٦) الأدب والدعاية. ترجمة، موفق الحمدانى، دار الشؤون الثقافية، بغداد.
- كوندراتوف(١٩٦٩) اصوات و اشارات(Sounds and Signs) نقله الى الانكليزية، ادووار يوحنا، ١٩٧١، المؤسسة العامة للصحافة والطباعة، بغداد.
- ابراهيم بن الصالح الحميدان(١٤٢٦هـ) الاقناع و التاثير دراسة تاصيلية دعوية، مجلة الامام، العدد(٤٩) محرم، كلية الدعوة و الاعلام، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية.
- إبراهيم محمد(١٩٨٣) الضرورة الشعرية- دراسة أسلوبية، دار الآندلس، ط3، لبنان: بيروت.
- إبراهيم محمود خليل(٢٠٠٧). النقد الأدبى الحديث: من المحاكاة إلى التفكيك، دار المسيرة، ط ٢، عمان، الآردن.
- إبراهيم محمود خليل(٢٠٠٧) فى اللسانيات ونحو النص، دار المسيرة، عمان، الآردن.
- إبرهيم عبدالله عبدالجواد(١٩٩٤) الاتجاهات الآسلوبية فى النقد العربى الحديث، وزاره الثقافه، عمان- الآردن.
- أ. ك. أوتاواى(١٩٧٦) التربية والمجتمع، ترجمة وهيب ســــمعان، مكتبة االنجلو المصـــــرية، القاهرة، مصر.
- أحمد حسانى(١٩٩٤) مباحث فى اللسانيات، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.
- أحمد درويش(١٩٨٤). الآسلوب والآسلوبية، مدخل فى المصطلح وحقول البحث ومناهجه، فصول، المجلد الخامس، العدد الآول.
- احمد سر الختم(٢٠٠٨) ازمة الخطاب الاعلامى السياسى فى فترة الانتخابات، دار الامة.

- احمد مختار عمر(١٩٨٢) علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للنشر و التوزيع، ط/١، الكويت.
- أف، ار، بالمر(١٩٨١) علم الدلالة، ترجمة، مجيد عبد الحليم الماشطة، مطبعة العمال المركزية، بغداد
- أنس شكشك(٢٠٠٩) اسرار الشخصية و بناء الذات، دار الكتب العربية، بيروت.
- اوستن رانى(١٩٨٦) قنوات السلطة او تأثير التلفزيون في السياسة الأمريكية، ترجمة، موسى جعفر. مراجعة: رشيد ياسين، دار الثقافة العامة، بغداد.
- بدراوي زهران(١٩٨٢) اسلوب طه حسين، في ضوء الدرس اللغوي الحديث، دار المعارف مصر.
- برنرد شبلنرن(١٩٨٧) علم اللغة والدراسات الأدبية، تر. وتع. محمود جاد الرب، الدار الفنية.
- بلال عبدالهادى(٢٠٠٥) الجسد حين تتكلم اللغة الصامتة ترافقنا اكثر مما ترافقنا اللغة الناطقة، جريدة الشرق الاوسط جريدة العرب الدوولية، عدد، ٩٦٥٥ في ٥ مايو.
- بيرجيرو(١٩٥٧) الأسلوب والأسلوبية، ترجمة، منذر عياشي، مركز الأنماء القومي، بيروت.
- تزفيتان تودوروف(١٩٨٧) شعرية تودوروف، تر. شكرى المبخوت ورجاء بن سلامة، المغرب، ط /١ الدار البيضاء، دار توبقال.
- تونيا ريمان(٢٠٠٩) قوة لغة الجسد، دار العربية للعلوم الناشرين، ط /١، الاردن.
- جلال شمس الدين(٢٠٠٣) موسوعة مرجعية لمصطلحات علم اللغة النفسي الاسكندرية الازاريطة، مطبعة الانتصار للطباعة و النشر.
- جمعة سيد يوسف(١٩٩٠) سيكولوجية اللغة والمرض والعقلى، سلسلة عالم المعرفة، سلسلة(١٤٥) الكويت
- جورج مولينية(١٩٩٨) دراسة الاسلوب و البحث وادوات الفن الادبى، ترجمة د. حسام بركة، مجلة الفكر العربى، العدد ٩٤، معهد انماء العربى، بيروت، لبنان.

- جورج مولينية(١٩٩٩) الاسلوبية، تعريب صابر الحباشة، جريدة الصحافة، الورقات الثقافية، العدد ٢٤٣.
- جوزيف ميشال شريم(١٩٨٤) دليل الدراسات الاسلوبية، بيروت، لبنان.
- جون كوهين(١٩٨٦) بنية اللغة الشعرية، تر. محمد الولى ومحمد العمرى، ط/١، المغرب، دار توبقال للنشر.
- جون كوّهين(٢٠٠٠) النظرية الشعرية، ترجمة، احمد درويش، دار غريب، القاهره.
- جون لاينز(١٩٩٥) نظرية تشومسكى اللغوية، تر. وتع: حلمى خليل، دار المعرفة، الجامعية الإسكندرية.
- جون لاينز(١٩٦٨) علم الدلالة، ترجمة، مجيد الحليم الماشطة، حليم حسين فالح، كاظم حسين باقر، بصرة.
- جون لاينز(١٩٨٧) اللغة والمعنى والسياق، ترجمة، عباس صادق الوهاب، بغداد.
- جون لويس كابانيس(٢٠٠٢) النقد الأدبى والعلوم الإنسانية، تر: عبد الجليل بن محمد الآزدى، تق: عبد العزيز جسوس، ط/١، مطبعه النجاح الجديده، الدار البيضاء.
- جيرار جينيت(٢٠٠٠) عودة الى خطاب الحكاية، ت: محمد معتصم، تقديم د. سعيد يقطين، ، ط/١، المركز الثقافى العربى، الدار البيضاء.
- حاتم صالح الضامن(١٩٨٩) علم اللغة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي جامعة بغداد.
- حامد عبدالقادر(١٩٤٩) دراسات فى علم النفس الادبى، لجنة البيان العربي، القاهرة.
- حسن غزاله(١٩٩٨) الاسلوبية والتأويل والتعلم، مجلة: الكتاب الرياض العدد ٦٠، تصدر عن مؤسسة اليمامة الصحفية. السعودية.
- حسن ناظم(٢٠٠٢) البنى الآسلوبية دراسة فى(أنشوده المطر) لبدر شاكر السياب)ط/1، المركز الثقافى العربى. بيروت، لبنان، والدار البيضاء، المغرب.

- خالد محمد الحشحوش(٢٠١٣) علم الاجتماع الرياضي، ط1، مكتبة العربي للنشـــر والتوزيـــع، عمـان، الأردن.
- خليل إبراهيم العطية(١٩٨٦) التركيب اللغوى لشعر السباب، دار الشؤون الثقافية العامة.
- خليل الموسى(١٩٩١) الحداثة فى حركة الشعر العربى المعاصر، ط/١، مطبعة الجمهورية، دمشق.
- داود عبدة(١٩٨٤) دراسات فى علم اللغة النفسى، مطبوعات جامعة الكويت، الكويت.
- رامان سلدان(١٩٩٨) النظرية الأدبية المعاصرة، تر: جابر عصفور، دار قباء القاهرة.
- رجاء عيد(١٩٩٣) البحث الآسلوبى معاصره وتراث، منشأه المعرف الإسكندرية، مصر.
- رومان ياكبسون(١٩٨٨) قضايا الشعرية، تر: محمد الولى، الدار البيضاء.
- رونيه ويلك، اوستن وارن(١٩٨٧) نظرية الادب، تر: محى الدين صبحى، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.
- سالم سليمان الخماش(١٤٢٨) المعجم و علم الدلالة، جامعة ملك عبدالعزيز بجدة، كلية الاداب و العلوم الانسانية، . قسم اللغة العربية، الجدة.
- سالم شاكر(١٩٩٢) مدخل إلى علم الدلالة، تر: محمد يحياتن، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.
- ساندريس فيلى(٢٠٠٣) نحو نظرية اسلوبية لسانية، ترجمة خالد محمود جمعه، ط/١، دار الفكر، ديمشق.
- ستيفن اولمان(١٩٧٢) دور الكلمة فى اللغه، ت/د. كمال محمد البشر، ط/٣، منشورات مكتبة الشباب.
- سعد أبو الرضا(١٤٢٨هـ) النقد الأدبى الحديث أسسة الجمالية ومناهجه المعاصرة رؤية إسلامية، ط/٢.

- سليمان عبدالواحد إبراهيم(٢٠١٤) علم النفس الاجتماعى و متطلبات الحياة المعاصرة، ط/١، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان.
- سعيد توفيق(١٩٩٢) الخبرة الجمالية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.
- سعيد علوش(١٩٨٥) معجم المصطلحات الأدبية، دار الكتاب اللبنانى، بيروت، سوپيرس، الدار البيضاء، دط، دت.
- سيلفان أورو، جاك ديشان، جمال كولوغلي(2012) فلسفة اللغة، تر: بسام بركة، مر: ميشال زكريا، المنظمة العربية للترجمة، ط1، بيروت.
- شكرى محمد عياد(١٩٨٢) مدخل إلى علم الآسلوب، دار العلوم للطباعة والنشر، الرياض.
- شكرى محمد عياد(١٩٨٥) اتجاهات البحث الآسلوبى، دار العلوم للطباعة الرياض.
- شكرى محمد عياد(١٩٨٨) اللغة والإبداع، مبادىء و علم الآسلوب العربى، ط/١. دمشق.
- شوقى على الزهره(١٩٩٨) الآسلوب، مكتبة الآداب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
- صلاح الدين شروخ(٢٠٠٤) علم الاجتماع التربوي، ط/١، دار العلوم.
- صالح محمد ابو جادو(٢٠١٠) سيكولوجية التنشئة الاجتماعية، الطبعة السابعة، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، عمان، الاردن.
- صلاح فضل(١٩٨٥) علم الأسلوب مبادئه وإجراواته، ط/١، منشورات دار الآفاق الجديده، بيروت.
- صلاح فضل(١٩٨٧) نظريات البنائية فى النقد الأدبى، ط/٣، بغداد.
- صلاح فضل(١٩٩٢) علم الاسلوب و مبادئه واجرءاته، مطبعة مؤسسة مختار، القاهرة،
- صلاح فضل(١٩٩٨) النظرية البنائية فى النقد الأدبى، ط/١ دار الشروق، القاهرة.
- صلاح فضل(١٩٩٨) أساليب شعرية معاصرة، دار القباء، القاهرة.
- صلاح فضل(٢٠٠٢) مناهج النقد المعاصر، ط/١ إفريقيا الشرق، الدار البيضاء، المغرب

- طه وادى(١٩٨٩) جماليات القصيدة المعاصرة، ط/٢، مطبعة دار المعارف مصر، القاهرة.
- عادل فاخورى(١٩٨٩) اقتضاء فى التداول اللسانى، مجلة عالم الفكر، مجلد(٢٠) عدد(٣) ج٧، كويت. ص١٤١-١٦٦
- عبدالرحمن أيوب(١٩٨٩) تحليل عملية التكلم، مجلة عالم الفكر، مجلد(٢٠) عدد(٣) الكويت.
- عبدالسلام المسدى(١٩٧٧). الأسلوبية والأسلوب، نحو بديل ألسنى فى نقد الأدب، الدار العربية للكتاب ليبيا/ تونس.
- عبد السلام المسدى(١٩٨٣) مع دليل ببليوغرافى، ط/1، دار الطليعه، بيروت.
- عبد القادر عبد الجليل(١٤٢٢هـ) الأسلوبية و ثلاثية الدوائر البلاغية، دار الصفاء للنشر والتوزيع، الاردن.
- عبد الله الرشدان(١٩٩٩) علم االجتماع التربية، ط/١، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.
- عبدالستار جواد(١٩٩٨) اللغة الاعلامية، دار اللهلال للترجمة، ط/١، الاردن.
- عبدالسلام المسدى(١٩٧٦) الاسلوبية والأسلوب، الدار العربية للكتاب، ط/٣، لبنان.
- عبدالسلام المسدى(٢٠٠٦) الاسلوبية والاسلوب، الدار العربية للكتاب، ط/٥، لبنان.
- عبدالصبور شاهين(١٩٨٠) فى علم اللغة العام، مؤسسة الرسالة، بيروت.
- عبدالقادر هنى(١٩٩٧) اللسانيات البنيوية فى مطلع القرن العشرين، فردينان دى سوسير نموذجا، مجلة اللغة والأدب العدد(١١) الجزائر.
- عبدالله بن محمد العضيبى(١٤٢٥) النص و اشكالية المعنى بين الشاعر و القارىء، جامعة ام القرى لعلوم الشرعية و اللغة و ادابها، مكة المكرمة.
- عبدالله الرشدان(١٩٩٩) علم االجتماع التربية، ط/١، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.
- عدنان السبيعى(٢٠٠٠) النمو الاخلاقى و الاجتماعى، دار الفارابى للمعارف.

- عدنان النحوى(١٤١٩هـ) الأسلوب والأسلوبية بين العلمانية والأدب الملتزم بالإسلام، . ط/١، دار النحوى.
- عدنان بن ذريل(٢٠٠٦) اللغة و الاسلوب، دراسة، ط/٢، مراجعة و تقديم حسن حميد. دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، الأردن.
- عدنان على رضا النحوى(٢٠٠٣). الموجز فى دراسة الأسلوب والأسلوبية، دار النحوى للنشر والتوزيع.
- عمر احمد هشمرى(٢٠١٣) التنشئة الاجتماعية للطفل، ط/١، دار الصفاى للنشر و التوزيع، عمان.
- عزة اغا ملك(١٩٨٦) الآسلوبية من خلال اللسانيات، مجلة الفكر العربى المعاصر، بيروت.
- غسان جعفر(٢٠٠٦) علم الفراسة، رشاد برس للطباعة والنشروالتوزيع، بيروت، لبنان.
- غنيم سيد احمد(١٩٧٣) سيكولوجية الشخصية، ط/١، دار النهضة العربية، القاهرة، مصر.
- فؤاد البهى السيد(١٩٨٨) الاسس النفسية للنمو من الطفولة الى الشيخوخة، ط/٢، دار النشر الفكر العربي، مصر.
- كمال أبو ديب(١٩٨٧) فى الشعرية، مؤسسة الآبحاث العربية، ط/١ بيروت.
- گراهام هاف(١٩٨٥) الاسلوبية، ترجمة، كاظم سعدالدين، دار الآفاق العربية، بغداد.
- ليلى شحرور(٢٠٠٩) فن التواصل و الاقناع، دار العربية للعلوم الناشرين، ط/١، الاردن.
- م. م. لويس، (١٩٥٩) اللغة في مجتمع، ترجمة، تمام حسان، دار الاحياء الكتب العربية.
- محمد احمد نابلسى(١٩٨٨) فرويد و التحليل النفسى، دار النهضة العربية، بيروت.
- محمد الآمين شيخة(٢٠٠٥) مجلة المربد، العدد الآول، المركز الجامعى بالوادى، معهد الآداب.
- محمد الصادق العفيفى(١٩٧٨) النقد التطبيقى والموازنات، مؤسسة الخانجى، مصر.

- محمد الهادى الطرابلسى(١٩٧٨) قضايا الأدب العربى: مظاهر التفكير الأسلوبى عند العرب، مركز الدراسات والابحاث الاقتصادية والاجتماعية، الجامعة التونسية، تونس.
- محمد بن سعيد اللويمى(٢٠٠٥) فى الاسلوب والاسلوبية مطابع الحميضى، ط/١، الرياض.
- محمد بن مكرم ابن منظور(1988) لسان العرب المحيط، دار الجيل، بيروت.
- محمد تقى زهتابى و حسين على محفوظ(١٩٨٧) قواعد الفارسية، ط/٢، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل.
- محمد عبد المطلب(١٩٩٤) البلاغة والاسلوبية، مكتبة لبنان، ط/١. لبنان.
- محمد عبد المطلب(١٩٩٥) قراءات أسلوبية فى الشعر العربى الحديث، ط/٢ دار المعارف، مصر.
- محمد عزام(١٩٨٩) الأسلوبية منهجا نقديا، وزارة الثقافة السورية، ط/١، ديمشق.
- محمد عزام(١٩٩٤) التحليل الألسنى للادب، دمشق.
- محمد علي ابو حمدة(١٩٨١) فن الكتابة والتعبير، جمعية عمال المطابع التعاونية، ط/١، الاردن.
- محمد علي الخلولي(١٩٨٧) الآصوات اللغوية، دار العلم بيروت، لبنان.
- محمد علي الخولي(١٩٩١) معجم علم اللغة النظري، (انكليزي-عربي) بيروت، لبنان.
- محمد كاظم البكاء(١٩٨٨) الشعر العربي عند نهايات القرن العشرين، الاسلوبية بين التراث. والمعاصرة، بغداد.
- محمد مصــطفى زيدان(١٩٩٥) علم النفس التربوي، دور التربية في خفض الســلوك العدواني للمراهق.
- محمد حسن علاوي(١٩٩٨) (د. ت) سيكولوجية الجماعات الرياضية، مركز الكتاب، القاهرة.
- محمود السعران(١٩٦٢) علم اللغة، مقدمة للقارئ العربي، اسكندرية، مصر.

- محمود عكاشة(٢٠٠٧) خطاب السلطة الاعلامي، الطبعة الثانية، الناشر الاكاديمية الحديثة للكتاب الجامعي، القاهرة.
- محمود فتحي عكاشـــة(٢٠٠٢)(د. ت) محمد شـــفيق زكي: مدخل الى علم النفس االجتماعي، مصر، المكتب الجامعي الحديث، االسكندرية.
- مصطفى مندور(١٩٧٤) اللغة بين العقل والمغامرة، ط/١، القاهرة.
- مصطفى ناصف(١٩٨١) نظرية المعنى فى النقد العربى، ط/١ دار الآندلس بيروت.
- منذر عياشى(٢٠٠٢). الآسلوبية وتحليل الخطاب، مركز الإنماء الحضارى، دار المحبة، ديمشق.
- منيرة احمد حلمى(١٩٧٨)، التفاعل الاجتماعى، ط/١، مكتبة الانجو المصرية، القاهرة.
- موفق الحمدانى(١٩٨٢) اللغة وعلم النفس، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر جامعة الموصل.
- ميشال زكريا(١٩٨٠) الآلسنية علم اللغة الحديث، المبادئ والأعلام، بيروت.
- ميلكا افيتش(١٩٩٦) اتجاهات البحث اللساني، ترجمة، سيد عبدالعزيز مصلويه، و وفاء كامل فايد. بغداد.
- نعمان بوقرة(٢٠٠٩) اللسانيات، اتجاهاتها وقضاياها الراهنة، عالم الكتب الحديث.
- نوال محمد عطية(١٩٧٥) علم النفس اللغوى، ط/١، القاهره.
- نور الدين السد(١٤٢٦هـ) الأسلوبية وتحليل الخطاب(دراسة فى النقد العربى الحديث) ج/١، ط/١، دار هومه، الجزائر.
- هدسون(١٩٨٧) علم اللغة الاجتماعي، ترجمة، محمود عبدالغني عياد، مراجعة و تقديم عبدالامير الاعسم، بغداد.
- هنرى بير(١٩٨١)الأدب الرمزى، تر: هنرى زغيب، ط/١، منشورات عويدات، بيروت- باريس.

- هنود علي(٢٠١٣) التفاعل الاجتماعي وعالقته بالتحصـيل الدراسـي لدى بعض تالميذ الثانوي، رسالة ماجستير في علم النفس جامعة محمد خيضر، الجزائر.
- يحيى احمد(١٩٨٩) الاتجاه الوظيفي ودوره في تحليل اللغة، مجلة عالم الفكر، مجلد(٢٠) عدد(٣) ص٧٦-٧٧ كويت.


## د- بە زمانی ئەوڕپی:


- A. J. Greimas et J. Courtés(1979) Sémiotique ‹Dictionnaire raisonné de la théorie du langage ‹Ed Hachette ‹Paris ‹
- Adrian ‹Akmajian ‹Richard. A. Demers. Robert. M. Harnich ‹(1984) "Linguistics An Introduction to Language and Communication" The MIT press ‹Cambridge ‹London 2nd Edition.
- Brown. P and Levinson S. C ‹[1978] ‹(2000) Politeness Some universals in language usage ‹Cambridge university press
- David Crystal(2003)Dictionary of linguistics phonetics ‹Sixth Edition ‹USA.
- Ellis ‹J(1970) "On Contextual Meaning" in Bazell ‹C ‹6-E etal(Eds) in Memory of J. R. Firth Longman.
- Formak &Roman(1983) An-Introduction to Language ‹Third end ‹Holt Saunders international Editions
- François Rastier(1972) Systématique des isotopies un essai de poétique ‹paris.
- Hudson ‹R ‹A. 1986. Social Linguistics ‹Cambridge university ‹Press ‹Britain.
- JEAN AITICHISON ‹(1993) "Linguistics" Great Britain ‹11-Hodder dstonghton.
- Kelley HH(1983)The concepts of love and commitment. In: Kelley HH ‹Berscheid E ‹Christensen ‹ A.
- Harvey JH ‹Huston TL ‹Levinger G ‹McClintock E ‹Peplau LA ‹Peterson DR ‹eds. Close relationships. New York: Freeman.
- Leech ‹G. 1983 ‹Principles of Pragmatics ‹London ‹Longman.
- Leech. G(1974) Sementics" London6
- Levenson ‹Stephenx ‹1983 ‹Pragmatics ‹Cambridge university ‹Press.
- Levinger ‹G. ‹& Snoek ‹J. Attraction(1972)in relationship: A new look at interpersonal attraction. New York: General Learning Press.
- Levinson S. C(1997)"Pragmatics" Cambridge. University press.
- LYONS. J(1977) "Sementics" Cambridge University ‹press ‹London and NewYork.
- M. Riffaterre(---) Essais de stylistique structurale.
- Paisloy W(1969) styding style as deviation from en coding norms. In gerdner. G. et al(eds) the analysis of communication content. n k.

- Riffaterre(1971) Essais de stylistique structurale ،Présentation et traduction de D. Delas ، Flammarion ،Paris.
- Sebeak Thomas1986 ،Ed- Encyclopedic Dictionary of Semiotics Tom. new york.
- T. Todorov et O. Ducrot(1972) Dictionnaire Encyclopédique des sciences du langage ،Ed du seuil ،Paris.
- Teun A. van Dijk ،(1995) Discourse Semantics and Ideology ،Discourse &Society ،Vol. 6 ، No. 2.
- Bandler, R. , & Grinder, J(1975). The Structure of Magic: A Book About Language and Therapy. Science and Behavior Books.
- Peale, N. V(1952). The Power of Positive Thinking. Prentice Hall, pp. 10-15.
- Miller, G. A(1956). "The Magical Number Seven, Plus or Minus Two". *Psychological Review*, pp. 81-97.
- Goleman, D(1995). *Emotional Intelligence*. Bantam Books, pp. 89-91.
- Dweck, C. S(2006). *Mindset: The New Psychology of Success*. Random House, pp. 45-47.
- "The Definitive Book of Body Language" by Allan Pease and Barbara Pease(2004, p. 67).
- Influence: The Psychology of Persuasion" by Robert B. Cialdini(p. 62)
- Keith ALLAN & Kate BURRIDGE, Forbidden Words. Taboo and the Censoring of LanguageCambridge University Press, 2007.
- Allan, Keith and Burridge, Kate. Euphemism and Dysphemism: Language Used as Shield and Weapon. Oxford University Press, 1991.
- Allan, Keith. The Linguistic Study of Euphemism and Dysphemism: A Critical Review. Journal of Language and Social Psychology, 2008, vol. 27, no. 4.
- Oxford English Dictionary. 2023.
- Pease, Allan, and Barbara Pease. 2010. The Definitive Book of Body Language.
- Rajaa Ahmed Mahmoud ,2019,Effective Communication in the Workplace,basic of Communication skills.
- Sausen Faisal El-SamirPoliteness: A Socio- Pragmatic Study-1978.

**ه- پێگەی ئەنتەرنێت:**

الاسلوبية دراسة و تطبيقا – قصيدة ايليا ابو ماضى نموذجا
http: //www. djelfa. info/vb/showthread. php?t=222248
مفهوم مصطلح الاسلوبية:
http: //www. palmoon. net/2/topic-903-70. html
هل ثمة فرق بين الاسلوب و الاسلوبية؟
. .http: //www. alfaseeh. com/vb/showthread. php?t=51689. .
ما هو فرق بين الاسلوب و الاسلوبية مع توضيح؟. http: //ejabat. google. com/ejabat/thread?tid=75cf4b0e758a8481
مراحل تحليل النص الادبي: http: //sougueur14. forums1. net/t239-topic
بحث ادبى فى الاسلوبية. http: //www. vb. fll2. com/t38001. html
محمد العمري، بلاغة الحوار، المجال والحدوود: http: //www. aljabriabed. net/n61_04alumari. htm

.